کریستیان و.مەك مێللن

پانەپەتاکان

پێشەکییەکی زۆر کورت

لە ئینگلیزییەوە: محەمەد میکائیل نادر

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

39

زنجیرە کتێبی ئۆکسفۆرد

پانەپەتاکان

پێشەکییەکی زۆر کورت

سەرچاوەکانی ئەم وەرگێڕانە:

Pandemics: A Very Short Introduction, 1st Edition
by Christian W. McMillen

بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی
جەمال عیرفان ٢٠٢٢

زنجیرە: (١١٢)

بەڕێوەبەری دەزگا:
سیروان حەمەسەعید حەمەخورشید

Tel: 0533202936 07701549509
email: jamalerfan99@gmail.com
jamal erfan cultural foundation
www. jamalerfan.com

ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، بەرامبەر ماکسی مۆڵ

پانەپەتاکان

پێشەکییەکی زۆر کورت

کریستیان و مەک مێللن

لە ئینگلیزییەوە: محەمەد میکائیل نادر

زنجیرە کتێبی ئۆکسفۆرد

٣٩

پانەپەتاکان پێشەکییەکی زۆر کورت

نووسەر: کریستیان و مەك مێللن

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد میکائیل نادر

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم: ٢٠٢٢

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی تاران

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، هیچ کەسێک مافی لەبەرگرتنەوەی نییە، جا گەر بە شێوەی ئەلیکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، یان هەر شێوازێکی تر بێت.

پێڕست

سوپاس و پێزانین.......... ٩
پێشەکیی.......... ١١
بەشی یەکەم: تاعوون.......... ٢١
بەشی دووەم: ئاوڵە.......... ٦٣
بەشی سێیەم: مەلاریا.......... ٨٥
بەشی چوارەم: کۆلێرا.......... ١١١
بەشی پێنجەم: سیل.......... ١٣١
بەشی شەشەم: ئەنفلۆنزا.......... ١٥٥
بەشی حەوتەم: ئایدز.......... ١٧٩

پێشکەشە بە:

ئۆلین، مایا و ستیڤانی

پرۆژەی وەرگێڕانی زنجیرە کتێبەکانی زانکۆی ئۆکسفۆرد

زیاتر لە ٢٥ ساڵ بەر لە ئێستا، ساڵی ١٩٩٥، زانکۆی ئۆکسفۆرد، کە دامەزراوەیەکی دیاری دنیای ئەکادیمی و جیهانە بە گشتی، دەستی بە پرۆژەیەکی گرنگ کرد. پرۆژەکە پێکهاتووە لە زنجیرە کتێبێکی کورت و پوخت و زانستی لە تەواوی بوارە جیاوازەکاندا: لە پرسی تیرۆرەوە بۆ کەشوهەوا، ئابووری کۆن و نوێ و پرسی جیهانگیری. لە فەلسەفەی پێش سوکراتەوە بۆ مۆدێرن و پۆستمۆدێرن. لە مێژووی کاتەوە بۆ مێژووی جیهان، لە فیزیکی کۆنەوە بۆ کوانتەم و دنیای دیجیتاڵ و ئایندەی مرۆڤ. لە بوونناسیەوە بۆ ئاییناسی و مێژووی ئایینەکان و پرسی ئیسلام و ئەندازیاری و ماتماتیک. لە ئەفسانەناسییەوە بۆ ئەدەبناسی و تیۆر و ڕەخنەی ئەدەبی... پرۆژەکە خۆی بە یەک بوارەوە نەبەستۆتەوە، بەڵکو دەستی بۆ تەواوی بوارە جیاوازەکان بردووە، ئەمەش لە بێ پلانی و هەڕەمەکییەوە نییە، چونکە بێ پلانی لە زانکۆیەکی پلانسازی وەک ئۆکسفۆرد ناوەشێتەوە.

سروشتی ئەم زنجیرە کتێبانە، بریتییە لە زانستیبوون، کورتی و پوختی و چڕی و ئێستاییبوون، کە هەموو کتێبەکان لەلایەن کەسانی پسپۆر و شارەزای بوارەکان لەسەر ئاستی جیهان نووسراون. خوێنەر کاتێک بەر هەر بەرهەمێک لەم پرۆژەیە دەکەوێت، دەزانێت چەند هارمۆنی و سادەقووڵ نووسراون. خاڵێکی درەوشاوەتر، بریتییە لە خوێندنەوە و شیکاری ڕووداوەکانی هەنوکە، واتە کتێبەکان تەنیا هۆنینەوەی چیرۆکی ڕابردوو نین، بەڵکو شیکاری دۆخی ئێستای جیهان و مرۆڤ دەکەن.

ئۆکسفۆرد لە ١٩٩٥ تا ٢٠١٨ زیاتر لە ٦٠٠ کتێبی لەم زنجیرەیە بڵاوکردۆتەوە؛ سەرەتای هەر مانگێک کتێبێکی نوێیان بڵاوکردۆتەوە. بەهۆی بایەخی نەبڕاوەی پرۆژەکەوە، زنجیرە کتێبەکان بۆ زیاتر لە ٢٥ زمانی دنیا وەرگێڕاون، وا ئێستا زمانی کوردیش دەیەوێت ببێتە یەکێک لەو زمانانەی ئەم پرۆژەیە لە ئامێز دەگرێت. دەستبردن بۆ وەرگێڕان و لە ئەستۆگرتنی ئەم کارە، بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی و ئەکادیمی گرنگە، کە دەزگای جەمال عیرفان بە سپۆنسەری (د. تەها ڕەسوڵ) ئەنجامی دەدەن. وابڕیارە هەر سێ مانگ جارێک ١٠ بۆ ١٥ کتێب لە زمانی یەکەمەوە لە ڕێگەی وەرگێڕی شارەزاوە بڵاوبکاتەوە. ئەمە پرۆژەیە و پرۆژەش بە دڵنیاییەوە قۆناخێکی مێژوویی لە بزاڤی ڕۆشنبیری و کتێبخانەی کوردیدا بۆ خۆی دروستدەکات، بەهیواین ببێتە داینەمۆی دروستکردنی نەوەیەکی نوێی بەرپرسیار و هۆشیار.

سەرپەرشتیاری پرۆژە
هەرێم عوسمان

سوپاس و پێزانین

پـێش چەنـد سـاڵێک، مـن و نانسـی تـۆف لە زانکـۆی ئۆکسـفۆرد یەکترمـان بینی و گفتوگۆمـان دەربـاری ئەگەری ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی جیاواز کرد. من ئەو کات لە کـاری چرووپـڕدا بـووم لەسـەر پەرتووکێـک دەربـارەی نەخۆشـی سـیل. نووسـینی ئەو پەرتـووکە وای لێکـردم بە شـێوەیەکی فراوانتـر بـایەخ بە بڵاوەپەتاکـان بـدەم. بـۆ هەردووکمـان مـایەی سەرسـوڕمانبوو، کاتێک نانسـی بـۆی دەرکەوت کە هـیچ پەرتووکێـک لە زنجیـرەی پێشـەکییەکی زۆر کورت نە دەربارەی بڵاوەپەتاکان و نە پانەپەتاکان نییە. لەوانەیە مـن بتـوانم ئەو پەرتـووکە بنووسـم؟ بە هاوکـاری نانسی توانیم بیکەم. سوپاس، نانسی.

هەروەها سـوپاس بۆ ئێلدا گرانتا لە زانکۆی ئۆکسـفۆرد کە زۆر بە پەرۆشـبوو بـۆ وەڵامـدانەوەی پرسـیارگەلێکی بێشومار، ئەو کارکردنی گۆڕی بە خۆشی و کەیفکردن.

سوپاسـی خوێنـدکارانم دەکەم، لە وانەکـانم دەربـارەی بڵاوەپەتاکـان، پانەپەتاکـان و مێـژوو بـۆ تـاقیکردنەوەی ئەم بابەتانە لەسەریان بە بێ ئاگاداری خۆیان.

ئەم پەرتـووکە ئامـادەکراوە لەسـەر بنـاغەی خەبـاتی دژواری چەنـدین مێژوونـووس و تەرخـانکراوە بـۆ ئەوەی نەخۆشـی بکـات بە چەق لە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا، منـیش سوپاسم هەیە بۆیان.

لە کۆتاییدا، هاوسەرەکەم ستیڤانی و منداڵەکانمان مایا و ئۆلیڤ، وەکو هەمیشە شایەنی هەموو سوپاسێکن.

پێشەکی

ئەم پەرتـــووکە خـــوێنەران ئاشـــنا دەکـــات بە مێـــژووی دەوڵەمەندی بڵاوەپەتا و پانەپەتاکان.

هەروەهـا ئەوە دەخـاتەڕوو کە زۆرێـک لە ئەو ڕێگایـانەی ئێسـتا ئـێمە پێـی ڕووبەڕووی ئەو نەخۆشـیانە دەبینـەوە لە ڕابردوودا دروستبوون. ئەم خستنەڕووە زۆر سەرنجڕاکێش نیـیە، بەڵام زۆر گـرنگە. زۆربەی کـات مێـژووی پەتاکـان لەبیردەکرێت یـان بە تەنهـا ئەو کاتـانەی کە خۆمـان توشـی بڵاوەپەتــا و پانەپەتــا هاوچەرخەکــان دەبیــنەوە، بیــری لێدەکەینەوە، کە لە ئەم سـەردەمەدا ئەم بەشـەی مێژوو بێ هەژمار دووبارە دەبێتەوە.

پانەپەتا (pandemic) یان بڵاوەپەتا(epidemic) چییە؟

بڵاوەپەتـا (epidemic) بە شـێوەیەکی گشـتی بـریتییە لە دەرکەوتنێکی بەرفراوان و چاوەڕواننەکراوی نەخۆشـیەک لە کاتێکی دیاریکراودا.

پانەپەتــا (pandemic) بــریتییە لە بڵاوەپەتــایەکی زۆر گەورە.

ئیبۆلا لە ساڵی ٢٠١٤ بە هەموو پێوەرەکان بڵاوەپەتـابوو، تەنانەت پانەپەتاشبوو.

ئەو ئەنفلۆنزایەی کە لە سـاڵی ١٩١٨، ٥٠ ملیۆن کەسـی لە سەرانسەری جیهاندا کوشت، پانەپەتابوو.

شـێوازی بیرکـردنەوەی بـاو دەربـارەی پەتـا ئەوەیە کە ڕووداوێکی کاتییـە دێت و پاشـان نامێنێت. بەڵام گەر بە ئەم شێوەیە بیری لێبکەیەنەوە، ئایا دەتوانین بە نەخۆشـی HIV/ ئایـدز بڵێـین پانەپەتـا؟ یـان بە سـیل؟ ئـەی چـی دەربـارەی مەلاریا؟ پانەپەتا دەکرێت ڕوداوێکی دوابڕاو بێت یـان وەکو

ئەوەی من دەمەوێت ناوی لێبنێم پانەپەتای بەردەوام. سیل، مەلاریا، HIV/ئایدز کە کاریگەرییان لەسەر ڕووبەرێکی بەرفراوان لە جیهاندا هەیە و ساڵانە ملیۆنان کەس دەکوژن، پانەپەتایەکی بەردەوامن.

لە ساتەوەختی پانەپەتای ئەنفلۆنزای H1N1 لە ساڵی ٢٠٠٩، مشتومڕێک دروستبوو، دەربارەی ئەو پێناسەیەی پانەپەتا کە لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) و ئەوانی دیکەوە بەکاردەهات، لە ئەنجامدا چەند پسپۆڕێکی نەخۆشیە گوێزراوەکان لە پەیمانگای نیشتمانی هەستیاری و نەخۆشییە گوێزراوەکان سەر بە پەیمانگای تەندروستی نیشتمانی(NIH) گەشتن بە چوارچێوەیەکی گشتگیر کە دەیتوانی کاربکات بۆ پێناسەکردنی پانەپەتا کە چییە و چی دەبێت. ئەوەیان خستەڕوو کە پانەپەتا دەبێت ئەم هەشت مەرجەی تێدابێت:

*گرتنەوەی ناوچەیەکی جوگرافی بەرفراوان.

* گواستنەوە و جووڵانی نەخۆشیەکە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە.

*زۆر توشکردن و تەقینەوەی نەخۆشییەکە.

*سنوورداری بەرگری لەشی خەڵکی بۆ نەخۆشییەکە.

*نوێی و تازەیی نەخۆشییەکە.

*فرە توندی نەخۆشییەکە.

*گرتنی نەخۆشییەکە بە هۆی وردە زیندەوەرەوە.

*گرتنی نەخۆشییەکە لە دەوروبەر و کەسانی دیکەوە.

لەوانەیە وا دەربکەوێت کە سیل و HIV/ئایدز نوێ نەبن، بەڵام خۆ تایبەتمەندییەکانیان دەگۆڕێن، سیل بۆ نموونە لە ناوچەیەک خراپ دەبێت و لە ناوچەیەکی دیکە باشبوون بە

خـــۆوە دەبینێـــت، ســـیلی بەرهەڵســـتكاری دەرمـــان كە دەردەكەوێت وەكو دووبارە نوێبوونەوەیەكە بۆ سیل؛ هەر ماوەیەک و نوێبوونەوەیەک.

مەلاریـا گۆڕانكـاری بەسـەردا هـات كاتێـک ڕێكخـراوی تەندروســـتی جیهـــانی(WHO) لە ســـاڵانی دەیەی ١٩٥٥ ویسـتی ڕیشەكێشـی بكـات، گۆڕانكـارییەكی نـوێی دیـكە لە سـاڵانی دەیەی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ كاتێک بـانكی جیهـانی بـوو بە یاریكەری سەرەكی لە تەندروستی جیهانیدا. بە هەمان شێوە HIV/ئایدز بەدرێژایی كات چەندین شێوازی وەرگرتـووە، بە جۆرێــک چەنــدین پێناســـەی بــۆ كــراوە. هەریەک لە ئەو پێناسانە بە پێی مێژوو گۆڕاون:

بڕیـــاری مەرگ، نەخـــۆش كـــەوتنێكی درێژخـــایەنی جڵەوكـــراو، نەخۆشـــی هاوڕەگەزخوازەكـــان، نەخۆشـــی داوێنپیسان.

زۆر بـابەت و ســەرباس هەن كە بەسـتراون بە مێـژووی بڵاوەپەتا و پانەپەتاكان.

پێناســـی هەر نەخۆشـــیەک گۆڕانكـــارییەكی گەورەی بەسەردا هاتووە لە ئەنجامی شۆڕشی تاقیگەیی كۆتاییەكانی ســەدەی نــۆزدە، ئەو شۆڕشــەی پێشـڕەوی ئەو پزیشـكییە هــاوچەرخەی كــرد كە لە ئێســـتادا هەیە. دیــارە بە لــویس پاستور لە فەرەنسا دەسـتپێكرد و لەگەڵ كارەكـانی ڕۆبەرت كـــوخ لە ئەڵمانیـــا گەشـــتە ترۆپـــک، ئەمەش واتـــا ئەو نەخۆشـــیانەی كە جـــاران بە شـــێوازی جۆراوجـــۆر لێكــدانەوەیان بــۆ دەكــرا، ئێســـتا و بــۆ هەمیشـــە یەک لێكـــدانەوەیان بـــۆ دەكرێـــت. دەرهاویشـــتەكانی ئەم گۆڕانكـــارییەش ناكرێـــت زۆر قســـەی لەســـەر بكرێـــت.

دۆزینەوەی بەکتریا وەکو هۆکاری نەخۆشی سیل ئەوە دەگەیەنێت کە لێکدانەوەکانی سەدەکانی پێشوو بۆ هۆکارەکانی نەخۆشی سیل ون دەبێت. بۆ یەکەمین جار زانستی پزیشکی بەتەواوەتی دەیزانی چی دەبێتە هۆی نەخۆشییەکی دیاریکراو. بۆیە ئێستا نەخۆشییەکان لەوانەیە بە تەواوەتی بێنە چارەسەرکردن.

دۆزینەوەی بەکتریای (bacilluc tubercle) و ئەو بەکتریایەی کە دەبێتە هۆی تاعوون ڕێگەی بە پزیشکیدا بۆ پەرەپێدانی چارەسەری کاریگەر، هەروەها تێگەشتن لە ئەوەی چۆن پێشبگرن بە نەخۆشییە گوێزراوەکان. شۆڕشی تاقیگەیی متمانەیەکی ئێجگار زۆری چاند بە توانای پزیشکی زیندەیی بۆ ڕزگارکردنی جیهان لە نەخۆشییە گوێزراوەکان و ئەو بڕوایەی بەهێزتر کرد کە ڕێگاچارەکان زیاتر پێویستە پشت بە پەلاماردانی هۆکارەکانی نەخۆشی ببەستن، بەراورد بە پەلاماردانی ئەو بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە هەر لە سەرەتاوە بوونەتە هۆی دەرکەوتنی نەخۆشییەکە. ئەمەش ئاماژەی تێدایە بۆ بابەتێک ئەویش بریتییە لە پەیوەندی نێوان هەژاری و نەخۆشییەکان، هەروەها پەیوەندی جوگرافیا بە بڵاوەپەتا و پانەپەتاکان.

سەرجەم ئەو نەخۆشیانەی کە لە ئەم پەرتووکەدا باسکراون، هەر چەندە دەتوانرێت بە (ڕێژەی جیاواز) لە ڕێگەی پزیشکی هاوچەرخەوە جڵەوبکرێن، بەڵام کاریگەرن بە بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان. هەر ئەم هۆکارەیە، کە زیاد لە سەدەیەک پێش ئێستا و بە هۆیەوە کۆلێرا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەما، بەڵام لە زۆرێک لە وڵاتە تازە پێشکەوتووەکان هەر بەردەوامە، یان

HIV/ئایدز که بەشێوازێکی نا بەرامبەرانە کاردەکاتە سەر وڵاتانی باشووری بیابانی گەورەی ئەفریقا، هەروەها تاعوون کە توشی هەزارن زیاتر لە دەوڵەمەندان دەبوو بە تایبەت لە بڵاوەپەتای شاری مرسیلیا لە ساڵی ١٧٢٠. هەندێک شوێن ئەو بارودۆخانە تێدەپەڕێنن کە ڕێگە بە گەشانەوەی نەخۆشیەکان دەدەن، بەڵام هەندێک ناوچەی دیکە بە ئەو شێوەیە نین.

لە ئەم سەردەمەدا، زۆرێک لە ئەو ناوچانەی کە پەتای بەردەوامیان هەیە، پێیان دەوترێت جیهانی باشوور. هەروەها باری بڵاوەپەتاکان گۆڕاوە. سیل، کە لە ئەوروپا هۆکاری سەرەکی مردنبوو، ئەوە نەبێ ئێستا سیل لە زەویدا نەمابێت، بەڵکو بە ئاسانی بیڵێین تەنها باریکردووە. سیل لە ڕۆژئاوا بە کاتێکی زۆر پێش دەرکەوتنی چارەسەری کاریگەر یان هۆکارەکانی خۆپاریزی، پوکایەوە. ئەمەش بەهۆی دەستوەردان لە تەندروستی گشتی بە دابڕاندنی توشبووان(Quarantine) و باشترکردنی شێوازی ژیان بە شێوەیەکی گشتی. سیل لە وڵاتە تازە پێشکەوتووەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان زیادیکرد، تەنانەت پاش دۆزینەوەی دژە زیندەییەکان_کە یەکێکە لە سەرکەوتنەکانی پزیشکی زیندەیی_کە بە تەواوەتی بەکتریاکە دەکوژێت و نەخۆشەکەش چاکدەکاتەوە. ڕوودانی ئەمەش بە هۆی بوونی ئەو بارودۆخانەوەیە کە وا دەکات بەکتریاکە بگەشێتەوە، وەکو: نا یەکسانی لە دەستکەوتنی دەرمان و گرانی نرخی دەرمان، ژیانکردنی قەرەباڵغ، زۆری ڕێژەی توشبوون، هەروەها لەگەڵ ئەوانی تریشدا بوونی نەخۆشی هاوەڵ وەکو HIV /ئایدز.

کەواتە سیل پوکاوەتەوە لە هەندێک ناوچەی جیهان بە بێ دەستێوەردانی پزیشکی زیندەیی و لە هەندێک ناوچەی دیکەی هەسارەکە سەرەڕای دەستێوەردان زیادیکردووە. بەڵام هیچ لە ئەم قسانە واتای ئەوە نییە کە دەرمانەکان و توێژینەوە پزیشکیەکان بۆ چارەسەرکردنی پەتاکان پێویست نین، بە دڵنیاییەوە پێویستن.

چارەسەر بە دەرمانە دژەکانی ڕیترۆڤایرۆس(therapy antiretroviral) بە هەمــــوو پێوەرێــــک دۆزینەوەیەکــــی نایابوو، کە لە ڕێکارە بنەڕەتییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی HIV/ ئایدز بوو. بەڵام تا ئێستاش دەستکەوتنیان ڕێکوپێک نیــــیە، هەروەهــــا توشــــبوون لە هەنــــدێک وڵات لە بەرزبوونەوەدایە. هەر لە کاتی ئەم دۆزینەوەیە لە ساڵانی دەیەی ١٩٦٠ تاکو ئێستا، چارەسەرکردنی کۆلێرا تەنها بە ئاوپێدان لە ڕێگەی دەمەوە دەبێتە هۆی پاراستنی ژیانی توشبووەکە. بەڵام هیچ ناوترێت دەربارەی ئەوەی کە بۆچی ملیۆنان کەس لە جیهانی باشووردا ئاوێک دەخۆنەوە کە بە پاشەڕۆی مرۆڤ پیسبووە.

خــاڵە گــرنگەکە بــریتییە لە ئەوەی کە پەیوەنــدی هەیە لەنێوان نەخۆشی و بارودۆخە ئابووریی و کۆمەڵایەتیەکان، ئەو بارودۆخــانەی کە لە هەمــوو شــوێنێک بــوونی نیــیە و پزیشکی زیندەییش ناتوانێت چارەسەریان بکات.

ترس و نیگەرانی تایبەتمەندی پەتاکانن. کۆلێرا ترسێکی گەورەی دروستکرد لە ســەدەی نــۆزدە، HIV/ئایــدز بــووە هــۆی دروســتکردنی تــرس و جیاکــاری لە هەنــدێک شــوێن وەکــو ویــلایەتە یەکگرتووەکــانی ئەمریکــا لە ڕابــردووی نزیک_تــاکو ئەم ســــەردەمەش. تەنــانەت لە ئێستاشــــدا

لەکەیەکی گەورە ها بە نەخۆشییەکەوە. هەروەها تاعوون لە سەدەی چواردە پاڵنەری قڕکردنی جووەکان بوو. لە سەردەمی خۆشماندا باری ترس لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ماوەی پانەپەتای ئیبۆلای ساڵی ٢٠١٤ بە جۆرێک گەورەبوو کە لەگەڵ مەترسی ڕاستەقینەی نەخۆشییەکە یەکی نەدەگرتەوە. کە چی ئەنفلۆنزا کە توانای لەناوبردنی بێ هەژمارە (پانەپەتای ١٩١٨ لایەنی کەم پەنجا ملیۆن کەسی کوشت لە کەمتر لە یەک ساڵدا)، بە دەگمەن ڕووداوەکانی پانەپەتاکەی گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت. ترس لە هەندێک نەخۆشی ناگەڕێتەوە بۆ شێوازی دەرکەوتنی نەخۆشیەکە لە کەسەکەدا_کۆلێرا بە تەواوەتی نەخۆشیەکی بێزارکەرە، نیشانەکانی بە تەواوەتی کارەساتن، هەروەها بۆ کەسانی ناسک و نازدار قێزەون و ترسێنەرن، کە ئەمەش بارودۆخەکە خراپتر دەکات.

چۆنیەنی توشبوون بە نەخۆشییەکە: HIV/ئایدز تێکئالاوە بە شێوازی ناباوی پەیوەندی زایندەیی مرۆڤ، هەروەها زۆرێک دەزانن کە هۆکارەکانی توشبوون سەرچاوە دەگرن لە لادانی کۆمەڵایەتی، وەکو بەکارهێنانی دەرزی ماددەی هۆشبەر. شوێنی سەرهەڵدانی نەخۆشییەکە دەکرێت کاریگەری لەسەر ترسناکی نەخۆشییەکە هەبێت.

مەلاریا ئێستا زیاتر نەخۆشییەکە لە وڵاتە تازە پێشکەوتووە کەمەرەییەکان. کاتێک جاروبار دەگاتە وڵاتانی پێشکەوتووی باکوور، وەکو داگیرکەرێکی بێگانەی توقێنەر تەماشادەکرێت. پرسیاری مەترسی توشبوون_کێ توشی نەخۆشییەکە دەبێت و بۆچی توش دەبێت_گرنگە. لە

ئەمەریکای دێرین داگیرکەران هەندێکیان بە خاکی پاکیزەی ئاوڵە و نەخۆشیەکانی دیکەی جیهانی کۆن دایان دەنا.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیست باوەڕ وابوو کە نەژادی ڕەشپێستی باشووری ئەفریقا و ئەوانی دیکە زیاتر شیاون بۆ توشبوون بە سیل، بەڵام سپی پێستەکان دەکرێت توانای بەرگریان دژ بە نەخۆشییە گوێزراوەکان هەبێت.

کەمی مەترسی توشبوونی ئەفریقیەکان بە مەلاریا یەکێک بوو لە هۆکارەکانی ڕاگواستنیان لە لایەن داگیرکەرانەوە وەکو کۆیلە بۆ جیهانی نوێ لە سەدەی حەڤدە و نۆزدە.

بۆ سەدان ساڵ، تاکو شۆڕشی بەکتریاناسی، زۆرێک لە مشتومڕدابوون کە ئایا پەتاکان درمن یان هۆکارەکەی هەڵاوی بۆگەنە(Miasma)_ئەو هەوایەی کە پیسبووە بە هۆی بۆگەنبوونی مادده ئاژەڵی و ڕووەکیەکانەوە. زۆربەی جار وا سەیری تاعوون دەکرا کە سزای تاوانە. هەموو ئەم لێکدانەوانە گۆڕانکاریان بە سەردا هات. هەموو ئەو نەخۆشییانە جگە لە ئاوڵە تاکو ئێستاش ماون. تەنها تاعوون بە نموونە بگرە کە تاکو ئێستاش هەر دەرکەوتنی هەیە_ پەتایەکی ناوچەیی هەبوو لە هیند لە ساڵانی دەیەی ١٩٩٠، هەروەها بە شێوەیەکی ڕێک بەردەوام بڵاوبوونەوەی لە وڵاتی مەدەکەشکەر هەیە _کە لە مەودا و هێزدا کورتی هێناوە. بە دڵنیاییەوە نەخۆشی نوێ لە ئاسۆدا دیارە. بە ئەم شێوەیە، هەر چەندە زۆربەی ئەم پەرتووکە مێژوویە، بەڵام بە تەنیا دەربارەی مێژوو نییە. پەیوەندی نێوان بڵاوەپەتا و پانەپەتاکان بە گەشەسەندنی دەوڵەتداریی سەردەمەوە ڕوونە.

له سـەردەمێکی سـەرەتایی وەکـو سـەدەی پـازدە، هاوشـێوەی کـاردانەوەیەک بەرامـبەر تـاعوون، شـارە دەوڵەتەکـانی ئیتاڵیـا لیـژنەی تەندروسـتی پاڵپشـتیکراو لە دەوڵەتەیان پێکهێنا.

پانەپەتـای کـۆلێرا لە سـەدەی نـۆزدە بـووە هـۆی وەگەڕخسـتنی هەوڵـی نەتەوەیـی بـۆ دابڕانـدن(Quarantine)_کە تەنهـا دەتـوانرا لە لایەن دەسـەڵاتی ناوەنـدیەوە ئەنجامبـدرێت. هەروەهـا ڕێکارەکـانی وەکـو کوتـانی ناچـاری هەمـان پەیوەنـدی نیشـاندەدات. بڵاوەپەتـا و پانەپەتاکـان ناکرێـت ڕووبـدەن بە بـێ بـوونی دانیشتوانی چڕ و بزۆک.

هـیچ یەک لە ئەم نەخۆشـیانە بە چێـوەی پانەپەتـا بەرپانەبوون و ڕوویـاننەدا، تـاکو نیشـتەجێبوونی مرۆڤەکـان بـۆ کشـتوکاڵ و دەسـتپێکردنی بازرگـانی لەگەڵ یەکدیـدا. نەخۆشـیە درمییەکـان بـۆ مانەوەیـان پێویسـتە لە نێـوان خانەخوێیەکانـدا بگـوازرێنەوە. هەروەهـا دەبێـت ئەو خانەخوێیە بۆ توشبوون گونجاوبێت.

ئـاوڵە بەردەوامبـوو وەکـو کوژەرێـک لە نێـو هینـدە ئەمریکییەکانـدا، چـونکە توانـای هەبـوو بـۆ مـاوەی چەنـدین سەدە بۆ دەستکەوتنی دانیشـتوانێک کە بەرگرییەکی لەشـی کەمیان هەبێت. هەر کە ئەو دانیشتوانە قڕبوون، نەخۆشـیەکە بە شێوەیەکی سروشتی کەمیکرد.

لەگەڵ دەسـتپێکردنی سـەدەی چـواردە بازرگـانی و گەشـتکردن بە باشـی گەشەیسـەند، تـاعوونیش سـوودی لە ئەمە بینی.

سیل تەنها ئەو کاتە تەقییەوە کە بارودۆخەکە ڕێگەیدا: بە تـــایبەت لە ســــەدەی هەژدە، چـــونکە شـــار و کـــارگە قەرەباڵغەکانی ئەوروپای پیشەسازی گەشەیکرد.

ئایـــدز پشـــت دەبەســـتێت بە جـــووڵەی مـــرۆڤ بە سەرانسەری جیهاندا.

کاتێـک کە پانەپەتـای ئەنفلۆنزا بە بەشـێکی زۆری گـۆی زەویـدا لە چەنـد مـانگێکی سـاڵی ١٩١٨ بڵاوبـووەوە، ئەمە ڕوویدا تەنها بە هۆی بونیادنانی تۆڕی نوێی گواستنەوە و بازرگانی و زیادکردنی هاتوچۆ کە جەنگی جیهانی یەکەم بە دوای خۆیدا هێنای. جێگۆڕکێی مرۆڤ، ئـاژەڵ، مێروو بـۆ بڵاوبوونەوەی بڵاوەپەتا و پانەپەتاکان گرنگن.

لە کۆتایـــدا، خەڵکانی_شـــایەتحاڵ، ڕۆمـــاننووس و هونەرمەندان، هەروەها بیرەوەرنووسـان و سەرگوزشتەوان و دەسەڵاتدارانی حوکمی و مێژوونووس و شوێنەوارناسان و زانایـانی درمنـاس و پاشـا و شـاژنەکان و سـەرۆکەکان_ دەربـارەی بڵاوەپەتـا و پانەپەتاکـان بـۆ چەنـدین سـەدە دەیاننووسـی پەخشـکەری ئەوەی کە ئایا چـی دەبێتە هۆی پەیـدابوونیان، چـی دەیانوەسـتێنێت، هەروەهـا کـاردانەوەی خەڵکی چی بووە بەرامبەریان.

ئـێمە خـاوەنی کـۆمەڵەیەکی کەڵەکەبـووی بـێ هەژمـاری سەرچاوەی بە بەهاین، نەک تەنها بۆ مێژوونووسـان، بەڵکو ئێمە تۆمارێکی کەڵەکەبوومان لە سەرکەوتن و شکست هەیە کە پێویسـتە پاڵپشـت بـن بـۆ ئەوانەی کـاردەکەن لەسـەر بڵاوەپەتا و پانەپەتاکان.

بەشی یەکەم
تاعوون

لـە مێـژووی نەخۆشـیدا گـرانە دۆزیـنەوەی وشـەیەک کە قوڵتر و مانادارتربێت لە وشەی تـاعوون. تـاعوون بـریتییە لە ئەو نەخۆشیەی کە هۆکارەکەی بەکتریـای چیلکەیـی یارسـینا پێستسـەـ(pestis Yersinia)، کە بە پێـوەدانی کێچـی توشـبوو بە بەکتریـاکە دەگـوازرێتەوە _کـێچ دەگەڕێـت بـۆ خـانەخوێی دیکـەی وەکـو مـرۆڤ پـاش ئەوەی خـانەخوێیە ئاژەڵەکەی لەناودەچێت.

تـاعوون بـۆ یەکەمـین جـار لە سـەدەی شەشـی زاینیـدا دەرکەوت، کاتێـک یەکەمـین پانەپەتـای ناسـراو لە ئیمپڕاتۆریەتی بیزەنتیدا ڕوویدا. لە زمانی باودا پێی دەگـوترا تـاعوونی جوسـتیان، کە لە پـاش جوسـتیانی ئیمپڕاتـۆری ڕۆمای ڕۆژئاوا ناونرا.

بنەچەی دەرکەوتنی تاعوون نەزانراوە_لەوانەیە لە نێو چەقی ئەفریقا لە ڕێگەی تۆڕی دامەزراوەی بازرگانی بۆ ئەسیوبیا و دواتر بۆ بیزەنتین هاتبێت. بەڵام لەوانەشە لە ئاسیاوە هاتبێت، ئێمە نازانین. یەکەمین دەرکەوتنی لە مێژووی تۆمارکراودا لە ساڵی ٥٤١ لە شارە بەندەری فەرەما لە میسر بوو. نەخۆشیەکە دوو ساڵی پێویستبوو بۆ تێپەڕبوون بە درێژی و پانی دەریای سپی ناوەڕاست و دەستی لە هیچ وڵاتێکی کەنارەکە نەپاراست، لە ڕۆژهەڵاتەوە چووە ئیمپراتۆریەتی فارس لە باکووریشەوە بۆ دوورگەکانی ئینگلستان. سەرەڕای نەبوونی ئامارێکی وردی دانیشتوانناسی، بەڵام ئەوە زانراوە کە پەتاکە کاریگەرییەکی کارەساتباری لەسەر ژمارەی مردووان هەبووە.

قەشە جۆن ئیفیسیس، لە مێژووی کڵێسەیی خۆیدا، باس لە وردەکاری دەیدەنی خۆی لەگەڵ تاعووندا دەکات، کاتێک بە ڕێکەوت گەشتی کردووە، لە ڕێگەکەیدا لە قوستەنتینەوە بۆ ئەسکەندەریە و لە گەڕانەوەشدا بە فەلەستین، سوریا و ئاسیای بچووکدا تێپەڕبووە. زەویە کێڵدراوەکان کە تۆو نەکرابوون، باخەکانی مێو کە نەڕنرابوون، ئاژەڵەکان کە ببوونە کێوی، هەروەها ئەو خەڵکانەی کە ڕۆژەکانیان لە هەڵکەندنی گۆڕدا بەسەردەبرد ئەم تۆماریدەکردن.

مێژوونووسی یۆنانی پرۆکۆپیەس وتوویەتی کە تاعوون تەنها لە یەک ڕۆژدا لە ساڵی ٥٤٢ دە هەزار ژیانی لەناوبرد. "تەواوی ڕەگەزی مرۆیی نزیکبووەوە لە لەناوچوون" ئیڤاگریەس، کە چاودێرێکی دیکەی سەردەمەکەیە تێڕوانینی

وابووه که تاعوون سێ سەد هەزار ژیانی له پایتەختی ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی لەناوبردووه.

ئەم ژمارانه ژمارەی سەراسیمابوونن، سەراسیمابوون به هۆی ئەو وێرانکاریه لەناوبەرەوه.

پرۆکۆپیەس و چاودێرەکانی دیکەی یۆنان ئاشنابوون لەگەڵ بڵاوەپەتاکانی دیکه، بەڵام هەموویان هاوبۆچوونن که هیچ یەک له پەتاکانی پێشوو هاوشێوەی تاعوونی جوستیان نەبوون.

نووسەره عەرەبەکانی پێش ئیسلام تێبینی نوێی بارودۆخەکەیان کردبوو و هەروەها ئەوەیان باسکردبوو که تاعوون کاریگەریەکی گەورەی لەسەر ئاماری دانیشتووانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی هەبووه.

نووسەرەکانی سەرەتاکانی ئیسلام گێڕاویانەتەوه که ڕێژەی مردن به شێوەیەک بووه که بووەته هۆی دەستهەڵگرتن له ڕێورەسمەکانی مردوو ناشتن.

کاتێک له کۆتایدا گەشته ناوچه سەرەکیەکانی بەریتانیا له ناوەڕاستی سەدەی حەڤدە، قەشه بێد له تۆماری مێژووی کەنیسەی خۆیدا، بەداخەوه دەڵێت، تاعوون "پەتایەکی لەناکاوبووه که پەلهاویشتنێکی فراوانی هەبووه و وێرانکاریەکی گەورەی له سەرانسەری بەریتانیادا لێکەوتووەتەوه".

بۆ زیاتر له دوو سەد ساڵ، دەستپێک به تاعوونی جوستیان زیاتر له دوازده بڵاوەپەتا داویەتی له بەشەکانی ئەورووپا و ڕووژهەڵاتی ناوەڕاست.

له نزیک کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە پەتاکە کۆتایی هات، لەوانەیە بە هۆی ئەوەوە بوو بێت کە ئیتر بەکتریاکە توانای دۆزینەوەی خانەخوێی گونجاوی نەمابێت لە مرۆڤ و جرجەکانیشدا.

کاریگەریەکانی تاعوون لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە.

لە ڕوانگەیەکی فراوانەوە، کاریگەرەکانی چۆڵکردنی ناوچە لادێییەکان لەسەر داهاتی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی، کاریگەریەکان کۆکراونەتەوە بە لە بەرچاوگرتنێکی وردی دراوناسی، نووسراوەکان و بەڵگە یاساییەکان_ئاماژە بە ئەوە دەکەن کە یەکەم پانەپەتای تاعوون لەوانەیە بەژداری هەبووبێت لە ڕوخانی خودی ئیمپراتۆریەکەدا.

بە پێچەوانەوە پەتاکە نەگەشتە بەریتانیا، تاکو سالّی ٦٦٤: پاش بیست و سێ ساڵ دواتر نەما.

کاریگەریە ڕاستەوخۆکان_مردنێکی زۆر، جۆلکردنی پەرستگاکان، چۆلکردنی گوندەکان_بە شێوەیەکی ترسێنەر.

کاریگەریە درێژخایەنەکان بێ بەهابوون، ژیانی ڕەبەنی لە نۆرسەمبریا لە تاعوونی سالانی دەیەی ٦٦٠ زیانی توندی بەرکەوت، تەنها پاش دوو نەوە دووبارە ناوچەکە گەشایەوە. وا دیارە تاعوون بەربەرەکانی زەوی بەپیت، دەسەلاتی شاهانە و سامانی گەورەی پێ ناکرێت.

ئەم دەرئەنجامانە دانراون لەسەر بنەمای بەڵگەگەلێکی تەڵەزم و پارچەبوو، بۆیە کاتێک کەسێک دەیەوێت لە دوورەوە لە ژیانی کڵێساکان و ژیان بەگشتی بڕوانێت کاریگەری بەڵگەکان نامێنن.

کاریگەریە کورت و درێژخایەنەکانی تاعوون لە سوریا بە بایەخەوە تەماشادەکرێت. کەشتی تاعووناوی لە میسرەوە گەشت بە سوریا لە ساڵی ٥٤٢ بە بەندەرەکانی غەززە، عەسقەلان و ئەنتاکیەدا، کە هەر لە ئێرەشەوە گەشت بە دیمەشق و بە باشووردا بڵاوبووەوە. لە قەشە جۆن ئیفسەسەوە زانیومانە کە بڵاوبوونەوەکە وێرانکەربووە. لە ئێرەشەوە تاعوون هەموو حەوت ساڵ جارێک یان نزیک لە ئەوە لە سوریای داوە لە نێوان ساڵانی ٥٤١ و ٧٤٩. لە کورت مەودادا بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردن و کۆچی بە کۆمەڵ زۆر شوێنی بە چۆڵی هێشتەوە. لە درێژ مەودادا، دووبارەبوونەی بڵاوبوونەوەکانی تاعوون کاریگەری زیانبەخشی لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی و دانیشتوانی ناوچە ئاوەدانەکان هەبووە.

ژیانی کۆچەری نیمچە دورگەی عەرەبی ڕێگربوو لە بڵاوبوونەوەی تاعوون، ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی هێزی دەشتەکیەکان.

بەردەوامی لاوازی بەرهەمی کشتوکاڵی، واتە کەمکردنەوەی باج لەسەر دانەوێڵە و ڕابوونی ئابووری شوانکارەیی.

ئەو هەموو دوبارەبوونەوەیەی تاعوون لە سوریا و بوونی کاریگەری وێرانکەر لە سەرەتاکانی چاخی ئیسلامی، ناوبانگی ناوچەی تەنراو بە تاعوونی بەخشی بە سووریا. بە هاتنی سەدەکانی ناوەڕاست سوریای ئیسلامی ناسراوبوو بە هەبوونی ئەزموونی تاڵ و کارەساتبار لەگەڵ تاعوون.

ئەوەی دەربــارەی یەکەمــین پانەپەتــای نــایزانین ئەوە تاریک دەکات کە دەیزانین. ئەمە لەوانەیە بگۆڕێت بەبوونی کەرەســتەی شــیکاری ئــاڵۆز. ورد خوینـدنەوەی ســەرچاوە نووسـراوەکان تەنهـا تـاکو ئێرە دەمانهێنێت. مێژوونووسـان پێویسـتیان بە سـوودبینینە لە پسـپۆڕیەکانی دیـکەی وەکـو ئاژەڵناسـی، شوێنەوارناسـی و زیندەوەرناسـی گەردی ئەگەر بڕیارە کە مەتەڵی یەکەم پانەپەتا لە جیهان ئاشکرابکرێت.

چاخە بێ تاعوونەکانی ئەوروپا لە ساڵی ١٣٤٧ کۆتایهات، کاتێک تاعوون گەڕایەوە و نیوەی دانیشـوانی کیشـوەرەکەی لەناوبرد. لە کۆتایدا کاتێک شـەپۆلی یەکەم کە پێی دەوترێت پانەپەتــای دووەم دوورکەوتەوە لە ســاڵی ١٣٥٢، لە پــاش خـۆی کیشـوەرێکی بـۆ هەمیشـە گۆڕاوی جێهێشـت. لە دوای دەرکەوتــنەوەکەی لە ســاڵی ١٣٤٧ تــاعوون بە ڕێکــوپێکی ســـەریدەدا لە ئەوروپـــا و جیهـــانی ئیســـلامی. دوایـــین پەرپابوونی لە ئەوروپا لە ساڵی ١٧٧٠ لە ڕووسیابوو.

پانەپەتـای دووەمـی تـاعوون یەک ڕووداو نەبـوو، بەڵکـو زنجیرە بڵاوەپەتایەکبوو کە فرەچەشنبوو لە توندی، پێوانە و مەودا.

زۆرێـک لە زانایـان پێیـان وایە تـاعوون تەنهـا یەک جـار گـوێزراوەتەوە بـۆ ناوەنـدی ئاسـیا لە ناوەڕاسـتی سـەدەی چواردە

کە دواتر ئاسیا وەکو کۆگای تاعوونی لێهات.

لێکۆڵینەوەکـانی ئەم دواییـانە دەربـارەی پەیوەنـدی نێـوان گـۆڕانی کەشـوهەوا لە ناوەڕاسـتی ئاسـیا و بڵاوەپەتاکـان لە ئەوروپــا، ئەوە پێشــنیار دەکەن کە بیــردۆزە کۆنەکــان

پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە. ڕێی تێدەچێت تاعوون جار لە دوای جار هاتبێتە نێو ئەوروپاوە. کاتێک کەشوهەوا گەرمبووە، ئاژەڵە قرتێنەرەکانی ناوەڕاستی ئاسیا ژمارەیان تەقیوەتەوە و ڕاگوزەریان زیادیکردووە، بە ئەمەش خانەخوێی زۆر هەبووە بۆ بڵاوبوونەوەی کێچ. کاتێک کێچەکان پەڕیون بۆ مرۆڤ و ئاژەڵەماڵیەکان، کە دواتر گوێزراونەتەوە بۆ ئەوروپا لە سەردەمی بازرگانی بەهێزی نێوان ئاسیا و بەندەرەکانی ئەوروپا وەکو بەندەری دوبرۆڤنیک.

بە تێپەڕبوونی سەدەکان، ئەوروپیەکان لەگەڵ تاعوون ڕاهاتن، تەنانەت پێشبینی دەرکەوتنیان دەکرد، هەروەها ڕێگاکانی ڕووبەڕووبوونەوەیان پەرەپێدا. لە ئەنجامدا بۆ نموونە کاردانەوەکان بەرامبەر لێکەوتەکانی تاعوون لە فلۆرێنسا لە ١٣٤٨ جیاوازبوو لە تاعوون لە لەندەن لە ساڵی ١٦٦٥-١٦٦٦. تاعوون بۆ فلۆرێنسا ڕووداوێکی نوێبوو، بەڵام بۆ لەندەن لە ساڵانی دەیەی ١٦٦٠ تاعوون چەندە کارەساتباربوو، لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕووداوەکە ئاشنابوون و باش تێگەشتنی زۆریان بۆ نەخۆشیەکە هەبوو، کە هیچ لە ئەمانە بوونیان نەبوو لە ماوەی پانەپەتای یەکەمدا، چونکە نە کەس خۆی بۆ ئامادەکردبوو، نە کەس دەیزانی کە چی ڕوودەدات. پەتایەک کە نوێبوو و بێ هاوشێوە و لە ناوبەربوو. کە ناونرابوو نەخۆشی *مەرگی ڕەش*.

بۆ ماوەی حەوت ساڵ تاعوون هەموو ئەوروپای تەنی و شار و لادێکانی وێرانکرد. تاعوون بۆ یەکەمین جار لە مێژووی تۆمارکراودا لە ساڵی ١٣٤٦ لە بەندەری کافا

لەسەر دەریای ڕەش دەرکەوت و بە سەختی بە هەموو ئەورووپادا بڵاوبووەوە. پێویستە روونبکرێتەوە بۆچی و چۆن ئەو هەموو خەڵکە دەمردن؟ چۆنیەتیەکەی بە چەندین ڕێگەی پێکداچوو ڕونکراوەتەوە: ویستی یەزدانی، هەڵاوی بۆگەن، درم، شیاوبوونی کەسی بۆ توشبوون.

هەمان شت بۆ کۆلێراش دروستە، ئەم لێکدانەوانە_بە تایبەت هەڵاوی بۆگەن و درم_زاڵبوون بەسەر بیردۆزی نەخۆشی گواستنەوە و تاکو نزیک کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە وا خوێنراوەتەوە. لە ماوەی مەرگی ڕەشدا_کاتێک کە دووبارە دۆزینەوەی نووسینەکانی گالن و هیپۆکرات، لە ڕێگەی وەرگێڕدراوە عەرەبیە نوێیەکان بۆ دەقە ڕۆمانی و یۆنانییەکان، لە ترۆپکدابوو، هەروەها بیرۆکەی هەڵاوی بۆگەن هۆکار بۆ نەخۆشییەکان شکۆفەی کردبوو. هەڵاوی بۆگەن و درم لەوانەیە بە ئەو شێوە دژ بەیەک نەبن کە هەبوون. خەڵکی لەوانەیە توشببن بەهۆی هەڵاوی بۆگەنەوە کە لە خاکەوە دزەدەکات، کاتێک ڕووەکە ڕزاوەکان گازە ژەهراوییەکان دەردەدەن. دواتر خەڵکەکە توشدەبن و توانای گواستنەوەی نەخۆشییەکەیان بۆ یەکدی دەبێت_بە تایبەت ئەو کەسانەی کە شیاوی توشبوونیان زیاترە، وەکو تاوانباران، سەرکەش، بێ ئابڕو و چاوچنۆک و هەژارەکان.

ئەم لێکدانەوە بەرجەستەییانە بۆ ڕێڕەوی تاعوون بە هاوپێچی لەگەڵ ئەوەی پێی دەوترێت هۆکاری بنچینەیی تاعوون: تورەیی یەزدان.

ڕاڵف لە شرێوسبەری، سەرۆک قەشەی کەنیسەی باس و وێلز پێش گەشتنی تاعوون پێی، فەرمانی بە ڕەوەکەی

خۆی کرد بپارێنەوە، لە پیریدا و لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٣٤٨ نووسیبووی "لە ئەو کاتەی کارەساتی درمەکە لە ڕۆژهەلاتەوە گەشتۆتە شانشینە دراوسێکان، زۆر جێگەی ترسە ئەگەر بە دڵسۆزی و بەردەوام نەپارێینەوە، پەتایەکی هاوشێوە پەڵە ژەهراویەکانی دەکشێنێت بۆ شانشینەکە و دانیشتوانەکەی قڕدەکات." لێکدانەوە ئاسمانیەکان لە لایەن کەسانی دیکەوە پاڵپشتیکران. لە یەکێک لە وردەکارترین شرۆڤەکاریەکانی هاوسەردەمی پەتاکە، مامۆستایانی بەشی پزیشکی لە پاریس لە ساڵ ١٣٤٨ نووسیبوویان "هۆی یەکەم و کۆتای ئەم درمە لە ئاسمان ڕێکخراوە و ڕێکدەخرێت.... ئەم درمە لەگەڵ ڕوداوەکانی پێشوو و گیرانی خۆر، کە هۆکاربوون بۆ تێکچوونێکی خراپ لە هەوای دەوروبەرمان، قاتیو قڕبوونیان لێکەوتووەتەوە." بە تایبەت کاتێک هەسارەی مەریخ و موشتەری هاوەڵی دروستدەکەن، دەبنە هۆی دروستبوونی "درمێکی گەورە لە هەوادا." هەسارەی موشتەری هەڵمی نێو خاک ڕادەکێشێت و هەسارەی مەریخ گڕی تێبەردەدات. بەلام سەرەڕای ئەم ڕوونکردنەوە زانستیە، کەسێک کە تێڕامان و بیردۆزە پاڵنەریبێت و باوەڕی بە بیرۆکەی جڵەوکردنی نەخۆشیەکان بێت لە ڕێگەی پزیشکیەوە، هێشتا بۆ ئەو هۆکاری بنچینەیی تاعوون یەزدانیە. "پێویستە ئەو ڕاستییە بە کەم سەیرنەکرێت کە هەر درمێک ویستی یەزدانە، بۆیە ئامۆژگاری ئێمە تەنها بریتییە لە گەڕانەوەیەکی ملکەچانە بۆ لای یەزدان."

زۆرێک تۆقین کاردانەوەیانبوو بەرامبەر تاعوون، وەکو چۆڤانی بۆکاچیۆ کە بە ڕوونی لە پەرتووکی

دیکـــامیرۆن (The Decamerone) تۆمـــاری کـــردووە.
پەرتـووکی دیکـامیرۆن بەرهەمێکـی وێژەیـی بێ هاوتـایە لە نمایـنـدەکردنی هـاتنی تـاعوون. بۆکـاچیۆ بـێ بـاوەڕبوو بە هۆکاری تاعوون_لەوانەیە "کاریگەری تەنێکی ئاسمانی بێت،" یـان لەوانەیە "سـزایەک بێت، زلەیەکـی میهرەبانـانەی یەزدان بێـت بە هـۆی ژیـانی سـتەمکارانەمانەوە." هۆکـارەکەی هەر چییەک بێت، "لە بەرامـبەر هێرشـەکانی تـاعوون، هەر چـی ژیــری و بلیمەتـــی مـــرۆڤ هەیە بێســـوودە. ...ســـەرجەم ئامۆژگـــاری پزیشـــکەکان و هێــزی پزیشـــکی بێئەنجـــام و بێسوودن."

ئەو بەدبەختیەی تاعوون لەگەڵ خۆیدا هێنای، خەڵکی برد بەرەو فەرامۆشکردنی یاساکانی خـودا و مرۆڤـایەتی؛ کەسـی زیندوو کەمبوو کە ناچاریان بکات.

خەڵکـانی دەرەوەی شـــار و بـێ چـــاودێری پزیشـــکی و خێزان و کۆمەڵگە بۆ گرنگی پێدانیان، بۆکاچیۆ نووسـیبووی، دەمردن "وەکو ئاژەڵ نەک مرۆڤ."

پێشـتر هەرگیـز کارەسـاتی هاوشـێوە ڕووی نەداوە. "جـا دڵی یەزدانە (یـان بە هەندێک پێوەر، دڵـی مـرۆڤە) کە بە ئەو ئاستە ڕەق و وێرانەخوازە کە بە تەنها لە نێوان مـانگی ئـادار و تەمـووزی ئەو سـاڵە....بە دڵنیـاییەوە بـاس لە لەنـاوچوونی ژیانی زیاد لە سەدان هەزار کەس لە نێو دیوارەکـانی شـاری فلۆرێنسا دەکرێت."

چـــاودێرێکی فەڕەنســـی تێبینـــی کردبـــوو کە نیـــوەی دانشـیتوانی شـاری ئەڤینۆن لەنـاوچوون؛ لە شـاری مرسـیلیا چوار کەس لە هەر پێنج کەسێک مردن.

کاتێک کە نەخۆشییەکە بە فەڕەنسادا تێپەڕبوو، "ڕێژەی مردن (ترس لە مەرگ) بە جۆرێکبوو پیاو بوێری قسەکردنی نەبوو لەگەڵ هەر کەسێک کە ژن یان پیاوێکی خزمی بەهۆی تاعوونەوە مردبێت، چونکە تێبینی ئەوەیان دابوو کاتێک تاکێکی خێزانێک بە هۆی تاعوونەوە دەمرێت، هەمیشە سەرجەم خێزانەکەشی بە دوایدا دەمردن."

ترس و گومان ئەوەندە بالابوون؛ تاکەکانی خێزانێک مامەڵەیان لەگەڵ نەخۆشەکانیان وەکو سەگ دەکرد؛ دراوسێکان خۆیان لە یەکتر دووردەگرت. شار لە دوای شار مردووەکانیان بە کۆمەڵ لە چاڵەکانی تاعووندا دەناشت کە ئەمەش هەڵگەڕانەوەبوو لە ڕێوڕەسمی باوی ناشتنی مردوو، خۆ ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، شکاندنی یاساکان پەیڕەودەکران.

بێچارە لە بەرامبەر لەناوچوونێکی لە ئەو شێوەیەدا، زۆر کەس هەڵهاتنیان هەڵبژارد، بەڵام لە جیهانی ئیسلامیدا هەڵهاتن لە فەرمانی خودا بە کوفر دادەنرا.

هەندێک قوربانیکردنیان هەڵبژارد، خەڵکانی ڕەشۆکی نزیک بە دە هەزار کەسیان لە جڤاتی جولەکە لە سەرانسەری ئەورووپادا لەناوبرد.

سەرەڕای ئەو بێچارەیەی کە زۆرێک بەسەریاندا هاتبوو، شارەکانی هاوشێوەی ڤێنیسیا و فلۆرێنسا بەرسڤیان دایەوە بە دروستکردنی لیژنەی تەندروستی. بۆ دڵنیابوونەوە لە پاکێتی هەوا، فەرمانیان کرد بە پاککردنەوەی زێرابەکان و کۆکردنەوەی خاشاک. کاتێک کە بە تەواوەتی دەرکەوت تاعوون لە ڕێگەدایە بەرەو فلۆرێنسا، شارەکە ڕێگەی نەدا

گەشتیارانی شارەکانی جینوا و بیزا بێن بۆ نێو فلۆرێنسا. کاتێک تاعوون گەشت، ڕێنماییە تەندروستییەکان لە هەوڵداندابوون بۆ لابردنی "هەموو ماددە بۆگەن و کەسە توشبووەکان کە هۆکارن بۆ تێکچوونی هەوا."

ئەم ڕێکارانە زۆر بێ سوودبوون. تاعوون هات و خەڵکی کوشت.

ئەوە سەدەیەک یان زیاتری خایاند، تاکو ڕێکاری کاریگەر شوێنی خۆی بگرێت، بە هەر حاڵ تاکو ئەو کاتەش توندی تاعوون خۆی کەمیکرد.

ئەو کەسانەی لە ماوەی مەرگی ڕەشدا ژیان، بە چەندین ڕێگە کاردانەوەیان هەبوو: دەیانویست لێکدانەوە بۆ کارەساتەکە بکەن؛ ترس لێیان ئاڵابوو؛ هەڵدەهاتن؛ بیانییەکانیان تاوانباردەکرد.

ئای چەند گرانە جیاکردنەوە کاریگەریە درێژخایەنەکانی تاعوون لەسەر ئاماری دانیشتوان، ئابووری، نەریتی کۆمەڵایەتی، کلتوور، ئاین، و زۆری دیکەش. لە کاریگەریی کورتخایەندا، تاعوون بەشێکی زۆری دانیشتوانی لەناوبرد_یەکێک لە ئەم دواییانەدا بە لەناوبردنی ٦٠٪ ئەوروپا خەملاندنی بۆ کردووە. دانیشووانی ئەورووپا هەر ئاوا بە کەمی مایەوە بۆ ماوەی سەدەیەک، کە بووە هۆی کەمبوونەوەی هێزی کار، داواکاری بۆ موچەی زیاتر و هەڵئاوسانی بازاڕ، و چۆڵبوونی خاکی زیاتر. ئاشبەتاڵی دانیشتوان، بۆ ماوەیەکی درێژخایەن گۆڕانکاری لە چەند لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا کرد، باشترین تۆمارکردن بۆ ئەم گۆڕانکارییانە لە ئینگلستان بوو. لە ساڵی

١٣٩٤، (دەگمەنـــی کرێکــار) ســـەرۆکی پەرســـتگا و ئاغــای ناوچەی ئینشـام ئـابی ناچارکرد کە رێکەوتننامەیەکی نوێ لەگەڵ کرێگرتەکانیـان بە مەرجـی خـوازراوی کرێگرتەکـان ئەنجامبدەن. لە سـاڵی ١٣٥١ جوتیارەکانی مـوڵکی جۆن دی ڤێر و ئاغـای ئۆکسـفۆرد لە زۆرێک لە کۆت و بەنـدەکانیان ئـازادکران. لە یەکێکـی دیـکە لە موڵکیەتەکـان لە کۆشـکی دراکیلـۆ لە چیشـیریا، کـرێ بـۆ سـێ ئەوەنـدەی "شایسـتە" کەمکـرایەوە بە پێـی ئەفســەری ژمێریـار جـۆن وودهـۆل "بە هــۆی کاریگەرییەکـانی پەتـاوە، کرێگرتەکـان هەڕەشـــەی جێهێشتنی کارەکانیـان دەکـرد (کە دەبـووە هـۆی چـۆڵکردنی نیشــــنگەی میرەکــــان) مەگەر لە کـــۆت و بەنـــدەکانیان خۆشبوونایە، دەبێت ئەم بارەش بەردەوام بێت، تـاکو جیهـان بەرەو باشـــتربوون بچێـــت و نیشـــینگەکان بەهایـــان بەرزببێتەوە."

مـوچە زیـادیکرد، بەڵام نرخـی سـەرجەم پێداویسـتیە ســـەرەتایەکانی ژیـــانیش زیادیکرد_زیـــادبوونی داخـــوازی لەســـەر هێـزی کـار بەهـۆی دەگمەنـیەوە، واتـا دەگمەنـی شتمەکی لێکەوتووەتەوە.

لە وەڵامـی داواکـاری بـۆ کرێـی کەمتـر و مـوچەی زیـاتر، پەرلەمـان لە سـاڵی ١٣٤٩ فەرمـان لەسـەر کارێکـاران و لە ساڵی ١٣٥١ یاسای کرێکارانی تێپەڕکرد بۆ سنووردارکردنی کرێ: هەروەها ناچارکردنی خەڵکی بـۆ کـارکردن و سـزادانی لادەران و سەرپێچیکەران.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کورتهێنان لە هێزی کار حکومەت دەستبەجێ کەوتە گەڕ بۆ دژایەتی کردنی ئەوانەی کە قەیرانەکان دەقۆزنەوە.

بوونی یاسا لە دژی داواکاری بۆ کرێی کەمتر و موچەی زیاتر، بە دڵنیاییەوە ئاماژە دەکات بە ئەوەی کە ڕاستەوخۆ پاش مەرگی ڕەش و چەند دەیەیەکی دواتری سەدەی چواردە گۆڕانێکی بەرچاو لە هۆش و ڕوانینی خەڵکیدا هەبووە، هەروەها توانجی گەورە پیاوان لەسەر هەڵسوکەوتی (زۆر ناشیرینی) جوتیاران سەلمێنەرە.

جوتیاران پارەی زیادە دەستکەوتوویان بەکاردەهێنا بۆ دەستکەوتنی بەرگ و پۆشاکێک کە شایستە نیە بۆ پێگەی ئەوان لە ژیاندا؛ هەروەها زیاتر خۆیان بە ڕاوکردنەوە سەرقاڵ دەکرد_کە ڕۆژانێک تەنها خولیای دەوڵەمەندان بوو.

جۆن گۆوێری هۆزانڤان پەژارەی خۆی دەردەبڕێت بۆ لەناوچوونی شێوازی کۆن "جوتیارانی سەردەمی کۆن ڕانەهاتبوون بە خواردنی نانی گەنم؛ بەڵکو نانیان لە پاقلە و دانەوێڵەکانی دیکە دروستکرابوو، خواردنەوەیان تەنها ئاو بوو، شیر و پەنیر جەژنە خوانیان بوو؛ بە دەگمەن خوانی دیکەیان هەبوو. پۆشاکیان سەرتاپا ڕەساسی بوو. هەروەها جیهانی ئەو خەڵکانە باش فەرمانداری کرابوون_زەویەکانیان." بەڵام ئێستا "کاتە خۆشەکانی سەردەمی کۆنمان درندانە کۆتایی هاتووە"، چونکە "خزمەتکارەکان ئێستا سەرۆکن و سەرۆکەکانیش

خزمەتکار... جوتیارەکان لاسایی ئازادەکان دەکەنەوە و لە پۆشاکدا دیمەنی ئەوان بە خۆیان دەبەخشن."

هەروەها دەرکردنی یاسای *سزادانی ڕەوشتی* بۆ "چەندین کەس کە زیادەڕەویان لە پۆشاککردن دەکرد کە پێچەوانەی پێگە و ئاستیان بوو." دووبارە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەڵسوکەوتی جوتیاران لە ئەو کاتانەدا زۆر گۆڕابوو.

داخ و شیوەن بۆ ڕابردوو، بۆ ئەو کاتانەی کە خەڵکی سنووری خۆیان دەزانی لە دەیەکانی پاش مەرگی ڕەش باوبوو.

سەرەڕای بوونی یاسا بۆ قەدغەکردنی هەردوو داواکاری یان پێدانی موچەی زیادە، بەڵام دیاردەکە هەر باوبوو: خراپتریش کرا پاش بڵاوەپەتا یەک لە دواییەکەکان لەساڵی ١٣٦٠-١٣٦٢ و ساڵی ١٣٦٩، زۆر جاریش جگە لە قایلبوون هیچ چارەیەکی دیکە نەبوو.

لە ئیتاڵیا هەر ئاوا کرێکاران داوای موچەی زیاتریان دەکرد، لە فلۆرێنسا کرۆنیلەر ماتیۆ ڤیلانی نووسیبووی "کچانی خزمەتکار و ژنانی بێ بەهرە لەگەڵ نەبوونی هیچ ئەزموونێکی خزمەتکاری و کوڕانی پێگەشتوو بە لایەنی کەمەوە ساڵانە ١٢ فلۆرێنیان دەویست، کەسە بەفیزەکانیان داوای ١٨ یان ٢٤ فلۆرێنیان دەکرد لە ساڵێکدا، هەروەها پەرستار و پیشەوەرە دەستیە لاوەکان موچەیان نزیکەی سێ ئەوەندەی موچەی ئاساییانبوو، کرێکاران لە زەویە کشتوکاڵیەکان هەموویان داوای گا و سەرجەم تۆوەکانیان

دەکرد، هەروەها داوایان دەکرد بۆ کارکردن لە باشترین زەوییەکان و فەرامۆشکردنی زەویەکانی دیکە.*

ئەو هەموو داواکاریە و چەند کاردانەوەیەکی کەمی نیگەرانبوون تێڕوانینی ئەوەت دەداتێت کە کاردانەوەی فەرمی بریتیبووە لە: هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی بەرزبوونەوە مووچە و ناچارکردنی خەڵکی بۆ ڕازیبوون بە کارکردن جا هەر مەرجێکیان هەبێت.

جا بە هۆی ئەوەی کە پەیبردنی ورد بە ئەوەی کە پێوەرەکانی ژیان لەوانەیە چۆن گۆڕابێتن_چۆن بیڵێم، واتە قورسە یان ئەستەمە_بەس وا دەردەکەوێت هەریەک لە پیاوان و ژنان لە دەیەکانی پاش مەرگی ڕەش، لە گاڵتەجاری چارەنووسدا، ژیانیان باشتربووبێت لە هاوئاستەکانیان لە دەیەکانی پێش تاعووندا.

تیاچوونی دانیشتووانی ئەورووپا کۆست و شۆکێکی کاتی بوو. لە ماوەی سەدەیەکدا بەرهەمداری کیشوەرەکە و دانیشتوانەکەی گەڕێندرانەوە، تەنانەت نەشونماشیانکرد، بەڵام نزیکەی دوو سەد ساڵ زیاتری خایەند بۆ بەدەستهێنانەوەی هەمان ژمارەی دانیشتوانی پێش تاعوون لە بەشێکی گەورەی ڕۆژئاوای دەریای سپی ناوەڕاستدا؛ بەڵام لە ئینگلستان تاکو ساڵی ١٦٠٠ خایەند.

لەگەڵ ئەمانەشدا کەمبوونەوەی دانیشتوان کاریگەری خراپی بە دوای خۆیدا نەهێنا. یەکێک لە ڕوونکردنەوە شیاوەکان ئەوەیە کە دانیشتوانی پێش پانەپەتا گەشتبووە قەبارەی شلۆقی *مالسۆس*، کە قەبارەیەکە تێیدا سەرچاوەکان دەگەنە ئەوپەڕی توانستی بەرگەگرتنیان. لە

ئەم ڕوانگەیەوە، مەرگی ڕەش کە ناسۆرێکی کورتخایەنبوو، لەوانەیە مایەی سوودبووبێت ئەگەر لە ئاسۆیەکی دوورەوە لێی بڕوانرێت.

زیادبوونی مووچەی ڕاستەقینە لە سەرانسەری ئەورووپادا لە پاش سەدەیەک لە تاعوون کە بە باشی تۆمارکراوە، لەوانەیە باشترین لێکدانەوە بۆی زیادبوونی بیمەی کاربێت نەک تاعوون.

گۆڕانکاری لە ئاماری دانیشتوان و ئابووری لە ڕووبەرێکی وەها بەرفراوان ئەستەمە بتوانرێت بدرێتەپاڵ یەک هۆکار، هەر چەند هۆکارەکە لەناوبەریش بێت. تەنانەت گشتاندنیش ئاسان نییە بۆ یەک هۆکار.

چەندین گۆڕانکاری پێشتر لە ڕوودانداببوون: دانیشتوان لە ئێرەو لە ئەوێ کەمی دەکرد؛ لە زۆر شوێن پێش مەرگی ڕەش پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەنکار لە گۆڕانـدابوو_دەرەبەگایەتی لە زۆر شوێنی فلۆرێنسا و هۆڵەندا کۆتایی هات لە سەدەی دوازدە و سێزدە بەبێ هیچ هاوکاریەکی تاعوون. بەڵام لە لایەکی دیکەوە، دەکرێت مەرگی ڕەش هەنگاو پەیداکەربێت بۆ سەدەیەک یان زیاتر لە داهێنانی تەکنەلۆژی. ئامێرەکانی بەرهەمهێنانی وزە وەکو ئاشی باو ئاشی ئاو و چەکی ئاگرین زیادیکرد.

ئایا ئەم ئامێرانە بەرسڤێک بوون بۆ کەمی هێزی جەستە لە کاتی تاعووندا؟ دەکرێت.

وا دیارە نکۆڵی ناکرێت لە ئەوەی کە ئەگەر تاعوون تاکە هۆکاری گۆڕانکاریەکان نەبووبێت، بە دڵنیاییەوە تاودەریان بووە.

کارەساتێک بە ئەو ئاستە بێگومان نیشانە دادەنێت لەسەر نووسین، هونەر و ئاین.

لە سەردەمی تاعووندا ئاینخوازیەکی زۆر دەبینین لە هەندێک شوێن، یاخیگەری دژ بە کۆتو بەندیەکانی کەنیسە لە هەندێک شوێنی دیکە. شەللاق لە خۆدەرەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا، ئەو ئایندارانەی کە لە بەرچاوی خەڵکی شێوازی تایبەتی ڕێورەسمی ئاینی ئەنجامدەدەن، بە شەللاق لە خۆیان دەدەن، جگە لە کارەکانی دیکەیان_دەستیانکرد بە لاسایکردنەوەی کاری باوی پیاوە ئاینیەکان و بانگەشەکردن بۆ ئەوەی کە مەسیح لە ڕێگەدایە بەرەو زەوی بۆ کۆتایهێنان بە جەور و ستەم، بە وەرگرتن لە دەوڵەمەند و پێدان بە هەژار.

تێکەڵبوونی جوانیەکان بە سامناکی مەرگ لە هونەردا، ئاماژەیە بۆ ئاگاییەکی نوێ دەربارەی مەرگەساتی چاوەڕواننەکراو.

ژمارەی زانکۆکان پاش تاعوون زیادی کرد_کەمبوونەوەی کڵێساکان و تێکچوونی ڕاڕەوەی خوێندن هاندەری بونیادنانیانبوو. لە ئینگلستان کڵێسە کاتیدراڵیە گەورەکان بواریان کردەوە بۆ بونیادنانی کڵێسەی بچووک و سادەتر.

لە دەیەکان و سەدەکانی پاش مەرگی ڕەش پزیشکەکان متمانەی زیاتریان بەدەستهێنا، ڕێژەی مردن کەمی کرد، حکومەتەکان ئەرکی گاریگەرتریان لە جڵەوکردنی تاعوون وەرگرت. خەڵکی بە بوونی تاعوون ڕاهاتن و لە زۆر شوێن بوو بە دیاردەیەکی ئاسایی ژیان.

لەنـدەن لە نێـوان سـاڵانی ١٥٠٠ و ١٦٦٥حەڤـدە جـار بەرپابوونی تاعوونی چەشت. بۆ نزیکەی سێ سەد ساڵ لە نێوان ١٥٠٠ و ١٧٢٠ فەرەنسا هیچ ساڵێکی بە بێ تاعوون تێنەپەڕانـدووە. لە میسـر تـاعوون هەمـوو هەشـت بـۆ نـۆ سـاڵێک دەردەکەوتەوە، لە سوریا_فەلەسـتین هەژدە بڵاوەپەتـای سـەرەکی هەبـوون لە نێـوان مەرگـی ڕەش و هاتنی عوسمانیەکان.

ڕێکوپێکی لە بەرپابوون و هەروەها بوونی ئەو ڕاستیەی کە تـاعوون هەرگیـز وەکـو جـاران لەنـاوبەر و شـۆکهێنەر نیە_وەکو مەرگی ڕەش واتای بوونی ترس و تاوانبارکردنی کەمتـر؛ بە پـێچەوانەی هێرشـە بـێ شـومارەکان بـۆ سـەر جولەکەکـان، لە مـاوەی سـەدەی دواتـردا تەنهـا یەک هێـرش هەبووە، کە لە پۆڵەندابوو.

تـاعوون ئەو تـرس و شـۆکەی جـارانی بـۆ نەگەڕایەوە؛ تاعوون بە شێوەیەکی سەیر ئاسایی بوو.

پزیشـکەکان و هەروەهـا شـارەوانیەکان متمانەیـان پەیداکرد لە توانستیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشیەکە.

لە کاتێکـدا کەس نەیـدەزانی کە کەی و لە کـوێ تـاعوون دێت_تاعوون وەک یەکێک لە مێژوونووسان دەڵێت، خـاوەنی "هەڕەمەکیەکـی دژوار"بـووە_وردە وردە شـێوازێکی فـراوان خـۆی ئاشـکرا دەکـرد: یەکەم جار، تـاعوون لە بەنـدەرەکانی داوە؛ دواتر بۆ ناوەوەی شارەکان، دواتر لە شـارەکانەوە بۆ هەموو وڵاتەکە.

لە شـارەکاندا لە هەنـدێک گەڕەکـدا دەرکەوتـووە و لە هەنـدێکی تـردا دەرنەکەوتـووە؛ هەروەهـا لە مـاڵێکەوە بـۆ

ماڵێکی دیکە، بەدڵنیاییەوە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەگوێزرایەوە.

وردە وردە شێوازەکانی ڕەفتار بەرامبەر تاعوون دەردەکەوتن. وەکو هەڵهاتن کە باوبوو. چونکە پێویستیەکی ناچاری هەبوو بۆ خۆپاراستن کە لە هەمان کاتدا، واتە فەرامۆشکردنی ئەوانی دیکە.

بە شێوەیەکی گشتی، حکومەتەکان سەلامەتبوون، و تاعوون واتای کۆتایی یاسا کۆمەڵایەتیەکان نەبوو.

کاردانەوەی ڕەسمی بۆ تاعوون_لیژنەکانی تەندروستی پاڵپشتیکراو لە لایەن حکومەتەوە، نەخۆشخانەکان، خانەکانی پەتا و کەرەستەکانی دابڕاندن_بووە هۆی بەهێزبوونی حکومەتەکان لە˚سەرانسەری ئەوروپای هاوچەرخ.

هەر چەندە ڕێگاکانی جڵەوکردن دەگۆڕان، بەڵام پزیشکەکان کەمترو کەمتر لە بنەچەی تاعوون تێدەگەشتن کە وا دادەنرا لە توڕەیی یەزدانەوە بێت یان لە ڕیزبوونی هەسارەکان.

دواتر پزیشکەکان دەگەڕان بۆ ئەو لێکدانەوانەی کە زیاتر بەرجەستەن و بەردەوام لە هەوڵدابوون بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکە. لە کۆتایی سەدەی چواردە، بە شێوەیەکی زیاتریش لە سەدەی پازدە، پزیشکەکان وەها لە تاعوونیان دەڕوانی کە بەسوودە بۆ پیشەکەیان.

سامانی ئەو ئەزموونە کردەییەی کە لە تاقیکردنەوەی چارەسەرە جیاوازەکان بەدەستهاتووە بە باشی تۆمارکراوە لە ئەو ژانرە نوێیەی نووسین کە لە کۆتایەکانی سەدەکانی

ناوەڕاستدا سەریهەڵدا و تەرخانکرابوو بۆ باسکردنی تاعوون: *یاداشتنامەی تاعوون*.

لەبەرئەوەی هەندێک لە بڵاوەپەتاکان بە نزیکەیی بچوکتربوون، خەڵکی بۆ ناسینی نەخۆشییەکە لە بارودۆخێکی کەمتر سامناک و نیگەراندا کاتیان هەبوو، کە لە بڵاوەپەتا گەورەکاندا هەبوون. متمانەی نوێی بەدەستهێنراو لە ناسینی تاعوون وای لە زۆرێک کرد کە بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئەمان مامۆستا دێرینەکانی وەکو هیپۆکرات و گالنیان تێپەڕاندووە، هەروەها سووربوون لەسەر ئەوەی زاناکانی پێشوو هیچ ئەزموونیان لەگەڵ ئەم نەخۆشییەدا نەبووە و ئەمان ئێستا خۆیان مامۆستان.

لە دوای مەرگی ڕەش، هیچ مەرگەساتێکی دیکەی هاوشێوە نەبینراوە، کە تێیدا زنجیرە بڵاوەپەتایەک هەبوو_سەرو ٦٠٪ دانیشوانی شاری جینوا لەناوچوون لە ساڵی ١٦٥٦-١٦٥٧، هەروەها بە لایەنی کەمەوە شەش بەرپابوونی دیکە کە سەروو ٣٠٪ دانیشوانی شوێنەکانی وەکو مرسیلیا، پادوا و میلانی لەناوبرد.

بە گشتی ڕێژەی مردن کەمیکرد. ئەو کەمبوونەوە ئاشکرایەی ڕێژەی مردن هاوکاتبوو لەگەڵ پەیدابوونی متمانە نوێیەکە بە پزیشکی. هەندێک لە ئەو متمانە نوێیە بەدڵنیایەوە پەیدابوو بە هۆی تێگەشتنی نوێ لە نەخۆشییەکە وەک پێویستی دابڕاندنی نەخۆشەکان. بەڵام دەکرێت نەخۆشییەکە خۆی کەمترو کەمتر توندبووبێت، کاتێک دانیشتوان هەندێک بەرگری لەشیان بۆ نەخۆشییەکە پەیداکردبێت.

بیـرۆکەی گواسـتنەوەی نەخۆشـی مێژوویەکـی دوور و درێـژی هەیە، کە بە ڕێگەیەکـی خـوارو خێچـدا لە گـالنەوە تێپەڕیـوە، کە داهێـنەری بیـردۆزەی *تـۆوی توشـبوونە*، بـۆ سـەردەمی ڕێنیسـانس؛ بە درێژایـی ڕێگـاکەی لە جیهـانی عەرەبی وەستا، چونکە کەمتر جێی سەرنجبوو بە بەراورد بە هەڵاوی بۆگەن و یەزدان؛ هەروەها لە سەدەی شازدە بە تەواوەتـی چەسـپا. بیـرۆکەی ئەوەی کە تـاعوون دەکرێـت بڵاوببێـتەوە، هەر زوو لە کۆتاییەکـانی سـەدەی چـواردەدا دەرکەوت.

کاتێک تاعوون خەریکی وێرانکردنی ناوچەکانی دەریای سـپی ناوەڕاسـتبوو، نووسـەری عەرەب ئیـبن خەتیـب ئاشـکراترین بەیاننـامەی پێشکەشـکرد کە لە بەرژەوەنـدی درمـدا بـوو. تێڕوانینەکـانی ئیـبن خەتیـب لە ئەوپەڕی دژایەتیـدابوو لەگەڵ بـاوترین بـاوەڕی موسـوڵمانەکان کە بریتیبوو لە ئەوەی تاعوون لە لایەن خوداوە نێردراوە.

ئیبن خەتیب نووسیبووی، "ئەگەر پرسیارکرا، چۆن ئێمە قـایلی بیـردۆزەی درم بـووین، لە کاتێکـدا پێشـتر شـوێنکەوتووانی یاسـای یەزدانـی بیـرۆکەکەی بەدرۆخستبووەوە، لە وەڵامدا دەڵێین: بوونی درم سەلماوە بە ئەزمـوون، هەڵێنجانـدن، هەسـتپێکردن، سـەرنجدان و ڕاپۆرتی کۆدەنگی، ئەوانەی باسکران جۆرەکانی بەڵگەن."

بیردۆزەی درم کە دەستیکرد بە دەرکەوتن لە سەرەتای سەردەمی هـاوچەرخی ئەورووپا، زۆرجار بیردۆزی هەڵاوی بـۆگەن یـاوەری دەکـرد. هەروەهـا یەزدان هێشـتا ئامادەبوونێکی بەهێزی هەبوو. هەندێک، وەکو بانگخوازی ئینگلیسی ڕیچارد لێک، هیچ چاوپۆشییەکی نەبوو بەرامبەر

ڕوونکردنەوە دنیاییەکان، وتی، "ئەمە نە توشبوونی هەلاوی بۆگەنە، نە تێکچوونی لەشی مرۆڤ، چ جای کاری خراپ و شەیتانی جادووگەرەکان، هەروەها نە بەختی خراپ، یان هەر هۆکارێکی دیکەی خەیالی نیە، کە بانگەشەی نەگریسەکانە، بەڵکو زۆری و گەورەیی تاوانەکانمانە." بۆ ئەو سەردەمە تاعوون سزای خودابوو.

لە گوندی مۆنتۆ لوپۆ، لە ناوچە دوورە دەستەکانی توسکان، تاعوون لە پایزی ساڵی ١٦٣٠ گەشت. بەرپرسە دنیاخواز و ئاینخوازەکان لەگەڵ یەکدی لەسەر هۆکار و چارەسەرەکان جەنگیان کرد. سەرکردە ئاینخوازەکان هاوکات لەگەڵ زۆرێک لە دانیشتوانی ناوچەکە، دەیانویست یەزدان هێوربکەنەوە بە ڕێپێوانی ئاینی. بەڵام بەرپرسە دنیاخوازەکانی تەندروستی، باوەڕیان وابوو کە تاعوون درمە، هەوڵیاندەدا ئەو جۆرە کۆبوونەوانە سنوورداربکەن و نەخۆش و خێزانەکانیان جیابکەنەوە، کە ئەمەش هەڵچوون و توندوتیژی لێکەوتەوە.

لە ئیسپانیا و ئیتالیا نووسەرەکانی وەک فرانسیسکۆ ڤالی، فیتیریۆ ترینکاڤێلا، هەروەها گیرۆلامۆ فراکاسترۆ ئەوەیان خستەڕوو کە نەخۆشییەکانی وەکو تاعوون لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێنەوە. هەر وەکو ڤالی لە لێدوانەکانی لەسەر بیردۆزەکەی گالن لەسەر پەتا دەڵێت، "هیچ درم یان نەخۆشییەک نابێت ڕووبدەن بەبێ گواستنەوەی شتێک لە کەسێکەوە کە پێشتر توشبووە بۆ کەسێک کە توش دەبێت. ئەمەش پەسەندکراوە، لە ئەوەتەی هەموو کردەیەکی سروشتی بە بەرکەوتن ڕوودەدات....بە ئەمەش تۆوەکانی درم دەگوێزرێنەوە، کە جۆرێکە لە

جۆرەکانی پیسبوون، لە کەسی توشبووەوە بۆ ئەو کەسەی خەریکە درم کاری لێدەکات." بەڵام تێڕوانینی سەرەتاکانی سەردەمی هاوچەرخ جیاوازبوون لە ئەوانەی سەردەمی هاوچەرخ. ستیڤن برادوێل، توانجدەرێکی ئینگلسیە، لە ساڵی ١٦٣٦ نووسیویەتی، کە درم و هەڵاوی بۆگەن تێکەڵدەکران بەبێ هیچ ڕاڕاییەک، چونکە بۆ ئەوان لە ئەم قۆناغەی شەنوکەوکردنی تاعوون (هەروەها نەخۆشییەکانی دیکەش) درم و هەوای بۆگەن دوو لایەنی جیانەبوون: وەکو نووسیبووی، "ئەو کەسەی کەسانی دیکە توشی هەمان شێوەی ئەوەی خۆی دەکات بە دەستلێدان، یان لە ڕێی ناوەندێکی بەرکەوتنەوە وەکو تەنێک یان ڕۆحێک یان هەوایەکی هەڵمژراوەوە دەبێت." هۆکاری توشبوونەکەش بریتیبووە لە "تۆخمێکی ئاینی لە جۆری تەواو ژەهراوی، کە زۆر وردە و ڕۆحیانەتێکە کە تێکەڵی هەوا دەبێت، و بە کونیلەکانی لەشدا دەچێت."

لادانێکی (ناتەواو) بەرەو باوەڕبوون بە درم خۆی پەخشدەکرد لە جوڵان بەرەو جیاکردنەوە و دابڕاندنی مرۆڤ و شتمەک(Quarantine)، سنووردارکردنی گەشتکردن، قەدەغەکردنی کۆبوونەوەی گشتی وەکو ڕێپێوانی ئاینی، و بە شێوەیەکی گشتی زیادبوونی دەسەڵاتی حکومەت لەسەر ژیانی کەسانی نەخۆش یان گومانلێکراو.

لە باکووری ئیتاڵیا، کە ئەم ڕێکارانە لە پێشەنگدابوون، لیژنەکانی تەندروستی یاسایان دەسەپاند لەسەر تەندروستی کۆمەڵ لە کاتی تاعووندا. بە زۆریش کاریگەرییەکی کەمیان هەبووە: تاعوون هەر دەهاتەوە.

١. ئەم نەخشاندنە لە ساڵی ١٦٥٦ سومبولی پزیشکی تاعوون پیشاندەدات کە دەمامکێکی پارێزەری لەبەرکردووە کە پڕکراوە لە گیا بۆ خۆپاراستن لە پەتا.

ئەوەی کە ڕەنگدانەوەی هەبووە و دووپاتکراوەتەوە، هەر چۆنێک بێت، بریتیبووە لە دەرکەوتنی پەیوەندی نێوان نەخۆشییەکە و هەژاری. هیچ کات تێپەڕنەبووە تێبینی نەکرێت کە تاعوون لە ئیتالیا و فەڕەنسا و ئینگلستان تووشی هەژاران بووە زیاتر لە دەوڵەمەندەکان.

نووسینی جێماوی دوایین سەرهەڵدانی گەورەی تاعوون لە مرسیلیا لە ساڵی ١٧٢٠، یەکێک لە پزیشکەکان دەربارەی گەڕەکێکی دەوڵەمەند دەڵێت: "شەقامەکان فراوانبوون، خانووەکان گەورەبوون، هەروەها بە شێوەیەکی سەرەکی خەڵکانی دەوڵەمەند و هەبووی تێدابوون کە ئەوانە هەمیشە لە کۆتایدا لە لایەن درمەوە هێرش دەکرایە سەریان، کە بە پێی توانستیان بوو بۆ خۆ دانان لە شوێنی دوور لە تاعوون."لە ئەو کاتانەی کە زۆرێک بۆچوونیان وابوو، تاعوون پەڕۆکە و نەخۆشی هەژارانە، دەوڵەمەندان بە توندی دەستیانکرد نارەزایی و نیگەرانبوون دەربارەی ڕێڕەوی نەخۆشییەکە لە نێوان چینەکانی خەڵکیدا. تاعوون بووە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و بوو بە هێمایەک بۆ دابەشبوون لە نێوان دەوڵەمەند و هەژاراندا. ترس لە تاعوون و ترس لە هەژاران دەست لە ناو دەستبوون.

سروشتی پەڕۆکی تاعوون کاریگەری لەسەر بازرگانی هەبوو، ئەمەش پەیوەست بوو بەوەی کە ویلایەتە ئەوروپیەکان هەوڵیاندەدا بۆ سەپاندنی دابڕاندن بەسەر شتومەکدا. دابڕاندنی دەریایی بۆ کۆتاییەکانی سەدەی چواردە دەگەڕێتەوە، کە بۆ یەکەمین جار لە بەندەری دوبرۆڤینک سەپێندرا. بە تێپەڕبوونی کات، سەرەڕای ئەو مشتومڕانەی دەکران و ئەگەری ئەوەی مەرجیش نیە کە

کاریگەربێـت، بەڵام دابڕانــدن بــوو بە کــارێکی بنەڕەتــی. دابڕانـدن بە تەنهـا بـۆ کەلـوپەل جێبەجێنەکـراوە؛ هەروەهـا خەڵکیش، لەوانەیە زۆرجار، دەستبەسەرکرابن.

پەیوەنــدی نێــوان بازرگــانی، گەشــتکردن، و تــاعوون درێژخـایەن بـوو، چـونکە زۆرێـک بۆچوونیـان وابـوو کە تـاعوون لە ڕۆژهەڵاتەوە هـاتووە و نەخۆشـییەکی پەڕۆکە، بـۆیە دەستبەسـەراگرتنی شـتمەک و ڕاگرتنـی خەڵکـی ئەو بەشـەی جیهان ئەونده سەرنجڕاکێشبوو کە بۆ ئەنجامـدانی خۆیـان پـێ نە دەگیرا.بـارودۆخەکە لە جیهـانی ئیسـلامیدا بە ئەو شێوەیە نەبوو، بە جۆرێک پەڕۆکی زۆر قبوڵکراونەبوو، هەروەهـا توانـای کـارگێڕی بـۆ دابڕانـدن بـوونی نەبـوو لە ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانی. هینـد، چـین و وڵاتەکـانی دیـکە زۆرجـار وەکـو سـەرچاوەی تـاعوون ئاماژەیـان بـۆ دەکـرا، ئەمـانیش دابڕاندنیان جێبەجێنەکـرد. بە ئەم شـێوەیە لەسـەر ویـلایەتە ئەوروپییەکـان بـوو، بە تـایبەت لە دەریـای سـپی ناوەڕاست کە خۆیان پاسەوانی سنوورەکانی خۆیان بکەن.

هەستی ئەوەی کە نەخۆشیەکە لە ڕۆژهەڵاتەوە گەشتووە و ئەو بــاوەڕەی کە هــیچ شــتێک ئەنجــام نەدراوە بــۆ کەمکــردنەوەی جــووڵەی تــاعوون، بە تەنهــا خێراکردنــی دابەشــــــبوونی نێــــــوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئــــــــاوای لێکەوتەوە_دابەشـبوونێک کە زۆر بەهێزتـر گەشـەدەکات لە کاتی پانەپەتای کۆلێرا لە سەدەی نۆزدە.

هەمـوو ویلایەتەکـان بە هەمـان هێـز خاوەنـداریەتیان لە دابڕانـدن نەکـرد. وەکـو ئەو ویلایەتـانەی کە نزیکبـوون لە سـەرچاوەکانی تــاعوون. ئەوەی گرنگبێــت بــریتییە لە دروســتبوونی پەیوەنــدی نێــوان توانــای دەوڵەت بــۆ

دەسـەڵاتداری و توانـای بـۆ پاراسـتنی خەڵـکەکەی لە بڵاوەپەتاکان. ئەمەش لە کۆتایی سەدەی شازدە زۆر بەهێز لە شـارە دەوڵەتەکـانی ئیتاڵیـا کە لە ترۆپکـدابوو، هەسـتی پێدەکرا، کاتێک تاعوون هەموو ئیتاڵیای گەمارۆدا بە تایبەت لە سـاڵی ١٥٧٥-١٥٧٨. ئیتاڵیـا هەوڵیـدەدا بـۆ جڵەوکردنـی تـاعوون لە ڕێگەی پەرەپێدانی پاکوخـاوێنی، جڵەوکردنێکـی تونـدی جـووڵەی خەڵـک و شـتمەک_بە تـایبەت لە دەرەوە_زیـادبوونی زانیـاری دەربـارەی سـەرچاوەی بڵاوەپەتـا، هەروەهـا دروسـتکردنی لیـژنەی پاکوخـاوێنی زیاترو زیاتر کە پێشتر هیچ لە ئەمانە نەبوو وای لە ئیتاڵیا کـرد بـێ هاوتـا بێـت. بەڵام لە هەمـوو شـوێنەکانی دیـکەی ئەوروپـا دەسـتیانکرد بە گـرتنەبەری ڕەوتەکەی ئیتاڵیا_کاریگەری ئیتاڵیا ڕوونە لەسەر فرمانەکانی تایبەت بە تـاعوون لە بەریتانیـا لە ١٥٧٨_بە تـایبەت ڕێکـاری جیاکردنەوە و دابڕاندن، کە زیاترو زیاتر باودەبوون.

سـەرەڕای ئەو هەوڵە سـەرەتاییانەی دەوڵەت بـۆ جڵەوکردنی بڵاوەپەتاکان، زۆرجار هەوڵەکان لاوازدەکران بە هۆی جێبەجێکردنی سست، سنوورە لاوازەکانی دەوڵەتان، هەروەهـا فشـاری بازرگانـان بـۆ لابردنـی کۆتوبەنـد لەسـەر گوزەرانیـان. ئەمە هەبـوو لە شـارە دەوڵەتەکـانی ئیتاڵیـا کە بچوکبـوون، و دانیشـتوانەکانیان خـاوەنی چەنـدین سـەدە شانازین لە شارستانی و ئاسایش. جێبەجێکردنی ڕەوتێکی وەهـا لە فەرەنسـا، کە زۆر گەورەتـر و فـرە چەشـنتربوو، لە خۆیدا ئاڵنگاریبوو.

تەنانەت کاتێک کە دابڕاندنی دەریـایی لە کـاردابوو، وەکو لە ساڵی ١٦٦٤ لە لەندەن، تـاعوون ڕێگـای خـۆی کردەوە لە

ولاتـانی باشــوورەوە، دابڕانــدن هەمیشــە کـاریگەر کـاری نەدەکـرد، ئەو سـاڵە و دوو سـاڵی دواتـر لەنـدەن خراپتـرین بڵاوەپەتای بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەک چەشت.

لە ڕووی بیــــردۆزەوە، جیــــاکردنەوەی ناومــــاڵ بــــۆ نەخۆشـەکان بیرۆکەیەکـی باشـبوو؛ بەڵام لە کـرداردا تەنهـا کەمێـک کـرا: قوربانیەکـانی تـاعوون فەرمانەکـانی مانەوەیـان فەرامۆش دەکـرد، ئەم فەرامۆشـکردنەش بەلای زۆرێکیـانەوە کـارێکی سـادەبوو.دابڕاندن وەکـو ڕێکارێـک لە ڕێکارەکـانی تەندروسـتی گشـتی و کاریگەریەکـانی لەسـەر بازرگـانی لە سـەدەی هەژدە توشـی هێرش و تـوانجی بەرچـاو دەبـنەوە، وەکــو ئەوەی ســەدەی هەژدە ســەدەیەکی دواکەوتووبێــت بەراورد بە سـەدەکانی پێشـتر. ئەگەر بتوانرێـت سـەرەتای دووەمـین پانەپەتـای تـاعوون بە وردی بـۆ سـاڵی ١٣٤٧ و هاتنی مەرگی ڕەش دابنرێت، ناتوانرێت هەمان شت بوترێت دەربـارەی دیـاریکردنی بەرواری سـاڵانی کۆتـایی پانەپەتـاکە. چــونکە پەتــاکە بەهێواشــی کۆتــایی هــات، و شــوێنێکی چۆڵـدەکرد پاشـان شـوێنێکی دیـکە و هەرگیـز نەدەگەڕایەوە. تـاعوون بـۆ کۆتـا جـار دای لە ئینگلسـتان لە سـاڵی ١٦٦٥-١٦٦٦، کاتێک کە هەشتا هەزار لەنـدەنی کوشـت، نیـو سـەدە دواتـر دوایـن دەرکەوتنـی لە ڕۆژئـاوای ئەورووپـا لە مرسـیلیا بـوو. پـانزە سـاڵ دواتـر مۆسـکۆ خـانەخوێی دوایـین پەتـای تاعوونی ئەورووپی بوو.

لە میسـر بە درێژایـی سـەدەی هەژدە جـار لە دوای جـار تـاعوون لێیـدەدا، کە بە نـزیکەی ٢٠٪ دانیشـتوانە سـێ سـەد هەزارییەکەی قاهیرەی لە مـاوەی پەتـای سـەرەکی لە سـاڵی ١٧٩١ لەناوبرد.

لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تاعوون تاکو سەدەی نۆزدە بەردەوامبوو. بۆ ماوەی پتر لە سێ سەد ساڵ تاعوون کاریگەری دەنا لەسەر بیروباوەڕی ئاینی و بیردۆزەکانی گواستنەوەی نەخۆشی، هەر وەکو چۆن کاریگەری هەبووە لەسەر ئاماری دانیشتوان و ئابووری؛ هەروەها تاعوون لەگەڵ خۆیدا یەکەمین ڕێکاری تەندروستی گشتی پاڵپشتیکراوی لە لایەن دەوڵەتەوەی پێشکەشکرد، دواتر تاعوون نەما. کاتێک سەیری نەمانی دەکەین لە کاتەکانی سەرەتای جیهانی هاوچەرخەوە، تاعوون وا دەردەکەوێت کە بەرەبەرە کۆتایی پێ هاتبێت_خۆ ئەوەتا، ماوەی نێوان پەتای لەندەن و ئەوەی مۆسکۆ پتر لە سەدەیەک بووە، بەڵام کاتێک بە شێوەیەکی ناوخۆیی و لە ئاستی وڵاتان لێی دەڕوانین، وا دەردەکەوێت کە نەمانی تاعوون لەناکاوبووبێت. بۆ نموونە ئینگلستان تاکو ساڵانی دەیەی ١٣٤٠ تاعوون بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لێیدەدا. پاشان دواهەمین دەرکەوتنی سەرسوڕهێنەری خۆی ئەنجامدا لە ساڵی ١٦٦٥-١٦٦٦ و هەرگیز نەگەڕایەوە. بۆ فەرەنساش هەمان شت ڕاستە: پاش چەندین سەدە کە هیچ ساڵێک خاڵی نەبووە_لە تاعوون، وەلێ پەتاکەی مرسیلیا لە ساڵی ١٧٢٠ دواهەمین بوو. چی ڕوویدا؟ لەوانەیە مشکەکان پەرەیاندابێت بە بەرگری لەشیان، و تاعوونیان لە ڕێڕەوەکەیدا وەستاندبێت، یان لەوانەیە جۆرە سەرەکیەکانی مشک گۆڕابن، یان لەوانەیە ئەو گۆڕانکاریە کەشوهەوایانەی ئاسیای ناوەڕاست کە لەوانەیە جار لە دوای جار هۆکاری دەرکەوتنی تاعوون بووبێتن کۆتایان هاتبێت. زیاتر لەسەری بڕۆین، سەرەڕای ئەوەی لە زۆربەی بارەکاندا

دابڕانـــدن(Quarantine) کـــاریگەری نەبـــووە لەوانەیە بە تێپەڕبوونی کات و لە ماوەی درێژخایەندا کاری کردبێت بۆ وردە وردە خاوکردنەوەی بڵاوبوونەوەی تاعوون.

دوای ســاڵی ١٦٦٦ ئینگلســتان دەســتیکرد بە ســەپاندنی دابڕانـــدن بەشـــێوەیەکی تونـــدتر؛ تـــاعوونیش هەرگیـــز نەگەڕایەوە. وەلێ چونکە تاعوون بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ و لە زۆر شوێنی جیاواز بەردەوامبوو و بە کاتی جیـاوازیش کۆتـایی هـات، ناکرێـت بە تەنهـا یەک هۆکـار بـۆ نەمـانی نەخۆشییەکە دیاریبکرێت.

یـادەوەرییە مێژوویەکـان کـاڵنەببوونەوە، کاتێـک پەتـای تـــاعوون دووبـــارە لە ســـاڵانی دەیەی ١٨٩٠ دەرکەوتەوە. هەروەهــا مــاتەڵبوون لەگەڵ پانەپەتــای کــۆلێرا لە ســەدەی نۆزدە ئەوەی هێنـایەوە یـادی ئەو وڵاتـانەی کە ئەزموونیـان لەگەڵ تـــاعوون هەبـــووە کە مـــامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشـــی پەتایی چـی دەگەیەنێت؛ کاریگەریەکانی تـاعوون بە جۆرێـک گەورەبـــوون زۆرێـــک لە ئەو ڕێگەچـــارانەی لە دژی کـــۆلێرا بڵاوبـــوونەوە لە مـــاوەی دووەمـــین پانەپەتـــای تـــاعوون پەرەیانپێـــدرابوو، کەواتە، بە پـــێچەوانەوە، ئایـــا دەکرێـــت ئەزمـــوون لەگەڵ پانەپەتــای کــۆلێرا کــاریگەری هەبووبێــت لەســـەر ئەو ڕێگایـــانەی کە گیـــرانەبەر بـــۆ ئەوەی ســـێیەمین پانەپەتای تاعوون بخرێتە ژێر ڕکێف و جڵەوبکرێت.

پانەپەتــای ســێیەم لە باشــووری چــین لە ســاڵی ١٨٩٠ دەســتیپێکرد. هەر ئەو ســاڵە، تــاعوون بە درێژایــی ڕووبــاری کانتۆن بڵاوبووەوە، و گەشتە شاری گوانگدۆنگ و دواتریش گەورەتـرین شـاری بازرگـانی لە باشـووری چـین، گـوانغزۆ. هەر لە ئەوێـوە دووریەکـی کەمـی بـڕی لە هۆنـگ کۆنـگ و

ئەولاتـری. لە مـاوەی دەیەکەدا تـاعوون لە زۆربەی جیهـان بڵاوبـــووەوە، کە بڵاوبـــوونەوەکەی لە شـــارە بەنـــدەرەکان خەستببووەوە.

کیپــب تـــاون، ســـیدنی، هۆنولولـــو، ســـان فرانسیســکۆ هەموویان تاعوونیان چەشت. هەروەها هەمـان شت بۆ ریۆ دی جانیریۆ و بۆینس ئـایرس هەبوو.لە شـاری ئۆپۆرتـۆ لە پرتوگـال، دابڕانـدنی دەریـایی چـالاکی بازرگـانی شـارەکەی وەسـتاند. هەر چەنـد مەرگبـاری لە ئەو شـارانەدا بەنزیکەیـی کەمبـــوو، بەڵام تـــرس و نیگەرانـــی زۆربوو_هەشـــتا هەزار کەس لە هۆنـــگ کۆنـــگ هەڵاتـــن؛ لە کێـــپ تـــاون و ســـیدنی دابڕاندن بووە نمایندەی جیبەجێکردنی سیاسـەتی نەژادی بۆ بەرێـــوەبردنی دانیشـــتوانە ئەفـــریقیە ڕەش پێســـتەکان و چینیەکـــان؛ هەروەهـــا ڕێکـــاری تونـــد گیـــرایەبەر بەرامـــبەر چینیەکان لە سان فرانسیسکۆ و هۆنولولو.

تـــاعوون لە زۆربەی بەشـــەکانی بـــاکوورو ڕۆژئـــاوای هیندســـتان ڕێـگەی خـۆی کـردەوە، کە بە نزیکەیـی لە ئەوێ دوازدە ملیۆن کەسـی کوشت.سـێنیگال لە سـاڵی ١٩١٤ بـووە قوربـانی سـێیەمین پانەپەتـای تـاعوون، بـۆ سـی سـاڵی دادێ، تاعوون ئاڵانگاری کارگێڕی داگیرکاری فەڕەنسـی لە وڵاتەکە کرد. لە مەنچوریـا لە باکووری ڕۆژهەڵاتـی چـین شـێوەیەکی کوشندەی پەتای تاعوونی سییەکان هەڵکشا لە ساڵی ١٩١٠.

سـێیەمین پانەپەتـای تـاعوون، گەڕانەوەی مەرگـی ڕەش نەبـوو. جـگە لە جیاکـاریەکی بەرچـاو نەبێـت لە هیندســتان، مەرگەسـات زۆر کەمتربوو_جـا لەوانەیە تونـدی نەخۆشـیەکە کەمتربووبێت، یـان لەوانەیە ڕێکارەکـانی تەندروسـتی گشـتی بەهێزبووبن.

سیستەمی چاودێری، دابڕاندنی دەریایی و جیاکردنەوەی قوربانیەکـــان_هەموو ئەوانە و زیـــاتریش وەگەڕخـــران، هەنــدێک جــار بە شــێوەیەکی درنــدانە و فــرە تونــد، بــۆ جڵەوکردنی تاعوون.

لە ئەسکەندەریە لە میسر، لە جیاتی ناچارکردنی خەڵک بــۆ پابەنــدبوون بە ڕێکــارە تونــدەکانی تەندروســتی گشــتی بەرپرســان و پیاومـاقوڵانی ناوچەکانیان خستە ئەرکەوە بـۆ بەدەستهێنانی متمـانە و هاوکـاری هاوڵاتیـان. لە ئەنجامـدا لە ترســی کۆمەڵ دووربــوون، و بــڵاوە پەتــاکەی ئەســکەندەریە دامرکا لە چەند مانگێکی کەم.

ڕێــڕەوی خێــرای پانەپەتــا فەراهەمبــوو بە هــۆی خێــرا گەشەسەندنی تۆڕەکانی بازرگـانی جیهـانی و کـۆچی مرۆیی بە هـۆی کەشـتیگەلی هەڵمـی کە خێراتربـوون لە هەر کـاتێکی تر و زۆربوونێکی گەورە لە هێڵی شەمەندەفەر.

٢. تاوانباران کاردەکەن بۆ پاکژکردنی کیپ تاون لە ماوەی سێیەم پانەپەتای تاعوون لە ساڵی ١٨٩١.

پەیوەندی نێوان بازرگانی، کۆچ، نەخۆشی بڵاوەدرمەکان_هەروەها پێویستی پەرەپێدانی هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکە لە سەدەی نۆزدە لە ئەنجامی پانەپەتای کۆلێرا _دیارکەوت. کاتێک تاعوون گەڕایەوە پەیوەندیەکە زیاتر دیارکەوت، جارێکی دیکەش ئەو کاتەی کە پانەپەتای ئەنفلۆنزا جیهانی تەوقکرد.

تاعوون گەڕایەوە لە ماوەی شۆڕشی تاقیگەیی. هەر لە سەرەتایەکی زووی پانەپەتا لە ساڵی ١٨٩٤، ئەلیکساندەر ئێرسین، کە زانایەکی سویسری_فەرەنسی بوو، لەگەڵ توێژەری یابانی شیباسبوور و کیتاستۆ، کە سەربەخۆیانە کاریاندەکرد، هەردووکیان بەکتریای چیلکەی تاعوونیان دۆزیەوە بە جیاوازی دە ڕۆژ لە نێوانیاندا. دوای ئەوەی کە تاعوون ڕێگەی خۆی لە نێو جیهان خۆشکرد و بڵاوبووەوە، یەکەم جار زانای فەرەنسی پاوڵ لویس سایمۆند کاتێک کە لە بۆمبای لە ساڵی ١٨٩٨ کاری دەکرد، پێشنیاریکرد و ئەو بیرۆکەیەشی هێنایە گۆڕێ _ کە تاعوون دەگوێزرێتەوە لە ڕێی کێچی زیندە لەسەر مشکان. بە ئەمەش کۆتایی هێنا بە مشتومڕەکان لەسەر ئەوەی کێ تاعوون دەگرێت و بۆچی و چۆن دەگوێزرێتەوە، کە تێزەکانی لەسەر تاعوون بۆ ماوەی چەندین سەدە گرفتار کردبوو.

دۆزینەوەی بەکتریای چیلکەیی تاعوون پێناسی نەخۆشیەکەی گۆڕی. ئەمەشی کرد بە ڕێگەیەکی زۆر سەرەتایی و تاڕادەیەکیش کتوپڕ: ئەو تاعوونەی کە لە ساڵانی دەیەی ١٨٩٠ گەڕایەوە و لە ژێر وردبیندا دیاریکرا لە ساڵی ١٨٩٤ ئاشکرا، و ناسراوبوو، ئەگەر بە تەواوەتیش

هەستپێکراو نەبووبێت؛ لە کاتێکدا ئەو تاعوونەی کە هەر لە سەدەی شەشەوە وێرانەی خستبووە نێو کۆمەڵی مرۆڤان نەبینراو و نەناسراوبوو.

پاش دەستنیشانکردنی بەکتریاکە هەموو ئەمانە گۆڕان، تاعوونی نێو مێژوو بوو بە شتێکی ناسراو لە ڕێگەی نیشانەکانی نەخۆشیەکە.

هەریەک لە ئێرسین و کیتاتسۆ بانگەشەی دۆزینەوەی هۆکاری تاعوونی سەدەکانی ناوەڕاستیان دەکرد، کە ماوەیەکی درێژە پێی دەڵێن بەکتریای *ئێرسینیا پێستیس Yersinia pesties*. و تێگەشتنی نوێ بۆ تاعوون لەسەر بنەمای تاقیگەیی دەسەپێنرێت بە سەر ڕابردووشدا. وەلێ تێڕوانینی نوێ بۆ تاعوون کێشەی دەسنیشانکردنی نەخۆشیەکەی نێو مێژووی دیارخست. ئاخۆ ئێمە چۆن بزانین ئەو نەخۆشییەی کە دای لە قوستەنتینیە لە ساڵی ٥٤٢ و ئەڤیگۆن لە ساڵی ١٣٤٩ و لەندەن لە ساڵی ١٦٦٥ هەمان ئەو نەخۆشیەیە کە ئێستا زانراوە کە هۆکارەکەی بەکتریای ئێرسینا پێستیسە؟ هەندێک لە مێژوونووسان و زیندوەرناسان دەڵێن هەمان شت نین و دڵنیایی دەدەن لە هەبوونی جیاوازی لە توندی نەخۆشیەکە؛ هەروەها ئەوان دەڵێن ناکرێت مشکەکان ئەوندە بە خێرایی گوزەریان کردبێت کە بەسبێت بۆ بڵاوکردنەوەی تاعوون بە ئەو شێوەیە خێرایە. دووبارە ئەوان ئاماژە دەکەن بۆ نەبوونی نیشانەی_هاوشێوەی ئەوانەی تاعوون لە هەندێک حاڵەتەکاندا، و نەبوونی هیچ بەڵگەیەک دەربارەی بە کۆمەڵ لەناوچوونی مشکان.

دۆسیەکەیان لەسەر بنەمای جیاوازی نێوان تاعوونی سەردەمی هاوچەرخی پاش_تاقیگە و سەردەمی پێش هاوچەرخ، پێش_تاقیگەبوو. جیاوازییەکانیش ئەوەندە بەهێزن کە ناکرێت هەمان نەخۆشی بن.

ئەوانەی وا بیردەکەنەوە کە ئەم دوو نەخۆشیە یەکن و هەمان شتن پشت بە لێکچوون دەبەستن: ئەوەتا نیشانەکان هاوشێوەن، بە تایبەت بوونی ئاوسانی دیار لە بن باڵەکان، پەناڕان، و مل کە پێیان دەڵێن لوو. ئەوە خەریکە مسۆگەر دەبێت کە زۆر لە شوێنەکان، گەر هەمووی نەبێت، کە پێشتر ئەزموونی تاعوونیان کردبووبێت ، مشک و کێچی زۆریان تێدابووە.

وەکو تاعوونی هاوچەرخ، تاعوونەکانی رابردوو_بەڕادەیەک کە دڵنیاین_یەکەم جار ڕێگەی خۆیانکردۆتەوە لە ڕێگەی دەریاوە، کە ئەمەش پێشنیاری بوونی مشکەکان لەسەر کەشتیەکان دەکات.

هەروەها، پشتیوانانی بیردۆزەی تاعوون پێداگری دەکەن و دەڵێن دەکرێت هۆکاری نەخۆشی بگۆڕێت، بە ئەمەش مایەی سەرسوڕمان نییە کە تاعوونی ڕابردوو جیاواز دیاربکەوێت لە هەندێک ڕووەوە بەراورد بە تاعوونی دەستنیشانکراو لە ماوەی پانەپەتای سێیەم.

کەواتە، نەخۆشیەکە چییە؟ تاکو ئێستا زۆربەی مێژوونووسان و بۆماوەناسان، و زیندەوەرناسانی گەردی پشتگیری ئەو بیرۆکەیە دەکەن کە تاعوون هەمیشە ئێرسینا-پێستیس بووە. یەک هۆکار بۆ ئەمە دەرکەوتنی بەڵگە لە سەرچاوەی DNA و دەرکەوتە لە گۆڕەکانی

چاخی کۆن، هەروەها لە درەنگانی چاخی ناوەڕاست و سەرەتاکانی چاخی هاوچەرخ.

پەیوەندی نێوان تاعوون و بازرگانی هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە لە سالانی دەیەی ١٣٤٠ بە باشی زانرابوو لە ئەنجامی بازرگانی شاری جینوا لەگەڵ ڕۆژهەلات. لە سالانی دەیەی ١٨٥٠ بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تازە دەرکەوت و هەوڵیدا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بلاوبوونەوەی نەخۆشیە درمیەکان لە چوارچێوەی بەستنی زنجیرەیەکی یەک لە دواییەکی کۆنگرەی نێودەوڵەتی تەندروستی. هەروەها کاتێک سێیەم پانەپەتای تاعوون گەیشت، بە نێودەوڵەتیبوونی زانستی گەیشتە جۆرێک لە لوتکە. کە دەوڵەمەندە بە نموونەی وەکو بەستنی کۆنگرەی نێودەوڵەتی تەندروستی لە شاری ڤێنیسا لە ساڵی ١٨٩٧، کە تێیدا نوێترین ئاگاداری زانستی لەسەر تاعوون گەشتە دیدەنی ویستێکی قوڵ بۆ شلکردنی سنووردارکردن لە سەر بازرگانی. ئایا دەکرێت زانست خزمەتی بازرگانی بکات؟

گۆنگرەکەی ڤێنیسا ئاستێکی بێوێنەی لە هاودەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پیشاندا.

سەرۆکی جڤاتی درمناسی لەندەنیش دەربارەی پەیمانی گۆنگرەکە وتی "پێشکەوتنێکی گەورە هەیە لە لایەن نەتەوەکانەوە بەرەو تێگەشتنی بیری ئازاد و زانستی ڕاستەقینە دەربارەی ڕێگە چارەکان بۆ لە خۆگرتنیان لە لایەن حکومەتە دیارکراوەکانەوە بۆ نەهێشتن و جڵەوکردنی نەخۆشیە درمیەکان." لە مەڕ هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی نەخۆشیەکە لەگەڵ بەلاوەنانی دابڕاندن وەکو ڕێگەیەکی کاریگەرتر چاودێریی و هەواڵپێدان گیرانەبەر.

ئەگەر زانیاری بزانرایە دەربارەی شوێنی نەخۆشیەکە، ئامانجی کاردانەوەکانی وەکو سنووردارکردنی کۆچ و دابڕاندنی بەندەرەکان لە شوێنی سەرهەڵدانی نەخۆشیەکە وەگەڕدەخران نەک سنووردارکردن و سەرکوتکردنێکی فراوان کە ترس و نەبوونی زانیاری سروشتی پێدابوو.

وەلێ هەموو گەلەکان پابەندی پەیمانی کۆنگرەکە نەبوون_پۆرتوگال و ئیسپانیا پەنایان بۆ ڕێکارە کۆنەکان برد، کە ئاشکرایانە پێچەوانی ئازادیبوو وەکو گەمارۆی سەربازی بێ کاریگەر لە دەوروبەری بەندەرەکان_بەڵام ئەوانەی پابەندبوون، وەکو میسر، هەر زوو هەڵگرتنی سنووورداری بازرگانی بە خۆوە بینی. کۆدەنگیەکە هێشتا تاکو شەش ساڵی دواتر بەردەوامبوو، لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٠٣ کە لە پاریس بەسترا، لە ئەو کاتەوە سەرنج گۆڕدرا و خرایە سەر مشکەکان وەکو هەڵگری نەخۆشیەکە. کە لەلای خۆیەوە بووە هۆی سەرنج خستنەسەر وەستاندنی تاعوون لە دەروازەکانی کۆچکردن. ئەمەش بە دڵنیایەوە پشت دەبەستێت بە هەردوو توانای ناوخۆی و بایەخدان بە دوو شت کە زۆرترین بۆچوونیان لەسەرە کە پێویستن بۆ چلەوکردنی تاعوون: چاکسازی تەندروستی و بوونی هۆکاری بەهێز بۆ وریاکردنەوە و هەواڵپێدان لەسەر نەخۆشی. لە هەموو جیهاندا هەردوو سیاسەتەکە تەنها بەشێوەی ناڕێک لە بووندا هەبوون.

دەسەڵاتی پزیشکی بەسەر بازرگانی لە هیندستاندا ئاشکرابوو، هەروەها دەسەڵاتەکە لە ئەوپەڕیدابوو کە تاعوون بە توندترین شێوە لە وڵاتەکەیدا لە ماوەی

پانەپەتای سییەمدا. هەر لە کاتی گەشتنیەوە لە بۆمبای لە ساڵی ١٨٩٦، تاعوون ئاڵانگاری توانای دەوڵەتانی داگیرکاری بەریتانی دەکرد بۆ بەڕێوەبردنی نەخۆشیەکە و گومانی وروژاند لەسەر پشتبەستنی نوێ بە زانستی پزیشکی. کاردانەوەی سەرەتا ئاستێکی بێ هاوتابوو لە دەستێوەردان لە ژیانی ڕۆژانەی هیندەکان و لە ساڵی ١٨٩٧ لە سایەی یاسای نەخۆشیە درمیەکان گەشتە ترۆپک. نیازمەندی ڕازیکردنی دواکاریە نێودەوڵەتیەکان کە بەریتانیا تاعوون بوەستێنێت لە بڵاوبوونەوەی بۆ ئەوروپا، دەسەڵاتی تەواوەتی بە بەرپرسانی داگیرکاردا بۆ پشکنینی کەشتی، دابڕاندنی گەڕەک، سنووردارکردنی گەشت و کۆبوونەوەی ئاینی، و ڕێکارەکانی دیکەی تەندروستی.

یاسا مۆڵەتی دایە دەسەڵاتداران بۆ تاقیکردنەوەی هەر شتێک کە ئەوان وای بۆ دەچن کاریگەری هەبێت. ئەمەش لە لای خۆیەوە دەسەڵاتێکی نوێی بە زانستی پزیشکی بەخشی کاتێک کە بەڕێوەبەرانی داگیرکاری ڕێگە بە پزیشکان و شارەزایانی تەندروستی دەدەن بە شێوەیەکی نائاسایی کاریگەریان لەسەر سیاسەت هەبێت. ئەو سیاسەتانەش_قانگدان و سوتاندنی خانوو؛ بە زۆر ناردن بۆ ئەو نەخۆشخانانەی کە زۆرێک لێی دەترسان، لە نێوان شتەکانی تردا، نەریتی تیرەکان پەیڕەو نەدەکرا؛ ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن قەدەغەکرا. پشکنینی پاش مەرگ؛ و گۆشەگیرکردنی توندی نەخۆش_بووە هۆی گەورترین بەرهەڵستی بەرامبەر پزیشکی ڕۆژئاوا لە سەدەی نۆزدەی مێژووی هیندستان.

مەهاراتا، ڕۆژنامەیەکبوو بە زمانی ئینگلیزی لە شاری پونێ بڵاودەکرایەوە، نووسیبووی بەریتانیەکان هەرگیز "بە شێوەیەکی بەرفراوان و ڕێکخراوەیی دەستێوەردانیان لە نەریتی ناوخۆیی و کۆمەڵایەتی و ئاینی خەڵک نەکردووە." یەکێک لە بێزراوترین کردە، کە چەخماغەی توندترین کاردانەوەکان بوو، بریتیبوو لە جیاکردنەوەی خێزانەکان، بە تایبەت دوورخستنەوەی ئافرەتان بۆ ئۆردوگاکانی دابڕاندن.

لە شاری پونێ، کردەی زۆر بێزراو بریتیبوو لە پشکنینی ئافرەتان لە شەقامەکان و چەند بارە گەڕان لە ماڵەکاندا لە لایەن سەربازە بەریتانیەکان کە بە هۆی ئەم کردانەوە بریکار دەبلیو.سی. ڕاندا لە مانگی پێنجی ساڵی ١٨٩٧ کوژرا. ساڵی دواتر، تەنانەت دوای گرتنەبەری ڕێکاری توند، بەرهەڵستی گەشتە لوتکە: ئاژاوە لە هەموو باکووری هیندستان هەڵگیرسا وەک کاردانەوەیەک بۆ پشکنینی ماڵان، دابڕاندن، لە نەخۆشخانە خستن.

دەسەڵاتدارانی داگیرکار ناچاربوون بۆ شلکردنەوەی جەنگان لەگەڵ تاعوون، دانیشتوانەکە توانای داگیرکاریان هێنایە لەرزین؛ بەکارهێنانی هێزی سەربازی لێکەوتنەوەی دەرئەنجامی پێچەوانەی سەلماند. بۆیە هاوکاری نەک دژکاری لەگەڵ هیندەکان لەوانەیە باشتربێت.

بریکاری تەندروستی ئەوەی بۆ دەرکەوت "ئەزموون دەستدەکات بە پیشاندانی ئەوەی کە ئەوەی لە ڕووی پزیشکیەوە خوازراوە، لەوانەیە لە ڕووی جێبەجێکردنەوە ئەستەم بێت، لە ڕووی ڕامیارییەوە مەترسیداربێت."

پاش ئەم گۆڕانکاریە، گیانی هاوکاری لە نێوان هیندەکان و بەرپرسانی داگیرکاری تەنانەت لە پونێش دەرکەوت، کە مەترسیدارترین بەرهەڵستی لە ئەوێ ڕوویدا. کاتێک کە لیژنەی تاعوونی هیندستان لە ساڵی ۱۹۰۰ ڕاپۆرتێکی دەرکرد، ئاماژەی بە ئەوەکردبوو کە گۆڕینی زۆرەملێ بە ئاشتەوایی کاریگەربووە.

ئەوەی بەرهەڵستی پەردەی لەسەر هەڵماڵی و ئەوەی ئاشبەتاڵی لە سەردەمی هاوکاری کرد بریتیبوو لە نەبوونی متمانە بە پزیشکێتی ڕۆژئاوا، ئەو ڕاستیەیەی، کە بەریتانیەکان، سەرەڕای کەشو فشیان، لە ڕاستیدا هیچ چارەسەریان پێ نەبوو بۆی.

ئیتر هەرگیز ئەوان ناتوانن تێڕوانینەکانی خۆیان بە ئەو شێوەیە بە سەر هیندەکاندا بسەپێنن.

پێشنیاری ئەوەی کە ئەمە لەوانەیە سپێدەی سەردەمی هاوکاری و یەکسانی بێت لە نێوان بەریتانیا و هیندستان بەدرۆ دەخرێتەوە بە هۆی پێشەکەوتنەکانی داهاتووەوە لە هیندستان دوور لە دەسەڵاتی بەریتانیا.

دەسەڵاتی داگیرکاری بەریتانی لە مامەڵەکردنی سەرتادا لەگەڵ تاعوون ئەو خاڵەی بۆ دەرکەوت کە دەوڵەت تەنها بە هێز دەتوانێت بیرۆکەکانی بسەپێنێت. کاتێک ئەم بەکارهێنانی هێزە دەرئەنجامی پێچەوانەی لێکەوتەوە و بەریتانیەکان ناچارکران کە ڕازیببن بە شکستەکانیان. لە ئەمەشدا ئەوە دەرکەوت کە دەوڵەتی داگیرکاری و پزیشکێتی ڕۆژئاوا ئەوەندە بەهێزنەبوون وەکو باسدەکران.

بەهاتنی جەنگی جیهانی یەکەم پانەپەتای سێیەم لە ژێر جڵەودابوو یان کفتکرابوو. بەڵام تاعوون لەناونەچوو. هەر

چەنــدە ئێســتا نەخۆشــیەکە بە دەرمانەکــانی دژە بەکتریــا چارەســەر دەبێت. ئەمەش دەبێت بەخێرایـی ئەنجـام بـدرێت، چونکە تاعوون درمە و بە خێرایی بڵاودەبێتەوە.

تـاعوون لە هەنـدێک بەشـی ئەفریقیـا و ئاسـیادا بـۆ چەنـد دەیەیەکـی زیـاتر مـایەوە؛ سـەرهەڵدانەکانی سـاڵانی دەیەی ١٩٩٠ لە هیندستان و هەروەهـا سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـت و یەک لە مەدەکەشـکەر بە بیری هەمـوو جیهـان دەهێنێتەوە کە ئەم نەخۆشــیە دێــرین و ترســناکە هێشــتا مــاوە. بەڵام هەرگیز دووبارە نەگەیشتەوە ئاستەکانی پانەپەتا.

بەشی دووەم

ئاوڵە

تـــــاکو ئەو کــــاتەی کە ڕێکخــــراوی تەندروســــتی جیهــانی(WHO) لە ســاڵی ١٩٨٠، ڕایگەیانــد کە جیهــان لە ئــاوڵە خــاڵیە، ئــاوڵە بڵاوەپەتــا و پانەپەتــای زۆربەی کــاتی هەزارەی کۆتــاییبوو، یــان کــۆنتریش. هەروەهــا بەڵگەکــانی هەبــوونی ئــاوڵە لە مۆمیاکــانی میســـڕەوە دڵــبەرن، بەڵام یەکلاکەرنین؛ خۆ لەوانەیە پەتاکەی ئەسینا، کە لە ساڵی ٤٣٠ پێش زاین دەستپێکرد هەروەهـا مێژوونـووس پوسـایدیدێس لە بیرنەکــراوانە باســیکردووە، لەوانەیە ئــاوڵە بووبێــت، کە سەدان ملیۆن کەسی کوشت. کۆنترین و ڕوونتـرین وەسـفی ئــاوڵە لە ســەدەی_چوارەوە هــاتووە لە لایەن کیمیــاگەری چینـی هـۆ گۆنـگ، کە نووسـیبووی ئەوەی کە پێـی دەوتریـت Chou-hou pei-tsi fag (ڕەچەتەی بارە لەناکاوەکان)، "بە ئەم دواییانە چەند کەسێک هەیە کە تووشی زامـی درمـی

بـــوونه له ســـەر، ڕووخســـار، کەلوپەلـــدان. له مـــاوەیەکی کەمیشـــدا ئەم زامـــانه له هەمـــوو لەشـــدا بڵاودەبـــنەوە، که شێوەی داغی بلۆقی هەیه و هەندێک ماددەی سپی تێدایه. کاتێک هەندێک له ئەو دوومەڵانه وشک دەبن دانەی نوێ له شوێنیان سەر دەردەکەن.

فراوانترین باسکردنی نەخۆشیەکه، که کاریگەری لەسەر چاودێری پزیشکی هەبووە له سەدەی دەوە هاتووە، کاتێک ڕازی، که پزیشـــکێکی فارســـی دانیشـــتووی بەغـــدادبوو، پەرتووکی A Treatise on the Small-Pox and Measles (زانستنامه لەسەر ئاوڵه و سورێژە) نووسی.

بەڵگەکـــان له چـــین، هیندســـتان، زۆرێـــک له بەشـــەکانی ئەفریقیـــا ئەوە پیشـــاندەدەن که ئـــاوڵه بـــۆ چەنـــدین ســـەدە هاوەڵێکی بەردەوامی مرۆڤبووە.

له زۆربەی بـــاکووری هیندســـتان، به تـــایبەت له ســـەدەی هەژدە و نـــۆزدە، ئـــاوڵه بـــوونێکی پیـــرۆزی هەبـــووە، نەک بوونی وەکو نەخۆشی. سیتالا ژنه خواوەندی ئاوڵەبوو.

هـــۆزی چیرۆکـــی له ئەمریکـــا، به هـــاتنی ســـاڵانی دەیەی ١٨٣٠، لەوانەیه پێشـــتریش بووبێـــت، پەرەیانـــدا به ســـەمایەک پێـــی دەوتـــرا ئیتۆهڤنـــڤ که ئەنـــدازەگی کرابـــوو بـــۆ هێـــورکردنەوەی گیـــانێکی شـــەڕانگێز که پێـــی دوتـــرا کۆسڤکڤســـکینی که بـــوونی خـــۆی له شـــێوەی ئـــاوڵەدا بەرجەسته دەکرد.

له ئەفریقـــای ڕۆژئـــاوا، گەلـــی یوروبـــا و ئەوانـــی دیـــکەش خواوەنـــدی ئاوڵەیـــان هەبـــوو. له باشـــووری ئەفریقیـــا، گەلـــی خۆسـا دەسـتبەرداری ڕێوڕەسـمەکانی بەخاکسـپاردن بـوون پاش پەتای گەورەی ئاوڵه له ساڵانی دەیەی ١٧٧٠. چی دی

ئەوان مردویـان بەخاکنەدەسپارد؛ بەڵکو توشبووان بە بێ چاودێری لە دارستانەکان دەمردن.

مردن ئیتر ئاسایی نەبوو، کە بەشێکی سروشتی ژیان بێت، بەڵکو ڕووداوێکی ترسێنەر و سامناکبوو. لە یابان، گەلی ئاینو ئاوڵەیان بە خواوەندێک دانابوو کە سنووری نێوان شانشینەکانی ئاسمان و زەوی تێپەڕاندووە و خەڵکی بۆ تارمایی دەگۆڕێت کە نەخۆشیەکە لە نێوان زیندووەکاندا بڵاودەکەنەوە. هیچ سەیر نیە کە نەخۆشییەک وێرانیەکی ئاوهای لێ بەرهەم هاتبێت پێگەیەکی بەهێزی داگیرکردبێت لە دەروونی ئەوانەی کە توشبوونە.

بازرگانی کویلەی ئەفریقی و نیشتەجێ داگیرکەرەکان ئاوڵەیان بۆ نێو جیهانی نوێ هێنا، ئاوڵە و نەخۆشیەکانی دیکە دانیشتوانە ڕەسەنەکەیان بەڕێژەیەک کە دەگاتە ٩٠٪ قڕکرد.

لە سەرەتاکانی سەدەی شازدە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، کە ئاوڵە بەردەوام سەرچاوەی خانەخوێی گونجاوی دەدۆزیەوە، بووە هۆی چەندین بڵاوەپەتای کوشندە بە درێژای نیوە گۆی زەوی کە گۆڕا بۆ پانەپەتای ماوە_چەند سەدەیی.

دیاریکردنی هەبوونی نەخۆشیەکان لە نێو دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ئەمریکا ئاڵانگاریە. چونکە زۆرێک لە نەخۆشیەکان وەکو یەک دەردەکەون، کە دەخرێنە ڕوو لەگەڵ نیشانەکانی وەکو تا، شەکەتی، یان کۆکە. بۆیە لەوانەیە شایەتحاڵەکان شێتانە ناڕوونبن لە وەسفکردنەکانیاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، بە هۆی نیشانە تایبەتەکانی ئاوڵەوە، دیارترینیان دومەڵ کە یەکەم جار لە

لایەن هـۆ کۆنگەوە باسـکرا، دەستنیشـانکردنی ئـاوڵە کەمتـر ئاڵۆزە بە بەراورد بە، بۆ نمـوونە جیـاکردنەوەی هەوکردنـی سـی لە سـیل کە بە تەنهـا پشـت بە سەرگوزشـتەکانی سەردەمی_داگیرکاری دەبەستێت. نیشانەکانی ئـاوڵە بۆ زۆر لە چاودێرانی هاوچەرخ ئەوندە ڕوونبوو، هەروەها بە هـاتنی سـەدەی شـازدە و حەڤـدە ئـاوڵە نەخۆشـییەکی بـاوی مندالانبوو لە زۆربەی ولاتانی ئەوروپادا_کە بە ناوی تایبەت ناویان دەهێنا نەک بە سادەیی بە پەتا یان دەرد ناوبهێنرێت.

گەلـی مەکسـیکا هـیچ وشـەیەکی نەبـوو بـۆ ناونـانی ئەو نەخۆشـییەی کە پێشـتر هەرگیـز نەیـانبینیبوو، بەلام وەسـفکردنەکان لە سـالی ١٥٢٠ لە دەسـتووری خـۆراکی فلۆرێنسـا ئەوە ئاشـکرادەکات کە ئەو نەخۆشیە ئـاوڵە بـووە کە شـاری تینـۆکتیتلان پـایتەختی ئیمپراتـۆریەتی ئەزتەکـی وێرانکرد و ڕێخۆشکەربوو بۆ داگیرکاری ئیسپانی:

(نەخۆشـیەکی گەورە هـاتە نێومـان، دەردێکـی سەرتاسـەری. لە نێوانـدا تەشـەنەیکرد، ژمـارەیەکی زۆر خەڵکـی کوشـت، هەروەهـا لەشـی زۆرێکـی سـەرتاپا بە زام داپۆشـی: لە ڕوخسـار، لە سـەر، سـنگدا، هەمـوو شـوێنەکان. بەڕاسـتی وێرانکەربـوو. هـیچ کەسـێکی توشـبوو نەیـدەتوانی جـووڵە بە خـۆی بکـات، یـان سـەری بسـوڕێنێت، یـان هـیچ بەشێکی لەشـی خاوبکـاتەوە. زامەکـان ئەوەنـدە ترسـناکبوون قوربانیەکـان نەیانـدەتوانی لەسـەر دەم، یـان لەسـەر پشـت ڕابکشـێن، یـان لە لایەکەوە بـۆ لایەکـی دیـکە بسـوڕێن. کـاتێکیش هەوڵیـان بـدایە کە کەمێـک بجـوڵێن، لەتـاو ئـازاردا دەگریـان. زۆر کەس بە نەخۆشـیەکە مـردن، زۆری دیـکەش تەنهـا لە برسـاندا مـردن. ئەوان برسـیبوون تـاکو مەرگ،

چونکە کەس لە ژیاندا نەمابوو تاکو گرنگیان پێبدات. زۆر کەس ڕوخساریان شێوا؛ ڕوخساریان کونج کونج و، چاڵ چاڵبوو بە درێژای ژیان. ئەوانی دیکە بینینیان لە دەستدا، و نابینابوون. خراپترین قۆناغی ئەم درمە بۆ ٦٠ ڕۆژ بەردەوام دەبوو، ٦٠ ڕۆژ لە ترس). بە گشتی هیچ هەڵە تێکەڵکردنێکی ئاوڵە بە نەخۆشیەکی دیکە نیە (هەر چەندە جیاکردنەوەی لە سورێژە دەکرێت ئاستەنگ بێت).

چۆن دەکرێت نەخۆشیەکی وەکو ئاوڵە، کە تاکو کۆتایی سەدەی حەڤدە لە ئەوروپادا بەشێوەیەکی تایبەت توند نەبوو، ئەوەندە کوژەربێت لە دوو کیشوەرە ئەمریکایەکە؟ داگیرکەران لە سەرەتای بەئینگیزکردنی کیشوەرەکە پێیان وابوو کە خودا مەرگ و نەخۆشی هێناوە بۆ هیندەکان، هەم وەکو سزایەک بۆ ژیانی بتپەرستیان هەم وەکو شێوەیەک بۆ پاکردنەوەی زەویەکە.دەیدەنیاری مێژوونووس ویلیام بڕادفۆرد، لە قوڵبوونەوە لە بڵاوەپەتای ئاوڵە لە ساڵی ١٦٣٣، نووسیویەتی، "یەزدان پێیخوشبوو کە سەردانی ئەو هیندانە بە نەخۆشییەکی گەورە بکات." لە ئەنجامدا، "یەزدان بە ئەمە مافی ئێمەی لە ئەم زەویەدا دەرخست." لە ڕۆونەک، لە ڤێرجینیا، تۆماس هاریۆت ڕایگەیاند کە گەلی ئەلگۆنکوینەکان پێیان وابوو "بە تێگەشتنی ئێمە ئەوە کاری یەزدانە، بە ئەمەش ئێمە لە ڕێگەیەوە لەوانەیە بتوانین هەر کەس کە بمانەوێت بیکوژین و لەناوی ببەین بەبێ چەک."

گەلی هۆرون لۆمەی فەرەنسیەکانیان کرد. بە پێی نووسینەکانی مژدەبەخشانی جڤاتی یەسوعی لە پاش گەورە بڵاوەپەتای زەبەلاحی ئاوڵە لە کۆتایی دەیەی ١٦٣٠، هۆرونەکان فەڕەنسیەکانیان دادەنا بە "گەورەترین

جادوبازەکانی زەوی،" چونکە هەر شوێنێک کە جڤاکی یەسوعیان بۆی چووبێت، تێیدا هۆرونەکان دەمردن و مژدەبەخشان دەمانەوە.

مێژووناسان زۆرجار لەناوچوونی کارەساتباری دانیشتوانیان دەدایەپاڵ ئەوەی کە بە بڵاوەپەتای خاکی پاکیزە ناویان دەبرد. بیرۆکەی بوونی خاکی پاکیزە سادەیە: نەخۆشیەک کە بۆ چەندین ساڵ لە ئەوروپا دەردێکی باوی منداڵانبووە دەبێت بە نەخۆشیەک لە ئاستی دانیشتواندا لە نێو خەڵکانێکدا کە پێشتر بەرکەوتنیان لەگەڵ نەخۆشیەکە نەبووە.

بیردۆزەی خاکی پاکیزە دەتوانێت بەردەوامی بدات بە ئەو بیرۆکەیەی کە بۆماوە و نەژاد کۆدەبنەوە بۆ دروستکردنی دانیشتوانێک لاوازتر یان بەهێزتر. بەڵام ئەم بیرۆکەیە ڕاست نیە. هەموو دانیشتوان خاکی پاکیزەن تاکو توشی نەخۆشیەکی دیاریکراودەبن. تاعوون گەلی خۆیسانی باشووری ئەفریقیای لەناوبرد لە بڵاوەپەتای خاکی پاکیزە لە ساڵی ١٧١٣؛ لە ئایسلاند، لە نێوان ساڵانی١٧٠٧ و ١٧٠٩، بڵاوەپەتایەک نزیکەی سێیەکی دانیشتوانە "پاکیزەکەی" کوشت.

هەموو ئەوەی بیرۆکەکە پێمان دەڵێت ئەوەیە کاتێک کە نەخۆشیەکی وەکو ئاوڵە دەگات بە دانیشتوانێک کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بێ_بەرگری لەش هەبووە لە سەرەتادا وەکو، هەموو گەلان لە جیهانی نوێدا؛ خۆیسان لە سەرەتای سەدەی هەژدە؛ هەروەها زۆربەی ئایسلاند، چونکە چەندین دەیە ماوە هەبووە لە نێوان بڵاوەپەتاکان_لەوانەیە ئەنجامی کارەساتباری هەبێت.

خاكی پاكیزە ڕوونكردنەوەیەكی سەرنجڕاكێشە بۆ ئامادەگی توشبوونی هێندە ئەمەریكیەكان بە نەخۆشییەكانی وەكو ئاوڵە. بەڵام پێویستە تەنها بەكاربهێنرێت بۆ ڕوونكردنەوەی ئامادەگی سەرەتایی بۆ ئەو نەخۆشییانەی كە پێشتر ڕوبەڕوو نەبوونەتەوە.

هۆكارەكانی دیكە یارمەتی ڕوونكردنەوەی ڕێڕەوی تێكدەرانەی ئاوڵە دەدەن.

ئەگەری ئەوە هەیە كە هاوچەشنی بۆماوەیی هێندە ئەمەریكیەكان پاش هەزاران ساڵ لە گۆشەگیری هۆكاری هەستیاریان بێت بۆ نەخۆشی. هەروەها دەكرێت، كە زۆرینەی ئاوڵەی جیهانی نوێ ئەفریقی بنەچە و توندتربووبێتن، نەك ئەوروپی بنەچە. بەردەوام هێنانەوەی تاعوون بۆ نێو جیهانی نوێ، لەگەڵ بوونی ماوە لە نێوان بڵاوەپەتاكاندا، ئەوە دەگەیەنێت كە لە زۆر شوێن كاتێك بڵاوەپەتای نوێ دەگەیشت، ڕزگاربووەكان لە بڵاوەپەتاكانی پێشوو دەمردن. زۆرێک لە كۆمەڵەكان ئەوەندە گەورەنەبوون بۆ ئاوڵە تاكو ببێت بە بڵاوەپەتا، بەمەش دەرفەتی ئەوەی نەدەدا بە دانیشتوانەكە بۆ بەدەستهێنانی بەرگری لەش، (هەمان دیاردە یارمەتیدەدات لە ڕوونكردنەوەی كاریگەریە وێرانكاریەكان لەسەر دانیشتوانە لادێنشینەكانی كینیا لە دەیەكانی سەرەتای سەدەی بیست.) تاكو ژمارەی پێویست لە كەسانی بێ_بەرگری لەش لە كۆمەڵگەدا هەبێت، ئاوڵە تەشەنەدەكات. ژنانی دووگیان كە هەرگیز نەخۆش نەبوون نەیاندەتوانی دژەتەنە پارێزەرەكان بۆ كۆرپەلەكانیان تێپەڕێنن؛ دایكانیش كاتێک خۆیان نەخۆش دەبوون نەیاندەتوانی گرنگی بە منداڵە نەخۆشەكان بدەن.

زۆر لە کۆمەڵگە هیندیەکان بە چڕی ئاوەدانبوون، زیاتریش، زۆرجار کۆمەڵی گەورە هاوبەشی هەمان نیشینگەیان دەکرد_کە بارودۆخی نایابە بۆ خێرا بڵاوبوونەوەی ئاوڵە.

بە بێ بوونی هیچ بیرۆکەیەکی درم، و فرە بەسەرکردنەوەی نەخۆشان. هەڵهاتن لە نەخۆشیەکە باوبوو؛ ئاوڵەش هەر بڵاودەبووەوە. ئەو بارودۆخ شێواویەی کە لە زۆری ژمارەی مردووان کەوتەوە زۆر کەسی بەجێهێشت بمرن لە برس و تونێتیدا.لە سالآنی دەیەی ١٦٣٠ ویلیام برادفۆرد لەسەر ڕزگاربووانی بڵاوەپەتای ئاوڵە نووسیبووی "بارودۆخی ئەو خەڵکانە زۆر جێی داخبوو، هەروەها هەموویان ئەوندە خراپ لە ئەم نەخۆشیەدا تێکەوتبوون بە جۆرێک نەیاندەتوانی یارمەتی یەکدی بدەن، نە داگیرساندنی ئاگر و نە هێنانی کەمێک ئاو بۆ خواردنەوە، و نە هیچ بۆ بەخاکسپاردنی مردووان."بڵاوەپەتای ئاوڵە بەرهەمێکی دیکەی کارەساتباری پێشکەوتنەکانی داگیرکاری بوو. ئەگەری سەرهەڵدانی بڵاوەپەتای مەزنی باشووری ڕۆژهەڵاتی سالآنی ١٦٩٦-١٧٠٠ دەکرا تەنها بە هۆی تێکدان و جووڵەی بەردەوام بە هۆی بازرگانی کۆیلە ڕەسەنەکان_بازرگانیەک کە بۆ چەندین دەیە کۆمەڵگە ڕەسەنەکانی شێواند لە ڕێگەی هێرش و کۆچکردنەوە.

ئاوڵە دیمەنی نەژادی ئەمریکای ڕەسەنی باکووری لەسەرەتای سالآنی دەیەی ١٦٣٠ دووبارە ڕێکخستەوە و بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەک ئاوڵە بڵاوبووەوە بە بازرگانی ئەورووپی/ ڕەسەن بۆ پێستەی سەگلاو، چەک و کهول، کە لە دەریاچە مەزنەکان و دەشتەکان و لەوەڕگا سنووریەکان ئەنجامدەدرا.

لە سـالآنی دەیەی ١٦٣٠ و بە هـۆی وێرانکاریەکـانی ئـاوڵەوە، ئایرۆکیەکـان "جەنگـی مـاتەمینی" یـان زیادکرد_دیلکردنی دوژمنیان ڕاگەیاند بۆ قەرەبووکردنەوەی مردووانـی ئـایرۆیی_لە دژی دوژمـنە درێژخایەنەکەیـان، کە هـۆرۆنە. ئـاوڵە ئیرۆکۆیسـەکانی لەنـاوبرد؛ بە نزیکەیـی هۆرۆنیشـی لەنـاوبرد. ئەم لەنـاوچوونەش، هاوشـان لەگەڵ لێوەشاوەیی هێزی سەربازی ئیرۆکی، ڕێگەی بە ئیرۆکی دا وەک هێزی زاڵ دەربکەوێت. هەمان بڵاوەپەتا هۆزی ساوک و هـۆزی فۆکسـی ناچـارکرد بە گەڕان بـۆ پەنـابردن بـۆ ڕۆژئاوای ئەوپەڕتر بۆ نێو گرۆکانی تر، کە هاندەربوو بۆ دروسـتکردنی ناسـنامەی نەتەوەیـی نـوێ. ئـاوڵە بەردەوام دەهـات و دەهـات، دووبـارە و دووبـارە شـێوازی نەژادی ڕێکدەخسـتەوە، ڕێـژەی مردنـی جیـاواز هەنـدێک گـرۆی لاوازکـرد و ئەوانـی تـری بە بەهێـزی هێشـتەوە. گەلـی مۆنسۆنی_قسـەکەر بە زمـانی ئەنیشـینابێ، پیـاوانی دەڵاڵـی بەهێز لە بازرگانی پێستەی سەگڵاو لە سالآنی دەیەی ١٦٧٠، بە نـزیکەی لە سـالآنی دەیەی ١٧٣٠ بە هـۆی ئـاوڵەوە قڕبـوون؛ ڕزگابووەکـانیش بەرەو گرۆکـانی تـر وێڵبـوون، لە کۆتـای سـەدەکە ئەوان وەسـتان لە خۆناسـاندنیان وەکـو ئەوەی کە گەلێکی جیـابن. هەنـدێک خەڵکی وەک ئۆجیبـوای باکوور بەرەو نەمان و تیاچوون هەنگاویـان نـا. لەسـەرەتای دەیەی ١٧٨٠، بڵاوەپەتـایەک لە بـاکووری مەکسـیکۆ سـیتی ماڵشدا و بە تەواوەتی گەشتە کەنداوی هەدسـن و بـاکووری ڕۆژئاوای زەریای هێمن.

لە دەشـتەکانی باشـوور کاتێـک کۆسـتەکە هێوربوویەوە، هۆزی کومانچێ خۆی لە ئاوڵە بە دوورگرت: لە بری ئەوەی

گەشـت بـکەن بـۆ ناوەنـدە بازرگانیەکـان_تەنراو بە ئـاوڵە، مانەوە و چاوەڕێی بازرگانـان بوون بۆ ئەوەی بێن بـۆ لای ئەوان. لەگەڵ چەنـد هۆکـارێکی تـر، بە دووربـوون لە ئـاوڵە ڕێگەی پێدان ببنە بەهێزترین و گەورەترین گەلی هیندی لە ڕۆژئـاوای ئەمریکـا لە سـەدەی هەژدەوە تـاکو ناوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدە. لە دەشـتەکانی بـاکوور، بڵاوەپەتـاکە بە نزیکەیـی گونـدەکانی سـەر ڕووبـاری میسـۆری ماڵشـدا. ژمـارەی خەڵکـانی هـۆزی ئاریکـارا بە ڕێژەی لە ٨٠٪ کەمـی کرد، ساڵی ١٧٩٥، بازرگانی فەڕەنسی ژان باپتیست تروتیو نووسیبووی: "لە کۆندا گەلی ئاریکارا زۆر گەورەبوون، سی و دوو گوندی ئاوەدانی ژمـارد، کە ئێستا چوڵبووە بە هـۆی ئاوڵەوە و بە تەواوەتی وێرانبووە، هەر چەندە نەخۆشییەکە لە کـاتی جیـاواز لە نێوانیانـدا سـەری هەڵـداوە، بەڵام تەنهـا چەند بنەماڵەیەک، لە هەریەک لە گوندەکان دەربازبوون."

هاوسـەنگی هێـز بەرەو گەلە سـوارچاکەکانی دەشـتەکان بەرزبووەوە_بە تایبەت سیوکسی ڕۆژئاوا، کە بەهۆی خێرو بەرەکەتـــی جوگرافیاکەیـــان لە خراپتـــرین بڵاوەپەتـــا دەربازیـانبوو. تـا سـاڵی ١٨٠٠ تەواوی نـاوچەی (دەشـتە مەزنەکە) لە ژێردەسـتی ڕاوچییە_ئەسـپ سـوارەکانبوو و گوندەکانی مسیۆری تێکدران.

هەروەک ویلیـام کـلارک تێبینـی کردبـوو کاتێـک ئەو و میریوتەر لویس لە تشرینی دووەمـی سـاڵی ١٨٠٤ سـەردانی دەشـتەکانیان کـرد، "گەلـی مـانێی چەنـد سـاڵێک لەمەوبەر لە چەنـد گونـدێک لە نـاوچەی میسـۆری ژێـرکەوتەدا دەژیـان، ئاوڵە بەشێکی گەورەی نەتەوەکەی لەناوبرد و هەموویان بۆ یەک گونـــدی گەورە و هەنـــدێک گونـــدی تـــری بچـــوک

کەمکردەوە، هەموو نەتەوەکان پێش ئەم نەخۆشیە لێیان دەترسان، بەڵام ئەوان کاتێک کە ژمارەیان کەمیکرد سیۆکس و هیندەکانی دیکە جەنگیان بەرامبەریان هەڵگیرساند و گەلی مانێی مەزنیان لەناوبرد و میسۆریان سەرخست.

ئاوڵە لە سەدەی نۆزدە لە ئازاردنی هیندەکان بەردەوامبوو. مەندان، هیداتسا، و ئاریکارا لەسەر ڕووباری میسۆری توشی بڵاوەپەتایەکی گەورەبوون لە ساڵی ١٨٣٧-٣٨ کە نزیکبوو کۆتاییان پێبهێنێت؛ هەمان بڵاوەپەتا بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشت، و هۆزەکانی بلاکپێس، گرۆس، ڤێنتەر، و ئەسینیبۆینی هاوئاست کرد، هاوپەیمانی زێدە بەهێزی هۆزەکانی لاکوتا و چییەن و ئەراپاهۆ؛ هات بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات. لە کاتێکدا کە بڵاوبوونەوەی خەڵکی ئەمریکا لە نیوەی_سەدەی نۆزدە بەرەو ڕۆژئاوا زیاترو زیاتر فراوان دەبوو، ئەو جیهانە هیندیەی کە بەدیانکردبوو، جیهانێک کە کۆمانچی و لاکۆتا و ئەراپاهۆ و چییەن زاڵبوون، جیهانێکبوو کە ئاوڵە دروستیکردبوو.

لە سەرەتای ئەورووپای هاوچەرخدا ئاوڵە دوژمنێکی ئاشنابوو، لە زۆر شوێنی ناوچەپەتا هەبوو، و لە هەندێک شوێنی دیکە گەشەی دەکرد بۆ بڵاوەپەتا و پانەپەتا. پێش نیوەی سەدەی حەڤدە، ئاوڵە بە شێوەیەکی تایبەت بکوژێکی توند نەبوو. نەخۆشییەکی کەم_ڕێژەی ناوچەیی بوو، کە زۆر بە دەگمەن لە دەقە پزیشکیەکان یان هەژماری مێژوونووس و گەشتیارەکان نووسرابوو. هیچ بڵاوەپەتایەکی گەورە بوونی نەبوو. لە هەندێک شوێنی وەکو لەندەنی_کۆتایی_سەدەی شازدە، کەم کەس بەهۆی

نەخۆشیەکەوە دەمردن، ئەو کەمینەیەش مندالّبوون. پاشـان، بە جۆرێک لە جۆرەکان، ئاولّە گۆڕا. لە سەدەی هەژدە؛ بوو بە بکوژی سەرەکی کیشوەرەکە، لە خەیالّی گشتی و ڕێژەی مردندا بەسـەر تاعووندا سـەرکەوت، لە سـالّی ١٦٤٩، و بە سەرهەلّدانەوەی دووبارە و ڕێکوپێک لە پاشماوەی سەدەکە، بلاوەپەتای ئاولّە بەرپرسی زیاتر لە ٨٪ مردنی سالانەبوو لە لەنـدەن. لە ناوەڕاسـتی سـەدەی هەژدە ئەو ژمـارەیە دوو هێنـدەبوو: لە سـالّی ١٧٦٢ ئـاولّە ٢٥٠٠ کەسـی کوشـت و بەرپـرس بـوو لە ١٧٪ مردووانـی لەنـدەن. لە کۆتـایی سـەدەکەدا ئـاولّە لە نێـوان ٨٪ بـۆ ٢٠٪ دانیشـتوانی لەناوبردبوو.

موتـوربەکردن، دواتـر کوتـان، بـوونە هـۆی گـۆڕینی بارودۆخەکە. موتوربەکردن؛ بریتییە تێکردنی بڕێکی کەم لە نەخۆشـیەکە بـۆ برینێـک لە نەخۆشـەکە بـۆ پەیـداکردنی کاردانەوەیەکی ئاست_نزم. ئەگەر هەموو شت باش ڕۆشتبا، نەخۆشەکە جۆرێک ئاولّەی سوکی دەگرت، بەلام بە درێژای ژیـانی بەرگـری پەیـدادەکرد، هەروەک چـۆن کەسـێک کە نەخۆشی گرتبێت و ڕزگاریبووبێت.

موتـوربەکردن لە بەشـێکی ئەفریقـا و هیندسـتان و چـین زۆر پـێش ئەوەی لە ناوەڕاسـتی سـەدەی هەژدە لە ئەورووپـا باوبێت کرابوو و دەکرا. هەوالّی کاریگەریەکانی لە سـەرەتای سەدەکەدا بۆ ئینگلستان و ئەمریکا دزەیدەکرد_لە بۆستۆن، قەشـە لـۆکە مـازەر ڕایگەیانـد، یەکێـک لە کۆیلەکـانی لە ڕۆژئاوای ئەفریقاوە پێی وتووە کە موتوربەکردن لای ئەوان بـاوبووە؛ هەوالّـی موتـوربەکردن لە چیـنەوە گەیشـتە ئینگلسـتان لە سـالّی ١٧٠٠ بە دواوە؛ ئەو قسـانەی کە

دەیـــانوت جوتیارەکـــانی پۆڵەنـــدا و دانیمـــارک لە ســـەدەی حەڤـدەدا دەسـتیانکرد بە موتـوربەکردن لە سـاڵانی دەیەی ١٧٢٠ و دەســتیکرد بە بڵاوبــوونەوە. دوای ئەوەی خـــاتوو مـاری وۆرتلـی مونتـاگی هاوسـەری بـاڵیۆزی بەریتانیـا لە تورکیـــا، کـــچەکەی لە ســـاڵی ١٧١٨ لە ئەســـتەمبوڵ موتوربەکرد، کە ئەو کات ئەو کردەیە زۆر باوبوو؛ لە سـاڵی ١٧٢١ کـوڕەکەی یەکەم کەسبوو لە بەریتانیـا کە موتـوربەی بۆ کرا. هەر زوو موتـوربەکردن خێزانـی شـاهانەی بە دوادا دێـت و موتــوربەکردن دەبێــتە تایبەتمەنــدیەکی هاوبەشـــی کردەی پزیشکی بەریتانی.

لەگەڵ ئەوەشــدا دژایەتــی هەبــوو: نیگەرانــی دەربــارەی مەترسـی توشـکردنی خەڵکـی بە ئـاوڵە، هەروەهـا نیگەرانـی ناوەنـــــدە ئاینیەکــــان لە ئەوەی ئەمە خۆهەڵقورتــــانە لە چـــــارەنووس. زۆرێـــک لە نارەزایەتیەکــــان بە تونــــدی ڕووبەڕووی بەدرۆخستنەوەبوونەوە: موتوربەکردن چەندین ژیانی پاراست بە زۆرکردنی ژمـارەی ئەوانەی بەرگریـان بۆ نەخۆشـیەکە هەیە. تـاکو نیـوەی سـەدەکە، متـوربەکردن بە تونـدی جێگیربـوو لە سـەرتاپای ئەوروپـای ڕۆژئـاوا و دوو ئەمریکـاکە. چاکسـازی لە شـێوازی موتـوربەکردن، لەگەڵ موتـوربەکردنی تەواوی دێهـات و شـارۆچکەکان لە جیـاتی تەنها موتـوربەکردنی تاکەکان، کـاریگەریەکی پتریان لەسـەر تەندروستی گشتی لە نیوەی کۆتای سەدەی هەژدەدا هەبوو.

شـارە گەورەکـانی وەکـو لەنـدەن بەردەوامبـوون لە ئـازار چەشــتن بە هــۆی ئــاوڵەوە، چــونکە زۆر ســەختتربوو کە موتوربە بکرێن بەراورد بە شارەدێیە بچوکەکان.

موتوربەکردن شێوازی تێڕوانینی خەڵکی دەربارەی ئاوڵە گۆڕی: ئاوڵە بوو بە نەخۆشیەک کە ئامرازێکی تایبەت و کاریگەری هەیە بۆ شەڕکردن لەگەڵی. ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ یەکێک لە گرنگترین پێشکەوتنەکان لە مێژووی پزیشکیدا: کوتان.

لە ساڵی ١٧٩٦، کاتێک ئیدوارد جنەر ڕێگری لە ئاوڵە کرد لە مێرمنداڵێکی ئینگلسی بە موتوربەکردنی بە بڕێکی کەم لە خوریکەی مانگا، لە جیاتی ئاوڵەی مرۆڤ بە ڕێگای موتوربەکردنی بلۆق، ئەمەش ئاماژەبوو بۆ سەرەتای کۆتایی ئاوڵە.(وشەی "vaccine" ڤاکسین لە ئیدوارد جنەرەوە هاتووە کە بە خوریکەی مانگای دەوت variolae vaccinae، ڤاریۆلا ڤاکسینا یان ئاوڵەی مانگا.) دوو ساڵ دواتر دۆزینەوەکەی خۆی بە جیهان ڕاگەیاند. لە کاتێکدا ئەوانی تر پێش ئەم بە خوریکەی مانگا موتوربەیان کردبوو، بەڵام داهێنانەکەی جنەر ئەوەی دەسەلماند کە کاریکردووە دوابەدوای توشکردنی نەخۆشێک بە ئاوڵە و پیشاندانی بەرگری لەش.

کوتان بە ئاوڵەی لاوازکراوی مانگا بە خێرایی پەسەندکرا وەک جێگرەوەیەکی باشتری موتوربەکردن: هیچ مەترسیەک بۆ گرتنی ئاوڵە نەبوو، ئەمەش واتە هیچ مەترسیەک نەبوو بۆ بلاوبوونەوەی. لە ماوەی سێ ساڵی ڕاگەیاندنەکەی جنەردا سەدان هەزار کەس لە ئینگلستان کوترابوون و لە دوو دەیەی دادێ کوتانی ملیۆنانی بە دوادا هات: دوو ملیۆن لە ڕووسیا و نزیک هەمان ژمارەش لە فەرەنسا. تا ساڵی ١٨٠٠ کوتان گەشتبووە ئەمریکای باکوور؛ ساڵێک دواتر گەیشتە بەغداد و لە ئەوێوە بۆ هیندستان چوو.

تاکو ناوەڕاستی سەدەکە، کارەساتەکانی ئاوڵە لە نێو هیندە ئەمریکیەکاندا کەمبووەوە. کوتان بە ئاوڵەی مانگا و پێش ئەوەش موتوربەکردنی بلۆقی ئاوڵەی مرۆڤ یارمەتیدا لە کەمکردنەوەی ژمارەی مردووان. تا ساڵی ١٨٣٠، کۆمپانیای هادسۆن بەی بەشێکی باشی دانیشتوانی ڕەسەنی کانای کوتیبوو؛ لە گواتیمالا پزیشکانی داگیرکار لە ساڵانی دەیەی ١٧٧٠ دەستیانکرد بە موتوربەکردنی گەلی مایا، بۆ کاریگەربوونی پرۆسەکە تەنانەت شێوازی پزیشکی گەلی مایایان پەسەندکرد وەک بەکارهێنانی چەقۆی گرانیتی گرکانی.

لە ئەمریکا بە گشتی هەوڵی کوتان لە نێو هیندە ئەمریکیەکان زۆر کەم و زۆریش درەنگبوو_بۆیە ئەو بڵاوەپەتا ترسناکە لە ناوچەی میسۆری ڕویدابوو، کاتێک زیاترو زیاتر خەڵکی بەرگری لەشیان پەیداکرد و نەخۆشیەکە بە ژمارەی کەمترو کەمتر دەردەکەوتەوە، ژمارەی مردووان نزمبووەوە.

لە ژاپۆن، کوتان سەرەتا پێشوازییەکی گومانای، تەنانەت نەیارانەشی لێکرا، لە وڵاتێک کە پێشتر "داخراوبوو"، ئەوانەی کە پێکوتەیان هاوردەی ژاپۆن کرد لە پێشڕەوانی کرانەوەی ژاپۆن بوون بە ڕووی ڕۆژئاوا. پێکوتە دەلاقەی سەرەکی نوێگەریبوو، تا ساڵانی دەیەی ١٨٥٠ کوتان پەسەندکرا.

تۆکوگاوا شۆگونات هەوڵیدا هەڵمەتی کوتانی پاڵپشتیکراوی دەوڵەت بەکاربهێنێت بۆ یارمەتیدانی گەلی ئاینو بۆ ئەوەی کەمتر "دواکەوتووبن" و زیاتر پێشکەوتووبن وەکو ژاپۆنیەکان. بەڵام ئەوەی ئایا ئەو پرۆژەیە بە

تەواوەتی سەرکەوتووبووە یاخود نا مشتومڕ هەڵدەگرێت، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە باوەڕی لە مێژینەی گەلی ئاینو دەربارەی چارەسەری نەخۆشی ئاوڵە چیتر ناتوانێت بە ڕووی پێکوتەدا خۆی ڕاگیربکات. تەواوی ڕژێمێکی بیروباوەڕی بێچارەکرا لە بەرامبەر ئەم ڕێکارە نوێ و کاریگەرە.

لە ئەورووپا، سەرەڕای هەندێک دژایەتی پێشوەختە لە لایەن ئەوانەی کە کردارەکەیان بە پیس دەزانی یان گومانیان لە بوونی تاکە زیندەوەرێکی هۆکار بۆ نەخۆشیەکە هەبوو کە بتوانرێت بە تاکێکی دیکە ڕابگیردرێت، کوتان هەر بڵاوبووەوە، بە تایبەتی کە لە هەندێک شوێن زۆرەملێبوو. لە سوید لە ساڵی ۱۸۰۰ دوازدە هەزار مردنی ئاوڵە هەبوو، لە ساڵی ۱۸۲۲ یازدە هەزار هەبوو. دانیشتوانی ئەورووپا هەڵکشا ئەو کاتەی مردن بە ئاوڵە داکشا.

سەرەڕای سەرکەوتنی زووی کوتان، بەڵام پەتای ئاوڵە لە چەندین هەلدا دەتەقیەوە، هەر ئەوەندە کە کوتان ئاوڵەی کەمکردەوە بۆ ئەو ئاستە نزمانە، پەرۆشی سەرەتایی بۆ کوتان نەما، بە هەمان شێوە کاریگەریەکانیشی: هەر چەندە لە سەرەتادا کەس نەیدەزانی، بەڵام کوتان مەرج نییە لەشە بەرگری بە درێژایی ژیان دروستبکات.

لە نێوان ساڵی ۱۸۳٦ بۆ ساڵی ۱۸۳۹ سی هەزار کەس بە هۆی ئاوڵەوە لە ئینگلستان گیانیان لە دەستدا.

ئەو بڵاوەپەتایەی ساڵانی ۱۸۷۰-۱۸۷٥ کە بەهۆی شەڕی فڕانکۆ_ڕووسیاوە بڵێسەی سەند، پێنج سەد هەزار کەسی کوشت و بەشێکی زۆری ئەورووپای لە نائاگاییەکەیان ڕاپەڕاند.

ئینگلســتان و ئەڵمانیــا یاســاکانی کوتــانی زۆرەملێیــان دەرکــرد، بەڵام لە ئینگلســتان، مشــتومڕ لەســەر هۆکــاری نەخۆشــییەکان_ژینگە، پەرۆکــی، هەڵاوی بــۆگەن_ لەگەڵ ناحەزیەکی بەهێز بۆ دەستکاریکردنی لاشەی خەڵکی ئینگلس لە لایەن دەوڵەتەوە و هەســتێک کە ئــاوڵە ئەو گــرنگیەی جارانی نەمــاوە، بــووە هــۆی دەنــگ هەڵبــڕین و لە هەنــدێک کاتدا دژایەتیکردنی توندوتیژانە بەرامبەر کوتانی زۆرەملێ. لە ئەنجامدا چەندین جۆر لە یاساکانی کوتانی زۆرەملێی لە ساڵی ١٨٨٥ و ساڵی ١٨٩٨ و ١٩٠٧ هەڵوەشێنرانەوە.

ســەرەڕای کەمتەرخەمــی بەرامــبەر کوتــان و دەرکەوتنــی بەردەوام و سەرهەڵدانی لە هەندێک لە ناوچەکان، پانەپەتای ئەورووپی ساڵانی ١٨٧٠-١٨٧٥ دواین دەرکەوتنی سەرەکی نەخۆشی ئاوڵەبوو لە کیشوەرەکەدا.

بــوونی کوتــان، هەروەهــا جێگــرتنەوەی وردە وردەی بەکتریای ڤاریۆلای گەورە لە لایەن ڤاریۆلای بچوکەوە_کە کەمتــــر پەرۆکە و کەمتــــر تونــــدە_واتای ئەوەیە کە لە ناوەڕاســــتی ســــەدەی بیســــتەوە ئــاوڵە لە ئەوە کەوت کە کێشــەی ســەرەکی بێــت لە ئەورووپــا و ئەمریکــا و زۆربەی وڵاتانی دیکەی پێشکەوتوو. هەروەها لە ساڵی ١٩٧١ کاتێک کە خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی ئەمریکا پێشنیاریکرد واز لە کوتانی ساڵانە بهێنرێت، هۆکارەکەی ئەوەبوو کە ساڵانە منداڵ زیاتر دەمردن_شەش بۆ هەشت لە ساڵێکدا_بە هۆی ئاڵۆزیەکانی پەیوەندیدار بە پێکوتەوە وەک لە ئەوەی کە بەهۆی نەخۆشی ئاوڵەوە لەناودەچوون.

کوتــان دژی ئــاوڵە، دەســتکەوتێکی نەمــری تەندروســتی گشتیبوو. هەوڵێکبوو کە تەندروستی تاکی دەکردە ئامـانج و کاریگەری قوڵی لەسەر تەندروستی کۆمەڵ هەبوو.

کەمکــردنەوەی ژمــارەی ئەو کەســانەی مەترســی توشبوونیان هەیە لە دانیشتواندا بە ڕێژەیەک کە بەس نەبێت بــۆ ڕێــگەدان بە بڵاوبــوونەوەی نەخۆشــیەکی درم، کلیلــی جڵەوکردنــی ئەو نەخۆشــیەیە. لە پێشــوودا کە ڕێکارەکــان بەرەو تەندروستی گشتی ئاڕاستەدەکران، وەک بەکارهێنانی دابڕندن لە کاتی تاعوون، زۆر جیاوازبوون. دابڕانـدن ئامـانج لێــی وەســتاندنی بڵاوبــوونەوەی نەخۆشــیەکەبوو لە کــاتی بڵاوەپەتایەکی دیاریکراو؛ کوتـان ئەگەری ڕوودانـی پەتـاکەی هەر لە ســەرەتاوە کەمــدەکردەوە. هەر کە خەڵکــی پێویســت کوتران، ئاوڵە، لە نەبوونی خانەخوێی مرۆیی، هیچ شـوێنێکی نەبوو بۆی بچێت.

ئاوڵە تاکە نەخۆشی درمی مرۆییە کە مرۆڤ ڕیشەکێشی کردبێــت. دوایــین توشــبوون بە ڤــاریۆلای گەورە لە ســاڵی ١٩٧٥ لە بەنگلادیشــبوو؛ دوای دوو ســاڵ ڤــاریۆلای بچــوک دوایین دەرکەوتنی خۆی لە سـۆماڵ ئەنجامـدا. کەمێک زیـاتر لە دە ســـــاڵ دوای دەســـــتپێکردنی هەڵمەتـــــی چـــــڕی ڕیشەکێشــکردن لە ســاڵی ١٩٦٧_هەڵمەتێــک کە ڕێکخــراوی تەندروستی جیهانی(WHO) لە سـەرەتادا لێـی دوودڵبـوو، لە جیاتی بڕیـاردان بۆ هەوڵدان بۆ ڕیشەکێشـکردنی مەلاریـا و شکســتهێنان_ڕێکخراوی تەندروســتی جیهــانی(WHO) لە ســاڵی ١٩٨٠ خــاڵیبوونی هەســارەکەی لە ئـاوڵە ڕاگەیانـد. بە نزیکەیی بە هەر پێوانەیەک، نرخەکەی؛ ئاڵانگاری دابینکردن، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کاریگەریە مرۆییەکانی_ئەو هەڵمەتە

دەستکەوتێکی زۆر گەورەبوو.بە تەنها لە نێو نەخۆشییە گوێزراوەکان، نەخۆشی ئاوڵە هەڵبژاردەیەکی نموونەییبوو بۆ ڕیشەکێشکردن. پێکوتەی بەستووی وشک لە کۆتایی دەیەی ساڵی ١٩٤٠ پەرەپێدرا، ئەمەش واتای سەرکەوتنبوو بەسەر ئاستەنگی بڵاوکردنەوەی پێکوتە لە کەشوهەوای خولگەیی. لیرەکانی سەر ڕووخساری توشبووان ئەوەندە ئاشکرابوون کە هاواریان دەکرد، ئەمەش دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەی ئاسانکردبوو.جیاکردنەوە و چاودێری، شێوازگەلێکبوون کە لە سەرەتای دەیەی ساڵی ١٩٧٠ لە لایەنی بەرنامەی ڕیشەکێشکردنی ئاوڵەی(SEP) ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیەوە پێشەنگی دەکران، کە بەکاربوون بۆ ئەوەی بڵاوبوونەوەی ئاوڵە بوەستێنن. هیچ عەمارێکی ئاژەڵیی بۆ نەخۆشیەکە بوونی نەبوو. جیاواز لە مەلاریا کە مێشوولە عەماریبوو. هەروەها ئاوڵە هیچ گوێزەرەوەیەکی نەبوو کە ڕەچاوبکرێت کاتێک بیر لە ڕیشەکێشکردنی دەکرێتەوە، کە ئەمەش پێویستی دەستکاریکردنی بەرفراوانی ژینگەیی لابرد. فشاری ڕیشەکێشکردن پشتگیریەکی گەورەی نێودوڵەتی کۆکردەوە، کە ڕێگەی بە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیدا هەوڵەکانی چڕتربکات. پێش دەستپێکردنی هەڵمەتی نوێ لە ساڵی ١٩٦٧، ڕیشەکێشکردن کەم تا زۆر بوونی هەبوو، بەس تەنها بە ناو؛ بیرۆکەیەکی لاوەکی لاواز پاڵپشتیکراوی دارایی نابەس کارمەند بۆ دابینکراوبوو لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی.

بەڵام بۆ چی ڕیشەکێشکردن؟ ئاوڵە هەر لە کاتی ناساندنی پێکوتەکەی جنەرەوە بەردەوام کەم دەبووەوە. لە کاتێکدا لە هەندێک وڵاتدا هەر هەبوو، بەڵام لە زۆر شوێندا

دیارترین کێشەی تەندروستی نەبوو. چرکردنەوەی سەرنج لەسەر خودی ئاوڵە، سەرنجی لەسەر ئەو بارودۆخانە کەمکردەوە کە هەر لە سەرەتاوە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی نەخۆشیەکان. لە ئەو شوێنانەی کە هێشتا ئاوڵە بوونی هەبوو، بەڵام مایەی نیگەرانی نەبوو، وەک لە زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین، ڕیشەکێشکردن بۆ هەندێک وا دەردەکەوت کە سەرقاڵکردنێکی نا پێویست بێت لە کێشەی تەندروستی مەترسیدارتر، هەروەها بارگرانیەکی دارایی زۆر گەورەبوو. ئەمریکا بە تەنها ١ ملیار دۆلاری لە پارەی ئەمڕۆ لە بەرنامەی ڕیشەکێشکردنی ئاوڵەدا خەرجکرد. بەڵام ئەوە ئەو وڵاتانەبوون هەڵمەتەکەیان تێداکرا کە بەشی زۆری تێچووەکەیان لە سەربوو. هێشتا، لە ئەو شوێنانەی کە ئاوڵە بووە هۆی زۆرترین مردن، لە بەشەکانی ئەفریقا و باشووری ئاسیا، نەخۆشییەکە لە ساڵێکدا دوو ملیۆن کەسی لەناودەبرد.

هەر کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) هەڵمەتی چڕوپڕی دەستپێکرد، بەرەوپێشچوون تێیدا خێرابوو. لە ماوەی چەند ساڵێکی کەم ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە بڵاوەپەتای ئاوڵەیان هەبوو کەمبوونەوە بۆ چوار_هیندستان، بەنگلادیش، پاکستان و ئیسیوپیا.

ئاوڵە لە هیندستان زۆر لاساربوو، هەر لە ئەوێوە کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) گەورەترین هەڵمەتی دەستپێکرد. تەنانەت لە ئەوێ بەرنامەی ڕیشەکێشکردنی ئاوڵە خێرا ئەنجامدرا، هەر چەند مەرج نیە کە بەرەوپێشچوونێکی نەرم یان بێ ململانێ بووبێت.

ئەو زۆرەملێ و ترساندنەی هەبوو بەهێزکرابوو بە هۆی هاوپەیمـانی هەڵـمەتەکە لەگەڵ ڕژێمـی زۆرداری ئینـدیرا گانـدی؛ نـاکۆکی لە نێـوان دەسـەڵاتدارانی هیندسـتان و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) هەروەها لە نێوان بەرپرسـانی نـاوخۆیی و حکـومەتی هیندسـتان؛ کێشـەی دابینکـاری و جۆریەتی پێکوتە_هەمـوو ئەم شـتانە و زیـاتر هەڵـمەتەکەی لە هیندسـتان بە تـایبەت ئاسـتەنگ کردبـوو. هێشتا، تا ساڵی ١٩٧٥ هیندستان بێ ئاوڵەبوو.



٣. منداڵانی هیندستان پشتگیری بەرنامەی ڕیشەکێشکردنی ئاوڵەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و حکومەتی هیندستان دەکەن لە ساڵانی دەیەی ١٩٥٠.

پەسەندکردنی جەماوەری بەرنامەکە بنەڕەتیبوو بۆ سەرکەوتنەکەی.بەرنامەی ڕیشەکێشکردنی ئاوڵە بۆ خۆی سەرکەوتنبوو، بەڵام نابێت وەها یادبکرێتەوە کە لە کاری لە سەرەوە بۆ خواری پلانی لوتکەی جنێفەوە دەرهاتبوو، بەڵکو هەڵمەتەکە خەڵکی ناوخۆیی بێشوماری تێوەگلاند کە بەژداربوونیان لە لایەن هەمووانەوە بە پێویست بینراوە؛ کۆبوونەوە بەردەوامە نێودەوڵەتییەکان یارمەتیدەربوون بۆ هاندانی هاوکاری و هاوبەشیکردنی بیرۆکەکان و فێربوون لە ئەو هەزاران ڕێگایانەی کە ئاوڵەی پێ جڵەونەکراوە.

بیرکردنەوە لە هەڵمەتی ئاوڵە کە سەرکەوتوو بووە، تەنها بە هۆی هەوڵی چەند تاکێکی قارەمان کە هێزەکانیان ئاڕاستەکردووە، یان کاری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) دەبێتە بێوەفایی بەرامبەر هەموو ئەوانەی کە بەژداربوون و وانەیەکی هەڵە لە ڕابردوو پێشکەش دەکات.شاردنەوەی ئەوەی کە هەڵمەتەکە بە ڕاستی چیبوو: هەوڵدانێکی فرە ئاست، نێودەوڵەتی، و ڕەسەن کە وەڵامدەربوو زۆرجار بۆ دۆخی ئاڵۆزی ناوچەیی؛ چیرۆکی سادەکراو سوود بە هیچ کەس ناگەیەنێت.

ئاوڵەی زیندوو ئێستا تەنها لە تاقیگە پارێزراوەکاندا هەیە، کە لە کاتی جەنگی سارد لە لایەن ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران دەرکراوە. بەڵام لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ دوو کەموڵە لە بۆماوە ماددەی DNA ئاوڵەی ساغ لە ژوورێکی بەکارنەهاتووی کۆگای پەیمانگای نیشتیمانی تەندروستی دۆزرایەوە، کە بۆ دەیان ساڵ لە ئەوێ لەبیرکرابوو، ئەم دۆزینەوەیە بە کورتی ئەم بکوژە جەرگبڕە، ترسێنەرەی هێنایەوە یادی جیهان.

بەشی سێیەم

مەلاریا

مەلاریا لە ئەفریقاوە پەیدابووە. بە هۆی توشبوون بە تاکخانەیەکی مشەخۆر لە ڕەگەزی پلاسمۆدیۆم دروستدەبێت. بە درێژایی مێژوو، چوار جۆر تاکخانەی پلاسمۆدیۆم مرۆڤیان توشکردووە: P. falciparum، P. ovale، P.malariae و P.vivax. لە ئەم دواییانەدا، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، کاتێک مرۆڤ زیاتر و زیاتر دێتە نێو پەیوەندی لەگەڵ زیندەوەرە سەرەتاییەکان بە هۆی پاکتاوکردنی دارستانەکانەوە، جۆرێکی دیکەی پلاسمۆدیۆم P.knowlesi بە شێوەیەکی خێراتر دەبووە هۆی مەلاریا. باوترین جۆرەکانی پلاسمۆدیۆم P.falciparum وP.vivax، P.falciparum کوشندەتر و مەترسیدارترە و بەرپرسیارە لە زۆربەی مردن بە هۆی مەلاریاوە لە جیهاندا.

لەوانەیە مەلاریا لە پێشینە مرۆینەکانماندا پێنج ملیۆن ساڵ پێش ئێستا هەبووبێت، بەڵام بە هۆی ئاڵۆزی سوڕی ژیانی مشەخۆرەکەوە، بۆ ئەوەی بڵاوەپەتایەک ڕووبدات ژمارەیەک ڕەوش پێویستە بێتەدی کە ئەو ژینگەیە دابینبکات کە ژمارەیەکی پێویست لە مێشوولە و خانەخوێی مرۆیی تێیدا بەیەکبگەن. چونکە زۆرجار مشەخۆرەکە خانەخوێیەکەی خۆی دەکوژێت و لە لاشەی مرۆڤدا زۆر نامێنێتەوە بە پێچەوانەی سیل، کە پاش توشبوون دەتوانێت بە درێژایی تەمەن بە ناچالاکی لە لەشی خانەخوێیەکەیدا بمێنێتەوە، بۆیە مەلاریا بەردەوام پێویستی بە دووبارە دابینکردنەوەی خانەخوێ هەیە، ئەمەش پێویستی بە دانیشتوانێکی چڕ هەیە، کە بە هێواشی دەرکەوت کاتێک دەستکرا بە پاککردنەوەی دارستانەکانی ناوەڕاستی ئەفریقا بۆ کشتوکاڵ لە چوار تا دە هەزار ساڵ لەمەوبەردا.

بوونی مێشوولە زۆر پێویستە. مێشوولەش پێویستی بە بارودۆخی ژیانی تایبەت هەیە: ئەوانەش دابینکران کاتێک جوتیارەکان گژوگیایەکەیان بڕیەوە و خوڵە ئاومژەکەیان پاککردەوە، کە بووە هۆی دروستبوونی گۆمی ئاوی ئامادە بۆ زاوزێکردنی مێشوولە. لەگەڵ بوونی مەڕوماڵاتێکی کەم وەکو خانەخوێ، جۆرە مێشوولەکانی وەکو Anopheles gambiae پەرەیانسەند بۆ ئەوەی مرۆڤ پەسەندبکەن بۆ ژەمی خوێنمژینیان. بۆ بڵاوبونەوە، ئەو خەڵکانەی کە بە مەلاریا ئەزموونداربن پێویستە تێکەڵی ئەو خەڵکانە ببن کە لە ڕووی بەرگری لەشەوە سادەن.

زانیاری دەربارەی بڵاوبوونەوە زووی مەلاریا لە دەرەوەی ئەفریقا کەمە. بەڵام دوای هەزارەی یەکەمی پێش

زایین بەڵگەی پتەو لە زۆربەی جیهاندا دەردەکەوێت کە مەلاریا دوای کشتوکاڵ و گۆڕانە ژینگەییە دەستکردەکانی مرۆڤ کەوتووە.

ناوچەی دەوروبەری ڕۆما مەلاریاوی بوو لە سەردەمی کۆماری پێشوودا کاتێک کە بارودۆخی ئابووری جوتیارەکانی ناچارکرد واز لە زەویە کشتوکاڵیە نزمەکان بهێنێت، کە دواتر ئاو کۆبووەوە و گۆڕدرا بۆ زەلکاو و زەویە شێدارەکانی مەلاریا. لابردنی دارستان و پاشماوە خڵتە و خاشاکەکانی سیستەمی ئاوەڕۆی بۆ یەکجار بەکارهێنان زیادکرا بۆ تێکەڵەکە. لە ئەو سەردەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیست باشووری ئیتالیا، ببوو بە قەڵای مەلاریای ئەوروپا.

مەلاریا لە سەرەتای ئەوروپای هاوچەرخدا بڵاوبووەوە، هاوشان لەگەڵ پەرەسەندنی کشتوکاڵی. هاوکات لە سەردەمی بازرگانی کۆیلە لە دەریای ئەتڵەسیدا لە کۆتایی سەدەی پازدەوە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بە چڕی و فراوانی مەلاریا بڵاوبوویەوە. لە ماوەی سەدەی حەڤدە و هەژدەدابوو، کاتێک بازرگانی کۆیلە لە لوتکەدابوو، مەلاریا لە ناوچە خولگەییەکانی ئەفریقاوە ڕێگای خۆی کردەوە بۆ نێو ناوچەکانی هێڵی یەکسانی جیهانی نوێ.

بۆ مانەوەی، مەلاریا، وەکو سیل پێویستی بە دەستکاریکردنی ژینگە هەیە لە لایەن مرۆڤەوە. بارودۆخی شارستانی بووە هۆی دەرکەوتنی سیل. ئەو بارودۆخانەی کە ڕێگایان بۆ مەلاریا خۆش دەکرد، بە زۆری لادێی و کشتوکاڵی بوون. فراوانبوونی ناوەندی شارەکان و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی پەیوەندی بەیەکەوە هەیە: گەشەی

شارەکان وزەیدا بە گەشە لە کشتوکاڵدا. کەسێک دەتوانێت ئەم چەشنە لە ئینگلستانی سەدەی شازدە و حەڤدە ببینێت، کە تێیدا گەشەسەندنی ژمارەی دانیشتوان و بەشارستانیبوون بەرهەمی کشتوکاڵیان بەهێزکرد.

ئەمە بووە هۆی وشککردنی هەندێک ناوچە و دروستکردنی زەلکاو لە هەندێکی دیکەدا لە ناوچە شێدارەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئینگلستان؛ کە بارودۆخی نایابە بۆ مێشوولە و مەلاریا. مەلاریا گەشایەوە کاتێک خانەخوێی مرۆیی دابیندەکرا، بە هۆی هاتنی بە لێشاوی جوتیارە نوێیەکان کە مەترسی توشبوونیان هەبوو.

بەرهەمی کشتوکاڵی هەمووی وەکو یەک نییە. بە گشتی، کە کشتوکاڵی سەرمایەداری بە چڕی وەگەڕخرا لە باکووری جیهان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەشەکانی ڕۆژئاوای ئەورووپا، باشبوونی کشتوکاڵی بەدوادا هات. لە ئینگلستان، ئەمە هەمیشە مانای شێوازی کارامەتربوو لە ئاودێری، هەروەها کۆچی دانیشتوانە دەشتەکیەکان بۆ شارەکان، کە ئەمەش ژمارەی ئەوانەی کەمکردەوە کە مەترسی توشبوون و توانای گواستنەوەی مەلاریایان هەبوو، لە باشووری جیهانی کەم پێشکەوتوودا، پێشکەوتنی کشتوکاڵی بە ئەو فراوانییە نەبوو؛ بارودۆخە مەلاریاویەکە بەردەوامبوو و دانیشتوانە لە ژێر مەترسیدا مایەوە.

پێشکەوتنی کشتوکاڵی و لادێیی بە گشتی بەرپرس بووە لە زۆربوونی مەلاریا، بەڵام خراپی شاردروستی و بوونی ئاوی مەنگ دەتوانێت مەلاریا بکات بە نەخۆشیەکی شارنشین، شتێکە کە زیاتر و زیاتر لە شارە گەورەکانی باشووری جیهانیدا ڕوودەدات. هەروەها ژینگە

دەستکردەکانی دیکەی مرۆڤ مەلاریا بەهێزدەکات. لە ناوچەی دەرەچەی پاناما لە سەرەتای سەدەی بیستدا، مێشوولەی A.albimanus کە زۆرترین بەرپرسیارێتی هەبوو لە بڵاوبوونەوەی مەلاریا لە ئەو بارودۆخانەدا گەشایەوە کە بە هۆی دروستکردنی دەرەچەکەوە پەیداببوو.

مێژووناسێک لە ئەو کاتەدا ئاماژەی بە ئەوەدا: "Anopheles albimanus پەیوەندی نزیکی لەگەڵ مرۆڤدا هەیە و باشترین ناوچەی خۆی دەدۆزێتەوە لە دەوروبەری ماڵ و ئەو بارودۆخانەی کە مرۆڤ دروستی دەکات لە چوارچێوەی کاری کشتوکاڵی و ئەندازیاری، و کاری تردا" . جۆسێف لێپرینس و ئەی جەی ئۆرنشتاین، نووسەرانی پەرتووکی (Mosquito Control in Panama 1916) تێبینی ئەوەیان کرد کە مەلاریا "بە خێرایی گەشەدەکات کاتێک خاکەکە بە هەڵکۆڵینی گەورە و بەرفراوان تێکدەدرێت و پڕدەکرێتەوە و هاوکات لەگەڵ نیشتەجێکردنی کرێکاری بێ بەرگری لەش لە نزیک شوێنی کارەکانیان.

ب ەدوای نیشتەجێبوونی کشتوکاڵی و هێنانی کۆیلە، مەلاریا وێرانەی نایەوە لە چیساپیکەوە تا دۆڵی میسیسیپی و ناوچەکانی دەریای کاریبی و ناوچەکانی ئەولاتر بۆ ئەمریکای باشوور.

بەتەواوەتی کەی مەلاریا یەکەم جار گەیشت، نەزانراوە، لەوانەیە پێشینە ئینگلسە داگیرکەرەکان مەلاریای (P. vivax)یان بۆ چیساپیک لە باشووری ئینگلستانەوە هێنابێت. تا ناوەڕاستی سەدەی حەڤدە کۆیلە ئەفریقییەکان P.falciparum هێنابوو، کە گەشەیسەند لە نێو

داگیرکەرانــی بــێ لەشــە بەرگــری و خزمەتکــارە بەکــرێ گیراوەکانیـان لە سەرانسـەری ناوچەکـانی هێڵـی یەکسـان لە جیهـانی نوێـدا. کاتێـک وا دەرکەوت کە ئەفـریقیە بە کـۆیلە گیراوەکـان کەمتـر مەترسـی توشـبوونیان لەسـەرە، شـوێنی ئەورووپیە بە کرێ گیراوەکانیان گرتەوە وەکو سـەرچاوەی کارکەر، بازرگانی کـۆیلە تەنهـا کـارکەری نـا ئـازادی هـاوردە نەکــرد بــۆ دوو ئەمەریکــایەکە؛ بەڵکــو نــاوچە درمـــیە خولگەییەکانی ئەفریقای هێنا بۆ جیهانی نوێ.

هەروەک چـۆن پێشـتر لەگەڵ تـاعوون دواتـر لە سـەدەی نۆزدە لەگەڵ کۆلێرا، پزیشـکەکانی ناوچەکانی هێڵـی یەکسـان لە سـەدەی هەژدەدا لە خـۆیـان دەپرسـی ئایـا نەخۆشـیەکە بەرهەمی شـوێنەکەبوو یـان گەشـتی کردبـوو. زۆرێـک لە ئەو پرسیارانە ئاڵابوون لە نەژاد و کۆیلەیی. پاش تێبینی کردنی جیاوازی ڕێژەی مردن، زۆر کەس لە خۆیان دەپرسـی ئـاخۆ ئەشێت چارەنووسـی ئەورووپیەکـان مـردن بێت بە نەخۆشـیە خولگەییەکـان، لە کاتێکدا کـۆیلە ئەفریقییەکـان بەردەوامـن لە بەرهەڵسـتیکردنی ئەو نەخۆشـییانە. ئەوە پرسـیارێکی واق وڕمێنەربوو. هەروەک دکتۆر ڕۆبێرت کۆلینز لە ساڵی ١٨١١ لەسـەر مەلاریـا و تـای زەرد نووسـی لە پەرتـووکی Practical Rules for the Management of Negro Slaves in the Suger Colonies.

کۆلۆنێس دەڵێ، "هۆکاری ئەوەی کە ڕەش پێستەکان لە خراپتـرین وەرزەکـان، نـا تەندروسـترین بارودۆخەکـان قوتاریان دەبێت، لە کاتێکدا سـپی پێسـتەکان بە ژمـارەیەکی زۆر دەمـرن، کێشـەیەکە تـا ئێسـتا هـیچ کەسـێک هەوڵـی

چارەسەرکردنی نەداوە" هەندێک مشتومڕی ئەوەیان دەکرد کە ئەوروپییەکان وردە وردە لەگەڵ نەخۆشییەکە ڕادێن.

لە تێزە کلاسیکەکەیدا لەسەر بابەتەکە An Essay on the Diseases Incidental to Europeans in Hot Climates (1786)، جەیمس لیند نووسیویەتی "بە تێپەڕبوونی کات پێکهاتەی لەشی ئەوروپییەکان گونجاوبوو بۆ کەشوهەوای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای هیندی....ئەوروپیەکان، کاتێک بە ئەو شێوەیە ڕادێن، بە گشتی کەمتر بابەتی نەخۆشیبوون لە دەرەوەی ئەوروپا، وەک ئەوانەی لە نیشتیمان مانەوە" ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە لەوانەیە ڕەگەزێکی مرۆڤی جیهانی هەبێت، بە یەکسانی توانای گونجانی هەبێت لەگەڵ ئەو کەشوهەوا و نەخۆشیانەی کە لە نێویاندا ژیاون؟ ئایا کەش و هەوا پێکهاتەی زیندەیی دیاریکردووە؟

لە سەدەی هەژدەدا زۆرێک پێیان وابوو وەڵامەکە بەڵێیە.

لە سەدەی نۆزدەوە بیرۆکەکان دەربارەی نەژاد دەستدەکەن بە گۆڕان؛ ئەو بیرۆکەیەی کە کەش و هەوا تەندروستی دیاریدەکات و ئەوەی کە یەکێک خۆی دەگونجێنێت دەستیکرد بە ونبوون. نەژاد بوو بە سنوورێکی جێگیر و توند لە نێوان خەڵکەکان، و گەشبینی ئەوروپیەکان سەبارەت داگیرکردنی ناوچە خولگەییەکان گۆڕدرا بە کۆمەڵە بیرۆکەیەکی ڕەق دەربارەی ناوچە خولگەیی و نەژادە خولگەییەکان. بە ئەم شێوەیە، مەلاریا لە ناوچە خولگەییەکان بەژداربوو لە بە ڕەگەزپەرستی کردنی پزیشکی.

دوای یەکەمین دەرکەوتنی لە ناوچەکانی هێڵی یەکسان لە سەدەی حەڤدە، مەلاریا لە ڕێگەی هێزە جیاجیاکانی کۆچی مرۆڤەوە بۆ نێو وڵات پاڵی پێوەنرا. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سنووری کشتوکاڵی و مەلاریا بەرەو ڕۆژئاوا بۆ نێو ئۆهایۆ و دۆڵی میسیسپی ڕۆیشتن. لە بەرازیل، کانسازی زێڕ کارکەر و مەلاریای ڕاکێشا بۆ ناو زەویە دوورەدەستەکان، کە هەر زوو پاککردنەوەیەکی گەورەی دارستانەکانی بەدوادا هات بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ کێڵگە گەورەکانی پێویست بۆ پێدانی خواردن بە کارکەری نوێ خۆشبکات، زیاتر لە یەک ملیۆن کۆیلەی ئەفریقی هاتنە نێو وڵات لە ماوەی ئەوەی کە پێی دەگوترا سەدەی کانزایی لە سەدەی ١٧٠٠. ئەم ژینگە نوێیە ژینگەیەکی نایابی بۆ یەکێک لە باشترین و کاراترین هەڵگرەکانی مەلاریا (P. falciparum) دروستکرد، دانیشتوانە جیگیربووەکەی کانەکان خانەخوێیەکی نایابیان دابین دەکرد. مەلاریا تەقییەوە، بەڵام لەکاتێکدا مەلاریا وەک کێشەیەک مایەوە بۆ سەدەی بیست لە باشووری ئەمریکا، ئەو شێوازەی لە شوێنەکانی وەک ئینگلستان دامەزرابوو خۆی دووبارە کردەوە: پێشکەوتنەکانی بواری کشتوکاڵ، بەرەو کەمکردنەوەی بارگرانی مەلاریا دەڕۆی، شان بە شانی کەمبوونەوەی بەرکەوتن بە مەلاریا، چونکە ئەم پێشکەوتنانە خانوو و خۆراکی باشتریان لەگەڵ خۆیان هێنا. بەڵام لە ناوچە کەمەرەبییەکان، مەلاریا خراپتربوو و بوو بە بەشێکی "سروشتی" لە ناوچەکە.

لە زۆربەی سەدەی نۆزدە، مەلاریا لەگەڵ کۆلێرا دوو نەخۆشی بنەڕەتی هەلاوی بۆگەنبوون، کە سەرچاوەیان

گرتبوو لە ئەو گازانەی کە لە پاشماوەی ڕزیوی سەوزە و ئاژەڵەوە دەردەچن، باران یان تێکدانەکانی دیکەی خاک وەکو کشتوکاڵ یان پێشکەوتنی شارستانی دەتوانێت بەشداریبکات لە دەرکەوتنی ئەم دەرهاویشتە گازیانە. تەنانەت خودی وشەی مەلاریا واتا هەوای خراپ.

بیردۆزی میکرۆب ئەوەی گۆڕی. دوای ئەوەی ئالفۆنس لاڤەران لە ساڵی ١٨٨٠ مشەخۆری مەلاریای لە خوێنی مرۆڤدا دۆزیەوە و بەردەوامبوونی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای نەخۆشیناسی ڕێگەی بە خەڵکێکی زیاتر و زیاتردا ببینن، و بە ئەم شێوەیە قبوڵی بکەن. ئەوەی کە مەلاریا بە هۆی تاکخانەیەکەوە بووە، بیردۆزی هەڵاوی بۆگەن چیتر زاڵنەبوو. دواتر بیردۆزی گوێزەرەوە هات، نزیک کۆتایی سەدەکە، لە ساڵی ١٨٩٨ ڕۆناڵد ڕۆس لە هیندستان و گیوڤانی گراسی لە ئیتالیا سەلماندیان کە مێشوولەی ئەنۆفلین مەلاریای بڵاوکردۆتەوە.

مەلاریا گۆڕا، وەکو کۆلێرا و سیل لە پێشی و تاعوون بە ماوەیەکی کەم لە پاشی، لە نەخۆشیەک کە بە زۆر شت لێکدانەوەی بۆ دەکرا بۆ نەخۆشییەک کە بە یەک شت لێکدەدرایەوە؛ پێوەدانی مێشوولەیەکی تووشبوو.

ئەنجام: جڵەوکردنی هەڵگر و مشەخۆر، لە جیاتی هێورکردنەوەی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی یان ئابووریانەی کە بوونە هۆی دەرکەوتنی مەلاریا، زاڵبوو.

جڵەوکردنی هەڵگر کاریکرد لە ئەو شوێنانەی کە مێشوولەکان بە بێوچان هێرشیان کرایە سەر بە سەرچاوەی پێویست یان ئەو شوێنانەی کە کێشەی مەلاریا تێیاندا سنووردداربوو.

لە ناوچەی دەرەچەی پاناما لە سەرەتای سەدەی بیست، ولیام گۆرگاسی عەقیدی لێپرسراوی هەوڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ تەندروستکردنی ناوچەکە، بە پەرۆشیەکی بێوێنەوە هێرشیکردە سەر مەلاریا و نەخۆشی تای زەرد بە تەرخانکردنی خۆی بۆ تێگەیشتن لە خووی زاوزێ و ناوچەکانی مێشوولەکان و پاشان لەناوبردنیان. لەگەڵ سەرچاوە فراوانەکانی ئەمریکا هەموو ئەوە دەتوانرا ئەنجامبدرێت. لە ماوەی دوو ساڵدا نەخۆشی تای زەرد بوونی نەما. مەلاریا زیاتری خایاند، ئەنباری توشبوونەکە گەورەتربوو، چونکە دووبارە توشبوونەوە بە مەلاریا ئەگەری هەبوو (چاکبوونەوە لە تای زەرد، بە پێچەوانەوە، بە درێژای ژیان بەرگریێ لەش دەبەخشی). بەڵام مەلاریا لە کۆتایدا خۆی بەدەستەوەدا، سەرکەوتنی گۆرگاس لە پاناما سەرکەوتنی تەندروستی گشتیبوو کە ستایشکرا وەکو هەنگاوێکی بنچینەیی بۆ جێگیربوونی شارستانی لە ناوچە خولگەییەکان. لە وتاری "Conquest of the The Tropics for the White Race" کە لە ساڵی ١٩٠٩ لە گۆڤاری کۆمەڵەی پزیشکی ئەمریکی بڵاوکرایەوە، گۆرگاس ئەو کارەی کە خۆی و ئەوانی دیکە لە پەنەما ئەنجامیاندا دادەنا بە "سەرەتایترین پیشاندان کە مرۆڤی سپی دەتوانێت لە ناوچە خولگەییەکان بگەشێتەوە، وەکو خاڵی دەستپێکی کاریگەر لە داگیرکردنی کاریگەری ئەم هەرێمانە لە لایەن قەوقازیاکانەوە" گەشبینیەکی بە ئەم شێوەیە ئەو باوەڕەی سەرەوخوار کرد کە بە درێژایی زۆربەی سەدەی نۆزدە زاڵبوو کە ناوچە خولگەییەکان بۆ نەژادی سپی نەگونجاوبوون.

دۆزینەوەکـــان کە بـــوونە هـــۆی ئەگەری جڵەوکردنـــی مەلاریـا و بـوارێکی نـوێی لە پرسـی پزیشـکیدا بەهێزکـرد؛ پزیشـــکی خـــولگەیی، کە تەرخـــانکرابوو بـــۆ تێگەیشـــتن لە مشـەخۆران و هەڵگرەکانیـان. مەلاریـا پێشـڕەویی بـوارەکەی دەکرد. بەگوێرەی دامەزرێنەری پزیشکی خولگەیی، پاتریک مانســـــۆن، ئەوە "کـــــۆلێرا تـــــا ئەوپەڕی گرنگتـــــرین نەخۆشـیبوو... لە نەخۆشـیە خولگەییەکـان،" چـونکە "هۆکـاری سەرەکی نەخۆشی و مردن بوو لە ناوچە خولگەیی و ناوچە نیمچە خولگەییەکان" ئەم بـوارە نـوێیەش بەرنـامەی ڕاهێنـان، گۆڤـار و کارنـامەی تـوێژینەوەی لـێکەوتەوە. قوتابخانەکـانی پزیشـــکی خولگەیی_قوتابخـــانەی لیڤەرپـــوڵ بـــۆ پزیشـــکی خـــــولگەیی یەکەمبـــــوو، لە ســـــاڵی ١٨٩٧ کـــــرایەوە_لە سەرتاسەری ئەوروپا و ئەمریکا دامەزران.

تێکەڵێکـــی بەهێـــز لە گەشـــبینی و لەخۆبـــایبوون کە بە پێشـــــکەوتنی زۆر ڕاســـــتەقینە لە جڵەوکردنـــــی مەلاریـــــا هێنرابوون و ئەو هەستە گەشەکردووەی کە دەکرێت شەڕی نەخۆشـــیەکان لە ڕێـــگەی پزیشـــکی هـــاوچەرخەوە بکرێـــت، بـوونە هـۆی دروسـتبوونی پزیشـکی خـولگەیی. جڵەوکردنـی مەلاریا پێویستبوو، چونکە لە زۆر شوێن نەخۆشـییەکە تەنیـا بەرەو خراپتـر دەچـوو کە بڵاوەپەتاکـان بەردەوامبـوون لە پاشینەی پێشکەوتنی ناتەریب لە ناوچەکاندا.

مەلاریـا کەمبـووەوە لە ئـەو شـوێنانەی کـە چاکســازی کشـــتوکاڵی ژینگـــەی مێشـــوولە کەم کـــردەوە هەروەهـــا باشـتربوونی شـێوازی ژیـان واتـا بەرکەوتنـی بە مەلاریـا کەمتربوو. بەڵام لە زۆر بەشـی جیهـان جوتیارەکـان هەلێکـی

کەمیـان بـۆ ڕەخسـاوە، و دەرەخسـێت بـۆ دەربـازبوون لە مەلاریا و چەندین هەلیان بۆ توشبوون هەیە.

کشتوکاڵی کەم سەرمایەدار، و پشت بەستوو بە جوتیار زۆر خەڵکـی بە هەژاری و بەردەوام لە ژێـر مەترسـی توشبووندا هێشتەوە.

کشتوکاڵی کێڵگەی بەرفراوان، کە تیشکی خستبووە سەر یەک دانەوێـڵە و هەژارانـی لادێنشـینی بەکاردەهێنـا، کە زۆرجـار بـارودۆخی بڵاوبـوونەوەی مەلاریایـان دروسـتکردبوو: لەنـاوبردنی دارسـتانەکان بـۆ کێڵگەکـان زەوییەکی نایابی بۆ زاوزێی مێشوولەکان دروستکردبوو.

جا کە کێڵگە بەرفراوانەکان داوای هێزی کاری زۆریان دەکرد و کارکەر هەمیشە بەردەست نەبوو لە ناوخۆدا، بۆیە بازاڕێـک لە کـارکەری کـۆچکردووی لادێیـی دەرکەوت. هەروەک کۆچکردنی کارکەری زۆرەملێی بازرگانی کۆیلەی ئەتڵەسـی مەلاریـای هێنـا بـۆ ناوچەکـانی هێڵـی یەکسـانی جیهانی نوێ، کۆچی کارکەر لە بەشەکانی ئەفریقا، ئەمریکای باشـوور، هەروەهـا ئاسـیا لە سـەدەکانی نـۆزدە و بیسـت نەخۆشـیەکەیان هێنـا بـۆ ئەو ناوچـانەی کە ڕۆژانێـک بـێ مەلاریابوون کاتێک کارکەرە دامەزراوەکانی ئەو ناوچانەی کە مەلاریایان تێدا نەبوو گەڕانەوە بۆماڵەوە و نەخۆشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو.

بە پێـی سـی. ئەی. ئەی بێنتلـی و س. کریسـتۆفەرس لە پەرتووکەکەیان Causes of Blackwater Fever in the Duars لە ساڵی ١٩٠٨ ئەوە (کرانەوەکەی ناوچەکانی هێڵـی یەکسـان) بـۆ کشـتوکاڵی بەرفـراوان، پاڵپشـتیکراو بە ئاودێری بوو، کە مەلاریای کرد بە بڵاوەپەتا لە هیندستان لە

سەرەتای سالانی دەیەی ١٨٦٠. کە خاکەکە بە خراپی ئاوەڕۆ دەکرا، جۆگەکانی ئاودێری بوون بە گۆمی مەنگی نایاب بۆ زاوزێی مەلاریا؛ گێلگەی چای گەورە هێزێکی کاری کۆچبەری زۆری ڕاکێشا. ئەوە باشترین سیناریۆبوو بۆ بڵاوبوونەوە پەتای مەلاریا.

کۆچی کرێکاران لە چەندین جار و لە زۆر شوێندا بەرپرسیاربووە لە پەتای مەلاریا. بۆ نموونە، هەراسانبوون بەهۆی وشکەساڵی و هەژاری بەهۆی هاوبەشیکردنی کشتوکاڵ، جوتیارەکانی ناوچەی سێرتۆی نیمچە وشکی بەرازیل، کە زۆربەیان بێ مەلاریابوون، بۆ کارکردن ڕوویان لە کەنارەئاوەکان و ئەمازۆن کرد. لە ئەوێ توشی مەلاریابوون، هێنایانەوە بۆ ماڵەوە، چەغماغەی بەرپابوونی نەخۆشیەکەیان لێدا. وشکەساڵیەکی درێژ لە ساڵی ١٩٣٦ دەستیپێکرد، ژمارەیەکی زۆرتر و زۆرتری پیاوانی ناچارکرد بۆ ڕاکردن بە دوای دۆزینەوەی کار.

لە کەنار ئاوەکان ڕووبەڕووی ڕەگەزێکی کوشندەی مەلاریا بوونەوە کە بە ئەم دواییانە بەهۆی مێشوولەی ئەی. گامبیا، کە بە ڕێکەوت بە کەشتی لە ڕۆژئاوای ئەفریقاوە هاوردە کرابوو. ئەوانەی لە پەتای کەناردەریا ڕزگاریانبوو گەڕانەوە بۆ سێرتۆ، شانبەشانی کۆچبەرانی ئەمازۆن لەگەڵ مەلاریای زیاتر، کە چەغماغەی پەتایەکی گەورەی مەلاریایان لێدا. ژمارەی مردووان زۆر گەورە بوو: بە فەرمی پێنج هەزار، بەڵام بەدڵنیاییەوە زیاتربوو.

ڕۆژنامەیەک باسی لە ئەوە کردووبوو کە "زمانی مرۆڤ زۆر لە ئەوە دوورترە و کەمترە کە بەسبێت بۆ وەسفکردنی ئەو وێرانەیەی لە هەرێمەکەدا هەبوو.... باوەڕی گشتی ئەوە

بوو کە باکووری ڕۆژھەڵات بێ دانیشتوان دەبێت، چونکە ئەوانەی بە یەکەمجار نەمردن ناوچەکەیان جێھێشت.

ھاتنی مێشولەی ئەی.گامبیا لەگەڵ دانیشتوانە بێ لەشبەرگریەکە کە بە ھۆی باری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە ناچار بە کۆچکردن کرابوون، بوونە ھۆی پەتاکە. لە ساڵەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ دا، بە ھەمان شێوەیە کۆچی زۆرەملێی خەڵکی ڕەشپێستی ئەفریقیای باشوور لە پەرێزە بەرزە بێ مەلاریاوە بۆ ناو پەرێزی نزمی مەلاریاوی، کۆمەڵەیەکی نوێی مەلاریایان دروستکرد. کاتێکیش کۆچیان کرد بۆ کوێستانەکان بۆ کارکردن لەسەر کێڵگەکان کە لە لایەن ئەو خەڵکەی کە ئاوارەیان کردوون شوێنیان گیرابووەوە، مەلاریایان لەگەڵ خۆیان ھێنا. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بارودۆخی ھاوشێوەدا کە ھیچ نیشانەیەکی وەستانی بە سەر زۆربەی جیھانی خولگەیی پیشان نەدەدا، چارەسەرێک پێویستبوو.

ئەوانەی دەیانخواست مەلاریا جڵەوبکەن، بەسەر دوو گرۆدا دابەشبوون کە دوو ڕێگەچارەی جیاوازیان پەسەند دەکرد: کوشتنی ھەڵگری مێشوولە یان مامەڵەکردن لەگەڵ تووشبوون لە مشەخۆری پلاسمۆدیۆم. سەرکەوتنی گۆرگاس لە پاناما و کوبا جڵەوکردنی ھەڵگری بەھێزکرد، لە کاتێکدا جڵەوکردنی مشەخۆرەکە بە ھۆی دۆزینەوەی دەرمانی کوینینی پارێزەرەوە گونجاوبوو. ھەر یەکێکیان باشە و لاوازیی خۆی ھەبوو. بەھای سنوورداری کوینین وەک ڕێکارێکی پارێزەر تا ڕادەیەک بە ھۆی سوودە چارەسەرییەکانیەوە قەرەبوو کرابووەوە. دەرمانی کوینین کاریدەکرد لە ڕێگەی گرنگیدان بە نیشانەکانی نەخۆشیەکە،

بەڵام دابینکارییەکـان لەوانەیە نـارێکخراو و تێچـوو زۆربێت لە ئاســـتی بەرفراوانـــدا؛ تـــامە ناخۆشـــەکەی هانـــدەری بەکارنـەهێنانبوو، هەروەهـا، گواسـتنەوەی نەخۆشـیەکەی نە دەوەستان. واتا، کەسێک دەکرێت تووشی پلاسمۆدیۆم بێت، نیشـانەکانی بە کـوینین وەسـتابێت، بەڵام هێشـتا دەتوانێـت نەخۆشـییەکە بڵاوبکـاتەوە. جڵەوکردنـی مێشـوولەی هەڵگـر سـەرکەوت، بەڵام گـران بـەهـا و لە بـواری دابینکارییـەوە ئاڵۆزبوو.

داوای چەندین سەرچاوەی دەکرد کە زۆر لە شوێنەکان کە نـاتوانن دابینـی بـکەن. هیچیـان نەیانـدا لە هۆکـاری شاراوەی بەردەوامبوونی مەلاریا.

دوای ســەرکەوتنی سەرسـوڕهێنەر لە چەنـدین شـوێن، جڵەوکردنـی هەڵگـر زاڵبـوو، لەوانەیە گۆرگـاس پێشـەنگ بوو‌بێت، بەڵام نموونەی دیکەی سەرکەوتوو بۆ جڵەوکردنـی کەسی هەڵگر هەبوو، وەک ئەو شێوەیەی کە بە پاکژکردنی ڕەگەزەکان ناسراوبوو، کە زەویەکانی زاووکردنی ئەنۆفیلی دیاریکراویان کردۆتە ئامانج ل ەلایەن مالکۆلم واتسۆنەوە لە مالیا پێشەنگبوو و دواتر لە؛لایەن ئێن ئـاڕ سوێلنجێربێل لە ئەندەنووسیا لە مـاوەی چەند سـاڵانی پێش جەنگی جیهانی یەکەم.

ئەم شـێوازەی جڵەوکردنـی هەڵگـر زۆر کـاریگەربوو لە ئیتالیا لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ دا ڕژێمـی فاشـی مۆسۆلینی بە وشککردنی زۆنگاوەکانی پۆنتین و چاککردنی نـاوچەکە بـۆ کشـتوکاڵ و دووبـارە نیشـتەجێکردنەوەی نـاوچەکە، دەسـتی مەلاریایـان لاوازکـرد. لە فەلەسـتین بەرنـامەیەکی کەمتری چاکسـازی کشـتوکاڵی و جڵەوکردنـی

توشبوو یان هەڵگر مەلاریای هێنایە سەر چۆک. هەروەها لە کاتی داڕوخانی مەزن لە ئەمریکا، دەسەڵاتدارانی دۆڵی تێنیسی دەستیاندایە بەرنامەی باشتربوونی لادێی کە ڕزگاربوونی هەرێمەکەی لە مەلاریا لەخۆدەگرت. نزمکردنەوەی ئاستی ئاوی گلدەری بەنداوی دروستکراو بۆ دامرکانەوەی هێلکەکانی مێشوولەی ئەی کوادراکولاتۆس، پەرەپێدانی دەرگا و پەنجەرەکانی (کردەیەک لە سەدەی نۆزدەوە تا ئێستا زیاتر و بەربڵاوتر دەبێت) و بەکارهێنانی کرم کوژەکان بۆ بەهاناوەچوونی ناوچەکان، و دروستکردنی ناوچەی لەوەڕاندنی ئاژەڵ بە درێژایی کەنار دەریاکان بۆ دابینکردنی مێشوولە خانەخوێیەکی جێگرەوەی هەموو ئەمانە دابەزینێکی بەردەوامی مەلاریای مسۆگەرکرد لە باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکان.

پێگەی جڵەوکردنی هەڵگر لە لوتکەی هەوڵەکانی کەمکردنەوەی مەلاریابوو کە پتەوکرابوو لە ساڵانی دەوروبەر و نێوەی جەنگی جیهانی دووەم.

پێشکەوتنی گەورە لە تێگەشتنی پەتاناسی دەربارەی مێشوولەی ئەنۆفلاین، بە تایبەت زانیاری زیاتر دەربارەی ئەوەی کە چ جۆرە نەخۆشیەک هەڵدەگرێت و چ جۆرێک هەڵناگرێت؛ سەرکەوتنی فرێد سۆپەر و دامەزراوەی ڕۆکفێلەر لە ڕیشەکێشکردنی مێشوولەی ئەنۆفلاین گامبیا لە بەڕازیل؛ دۆزینەوەی مێروکوژی DDT لە سەردەمی جەنگدا؛ هەمان ئەو دنەی پاش جەنگەی کە هەڵمەتی جڵەوکردنی سیلی بڵاوکردەوە بە هەموو جیهاندا، هەموو پێکەوە کۆبوونەوە بۆ ئەوەی هەڵمەتی جڵەوکردنی مێشوولە نەخۆشی هەڵگرەکان سەرکەوتووبێت.

مەلاریا چووە پاڵ سیل و ئاوڵە وەک ئامانجێک بۆ بەرنامەی پاش جەنگ لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO).

جڵەوکردنی مەلاریا بە ئامانجی بەهێزکردنی دیموکراسی و سەرمایەداری و وەستاندنی تەوژمی کۆمۆنیزم.

بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٥٦ ڕایگەیاند کە جڵەوکردنی مەلاریا قەربالْغی شاری جاڤای کەمردەوە و ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ڕژێمی ڤێت مین بۆ تیپەکانی ڕژێنەری مێروکوژی DDT دەکردەوە، و ڕزگارکردنی گوندەکانی فلیپین لە مەلاریا واتای ئەوە بوو کە جوتیارە بێ زەوییەکانی پێشتر ئێستا دەتوانن ببنە جوتیاری سەرکەوتوو لەسەر زەویە تازە چاککراوەکان؛ ئەمەش واتای ئەوەیە ئەوان لە بوون بە تیرۆرستی هۆک بە دووربن.

جڵەوکردنی مەلاریا واتای جڵەوکردنی کۆمۆنیزم و بڵاوبوونەوەی دیموکراسیبوو_بیرۆکەی "مەلاریا پێشکەوتن ڕادەگرێت" ئەمە واتای جیاوازیبوو لە بوون بە هاوچەرخ و گەشەکردنی ئابووری یان هەژاربوون، چەقین لە نەریتدا_باوبوو.

پاوڵ ڕۆسێل پسپۆڕی مەلاریا بە کورتی داینا: مەلاریا یارمەتیدا "بۆ ئەوەی کۆمەڵگە تووشببێت بە میکرۆبی سیاسی کە دەتوانێت ئازادی پەکبخات و لەناوییبات."

پزیشکی زیندەیی بۆ هەندێک، وەکو واڵش ماکدێرمۆت شارەزای ئەمریکی سیل، کلیلی پێشکەوتنی جیهانی هاوچەرخبوو.

"ئامانجی پزیشکی زیندەیی لە گەشەی نێودەوڵەتی، یان هاوچەرخکردنی ئامانجدار، گۆڕینی شێوازی نەخۆشیە لە کۆمەڵگەیەکی فرە نەریت بۆ شێوەیەک لە نەخۆشی کە وەکو بەربەستێکی سەرەکی کارنەکات لە بەرامبەر هەوڵەکانی نوێگەری."

بۆیە گەشبینی لە دەورەی جڵەوکردنی مەلاریا کۆبووەوە کاتێک ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) بڕیاریدا بە ڕیشەکێشکردن.

مەلاریا بوو بە نموونەی بنەڕەتی نەخۆشی خولگەیی، هەروەها بوو بە ئەو نەخۆشیەی کە پێناسەی ئەو سەردەمە پڕ لە شانازی و گەشبینیەی دەکرد. بە هۆی ئەو پێشکەوتە زۆرانەی زیندەزانی بە تایبەت دژەزیندەییەکان و مێروکوژی DDT، وا دەردەکەوت کاتی ئەوە هاتبێت کە بیر لە ڕزگارکردنی جیهان لە هەندێک نەخۆشی بکرێتەوە. ئەمە ئەو کەشە بوو کە تێیدا شارەزای نەخۆشیە درمیەکان تێ ئایدن کۆکبێرن لە گۆڤاری لە گۆڤاری Sience لە ساڵی ١٩٦١ بانگەشەیکرد کە گوتی:

"دەتوانین بە متمانەوە بڕوانین بۆ ئاستێکی بەرچاو لە ئازادی لە نەخۆشیە درمییەکاندا، لە کاتێک کە زۆر دوور نییە لە داهاتوودا."

مەلاریا بوو بە بەربژێرێکی سروشتی بۆ ڕیشەکێشکردن. زانینی زیاترو زیاتر دەربارەی هەردوو شێوازی زاوزێی مێشوولە و ئەو جۆرانەی کە مەلاریا دەگوازنەوە، بوونی نموونەی هێزی ڕیشەکێشکردن لە بەڕازیل، هەروەها پڕچەکبوون بە هۆکارێک کە ئەندازەکرابوو بۆ مێشوولەکان، هەموو ئەمانە کۆبوونەوە لە ئەو تەوژمە بەهێزەی پاش

جەنـگ بـۆ نێـو جیهـانی تـازە پێشـکەوتوو، و زیـادکردن دەستدرێژییەکی بێوێنە بۆ سەر مەلاریا.

هەروەهـا ئەوە گرنگبـوو لە سـاڵی ١٩٥٥، کە ڕێکخـراوی تەندروسـتی جیهـانی(WHO) بە فەرمـی بەرنـامەی ڕیشەکێشـکردنی مەلاریـا(MEP) ڕاگەیانـد. بەڵام ڕژێمـی بەڕێـوەبەرایەتی تەندروسـتی جیهـانی زۆر لە ئەوە بچوکتربوو کە ئەمڕۆ هەیە؛ ژمارەی شـارەزایان بە نزیکەیـی کەمبـوو، زۆربەیـان هـاوبیربوون، کە زۆربەیـان ئەنـدامی لیـژنەی شـارەزایانی بـواری مەلاریـابوون لە ڕێکخـراوی تەندروسـتی جیهـانی(WHO). گرۆیەکـی زۆر بچـوک بڕیاریانـدا مەلاریا بنبڕبکەن لە ڕیگەی پرژانـدنی جێمـاوەی نێومالّی مێروکوژی DDT.

لایەنە سەرەکیەکان بریتیبوون لە ڕێکخراوی تەندروسـتی جیهـانی(who) و حکـومەتە بەخشـەرەکانی وەکـو ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا؛ هەروەهـا ڕێکخراوەکـانی وەکـو یونیسـێف ڕۆڵـی گرنگـی پشـتگیریان هەبـوو. سـەرچاوەی دارایـی بە زۆری لە لایەن ئەمریکـا و بریکـاری نەتەوە یەکگرتووەکـانی وەکـو یونسـێف دابینـدەکرا؛ هەروەهـا حکـومەتە ناوخۆییەکـان ئەوەی کە مـاوەتەوە لە ئەسـتۆیان دەگرت. زۆر جار بەفیڕۆدانێکی گەورەبوو بۆ دەستکەوتێک کە زۆر جار کەمبوو.

ئەو متمانەیەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(who) بە بەرنـامەی(MEP) هەیبـوو، دەرکەوت، کە لە جـێگەی خـۆی نەبووە. لە ماوەی چواردە ساڵەی تەمەنی (MEP)، مەلاریا زۆر ئاستەنگترە بۆ ڕیشەکێشکردن لە کردەدا وەکو ئەوەی کە لە بیـردۆزەدا ئامـاژەی بـۆ کرابـوو. دوای هەنـدێک

سەرکەوتنی پێشوەختە لە شوێنەکانی وەکو ڤەنزوێلا، لە ماوەی دەیەیەکدا بەرنامەکە لە ئەفریقا دەشڵۆقێت. جگە لە چەند پرۆژەیەکی نمایشکاری کەم، تەنانەت هەوڵی ڕزگارکردنی کیشوەرکە لە مەلاریا نەدرا.

ژێرخانی تەندروستی زۆر لاوازبوو و کێشەکەش زۆر گەورە؛ کەواتە ڕیشەکێشکردن ئەستەم دەبێت لە کیشوەرەکە. بۆیە کەس هەوڵی بۆ نەدا.

لە هیندستان بۆ ڕووبەری تەواوی وڵاتەکە، تەنها بوونی دەستەیەکی ناکارای ١٥٠ هەزار کەسی، و نەبوونی چاودێری تەندروستی بنەڕەتی لە تەواوی زۆربەی وڵاتەکەدا، هەروەها کێشەی گەشەسەندووی بەرهەڵستی مێشوولە بۆ مێروکوژی DDT هەموویان کۆبوونەوە بۆ ئەو دەرئەنجامەی کە ڕیشەکێشکردن ئەستەمبێت.

لە شوێنەکانی دیکە، وەکو بەڕازیل، تەوژمی ڕیشەکێشکردن لەگەڵ بەرنامەیەکی کارکردەی پێشتر بۆ جڵەوکردنی مەلاریا بەریەککەوتن، بەڵام سەرکردایەتی تەندروستی جیهان لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(who)، ڕێکخراوی تەندروستی وڵاتە ئەمریکیەکان و ویلایەتە ئەمریکیەکان وەکو گەورە بەخشەری سەرەکی هەر دەستیان بە بەرنامەکە مایەوە.

لە بەڕازیل و مەکسیک کە کەم تا زۆر ناچاربوون ڕیشەکێشکردن پەسەندبکەن، سەرکەوتنی سەرەتایی لەگەڵ بەرنامەکە شکستەکانی کۆتایی لە گەڵدا هات: MEP کشایەوە و بەدڵنیاییەوە (مێشوولەکان، گەڕانەوە) ئەوان بە بەرگرییەکی زۆر کەم و هیچ بەرنامەیەکی جڵەوکردنی مەلاریا جێهێڵدران. دواتر بەرهەڵستی هات: سەرەتا تا ساڵی

١٩٦٩ پەنجـــا و شـــەش جـــۆری مێشـــوولە پەرەێـــان بە بەرهەڵستیدابوو بۆ DDT؛ دواتر لە ئەنجامی دەرمان پێدانی بێ باکانەی بەرفراوان مەلاریای بەرهەڵستیکاری دەرمان پەرەیسەند بە تایبەت بەرهەڵستکاری دەرمانی کلۆرۆکوین. MEP هەنـــدێک ســـەرکەوتنی بەدەســـتهێنا. مەلاریـــا ٪٣٩ کەمبـــووەوە لە ئەو وڵاتـــانی کە ناویـــان لە بەرنـــامەکەدا تۆمـــارکرابوو، بەشـــێک لە وڵاتـــانی دەریـــای کـــاریبی و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا لە مەلاریا پاکبوونەوە.

هێشـــتا، لە ســـاڵی ١٩٦٩ کە ڕونبـــووەوە بەرنـــامەکە کارناکات، ڕێکخراوی تەندروستی جیهان(who) بەرنامەکی داخست.

بە چـــڕی ســـەرنجی خســـتنە ســـەر یەک چارەســـەری تەکنەلـــۆژی بـــۆ کێشـــەی مەلاریـــا و لە هەمـــان کاتـــدا پشتگوێخســـتنی چوارچێـــوەی سیاســـی و کـــۆمەڵایەتی نەخۆشیەکە، زیادبوونی نیگەرانیەکان دەربارەی سەلامەتی مێروکـــــوژیDDT، بە تـــــایبەت دوای بڵاوبـــــوونەوەی پەرتـــووکەکەی ڕاچـــڵ کارســـۆن Silent spring؛ و بەرهەڵستی بۆ مێروکوژ و دەرمانی دژە مەلاریا، نەبوونی پابەنـــدبوونی دارایی_هەمـــوو ئەمـــانە یارمەتیـــدەرن بـــۆ ڕوونکردنەوەی شکستی (MEP).

لە ساڵی ١٩٦٠ بە دواوە مەلاریا گەڕانەوەیەکی ترسناکی ئەنجامدا. لە هەندێک شوێن کە بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو هەبـوو لە دۆسـیەی مەلاریـا، وەکـو هیندسـتان و بەڕازیـل، سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوە هەبوو.

لە ســـەرەتای ســـاڵانی دەیەی ١٩٦٠ هیندســـتان لە ژێـــر باری سەد هەزار حاڵەتی توشبوون بوو؛ تاکو ساڵی ١٩٦٥

به ڕێژەی ١٥٠٪ بەرزبووەوە، بە زۆری بەهۆی چاودێری و بەدواچوونی بێ کاریگەر لە ئەو ناوچانەی کە ژێرخانی تەندروستیان لاواز بوو؛ هەروەها سەرچاوەی باوەڕپێنەکراوی DDT بوونی بەرهەڵستی، دەستیان لە ڕوداوەکاندا هەبوو.

لە ئەفریقا کە مەلاریا هەرگیز لە ژێر جڵەودانەبووە، بارودۆخەکە لە زامبیا و سویزلاند خراپتربوو، مەلاریا دەرپەڕی بە هۆی پێشکەوتنی نوێی کشتوکاڵی، HIV\ئایدز، زیادبوونی هەژاری، و خورانەوەی کاریگەری مێروکوژەکان و دەرمانی دژە مەلاریا. زیادبوونی جووڵەی دانیشتوان و ژێرخانێکی تەندروستی پەککەوتوو کێشەکەی قورسترکرد.

شێوازەکانی گەشەی ئابووری جیهانی بووە هۆی گەشەسەندنی نایەکسانی ئابووری، بوونی قەرزی گەورە (ئەمەش سەرچاوەی کەمتری بۆ بەرەنگابوونەوەی مەلاریا و نەخۆشییەکانی دیکە هێشتەوە).

دووبارە سەرهەڵدانەوەی مەلاریا ڕێبازێکی دیکەی جیهانی بۆ جڵەوکردنی نەخۆشییەکە بە دوادا هات، بەرنامەی پاڵپشتیکراو لە لایەن_بانکی نێودەوڵەتی_بەرەنگاربوونەوەی مەلاریا لە ساڵی ١٩٨٨ دەستپێکرد، بەرپەرچدانەوەی مەلاریا، کۆبووەوە لەگەڵ دەرماڵەی سندوقی جیهانی بۆ ئایدز و سیل و مەلاریا یارمەتیدا بۆ ڕاکێشانی سەرنجەکان بۆ لای نەخۆشییەکە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دەرماڵەی بەرنامەکە هەندێک زیادبکات. هێشتا مەلاریا بەرەوپێش شەپۆلی دەدا. لە کاتێکدا کە سەرنجی نەدەخستەسەر ڕیشەکێشکردن، و ئەفریقای لەخۆ دەگرت، بەڵام بەرپەرچدانەوەی مەلاریا لە چەند

ڕوویەکی گرنگ وێنەدانەوەی MEP بوو: هیچ هەژمارێک نەکرابوو بۆ ئەوەی کە هۆکاری دووبارە سەرهەڵدانەوەی حاڵەتەکان چی بوو؛ بەرنامەکە لە ئەو شوێنانەی کە ژێرخانی تەندروستیان لاوازبوو بەکارخرابوو؛ هەروەها هەوڵەکان لەگەڵ کارەکانی دیکەی گەشەپێدان هەماهەنگیان نەبوو؛ دووبارە لە هەژماربۆکردنی بارودۆخە ناوخۆیەکان شکستیهێنا.

لە کاتێکدا تۆڕی نووستنی چارەکراو بە مێروکوژ، کە تەکنەلۆژیای سەرەکی بەرنامەکەبوو، لە زۆر شوێندا کاری باشی کردبوو_کە WHO بانگەشەی ئەوەی دەکرد، ئەوان بەرپرسن لە کەمکردنەوەی ڕێژەی مەلاریا بۆ نیوە لە ئەفریقا لە ساڵی ٢٠٠٠، هەروەها تۆڕەکە بە شێوەیەکی بەرفراوان، وەکو تۆڕی ڕاوەماسی لە نایجیریا و مۆزانبیق و لە شوێنی دیکە بەکاردەهێنرا. لە پێدانی بژاردەی ڕاوەماسی بۆ خواردن یان بەکارهێنانی تۆڕەکان بۆ مەبەستی دیاریکراوی خۆی، ملیۆنەها خواردن هەڵدەبژێرن. زیادبوونی ڕاوەماسی کاریگەری خراپی لەسەر سامانی ماسی هەبوو.

تەکنەلۆژیاکە ئەندازە کرابوو بۆ یارمەتیدانی خەڵکی لەخۆ دوورگرتن لە مەلاریا لە جیاتی ئەوە بۆ خۆ بەدوورگرتن لە برسێتی بەکارهێنرا، بەڵام لە پرۆسەکەدا ڕاوکردنی ماسی زیادەڕۆ ئەنجامەکان دەبات بەرەو خستنە مەترسی ئەو سەرچاوەی خۆراکەی کە پشتیان پێ دەبەست.

٤. لە سەرانسەری جیهان لە ماوەی سالانی دەیەی ١٩٥٠، هەلمەتی ڕیشەکێشکردنی مەلاریای ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) بە باشی بانگەشەی بۆ کرابوو لە ڕیگەی

پــولی یادگــاری و پۆســتەر (وەکــو ئەوەی کە لە ئێــرە هەیە)، هەڵمەتی ڕادیۆ، و شێوازەکانی دیکەی بانگەشەکردن.

هیچ کام لە ئەو بەرنامـانە سەرنجیان نە خستەسـەر ئەو بارودۆخــانەی کە لە ســەرەتاوە بــوونە هــۆی دەرکەوتنــی مەلاریــا. بــۆ نمــوونە ئێســتا دامەزراوەی گەیــتس زۆربەی پارەکەی بۆ پەرەپێدانی ڤاکسـین ئاراستە دەکات؛ هەروەهـا دامەزراوەکە ئــــارەزووی ڕیشەکێشــــکردنی دووبــــارە زینــدووکردەوە. لە مــانگی ئایــاری ٢٠١٥ لە ئەنجــومەنی تەندروســـــتی جیهـــــانی، ڕێکخــــراوی تەندروســـــتی جیهانی(WHO) خۆی دووبارە پەیوەستکرد بە لەناوبردنی مەلاریـا. بە تەنهـا سـەرنج خستنەسـەر یەک نەخۆشـی_هەر چەنــــدە جیهـــان خــــۆزگەی بە لەنـــاوچوونی مەلاریـــا خواستبێت_لەوانەیە بەرنامەکە لێکەوتی خراپی هەبێت.

بــۆ نمــوونە، هەر چەنــدە لە کەمکــردنەوەی مەلاریــا لە شــوێنەکانی وەک زامبیـا کە لە هەڵکشـاندابووە سـەرکەوتن بەدەســـتهاتووە، بەڵام لە ئەم دواییــانەدا مشــتومڕی ئەوە کراوە کە ئەم سەرکەوتنە لەسەر حسابی جۆرەکـانی دیـکەی دەسـتێوەردانە تەندروسـتیەکان بـووە. سـەرنج خستنەسـەر نەخۆشـییەکی تـاک وەک مەلاریا دەتوانێت سـەرچاوەکان لە ئەو بەرنامانە دوور بخاتەوە کە جەخت لەسەر تەندروستی گشتی کۆمەڵ دەکەنەوە.

یەکێک لە گەورەترین هەڕەشەکان بۆ جڵەوکردنی مەلاریا بەرهەڵســتی دەرمــانە. لە کاتێکــدا کە بەرهەڵســتی ببــووە جــێگەی نیگەرانــی لە کــاتی ســەرهەڵدانی دژە مەلاریــا و مێروکوژەکان، کێشەکە گەشەی کردووە لە کاتێکدا لە پێگەی

کەمکراوەتەوە یان کێشە زیاتر هەنوکەییەکان ڕکێفیان بە سەردا کێشاوە.

ئێستا ئارتەمیسین، کاریگەرترین دژە مەلاریای درێژماوە، کەم و کەمتر بەکەڵک دەبێت. لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک بەرهەڵستی ئارتەمیسین هاتە کەمبۆدیا؛ لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ مەلاریا ڤاڵسیپارومی بەرهەڵستیکاری دەرمان ١٥٠٠ میل بڵاو بووەوە لە ڕێگەی کۆچکردنی مرۆڤ و هەڵگرەکانەوە بۆ سنووری نێوان هیندستان و میانمار. ئەگەر مەلاریای بەرهەڵستیکاری ئارتەمیسیۆن بگات بە ئەفریقا، ئەوە ئەنجامەکان کارەساتبار دەبن.

دۆزینەوەی چارەسەرێکی تەکنەلۆژی بۆ کێشەی مەلاریا، جا تۆڕی نووستن بێت یان دەرمانی کاریگەرتر، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە خەونی جڵەوکردنی مەلاریا بووە، هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە؛ مەلاریا خاڵی ناوەندە لە دڵی ئینجیلی جڵەوکردندا، تێهەڵچوونەوەکە ئاشکرایە، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستدا وا دەردەکەوت هەموو پارچەکان لە جێی خۆی بێت بۆ گەیشتن بە ئەو ئامانجەی کە زۆر ئاسانتر دیاربوو جڵەوکردنی هەڵگر لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە لە جیاتی بڕیاردانی دروست بۆ جڵەوکردن، یان هێورکردنەوە، ئەو بارودۆخانەی کە یارمەتی سەرهەڵدانی مەلاریا دەدات لە سەرەتادا.

بەشی چوارەم

کۆلێرا

نەخۆشیەکی ترسناکە بڵاودەبێتەوە و دروستدەبێت بە خواردنەوەی ئاوی پیسبوو بە پاشەڕۆی مرۆڤی توشبوو.

نیشانەکانی_پێستی زەردی، بزڕکاو، ڕووخسارێکی خۆڵەمێشی و تارمایی ئاسا؛ فڕکاندنی خێرا و زۆرجار کوشندەی هەموو شلەکانی لەش_لەناکاون و خێرا دەردەکەون دوای توشبوون بە بەکتریای ڤیبریۆ کۆلێرا. بۆ چەندین سەدە کەس نەیدەزانی چۆن چارەسەری بکات پاشان لە ساڵانی دەیەی ١٩٦٠ تویژەرانی پزیشکی و پزیشکان کە لە بەنگلادیش کاریان دەکرد دیاریانکرد کە تێکەڵەی خوێ، شەکر، و ئاو دەتوانێت جێگەی ئەو شلانەی کە بەهۆی نەخۆشیەکەوە لەدەستچووە بگرێتەوە و (سکچوون بە گشتی). چارەسەری ئاو پێدانەوە لە ڕێگەی دەم لە ئەو کاتەوە ملیۆنان ژیانی ڕزگارکردووە.

هەر چەنـــدە نەخۆشـــی کـــۆلێرا بە لایەنـــی کەمەوە لە ســـەدەی هەژدەوە لە هیندســـتان بـــوونی هەبـــووە، بەڵام بڵاوەپەتـای سـاڵی ١٨١٧ بەهـۆی قەبـارە و توندیەکەیەوە، بە شـێوەیەکی ئاسـایی بە سـەرەتای مێـژووی کـۆلێرا وەک نەخۆشـیەکی پانەپەتـا دادەنرێـت. لە ئەو کـاتەوە حەوت بڵاوەپەتای کۆلێرا بە زەویدا بڵاوبوونەتەوە. شەشـی یەکەم ئەوەی پێی دەگوترێت "کۆلێرای کلاسیک" (V. cholerae O1) بـوون. لە کۆتایدا هەریەک لە ئەو شەشـە کەمبوونەوە و کۆلێرا بەرەو باشووری ئاسیا کشایەوە. بۆ ماوەی سـی و هەشـت سـاڵ لە نێـوان سـاڵانی ١٩٢٣ تـا ١٩٦١ پانەپەتـای کـۆلێرا نەمـا. پاشـان لەبەر چەنـد هۆکارێـک کە هێشـتا نەزانـراوە، جـۆرێ زینـدەیی ئەل تۆر_نـاونراوە بە نـاوی شـوێنی دۆزینەوەکەی لە میسر_دەسـتیکرد بە جێگرتنەوەی کۆلێرای کلاسیک، حەوتەمـین پانەپەتـای بەردەوامـی کـۆلێرا دەسـتپێکرد.کۆلێرا بە پـێچەوانەی سـیل، بەشـێک نەبـوو لە ژیـانی ڕۆژانە؛ لە بـارودۆخێکی نادیـاردا دەرکەوت، بە بـێ ئاگـــــــــادارکردنەوە، لە ڕۆژهەڵات، لە ئەو ڕۆژهەڵاتەی کە بەردەوام نـــامۆیی و تـــرس و کیـــنە بەرامـــبەری لە زیادبووندابوو.

کۆلێرا هۆکار و چارەسەرەکەی نەزانراوبوو. جا کە بـوو بە نەخۆشیەکی شارنشینانی هەژار و کۆچبەرانی هیندسـتان و شوێنانی تر، بووە هێما بۆ پیسـی و کۆنەپەرسـتی. کۆلێرا نیگەرانیەکـانی ئاشـکراکرد، و دابەشـکاریە قوولەکـانی نێـو پزیشـکی دەرخسـت، و نایەکسـانی کـۆمەڵایەتی و ئـابووری هەڵمـاڵی لە شـوێنەکانی وەک پـاریس و لەنـدەن و ناپـل و هامبورگ.

لە کاتێکدا هەندێک بابەتی هاوبەش لە نێوانیان هەیە، وەکو مشتومڕ لەسەر هۆ و چارەسەرەکانی، ترس لە نیشانە و کاریگەرییەکانی، بەڵام لە هەر جۆرە پانەپەتایەکی کۆلێرا جیاوازبووە. ئەو پانەپەتایەی لە بەریتانیا لە ساڵی ١٨٣١-١٨٣٢ زۆر کەمتر توندبوو بەراورد بە ١٨٤٨-١٨٤٩، دوو ئەوەندە کەس لە ئەوەی دواییدا گیانیان لەدەستدا، بەڵام کاردانەوەی کۆمەڵگە بەرامبەری زۆر کەمتر هەستکردن بوو بە ترس. حەوتەمین پانەپەتا کە ئێمە لە ناوەڕاستیداین ئەوروپای بە سەلامەت جێهێشت، کە لە ساڵی ١٩١١ کۆلێرای تێدا دەرنەکەوتووەتەوە. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠ ڕێگەی بۆ هایتی کردەوە، کە لە ئەوێ بۆ ماوەی سەدەیەک بوو تێیدا نەبینرابوو.

THE KIND OF "ASSISTED EMIGRANT" WE CAN NOT AFFORD TO ADMIT.

٥. ترس لە بێگانەکان گەشتە لوتکە لە ماوەی بڵاوەپەتاکانی کۆلێرا. ئەم کاریکاتێرەی ساڵی ١٨٨٣ کەشتیەکی کۆچبەران پیشاندەدات کە کۆلێرا بۆ کەنارەکانی ئەمریکا دەهێنن.

ئەفریقــا، کە ڕووبەڕووی کــۆلێرای تونــد نەببــووەوە تــا چوارەم پەتای ساڵی ١٨٦٥، ئێستا لە هەموو شـوێنێک زیـاتر دووچاری کۆلێرا دەبێت.

بوونی کۆلێرا لە شـوێنێکدا و نەبوونی لە یەکێکی تر، بـۆ هەندێک لە چاودێران، جیاوازی بنەڕەتـی دەرخسـت لە نێوان پــاک و هـــاوچەرخ، پــیس و دواکەوتـــوو. نووســـەرێکی فەڕەنسـی، ئامـاژەی بە ئەوە کرد، کە وا دیـاربوو بـۆ ئەو کە نەخۆشیەکە داگیرکاری بەربەرییە لە هیندسـتانەوە، لە سـاڵی ١٨٣٢ نووسـیویەتی "هۆکـار هەیە بیـر لە ئەوە بکـرێتەوە کە ئەگەر خەڵکی کەنارەکـانی ڕوبـاری گـانج شانسـی ئەوەیـان هەبووایە کە لە ژێر سایەی حکومەتە ئازادەکاندا ژیابان ئەوا ئەو پەتایانەیـان ڕامـدەکرد کە ڕووبارەکەیـان دەیڕشـێنێتەوە بۆ ژەهراویکردنی بەشـەکانی دیکەی زەوی. بـازوی ئـازادی ئەو دڕنــدە پیســانە لە ســەرچاوەکەی خۆیــانەوە کۆتــایی دەهێنێت."

کـۆلێرا هێمـای دەکـرد کە گـۆی زەوی بچـووکتر و زیـاتر پێک بەستراو دەبێت، چونکە ئێسـتا سـنوورەکانی بە ئاسـانی لە لایەن نەخۆشـیەکانەوە دەبـڕدرێن. نـوێنەری فەرەنسـا بـۆ کۆنفرانسـی تەندروسـتی نێودەوڵەتی سـاڵی ١٨٥١ ئامـاژەی کرد:

بـۆ ئێسـتا، پەیوەنـدیەکانی نێـوان خەڵکی بـۆ زیـاد بـکە، ئەمـڕۆ بە ژمـارە و خێرایـی زیـاتر و زیـاتر؛ دەریـاوانی بە کەشتی هەڵم، هێڵی شـەمەندەفەر، لە سـەرووی ئەوانەوە ئەم مەیلـــی دڵخۆشـــانەی دانیشـــتوان بـــۆ ســـەردانی یەکتـــر، تێکەڵبـوون، یەکگـرتن، مەیلێـک کە وا دیـارە خەڵکی جیـاواز دەکات بە خێزانێکی تەنها و گەورە. تۆ ناچـار دەبیت دان بە

هەمان شتدا بنێیت بۆ نەخۆشیەکی وەها، بەو جۆرە بەربڵاو و لەو بارودۆخـــانەدا، گەمـــارۆدان و دابڕانـــدن نەک هەر بێدەســـــەڵات و بێســـــوودن، بەڵکـــو لە زۆربەی زۆری حاڵەتەکاندا، ئەستەمن."

لە کوێوە کۆلێرا هاتووە؟ دەستپێک لە سەرەتای دەیەی ١٨٣٠، زۆرینەیان وای بۆ دەچوون کە وەڵامەکە بریتییە لە هیندستان_بەنگاڵ بە تایبەت ئاسیا بە شێوەیەکی فراوانتر. توێژینەوە بۆ مێژووی سروشتی کۆلێرا لەم ساڵانەی دواییدا بنەچەی کولێرای کەمتر دڵنیا هێشتەوە_بە هۆی سروشتی خۆ گۆڕی، هاوشێوەبوونی نیشانە و دەرکەوتنی بۆ زۆرێک لە نەخۆشییەکانی دیکەی کۆئەندامی هەرس، ناسەقامگیری جینۆمی و توانای گەشانەوەی لە ژینگەی ئاویدا_لە سەر ئاستی جیهان پێشنیاری ئەوە دەکات کە کۆلێرای ئاسیا، ئەوەندە بە دڵنیایەوە لە سەدەی نۆزدە دەستنیشانکراوە لەوانەیە بە تەواوەتی ئاسیایی نەبێت.

ئەمەش ئەگەری ئەوە دەکاتەوە کە ئەو پەتا هاوشێوانەی کۆلێرا لە ئەوروپا پێش ساڵی ١٨١٧ لە ڕاستیدا کۆلێرابوون. ئەگەرێک لە سەدەی نۆزدەدا فەراموشکرا لە لایەن ئەوانەی کە نەیاندەتوانی وێنای کۆلێرا بکەن جگە لە وێناکردنی وەکو نەخۆشیەکی هیندی.

هاوەڵی هیندستان لەگەڵ کۆلێرا بۆ هەمیشە ئەو وڵاتەی نەنگ کرد.

لەبەر ئەو هۆکـــــــارانەی کە بە تەواوەتـــــــی ڕوون نین_لەوانەیە ئەمە چەشنێکی نوێ بووبێت؛ لەوانەیە دەیان ســـاڵ تێپەڕبووبێـــت کە کـــۆلێرا لە هیندســـتان ســـەری هەڵدابێت_نەخۆشییەکە بە تایبەت لە ساڵی ١٨١٧ توندبوو،

بە هــۆی ئەوەوە دوان لە پزیشــکانی کۆمپانیــای هینــدی ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٨١٩ ئاوا وەسفی دەکەن: "ترسناکترین و کوشندەترین نەخۆشی" کە "لە سەردەمەکانی هاوچەرخدا لە هیندستانی داوە" لە کاتێکدا بە پێی مەودای خەمڵاندنەکان، لە نێــوان ســاڵانی ١٨١٧ و ١٨٣١ کــۆلێرا بە ئەگەری زۆر ملیۆنەهــا هینــدی کوشــتووە، کە زۆربەیــان خەڵکــی لادێــی هەژار و کەم خۆراکبــوون. کــۆلێرا لە هەمــوو کیشــوەرەکە بڵاوبووەوە، بەڵام بەنگاڵ لە هەمووی خراپتر لێیدرا.

کۆلێرا زیاتربوو لە هێمایەک بۆ جیاوازی یان جیهانێکی پێکەوە بەستراو. بەڵکو لە ڕاستیدا بوونی هەبوو. گەیشتنی سەیر و کتوپڕ بۆ ئەوروپا لە ساڵی ١٨٣١ زۆرێکی خستە نێو ترس و تۆقینەوە؛ بۆ هەندێک ئاماژەی هاتنی تاعوونێکی نــوێی کــرد. هەنــدێک کەس هەڵهــاتن، هەروەک چــۆن ئەنجامیاندا لە کاتی بڵاوەپەتای تاعووندا، ئەوانی تر مانەوە. ترس لە کۆلێرا لە هەندێک کاتدا گونجاو نەبوو لە بەرامبەر هەڕەشەی ڕاستەقینە. لە ساڵی ١٨٣١، کە کۆلێرا لە ڕووسیا ڕێگەی بۆ خۆی خۆشکرد، ئینگلیزە نیگەرانەکان چاوەڕێی گەیشتنی کۆلێرایان دەکرد.

ڕۆژنــامە، نــامیلکە و دەنگــۆ و تــرس لە نەخۆشــیەکەیان بڵاوکــردەوە. بەڵام دکتــۆر جەیمــس جۆنســن سەرنووســەری گۆڤــاری Medico-Chirurgical Review، لە نامەیەکدا بۆ تایمز ڕۆژنامەکەی ئاگادارکردەوە: "هیچ گومانێک نابێت کە نەخۆشــی ترســناکی تــۆقین لە کــۆلێرا لە ئەم ســاتەدا دەقلیشــێتەوە، بە شــێوەیەکی پەتــایی، لە هەمــوو شــوێنێکی دورگەکانی بەریتانیا. تۆقین لە کۆلێرا بەریتانیەکان تا مردن

دەترسێنێت بە ژمارەیەکی زۆر گەورەتر لە لەناوچوون بە بوونی ڕاستەقینەی خودی نەخۆشیەکە.

بینینی بەڵگە لەسەر کاریگەریە تێکدەرەکانی کە لە ڕووسیا بەرەو بەریتانیای گەورە بەڕێکەوت، نووسەرێکی ترساو لە گۆڤاری Quarterly Review هۆشداریدا:

ئێمە لە ڕۆژانی خۆماندا شاهیدی لەدایکبوونی درمێکی نوێ بووین، کە لە ماوەی کورتی چواردە ساڵدا، باشترین بەشەکانی جیهانی وێرانکرد، و بە لایەنی کەمەوە پەنجا ملیۆن لە ڕەگەزەکەمانی لەناوبرد. ئەو ڤایرۆسە لەگەڵ هەموو جۆرە کەش و هەوایەک دەستو پەنجەی نەرمبووە، بەسەر هەموو بەربەستێکی سروشتیدا سەرکەوتووە، هەموو خەڵکێکی بەزاندووە.

هەروەها وەک گڕەبایەک نەبوو، کە گڕ لە ژیان بەربدات، پاشان دوربکەوێتەوە؛ کۆلێرا، وەک ئاوڵە یان تاعوون نییە، ڕەگ لە ئەو خاکەدا دادەنێت کە بۆ هەر جارێک دەستی پێبگات.

لە بەریتانیا، لە ساڵی ١٨٣٢، لە چەندین ناوچە ئاژاوە هەڵگیرسا، کە هات لە پاشینەی چەندین ڕووداوی دزیکردن لە گۆڕ کە زۆر بڵاوکرایەوە، هەروەها یەکێک لە ترسناک و زۆر باسکراوترین ڕوداوی کوشتن بۆ دەستکەوتنی لاشە، خەڵکی تووڕەیی خۆیان ئاراستەی پزیشکەکان کرد کە گومانیان لە ژهەراویکردنی هەزاران هەبوو لە هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی لاشە بۆ وانەکانی توێکاری قوتابخانەی پزیشکی. لە فەرەنسا هەندێک نیگەرانبوون لە ئەوەی کە دەوڵەمەندەکان پیلانیان بۆ ئەوە دارشتووە کە هەزارانی توشبوو بە کۆلێرا لە کۆڵبکەنەوە.

کۆلێرا کولتووری باڵاو زیندووی ڕۆژئاوای هێنایە بەر گومان: چۆن نەخۆشیەک لە ڕۆژهەڵاتی سەرەتایی و دواکەوتووەوە هێزی ئەوەی هەیە ڕۆژئاوای هاوچەرخ و پێشکەوتوو کەنەفت بکات؟ کۆلێرا بارودۆخی ژیانی ترسناکی ئاشکراکرد لە شارە پێشکەوتووەکانی ئەوروپای خێرابوو بە پیشەسازی، لەوانەیە زۆرێک لەو شتانەی کە ئەوروپا هاوچەرخ دەکات هەر ئەو شتانە بوون کە بوونە هۆی کۆلێرا؟گومڕاکەربێت یان نا، ترس گرنگە. کاتێک کۆلێرا لە ناپل دەرکەوت لە ساڵی ١٩١١، دەوڵەتی ئیتالیا زۆر ترسی لە دەرئەنجامە شاراوەکانی هەبوو؛ کەمکردنەوە یان کەنەفتکردنی بازرگانی و گەشتیاری؛ سنووردارکردنی کۆچکردن؛ ئەو تێڕوانینەی کە ئیتالیا بەشێک نیە لە جیهانی هاوچەرخ و تەندروست بۆیە هەواڵی پەتاکەی لە جیهانی دەرەوە شاردبووەوە.هەندێک لە نهێنیەکانی کۆلێرا، نهێنی گەلێک کە سنووردارنەبوون بە کۆلێرا زۆربەی سەدەی نۆزدەی لەگەڵ خۆی برد بۆ وەڵامدانەوە و گفتوگۆکردن، نهێنیەکانی کۆلێرا ماوەی سەدەیەکی خایاند.

لەو کاتەوەی هەموو کەس بە یەکسانی کۆلێرای نە دەچەشت، زۆرێک سەرسامبوون کە بۆچی هەندێک کۆلێرایان گرت و ئەوانی تر نا. ئایا درم بوو، وەک زۆرێک لە ساڵانی ١٨٣٠ باوەڕیان وابوو کە ئاوڵە و تاعوون وابوون؟ ئایا هەڵاوی بۆگەن بووە هۆی؟ یان تێکەڵەیەکبوو لە ئەو دووانە؟ بە شێوەیەکی گشتی درمبوون بە واتای پشتگیریکردنی ئەو جۆرە ڕێکارانەبوو وەک دابڕاندن.

ئەوانەی باوەڕیان بە هەڵای بۆگەن بوو دابڕاندن بەلای ئەوانە بێسوودبوو؛ ئەوە خەڵک نەبوو کە نەخۆشییەکەیان

دەگواســـتەوە، بەڵكــو هەڵقــوڵانی بــۆگەنی نــاوچەكەبوو، ســەوزەی گەنیـو و پاشــەڕۆی ئـاژەڵی لە خـاك و ئەو هەوا بۆگەنەی كە بەرهەمیان هێناوە. هیـچ دابەشـكردنێكی تونـد لە نێــوان هەردوو بیــردۆزەكەدا نەبــوو. هەر چەنــدە، هێنــانە پێشەوەی بیردۆزێكی دروسـت ئاستەنگبوو، چونكە بنەمـای شیكاری كەم هەبوو بۆ هەڵبژاردنـی هەنـدێك لە زانیاریەكـان نەك ئەوانی تر؛ زۆربەی حەزیـان دەكرد بـاوەڕبكەن بە هەر شتێك كە گونجاوبێت لەگەڵ بیردۆزەكەیان.

نووســـەرێك لە گۆڤــاری The lancet شـــتەكانی كـۆكردەوە و وتـی: "پێشـكەوتنی پزیشـكی، وەك زانسـتێكی هەڵهێنجــانی، دواكەوتــووە بە دروســـتكردنی بیردۆزەیـــی گریمـانەیی، یـان دانـانی بنەماگەلێـك كە بە تەواوی ڕەهـا و خەیــاڵین، هەروەهــا بە دەرهێنــانی بنەمــا گشـتییەكان یــان دەرەنجامەكان، لە ژمارەیەكی سنووورداری زانیاری."

لە كاتێكدا مشتومڕ دەربارەی ڕێگای گواستنەوەی كۆلێرا دەمەزەردبــوو و بــۆ دەیــان ســاڵی دیــكەش هەروا دەبێـت، پێویستبوو شـتێك بكرێـت لە كـورت مـاوەدا. لە ئەم ڕووەوە وا دەردەكەوت كە زۆربەی شوێنكەوتوانی بیردۆزی درم: لە دەوڵەتە ئازادیخوازەكـانی وەك ئینگلسـتان و فەرەنسـاوە تـا تاكڕەوەكـانی وەك ڕووسـیا و نەمسـا هەنگاریـا و پرووسـیا، وەڵامــدانەوەی ســـەرەتایی بریتیبـــوو لە چارەســـەركردنی نەخۆشـیەكە لەســـەر بنەمــای ئەزمــوونی مێژوویــی لەگەڵ تاعوون و سەپاندنی دابڕاندن و سنووردانان لەسەر گەشت.

دەوڵەتەكــان كــرداری ســـەپاندنیcordon sanitaire (سنووری تەندروستی)یان زیندوو كردەوە، لە هەوڵدان بۆ هێشـــتنەوەی كـــۆلێرا لە دەرەوە؛ ئەوان بەوریـــاییەوە

چاودێرییان لەسەر نەخۆشەکان و کەسە گومانلێکراوەکان هێشتەوە، جیاکردنەوەیان بە پێی پێویستبوو، ئەوان ناوچە تووشبووەکانیان داخست و بە دڵگەرمییەوە خەڵک و شتومەکیان میکرۆب کوژ دەکرد، پاکژیان دەکردنەوە و هەڵمیان لێدەدان.

کاتێک کۆلێرا لە پایزی ساڵی ١٨٣٠ لە مۆسکۆ نزیکبووەوە، ڕووسیا بەرگرییەکی بەهێزی ئامادەکرد؛ ڕێگاکان تێکدەدران، پردەکان وێراندەکران، ڕێڕەوەکان بۆ نێو شار و دەرەوەی شارەکە دادەخران. سوپا سنووردارکردنی لەسەر هاتوچۆ جێبەجێکرد؛ سەرپێچی واتای مەرگبوو. ٦٠ هەزار سەرباز دوو سەد میل سنووری ڕۆژهەڵاتیان پاسەوانی دەکرد.ئەم ڕێکارە توندانە لەگەڵ تێکەڵەیەک لە کەمتەرخەمی و ترس و هەتک و بەرهەڵستیدا کۆکرانەوە. نەخۆشخانە زۆرەملێیەکان نائارامی جەماوەریان لە مۆسکۆ و سان پیتەرسبێرگ هەڵگیرساند. لە ڤیتگرا، خەڵکە تووڕەکە ئەو نەخۆشانەیان ئازادکرد کە دژی ویستی خۆیان ڕاگیرابوون؛ ئەوان نەخۆشخانەکانیان وێرانکرد.

حکومەتە تاکڕەوەکان تەنها ڕێبازی درمییان لەخۆنەگرت، بەڵکو هەلومەرجی ناوخۆییان لەبەرچاو گرت و ڕێکارە تەندروستیە سادەکانیان گرتەبەر، زۆربەی کات ئاگادارکردنەوەی بێ زۆرەملێیان دەگرتەبەر سەبارەت بە خاوێنی کە زیاتر ئاراستەی هەژارەکان دەکران. ئەگەری ئەوەی کە کۆلێرا هۆکاری ناوخۆیی هەبێت و ئەو ڕاستیەی کە وا دیارە زیاتر ڕاوی هەژاران دەکات، پێشنیاری ئەوەی کرد کە لەوانەیە نەخۆشیەکە تەنها درمی نەبێت. زیادبوونی دوودڵی سەبارەت بە شێوازی گواستنەوەی کۆلێرا،

نارەحەتبوونی خەڵکی لە ئەو سنوورە توندانەی کە لەسەر ژیانی ڕۆژانە دانرابوون، دژایەتی کردنی توندی چینی بازرگان بۆ دابڕاندن و کاریگەریەکانی لەسەر بازرگانی بووە هۆی ئەوەی کە گۆڕانێک ڕووبدات. هەر کە دەوڵەتەکان، پزیشکەکان، هاولاتیان و بەرپرسانی تەندروستی گشتی ئەزموونی زیاتریان لەگەڵ نەخۆشیەکە بەدەستهێنا، سنووردارکردنی سەرەتایی بۆ بازرگانی و گەشتکردن بە شێوەیەک گرانبیوو، ئەستەمبوو بۆ جێبەجێکردن. زیاتر، وەک بەڵگەکان دەریانخست کە کاریگەرییان زۆر کەمە، بۆیە حکومەتەکان دەستیان شلکرد.

هەروەها، کاتێک کۆلێرا ڕۆشت بەرەو ئەوروپا بە؛درێژایی ڕێگا بازرگانیەکان، ئەو ولاتانەی کە کۆلێرا چووە نێویان پشتیان بە ئەزمونی ئەو شوێنانەی دەبەست کە پێشتر کۆلێرایان چەشتبوو. ڕووسیا، بۆ نموونە، پیشانیدا کە دابڕاندن بە ئەو شێوەیە کارناکات، هەرچەند سەرەتای کاتی لاوازبوونی یەکەم شەپۆلی کۆلێرا لە ئەوروپابوو لە ناوەڕاستی سالانی دەیەی ١٨٣٠، باوەڕ بە درم لاوازبوو. ترس لە نەخۆشییەکە، زۆر بە توندی هەستی پێدەکرا لە سالانی دەیەی ١٨٣٠، بەلام هەرگیز بە هەمان ئاست نەگەڕایەوە.

ئەمەش زۆر جیاوازبوو لە کاردانەوە بۆ کۆلێرا کاتێک لە سالانی دەیەی ١٨٤٠ و دەیەی ١٨٥٠ هاتەوە. ئەو شوێنانە وەک لۆبک و هامبورگ لە ئەڵمانیا سیاسەتی تەمبەڵیان پەیڕەوکرد. دەسەلاتداران زیاتر نیگەرانبوون دەربارەی کاریگەری سنووردارانان لەسەر بازرگانی و نائارامی خەڵکی وەک دەربارەی کۆلێرا.

بەڵام هەر کە کۆستی سەرەتایی بڵاوەپەتای یەکەم کۆتایی پێهات و نەخۆشیەکە پاشەکشەی کرد، بیرکردنەوە دەستیپێکرد. پشت بەستن بە ئەزموونی مێژوویی لەگەڵ تاعووندا سەلماندی کە بەس نیە؛ ڕوونکردنەوە و شێوازی جڵەوکردنی جێگرەوە پێویستبوو. ئەو بیرۆکەیەی کە کە کۆلێرا بە توندی نەخۆشییکی درمە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە تێپەڕدەبێت، وەلاوەنرا. هەروەها ئەو بیرۆکەیەش کە کۆلێرا بەرهەمی ژینگەی نیوخۆیبوو بە تەواوەتی ڕازیکەرنەبوو. چونکە هەموو کەس لە شوێنێکی دیاریکراودا نەیاندەگرت. هەندێک پێیان وابوو کە کۆلێرا سزای یەزدانە بۆ گەوجی و گوناە یان بەهۆی بەدڕەوشتی قوربانیەکانیەوە هێنراوە. زۆرێک دەستیان کرد بە تێبینیکردنی پەیوەندی نێوان هەژاری و کۆلێرا. لەوانەیە بارودۆخی ژیان یارمەتیدەربێت بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵگرتنی نەخۆشیەکە لە هەندێک شوێن و خەڵک.

پەیوەندی نێوان هەژاری و بڵاوەپەتا لە سەردەمی کۆلێرادا دروست نەبووە؛ هەژاری و تاعوون لە مێژە پێکەوەبەسترابوون. لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵانی دەیەی ١٨٢٠ و دەیەی ١٨٣٠ هەندێک دەستیان بە لێکۆڵینەوەی پەیوەندیەکە بە وردەکاری زیاتر کرد. توێژینەوەی ڕێنی لویس ڤیلرمێ لەسەر ئاماری دانیشتوانی پاریس لە ساڵانی دەیەی ١٨٢٠، کە باری ئابووری کەسەکە، نەک هۆکاری ژینگەیی، باری تەندروستی خراپی دانیشتوانی هەژارترین ناوچەکانی پاریس ڕوون دەکاتەوە.

ولیام فار هاوتا بەریتانیەکەی ڤیلرمێ پەیوەندی هاوشێوەی لە ناوەندەکانی شارنشینی ئینگلستان ئاشکراکرد.

کۆلێرا دەرکەوت لە ئەنجامی هەژاری لە لایەن پیشەسازی و شارنشینێتی خێراوە کە بە زۆربەی ڕۆژئاوا بڵاوببووەوە. ئەم ڕێگایە لە بیرکردنەوەدا بە ئاسانی دەتوانێت درم و هەڵاوی بۆگەن جێبکاتەوە. لەوانەیە ئەوە بێت کە هەژارەکان لە بارودۆخی بۆگەندا ژیابن، کە نایابە بۆ بڵاوبوونەوەی پەتایەکی وەک کۆلێرا.

ڕوونکردنەوەی ژینگەیی بۆ کۆلێرا هاتە زاڵبوون.

ئەوەی لە ئینگلستان بوو ئەم تێڕوانینە زۆر دوور ڕۆیی لە بەهێزکردنی کاری گشتی. پەیوەندی نێوان شوێنێکی دیاریکراو و کۆلێرا (و تەندروستی خراپ بە گشتی) زۆر بە دڵگەرمییەوە لە ئامێز گیرا لە لایەن ئێدوین چادویک، کە لە سالانی دەیەی ١٨٣٠ کە بیرۆکراتێک بوو یاساکانی هەژاری بەریتانیای بەڕێوەدەبرد، کە سەرسامبوو بە پەیوەندی نێوان هەژاری و نەخۆشی و پەیڕەوی بیردۆزەی سوودخوازی فەیلەسوف جێرمی بێنتهامی دەکرد، چادویک لەگەڵ چەند پزیشکێک گروپێکی پێکهێنا و لە ساڵی ١٨٤٢ ڕاپۆرتی ڕەوشی تەندروستی دانیشتوانی کارکەری بەریتانیای مەزنی بڵاوکردەوە. ئەو ڕاپۆرتە پڕبوو لە نەخشە و هێڵکاری و ئامارەکان کە گوزارشتی لە پەیوەندی نێوان نەخۆشی و هەژاری و باری تەندروستی گەڕەکە دیاریکراوەکان دەکرد، ڕاپۆرتی چادویک بوو بە ئینجیلی بزووتنەوەی تەندروستی بەریتانی، کە لە ساڵی ١٨٤٨ گەیشتە لوتکە لەگەڵ پەسەندکردنی یاسای تەندروستی گشتی و دروستکردنی دەستەی تەندروستی گشتی. ڤیلرمێ پێی وابوو کە سیستەمێکی ئابووری نادادپەروەرانە جیاوازی توندی لە نێوان دەوڵەمەندان و هەژاران دروستکردووە؛ چادویک، کە

شوێنکەوتوویەکی پابەندی بیردۆزەی هەڵاوای بۆگەنبوو، بۆیە چاوی تەنها شوێنی ڕووی پیس یان خاوێنی دەبینی. بۆ ئەو پێویستی بە دووبارە بونیاتنانەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری گەورەنەبوو؛ بەڵکو شارەکان بە سادەیی پێویستە خۆیان پاکبکەنەوە.

چادویک و هاوپەیمانەکانی پێشنیاری سیستەمێکی گەیاندنی ئاو و ئاوەڕۆیان کرد کە بەردەوام پاشەڕۆ بۆگەنەکان دەرپەڕێنێت. دیدی چادویک کە نیو سەدە دەخایەنێت بۆ جێبەجێکردنی بە تەواوتی، لەگەڵ سیستەمی ئاوەڕۆی پاریسدا، یەکێک دەبوو لە کارە گەورە ئەندازیاریەکانی سەدەی نۆزدە. لە کاتێکدا کە ئاوی پاک بە دڵنیاییەوە شارەکان تەندروستر دەکات. نیگەرانیەکانی سەر تەندروستی هەژاران هەمیشە، یان تەنانەت زۆرجاریش پاڵنەری بنەڕەتی نەبووە لە پشت هەرا بۆ ئاوی پاک، بەڵکو بەرژەوەندی بەکارهێنەر و پیشەسازی داوای دەکرد.

بۆ زۆربەی ئەوانەی کە گرنگیان بە چاودێریکردن دابوو، پەیوەندی نێوان شارنشینی و دۆخی ژیانی کەساسی و نەخۆشی ڕوونبوو. کەسانی وەک چادویک باوەڕیان وابوو کە ئاوی پاک دەبێتە هۆی دەرپەڕاندنی بۆگەنی و پاشەڕۆی ژیانی ڕۆژانە کە ببووە هۆی نالەبارکردنی بارودۆخی ژیان. تەنانەت کە ئەگەر خودی ئاوەکە بە بیری ئەودا نەهاتبێت. بەڵام ئەوە بەبیری جۆن سنۆ هات لە کاتی پێشڕەویکردنی کاری پەتاناسی لە لەندەن لە ماوەی بڵاوەپەتای کۆلێرای ساڵی ١٨٥٤. سنۆ دەستیکرد بە بیرکردنەوە لە کێشەی کۆلێرا لە ماوەی ساڵی ١٨٤٨، پەرتووکی On the Mode of Communication of Cholera لە ساڵی ١٨٤٩

بڵاوکردەوە. سنۆ پرسیاریکرد کە ئایا پیسایی قوربانیەکانی کۆلێرا دزەدەکەنە نێو هێڵی ئاو. بۆ سنۆ، کۆلێرا، بە پێچەوانەی ئاوڵە، ڕاستەوخۆ لە کەسێکەوە بۆ کەسێک لە ڕێگەی هەواوە نەدەگوێزرایەوە، لە ئەو کاتەوەی کە نەخۆشییەکە لە ناو گەدەبوو نەک سییەکان. ئەوەی کە کۆلێرا نەخۆشییەکی ئاویە تەنها بیردۆزەیەکبوو، بیردۆزەیەک کە بە زوویی دەتوانرێت تاقیبکرێتەوە.

لە بەجێهێنانێکی ئەفسانەیی پەتاناسیدا، سنۆ شوێنی حاڵەتەکانی کۆلێرای لە کاتی بڵاوەپەتای ساڵی ١٨٥٤ نەخشە کێشاوە بۆ زانینی ئەوەی لە کوێ ئەو کەسانەی نەخۆشبوون ئاوەکەیان وەرگرتووە. پەیوەندیەکە ڕوونبووەوە: لە سۆهۆ، سنۆ ئاشکرایکرد، ئەوانەی کە کۆلێرایان هەیە هەموویان لە هەمان سەرچاوە، پەمپی شەقامی برۆد، ئاویان خواردووەتەوە. دوای ئەوەی سنۆ بە سەرکەوتوویی فشاریکرد بۆ لابردنی دەسکی پەمپەکە، حاڵەتەکانی کۆلێرا بە توندی دابەزی.

ڕوون بوو: شتێک لە ئاوەکەدا هەبوو، بەڵام لە ساڵانی دەیەی ١٨٦٠ هێشتا کەس ئەوە نەیدەزانی چییە، هاوسەنگی بیروڕا دەستیکرد بەلادان بەرەو باوەڕهێنان بە ئەوەی کۆلێرا نەخۆشییەکی پەڕۆکە.

هێشتا ئەوانە هەبوون کە هەڵاوی بۆگەن باشترین ڕوونکردنەوە بوو بۆیان. لە هیندستان، هەندێک پێیان وابوو کە نیمچە کیشوەرەکە زۆر تووشی نەخۆشیەکە بووە، چونکە نەخۆشییەکە لە خاکدابووە و بە هەواوە گوێزراوەتەوە و ڕاوی دەکرد لەسەر دانیشتوانێکی لاواز کە بێ هاوتا لەژێر مەترسی وێرانکارییەکانی نەخۆشییەکە

بوون. نێردەی دروستی هیندی بیری لە ئەوە کردەوە کە دابڕاندنی کەشتییەکان یان دانانی گەمارۆی پاکژی بۆ ڕێگریکردنی کۆلێرا لە گوێزرانەوە "هیچ لە دانانی هێڵێکی پاسەوانی بۆ وەستاندنی بای وەرزی ژیرانەتر و کاریگەرتر نابێت." بەڵام ئەم ڕێگایە بۆ بینینی کۆلێرا لەگەڵ ئەو شوێنەی کە بۆچوونی پزیشکی بۆی دەچوو بەریەک دەکەوتن.

لێدانی زەنگی مەرگ بۆ بیردۆزەی هەڵاوی بۆگەن، هەرچەندە سەرەتا بە دەنگی بەرز زەنگی لێنەدا، بەڵام کاری بەکتریاناس ڕۆبێرت کۆخ بوو لە ساڵی ١٨٨٣، لە کاتی پانەپەتای کۆلێرای پێنجەمدا. دوای جیاکردنەوەی بەکتریای چیلکەیی نەخۆشی ئەنتراکس و سیل، کۆخ دەستدەکات بەکارکردن لەسەر کۆلێرا.

کاتێک کۆخ لە ئاوی پیسدا بەکتریای شێوە فاریزەی کولێرا، ویبریۆ کۆلێرای دۆزییەوە و دەستنیشانیکرد کە دەبێت ئامادەبێت بۆ ئەوەی نەخۆشیەکە دروست ببێت، کۆتایی بیردۆزی هەڵاوی بۆگەن لە ئاسۆدابوو.

کاری کۆخ و سنۆ لەگەڵ ڕەزامەندی جیهانیدا نەدەهاتەوە. هەڵاوی بۆگەن، زۆر جار لە شێوەی لاوازدا، هێشتا هەر بەردەوامبوو. شارەزای بواری پاکژی کاریگەری ئەڵمانی ماکس ڤۆن پێتینکۆفەر بەردەوامبوو لە داکۆکیکردن بۆ دابینکردنی ئاوی پاک، نەک لەبەر ئەوەی کە وای دەزانی کۆلێرا نەخۆشییەکی ئاوەییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی پاک و خاوێنی بە گشتی کلیلی تەندروست باشیە. بۆ ئەو کۆلێرا لە بڵاوبوونەوەی ئاوی ژێرزەمینی پیسەوە هاتووە کاتێک کە خاکەکە دارماوە. بۆ ماوەیەک بۆچوونەکانی پێتینکۆفەر

کاریگەرییەکی بەهێزی هەبوو لەسەر سیاسەتی تەندروستی ئەڵمانی، بۆ نموونە کاریگەری هەبووە لەسەر ئەو بڕیارەی هامبورگ سەبارەت بە دابینکردنی ئاوی پاکی خواردنەوە بۆ هەزارترین هاوڵاتیانی شارەکە. کاتێک کۆلێرا لەساڵی ١٨٩٢ بۆ هامبورگ هات، بەڵام بۆ دراوسێکەی ئاڵتونا نەهات، چونکە لە ئەویّ ئاوێکی پاک و خاوێن هەبوو، ئەوانەی باوەڕیان بە بیردۆزەی گواستنەوەی نەخۆشی ئاویی هەبوو کە دواتر زۆربەی زانایانی پزیشکی و ئەوانی تر کە پەیوەندیداربوون بە کۆلێرا، تاوانبارکران، بەڵام پێتینکۆفەر بە جێگیری مایەوە. بۆ سەلماندنی بیردۆزەکەی، ئاوی خواردەوە کە بەکتریای فاریزەیی کۆلێرای تێدابوو و توشی سکچوونبوو، بەڵام بە وتەی ئەو، کۆلێرای تەواوەتی نەبوو. هەروەک ئەو تەماشای دەکرد دانەی ئێکس (ب.چیلکەی) بەس نەبوو، لە نەبوونی باری تەندروستی و کەشوهەوای تایبەتی نێوخۆیی (دانەی Y) بۆ بەرهەمهێنانی نەخۆشییەکی گوێزراوەی نێوخۆیی (دانەی Z).

بەڵام بە هاتنی کاتی تاقیکردنەوەکەی، تێڕوانینی هاوشێوەی تێڕوانینەکانی ئەو بەخێرایی کاریگەری لە دەستدەدەن.لە هەمان کاتدا درمییزم زاڵبوو کە گەشتی دەریا و زەوی خێراتردەبوو، کە ڕۆژئاوای "شارستانی" هێنایە نێو پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی "ناشارستانی" و نەخۆشیەکانی. نیگەرانییەکان سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بووە هۆی ئەوەی کە پێی دەگوترێت سەردەمی دابڕاندنی نویّ، پشکنینی پزیشکی و سنووردانان لەسەر گەشت و شێوەیەکی بەرزتر لە بە نێودەوڵەتی بوونی پزیشکی.

کۆنفرانســـه تەندروســـتییە جیهانییەکـــان کە لە ســـاڵانی دەیەی ١٨٥٠ دەســـــــتپێکرد، دوای ئەوە بە شـــــــێوەیەکی ڕێکوپێـک جـاڕ دەدرا بـۆ ئەوەی گەلان پـێکەوە کـۆببنەوە و باس لە زیادبوونی گەشت و بازرگانی جیهانی بکەن. ئەوان زیـاتر نـیگەران بـوون لە نەخۆشـی، بەتـایبەتی کە کـۆلێرا لە کـاتی حەج بـۆ مەککە گواسـترایەوە، دوای پانەپەتـای سـاڵی ١٨٦٥.

لە پانەپەتاکـانی پێشـوو نیـو دەیەی خایانـد بـۆ ئەوەی کۆلێرا لە هیندسـتانەوە گەشـت بـۆ ئەورووپا بکـات. لە سـاڵی ١٨٦٥ تەنهـا دووی خایانـد، بە هـۆی هێڵـی شـەمەندەفەر و ڕێڕەوەکـانی کەشـتی هەڵـم کە دەریـای ناوەڕاسـتیان بە دەریای سوورەوە بەستەوە.

تاکو هاتنی ساڵانی دەیەی ١٨٧٠ کۆنفرانسەکان بـوون بە مەیـدانێک بـــۆ باســـکردنی ســـنووردارکردنی گەشـــت لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و هیندسـتانەوە. نـوێنەرە ئیتاڵیـاییەکە لە سـاڵی ١٨٧٢ ڕایگەیانـد: "دەبێـت ئەو گەشـتیارە نەفـرەتیە بوەسـتن کە لە هیندسـتان دەژی، هەمـوو کەس دەیزانێت، لە گەشتەکانی؛ بەلایەنی کەمەوە دەبێت تا ئەوپەڕی پێشـکەوتنی بوسـتێنین لە خـاڵی دەسـتپێکیەوە" ئەوە تەنهـا هیندسـتان نەبوو: هەموو ڕۆژهەڵات مـایەی هەڕەشـەبوون بۆ ڕۆژئـاوا، وەک نووسەرێک لە ڕۆژنـامەی Times of India لە سـاڵی ١٨٩٢ داینـاوە: "مەترسـی ڕاسـتەقینە بـۆ ئەورووپـا دەکەوێـتە شـوێنە جیهـانیە ئیسـلامیەکانی حەجکردنـی مەککە، مەدیـنە، کەربەلا، دیمەشق، قودس، شوێنە جیاوازەکانی وڵاتـی فـارس و شوێنە گەورەکانی کاروانی حاجیـان.... گەندەڵی ڕۆژهەڵات و نەبوونی هیچ، یان هیچ پارێزگارێکی تەندروسـتی جدی لە

شوێنە گەورەکانی حەج، هانی ئەو نەخۆشییانە دەدات، کە میکرۆب خاکێکی بەپیت لە جەستەی حاجیان دەدۆزێتەوە، کە لاوازبووە بەهۆی هەموو جۆرەکانی بێبەشکردن. "خنکان لەسەر ڕۆژهەڵات"، وەک مارک هاریسۆن پێی دەوت، بە درێژایی کات خاوبووەوە کاتێک وڵاتانی وەک ئیتالیا و بەریتانیای گەورە دەستیانکرد بە ڕەتکردنەوەی سنووردارکردنی بازرگانی و گەشتکردن لە بازاڕێکی جیهانی کە تا دەهات زۆرتر پێشبڕکێکەر دەبوو کە داوای لێشاوی بێ سنووری خەڵک و کاڵای دەکرد. لە هەمان کاتدا، پەیوەندی ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی هیندستان لەگەڵ کۆلێرا هەرگیز وننەبووە،

لە سەرەتای سەدەی بیستدا کۆلێرا زیاتر یان کەمتربوو بە شتێک لە ڕابردوو لە ڕۆژئاوای ئەوروپا و ئەمریکا. ئیتالیا لە ساڵی ١٩١١ تووشی بڵاوەپەتایەک بوو، کە هەوڵ و کۆششە بەهێزەکانی ئەو وڵاتە بۆ شاردنەوەی بەڵگەکانی بوونی کۆلێرا ئەوەڕوون دەکاتەوە کە چەندە دەگمەن و ناپەسەندبووە لە ئەورووپای خێرا بە هاوچەرخ بوودا.

تا ساڵانی ١٩٢٠، نەخۆشیەکە بە توندی خۆی لە جیهانی تازە پێشکەوتوو جێگیرکردبوو، باکووریش بایەخەکەی لە دەستدا. حەوتەمین پانەپەتا گەورەترین کاریگەری هەبوو لە ئەفریقا بە بوونی ٩٠٪ حاڵەتەکان. وەک مایرۆن ئیزنبێرگ بە ڕاستی تێبینی دەکات، ئەزموونی ئەفریقی پرسیارێک دەسەپێنێ:

بۆچی لە کاتێکدا کە زیاتر و زیاتر دەربارەی کۆلێرا دەزانین و چارەسەری هەرزان و کاریگەرمان پێشکەشکردووە، نەخۆشییەکە تەنیا خراپتربووە و ژیانی

زیاتری کردۆتە قوربانی؟ هەمان ئەو هۆکارانەی کە بۆ سیل و مەلاریا بەردەوامن لە توشکردنی زۆربەی کیشوەرەکە، ڕوونکردنەوە بۆ کۆلێراش دەدات: هەر لە ساڵانی دەیەی ١٩٧٠، نەبوونی ژێرخانی تەندروستی و ئابووریەکی زیاتر و زیاتر شلۆق، گەشەسەندنی نایەکسان و لاوازی دروستی هەموویان لێکدەرەوەی مانەوەی دەسەڵاتی کۆلێران. کۆچی پەیوەندیدار بە جەنگی دانیشتوان یارمەتی بڵاوبوونەوەی کۆلێرایان داوە.

حەوتەمین پانەپەتا بە گشتی زۆر جیاوازبووە لە شەشی پێشوو. ئەو کار دەکاتە سەر ناوچە نوێیەکان یان ئەو ناوچانەی کە لە ماوەیەکی زۆردا هیچیان بەرنەکەوتووە، وەک یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و ئەمریکای لاتین؛ هەروەها زۆر بە خێرایی گەشتی کردووە، ئەوە درێژتر لە هەر پانەپەتایەکی پێشوو ماوەتەوە و چل ساڵ بە بەهێزی دەڕوات و هیچ نیشانەیەکی بۆ ڕۆیشتن لە هیچ شوێنێک نەبووە. ئێل تۆر کەمتر لە کۆلێرای کلاسیکی توندبوو، کە ڕێگە دەدات بە ئاسانتر گەشت بکات.

کۆلێرا، زیاتر لە هەر نەخۆشیەکی تر، بەرهەم و هێمای نایەکسانی کۆمەڵایەتییە. ئەو بەسادەیی بوونی نیە لە ئەو شوێنەی کە ئاوێکی پاک و خاوێنیان هەیە. گۆڕانی کەش و هەوا لەوانەیە ئەمە خراپتربکات، چونکە گەیشتنی کۆلێرا فراوان دەبێت بۆ ئەو شوێنانەی کە زۆرترین کاریگەریان لەسەرە و ناتوانن کاریگەریەکانی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمای دەریا کەمبکەنەوە، ئەو پلەی گەرمایەی کە کۆلێرا دەتوانێت گەشەی تێدابکات.

بەشی پێنجەم

سیل

سیل، توشبوون بە بەکتریای مایکوباکتریا توبرکۆلۆس هۆکارەکەیەتی، لەوانەیە کۆنترین نەخۆشی مرۆڤ بێت. ئەم بەشێکە لە خێزانی نەخۆشی میکۆباکتریەم، لە ئەوانە M.africanum، M.bovis و M.cannetti، کە لەوانەیە بۆ ماوەی سێ سەد ملیۆن ساڵە پەرەی سەندبێت. کۆنترین بەڵگەی بە بەردبوو بۆ نەخۆشیەکی هاوشێوەی سیل لە مرۆڤی هۆمۆ ئیرکتوسی تەمەن پێنج سەد هەزار ساڵەوە دێت کە لە تورکیا دۆزراوەتەوە کە برینی هاوشێوەی سیلی پێوەبووە.

نەخۆشی سیل ئەو جۆرەی کە کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان هەیە، نزیکەی حەفتا هەزار ساڵ لەمەوبەر لە ئەفریقا پەیدابوو. هاوەڵی مرۆڤی هاوچەرخ بووە لە ڕێگای کۆچکردنیان بۆ دەرەوەی ئەفریقا، سەرەتا تێپەڕبوون بە زەریای هیندی و دواتر، دوای چەند هەزارەیەک، بۆ نێو ئۆراسیا. سیل گەشایەوە کاتێک خەڵک نیشتەجێبوون و

نزیکەی دە هەزار ساڵ پێش ئێستا دەستیان بە پێکەوە ژیان کرد. ئیتر لە ئەو کاتەوە لەگەڵمانبووە.

نەخۆشــی ســیل نــزیکەی هەمــوو بەشــەکانی لەش توشــدەکات، ئێســکەکان، خــوێن، مێشــک. بــاوترین و کوشندەترین شێوە، کە لە ڕێگەی دڵۆپە بچووکەکانی نێو هەوا لە کەسێکەوە بۆ کەسێک دەگوازرێتەوە و زۆر پەڕۆکە بـریتیە لە سیلی سییەکان. سـیل لە شـوێنە قەرەباڵغەکـان گەشــە دەکـات. سـیل وەک پەتـا، نەخۆشـییەکی دێـرینە و نـزیکەی مـاوەیەکی زۆرە دەربـارەی نووسـراوە. هەروەهـا بـاس لە سـیل کـراوە لە ڕووی درم و هەڵاوی بـۆگەنی، لەبەرئەوە دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکە لە مێژوودا قورسە.

سیل دەتوانێت وەک هەوکردنی سییەکان یان نەخۆشیە هەناسەییەکانی تر دەربکەوێت. وەسفی نیشانەکانی لە سەدە کۆنەکـان بریتیبـوو لە ئـارەقەی شـەوانە، دابەزینـی کـێش، کــۆخەی وشــک، کە دەستنیشــانکردنی یەکــلاکەرەوەی نەخۆشـییەکە قـورس دەکـات. سـیل ئەو نەخۆشـیەبوو کە فەرمــووی لە شۆڕشــی تــاقیگەیی کــرد، چــونکە ئەوە مایکۆباکتریـا بـوو کە ببـووە هـۆی ئەو نەخۆشـییەی کە ڕۆبێـرت کـۆخ لە سـاڵی ١٨٨٢ لە ژێـر وردبینـی خۆیـدا دۆزییەوە. نەخۆشیەک کە ڕۆژانێک بە دەردە باریکە و دیق ناسـراوبوو، لەگەڵ هۆکـاری نەزانـراو و بێشـومار بـوو بە نەخۆشـیەکی تـاک کە سـیلە لەگەڵ تـاکە هۆکارێـک کە مایکۆبەکتریایە.

سـیل لەناکـاو پەیـدانەبووە کە ژیـانی لە ملیۆنەهـا کەس سەندبێت وەک تاعوون؛ بەڵکو بە هێواشی کاری دەکرد. هیچ کەس بیــری لێنەکــردۆتەوە وەک تورەبــوونی یەزدان، کە ئاسـمانیانە نـاردبێتی بـۆ بەزانـدنی گونـاە و گوناهکـاران.

جیاواز لە کۆلێرا، نیشانەکانی بە تایبەت پەرێشانکەرنین. کەس لەناکاو لەگەڵ سیل دەسەپاچ نابێت، مردوو یان زیندوو ببێت لە ماوەی چەند کاتژمێرێک تەنها دوای ڕژانی بەکتریاکە بۆ نێو شلەکانی لەش. نەخێر؛ سیل بە شێوەیەکی نادیار کاردەکات، و لە سەرەتادا نەبینراوە.

سیل ڕاگەیاندن و بۆچوونی گشتی نەوروژاند وەک کۆلێرا لە سەدەی نۆزدەدا کردی، نە خەڵکی بۆ ڕەشەکوژ کردنی ئەوانی تر بزواند وەک تاعوون کردی، بەڵام سیل بەرپرسیاربوو لە مردنی زۆر زیاتر لە هەر کام لە ئەو نەخۆشییانە.ئەوەندە زوو وەک لە سەدەی حەڤدە، وەفاتنامەکان، تۆمارە سەرەتاییەکانی پەتاناسی لە لەندەن، ئاماژە بە ئەوە دەکەن کە ٢٠٪ مردنەکان لە شارەکە بەهۆی دەردەباریکەوە بووە. ئەو ڕێگایانەی کە خەڵک لە کاتی خۆی لێی تێگەشتبوون لە سیل زۆر جیاوازبوون لە ئەوەی کە ئێستا لێی تێگەیشتوون.

پەرتووکە گشتگیرەکەی ڕیچارد مۆرتۆن Phthisiologia، سەرەتا بە لاتینی و پاشان بە زمانی ئینگلیزی لە کۆتایی سەدەی حەڤدە بڵاوبووەوە، کە دەردەباریکەی بە هەموو شێوەکانییەوە باسکردبوو. بۆ نموونە، بۆ مۆرتۆن سیل بە شێوەی جۆراوجۆر لەوانەیە ڕوو بدات کاتێک خەڵک نینۆکان قوتدەدەن یان سیەکانیان کوندەبێت یان کاتێک ژنان شیری زۆر دەدەن و خوێن دەڕژێتە نێوی، ئەمەش دەبێتە هۆی بارودۆخی لاوازبوون و خاوخلیچکی. لە کاتێکدا ئەمانە وەک سیلی هاوچەرخنین، کاتێک مۆرتۆن باسی گرێکان دەکات، ئەو ئاوسانە گرێییانە لە سییەکان، وەسفکردنەکەی زۆر لە ئەو نەخۆشییە دەچێت کە ئێستا پێی دەڵێن سیل.

تۆماس سیدنهام پێیوابوو گەشتە درێژەکان لەسەر ئەسپەکان باشترین دەرمانن. بەدرێژایی سەدەی هەژدە، وەسفەکانی سیل زیاتر و زیاتر دیاریکراوبوون. توێکارە ئیتاڵی و بەریتانیەکان گرێی سیلیان لە سەرجەم بەشەکانی لەش ئاشکراکرد. وەسفە لێڵەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا بەرەو کەمبوونەوە چوون، دوای ئەوەی ڕێنی لاینێک هەموو وەسفە نەخۆشیەکانی سیلی یەکخستەوە و پاشان دەستاودەستی پێکرد.ئەو، نووسیبووی، بەبێ گرێی سیل، سیل بوونی نەبوو. ئەوەی لێ ڕوانینەکانی کردەنی کرد ئەو ئامێرەبوو کە دایهێنا بۆ گوێگرتن لە ناوەوەی جەستە، بیستۆکی پزیشکی. لە کاتێکدا پێشتر پزیشک نەخۆشی سیلی دەستنیشاندەکرد تەنها بە گوێگرتن لە سەرگوزشتەی نەخۆشیەکە و چاودێریکردنی نیشانەکان، لاینێک ڕاستەوخۆ گرێ سیلییەکانی دەستنیشانکرد، بە بیستۆکی پزیشکی خۆی و دوای مردنی نەخۆشەکە بە توێکاری کردن. ڕێبازێکی ڕوون هەبوو لە نێوان بیستۆکی پزیشکی لاینێک و وردبینەکەی کۆخ. سەرەتا لەگەڵ لاینێک و پزیشکەکانی تری پاریس کە سەرنجیان لەسەر نەخۆشیە تاک زیندوەرەکان بوو، سیل لە ساڵی ١٨٣٩ وەک نەخۆشیەکی تاک زیندەوەر سەرنجەدرا.

سیل، ناوەکەی، بەدەستهێنا کاتێک پرۆفیسۆری سویسری پزیشکی جەی ئێل سکوینلین هەموو ئەو نەخۆشیانەی کە سەلکۆکەیان هەبوو لە ژێر ئەو ناونیشانەدا یەکخست، کوخیش هەموو ئەمانەی سەلماند بە وردبینەکەی لە ساڵی ١٨٨٢. هەر چەندە سرووشی هەمان جۆر ترس یان تۆقین لە بێگانەی نەکرد وەک کۆلێرا، بەڵام سیل بوو بە بابەتی وێژەیی و شانۆی میوزیکی (بە ناوبانگترینیان ڤێردی لا بۆهێم) و شاعیری دڵداریی توبرکلۆسیل (کیاتسی شاعیر

به ئاسانی دێته مێشکەوه) بۆ ماوەیەک له سەدەی نۆزده له کەلتووری ئەوروپا شوێنێکی نامۆی داگیرکرد. جوانی مێینەی پله باڵا له شێوەی ئافرەتێکی کاڵ و سیس که به دەگمەن خۆری ببینێت و مانەوەی درێژ له نێو ماڵدا پەسەند بکات، لێکنەچوو نەبووه له ژنێکی سیلاوی: کاڵ و باریک و لاواز.هەر که سیل پێگەیەکی دیارتری له ڕێژەی مردنی ئەوروپی بەدەستهێنا، شوێنێکی دیارتری له بواره جۆراوجۆرەکانی کەلتووردا داگیرکرد. به دڵداریی کردنی نەخۆشی سیل تەنها شتێکی بچووک و کورت تەمەنبوو، تایبەتمەندی مێژووی نەخۆشیەکه، داپۆشراوه به کاریگەریه زۆرەکانی لەسەر ژیانی ئەو کەسانەی که به زۆری توشبوون؛ هەژارانی شارنشین.

هێشتا، وێنەکانی شاعیری دڵدار که له لایەن سیل یان ئەو ژنه زەرد هەڵگەڕاوەی که لەسەر ڕوو پاڵکەوتووه له جێگەی نووستنی، دەسەڵاتی مانەوەی بەرچاویان هەبوو. سیل به گشتی شوێنێکی گەورەتری له فەرهەنگ گرت و دیارترین ئەقڵه پزیشکیەکانی سەدەی نۆزدەی داگیرکرد، چونکه به توندی خۆی له دەسەڵاتی گشتی جێگیر کردبوو. ئەو گەورەترین بکوژی سەدەی نۆزده بوو و به خێرایی زیادیکرد لەگەڵ پەرەسەندنی پیشەسازی و گەشەی شاره قەرەباڵغ و نادروستەکانی وەک پاریس و لەندەن. مارکس و ئینگڵس له ساڵی ١٨٦٢ لەم بارەیەوه نووسییان "دەردەباریکه و نەخۆشییەکانی تری سییەکان له نێوان خەڵکی کرێکار مەرجی پێویستن بۆ بوونی سەرمایه." پیشەسازی و شارنشینی و سیل ئەوەنده ئاڵۆزکاوبوون که تا ساڵانی دەیەی ١٩٣٠ ئەمانه وەک هەنگاوی پێویست لەسەر ڕێگای وڵاتێک بۆ هاوچەرخبوون سەیردەکران.

لە کاتێکدا کە سیل لە ئەفریقا و هیندستان تەنها پێش جەنگی جیهانی دووەم زیادیکرد، بۆیە ئەوە هات کە بە نەخۆشی شارستانی ناوببرێت. لە کۆتاییەکانی سالآنی دەیەی ١٩٣٠، لایل کامینس، پسپۆڕی سیلی بەریتانی و شرۆڤەکاری بەردەوامی ئەو نەخۆشییە لە ناوچە داگیرکراوەکان نووسیبووی کە هیندستان ئەو کاتە وەکو ئینگلستان بوو لە کاتی داهێنانی "تەشی جینی". چارلس ویلکۆکس، پزیشکێکی بەریتانی بوو کە شارەزاییەکی بەرچاوی لە ڕۆژهەلآتی ئەفریقا هەبوو، زایەڵەی مارکس و ئینگڵسی دا کاتێک نووسی بووی، لە زیادبوونی ڕێژەی سیل لە ناوەندەکانی شارنشینی ڕۆژهەلآتی ئەفریقا، کە "گرنگییەکی کەم بە کەرامەتی مرۆڤ دەدرێت لە ئەو ژیانەی کە ئەم بارودۆخانە دەهێنێتەئاراوە، و پیاوان ئەوەندە وەک یەکەی بەرهەمهێنانن ئەوەندە وەک مرۆڤ نین" سیل بووە سیمبۆلی بارودۆخی سەختی هاوچەرخبوون، کە نمایندەی دەکرا بە زۆربوونی خێرایی شارنشینی و پیشەسازی و دروستکردنی چینی کرێکار.

ئەوەی لە جیهانی تازە پێشکەوتووی سەدەی بیستدا ڕوویدا؛ لە ئەورووپا لە سەدەی نۆزدە ڕوویدابوو. تۆماری مردووان گرانە پەیدابێت، بەلآم وا دیارە کە سیل هۆکاری سەرەکی مردنی ئەورووپا بووبێت. لە ئەورووپای ڕۆژئاوا لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا ڕێژەی مردنی لە ٣٠٠ بۆ ٥٠٠ کەس لە هەر ١٠٠،٠٠٠ کەسبوو. هەر بۆ بەراوردکردن، ئەمڕۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو ژمارەیە نزیکەی ٠.١ کەسە لە هەر ١٠٠،٠٠٠ کەسێک.

سیل دەستیکرد بە وەرگرتنی باجی پیشەسازی یەکەم لە ئینگلســتان، کە بڵاوەپەتــایەک دانیشــتوانی چینــی کرێکــاری وێرانکرد لە کۆتایی سەدەی هەژدەوە تا ناوەڕاستی ســەدەی نــۆزدە، لە ئەو کــاتەوە لە ئینگلســتان و وێڵــز ســیل بە شــێوەیەکی ئاســایی داوای گیــانی پەنجــا هەزار کەســی لە ساڵێکدا دەکرد، کە لە خراپترین ساڵیدا کۆلێرا چل هەزاری کوشت.

٦. ڕەوشی پەرپوتی شارەکانی ئەوروپا هۆکابوو بۆ بڵاوبوونەوەی سیل، ئەم پۆستەرەی ساڵی ١٩١٧ دیمەنی شەقامێکی ناوچەیەکی هەژارنشینی پاریس پیشاندەدات. دروێنەکەری ژیان شەبەنگ دەدات لە پشتەوەی دیمەنەکە.

لە کاتێکدا ڕاستە کە دوای نزیکەی ١٨٥٠ سیل دەستی بە دابەزینی سەد ساڵەیی کرد، ئەمە مانای ئەوە نییە چینی هەژار و کرێکار هێشتا بە سیلەوە نا ناڵێنن. ئەوان بەڕێژەیەکی زۆر نابەرامبەر توشدەبوون. کاتێک دەستکرا بە پاراستنی تۆمارەکان، ئەوەی لە خۆیانیان دەگرت تەنها ڕووکار بوون. پشکنینەکانی پاش مەرگ لە ساڵانی دەیەی ١٨٨٠ لە نەخۆشخانەی لەندەن بۆ منداڵانی نەخۆش ئەوەی دەرخست کە سیل بەنزیکەیی بەرپرسیاربووە لە ٤٠٪ مردنەکان؛ ٨٠٪ ئەم منداڵانە لە چینی کرێکاربوون.

هەمان شت لە شاری ئیندینبەر ڕاستبوو: ٣٩٪ مردنەکان لە نەخۆشخانەی شاهانە بۆ منداڵانی نەخۆش بە هۆی سیل؛ ٩٨٪ ئەو منداڵانە لەسەر هاوکاری گشتی دەژیان. کاریگەری نەخۆشییەکە لە ئینگلستان ئەوەندە گەورەبوو بە جۆرێک کاتێک دەستیکرد بە دابەزین، بەدوایدا ڕێژەی مردنیش بە گشتی دابەزی. کاتێک کەسێک سەیری فەرەنسا، ئەڵمانیا، ڕووسیا، یان ئەمریکا دەکات، مرۆڤ شێوازی هاوشێوە دەبینێت: پەرەدان بە پیشەسازی هاوەڵبوو لەگەڵ سیلی زیاتر و زیاتر. لە ساڵانی دەیەی ١٨٥٠، لە شارەکانی وەک بالتیمۆر، فیلادلفیا، نیو ئۆرلیانس، و ئەتلانتا، سیل بەرپرسیاربوو لە ڕێژەی نێوان ١٥٪ بۆ ٣٠٪ی هەموو مردنەکان. هەروەک لە زۆربەی ئەوروپا، هەروەها لە ئەمریکاش سیل هۆکاری سەرەکی مردن بوو. هاوکات وەک ئینگلستان و وێلز، سیل دەستیکرد بە دابەزین نزیکەی لە ناوەڕاستی سەدەکە. بەڵام دابەزینەکە نارێکبوو: بە پێی

شــوێن و چینــی کــۆمەڵایەتی جیــاوازبوو، هەروەهــا بە نابەرامبەرانە کاریگەری لەسەر کەمە نەتەوەییەکان هەبوو.

لە ســەرەتای بەهــاری ســاڵی ١٨٨٢ ڕۆبێــرت کــۆخ لە بەرلین قسەیەکی کرد کە دنیای پزیشکی سەرسامکرد. ئەو گەورەترین بکوژی سەدەکەی دەستنیشان کردبوو، کە ناوی نا چیلکەی سیل tubercle bacillus. گرنگی کاری کۆخ، و کاریگەری لەسەر پزیشکی و تەندروستی گشتی، ناتوانرێت زیاد لە ئاستی خۆی گەورە بکرێت. لە ئەو کاتەوە سیل کە یەک هۆکــاری هەبــوو. بە تێپەڕبــوونی کــات، تیشــک خستنەســەری تونــدی بەکتریــا چیلکەییەکــان کەم بــووەوە، ئەگەر نکــۆڵی لێنەکردرابێــت، گرنگــی هەمەجــۆری هۆکــارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی هۆکاری بڵاوبوونەوەی سیل بوو لە نێوان هەندێک لە دانیشتوان و هەندێکی دیکە نا.

ئەو بیــرۆکەیەی کە ســیل لە لایەن تــاکە زینــدەوەرێکەوە دروســتبووە بەکتاریــای چیلکەیــیە، بە شــەو و ڕۆژێــک لە هەموو شوێنێک وەرنەگیرا، هەروەها لە کۆتاییدا پشووی بۆ مشــتومڕی نێــوان درم و دژە درمەکــان نەهێنــا. ئــارپەر ڕانسۆم، بۆ نموونە، نموونەیەکی دیاری ئەو کەسانە بوو کە هێشتا پەیوەستبوون بە ئەو تێڕوانینەی کە نەخۆشیەکان لە نێــــوان خەڵکــــدا تێپەڕنــــابن. ئەو لە ســــاڵی ١٨٨٧ لە پەرتووکی Transactions of the Epidemiological Society دەنووســێت، ڕانســۆم ئەوەی پێشکەشــکرد کە بە بۆچــونی خــۆی حــاڵەتێکی بەهێــزە کە تێیــدا خــاک هۆکــاری سیلە.

ئەگەر چــی ڕانســۆم بــاوەڕی بە چیلکەکە هەبوو، بۆ ئەو ســیل، وەک کــۆلێرا، لە شــوێنە دیاریکراوەکانــدا ڕوویــداوە؛

کەواتە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر نەپەڕیوە، ڕانسۆم سیلی دەدایە پاڵ هەڵاوی بۆگەن: "پێدەچێت زۆر ئەگەری هەبێت، لە ڕاستیدا، بۆ بڵاوبوونەوەی چالاکانەی نەخۆشییەکە، دەبێت هەندێک زیادبوون لە توندی وردە زیندەوەرەکە ڕووبدات لە دەرەوەی لاشە، ئەم توندبوونی هێزە بە زۆری بە بوونی مادەی ئەندامی گیانەوەری لە هەوادا پەیدادەبێت، بە واتایەکی تر، بە نەبوونی هەوا گۆڕکێی کارا. هەروەها کاریگەری خوازراوی شێداری ژێر خاکی بۆ وردە زیندەوەرەکە زۆر ئاشکرایە" هەر چۆنێک بێت، تا سەرەتای سەدەی بیست زۆرینەی خەڵکی سیلیان بە درم دەزانی و لە شاری نیۆیۆرک، لە ساڵی ١٨٩٧ و لە ژێر دەسەڵاتی بریکاری تەندروستی هێرمان بیگز سیل بوو بە "نەخۆشییەکی درم و گوێزراوە" هەروەها سیستەمی ئاگادارکردنەوەی ناچاری دانرا. هەندێک لە ویلایەتەکان ناردنە نەخۆشخانەی زۆرەملێیان دەستپێکرد، کە هەنگاوێک بوو هەندێک تەماشیان دەکرد بە دەستدرێژیکردن بۆ سەر ئازادی تاک بۆ سوودی گشتی.

دۆزینەوەی هۆکاری سیل بووە هۆی ئاهەنگ گێڕان و پێشبینیە لە ئەندازەبەدەرە متمانەدارەکان. ڕۆژنامەی تایمزی لەندەن دڵخۆشبوو بە ئەو ئەگەرەی کە "بە هەزاران ژیانی مرۆڤ کە ئێستا هەموو ساڵێک قوربانی ئەو نەخۆشیانەن کە بەکتریا چیلکەییەکان بەرهەمیان هێناوە، لەوانەیە زۆر دوورنەبن بۆ پاراستنیان لە دژی ئەو دوژمنە سامناکە" بووە هەرایەکی گەورەی نێودەوڵەتی، ئەمەش کەمتر لە دە ساڵ دوای دۆزینەوەی بەکتریای چیلکەیی، کۆخ پێی وابوو کە چارەسەری دۆزیوەتەوە. بەڵام سیلین، دەرهێنراوێکی

بەکتریای چیلکەیی لە لەشی کەسی توشبوو کە کۆخ هیوای دەخواست وەک پێشگیرکەرێک لە توشبوون کاربکات، دەرکەوت کە بێسوودە وەک چارەسەر (هەر چەندە زۆر کاریگەرە وەک ئامرازی دەستنیشانکردنی سیل). زانینی هۆکارەکە، دەرکەوت، تەنها بەشێکبوو لە چارەسەر بۆ کێشەکە نەک هەموو یان تەواوی چارەسەر.

چارەسەرەکان بۆ کێشەی سیل بریتیبوون لە هەڵمەتەکان بۆ قەدەغەکردنی تفکردن و هەوڵدان بۆ دروستکردنی خانووی گونجاوتر. یەکێک لە چارەسەرە بەناوبانگەکان و بەربڵاوەکان و کەمترین کاریگەرەکان ئاسایشگای سیل بوو.

بەشێک لە هۆکاری دامەزراندنی یەکەم ئاسایشگای سیل، لە چیاکانی سیلسیا، ئەو باوەڕەبوو کە سیل لە سەرووی چەند بەرزاییەکی دیاریکراوەوە ڕووی نەداوە. سەرەتا لە ساڵی ١٨٥٩ لە ئەڵمانیا دەرکەوت و دواتر بڵاوبووەوە بۆ دەوروبەری باکووری ئەوروپا، شێتگیری ئاسایشگاکان لە دەورووبەری چەرخی سەدەی بیستدا هات بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە ئەندازەکرابوو بۆ پێدانی نەخۆش و دووربوون لە ژیانی سەرقاڵی شارەکان و ڕێگەدان بە هەڵمژینی هەوای سازگاری وڵات، هیوا دەخوازرا کە ئاسایشگاکان، کات بە نەخۆشەکان بدات بۆ چاکبوونەوە. نەبوونی هیچ چارەسەرێکی ڕاستەقینە، هیچ دەرمان و پێکوتەیەک بوونی نەبوو بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاسیشگاکان تێڕوانینی پێش کۆخیان بۆ نەخۆشییەکە گەڕانەوە: خەڵکیان لە ژینگەی سیلاوی دەرکردووە و خستوویانەتە شوێنێکی دروستەوە.

تێگەشـتنەکان دەربـارەی بەرزایـی و سـیل گـۆڕان، بەڵام پێـداگری لەسـەر ژیـانی دروسـت لە دەرەوە نەگـۆڕا. لە ئەمریکا، چارەسەر بۆ سیل، کە لە کتێبەکانی وەک لاوراسن براون Rules for Recovery from Pulmonary Tuberculosis 1916 و ئـێس. ئـادۆلفس نـۆف لە سـاڵی ١٨٩٩ Tuberculosis as a Disease of the Masses and How to Combat پێشنیاردەکرا ئەوە بوو کە پێیان دەگوت ژیان لە دەرەوە. ئێدوارد ترۆدۆ زۆر بە سـەختی "ژیـانی دەرەوەی" پەیڕەوکـرد لە ئاسایشـگا لە دەریاچەی سـەراناک، نیویـۆرک، کە نەخۆشـەکان بوێربـوون لە بەرەنگاربوونەوە زستانە سەختەکان بە مانەوە لە دەرەوە بە ئەو هیـوایەی کە هەوای سـازگار سـیل لە سـییەکانیان دەربکـات هەر چەنـدە پەیوەنـدی نێـوان هەوای سـاردی سـازگار و چارەسـەری سـیل نـاڕوونبوو، تەنـانەت بـۆ دیارترین پاڵپشـتیکارانی، ئاسایشـگای ترودۆ سـەرکەوتنێکی گەورەی سـەلماند: خەڵـک لە هەمـوو شـوێنێکەوە هـاتن بـۆ گەڕان بەدوای چارەسـەری سـیل. خێرخـوازن پارەیـان بـۆ هەژاران دابینـدەکرد، دەوڵەمەنـدەکان کـوخی خۆیـان دروستکرد. ئاسایشـگای ترۆدۆ تایبەتبوو، بەڵام ئەوانی تر گشتیبوون.

حکـومەت و دەوڵەتەکـان یـان شـارەوانی، بـۆ هینـدیە ئەمریکیەکـان حکـومەتی فیـدراڵی ئاسایشـگاکانیان بەڕێـوەدەبرد، لە شانشـینی یەکگرتـوو و بەشـێکی زۆری ڕۆژئـاوای ئەورووپـاش لە لایەن دەوڵەتەوە بەڕێـوەدەبران. زۆرێـک لە ئەوان دەوروبەری دەشـتاییان نەبـوو کە لە دەریـاچەی سـەراناک هەبـوو، بەڵام هەموویـان جەختیـان

لەسـەر پشـوو و خـۆراکی بـاش و کـاتێکی زۆر لە دەرەوە دەکردەوە.هەوڵـی تـر هەبـوو لە دۆزیـنەوەی چارەسـەر. چارەسەری ئاسایشگا لە بنەڕەتدا کارێکی نەبزێوبوو: کە بە زۆری بۆ پشوودانبوو. چارەسـەرەکانی نەشـتەرگەری زۆر جیاوازتر نەبوون. باوترین چارەسـەر بۆ سیلی سییەکان چارەسـەری تێکشـکاندن بـوو، یـان کـونکردنی دەسـتکردی سـییەکان، کە سـییەکانی خـاڵی دەکـرد و ڕێـگەی پێـدەدا پشـووبدەن و چـاکببنەوە.وەک ئیسـمۆند لۆنـگ پسـپۆڕی ئەمریکـی سـیل لە سـاڵی ١٩١٩ نووسـیویەتی "بیـردۆزی کونکردنی دەستکردی سی بە ئەندازەی پێویست سادەیە... (ئەوە) هەر وەک ئەوەی پێشـوو پشـوو، یـان پـاڵکەوتن وایە_ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، لە پاڵدانەوە و "کورسـی چارەسـەر" پشـووی ناچـاری_ پشـووی دەسـەپاند بەسـەر بەشـە چـاکبووەکە (سـییەکان). لە کاتێکـدا لۆنـگ دوودڵ بـوو لە ئەوەی "زۆر بە قـووڵی بچێـتە نێـو ئامارەکـانەوە"، بەڵـگە سەرگوزەشـتەییەکان پێشـنیاری ئەوەیـانکرد کە کـونکردن کـاری کـرد لە ئەو شـتەی کە پێـی دەوترێـت "حـاڵەتی نەخۆشـیی بێ هیـوا" ئەو ڕاییکـاریە بە دڵنیـاییەوە هەنـدێک کـاریگەری ئەرێنـی هەبـوو لە حاڵەتەکـانی تاکدا، بەڵام وەک ماددەیەکی تەندروستی گشـتی کونکردنی دەسـتکردی سیی، یان ئاسایشگا چارەسەرێک نەبوو بۆ کێشەی سیل.

هیچ کام لە ئەو ڕێوشوێنانە، چەند بەناوبانگن و چەند لە هەنـدێک حاڵەتـدا کاریگەریـان هەبـووە، بەڵام هـیچ کاریگەرییەکیان لەسەر تەندروستی گشتی نەبووە. تەنانەت کاتێـک کاریگەریـان هەبـوو، هەرگیـز خزمەتـی ژمـارەی پێویست خەڵکیان نەکردووە.

سـیل بە شـێوەیەکی بەرچـاو لە سەرتاسـەری جیهـانی پێشـکەوتوودا دابەزی، بە تـایبەتی لە ئەمریکـا و بەریتانیـای گەورە، لە نێوان ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و سـەردەمی دژە زینـدەییەکان، سوپاسـەکە بـۆ ڕێکـاری تەندروسـتی گشـتی دیاریکراو و پێوانەیی باشترکراوی ژیانە.

سـەرەڕای ئەوەی بۆ نمـوونە بەشـی تەندروسـتی گشـتی نـــوێ لە شـــارەکانی ویـــلایەتە یەکگرتووەکـــان بـــۆ بەرەنگـاربوونەوەی نەخۆشـــی ســـیل پێکهێنــرا، بەڵام هــیچ هۆکارێک ناتوانێت کەمکردنەوەی گشتی سیل لە دانیشـتوانی گشتی ڕوون بکاتەوە. جیاکردنەوەی حاڵەتەکانی توشبوو بە نەخۆشـــی گـــوێزراوە لە شـــوێنی مـــانەوەی کرێکـــاران لە بەریتانیـــا سـێلی لە دانیشـــتوانی گشـــتی کەمکـــردەوە. بە کەمکردنەوەی مەترسی توشبوون. هەمـان شـت لە نیویۆرک ڕاسـتبوو: دیـاریکردن و جیـاکردنەوەی حـاڵەتی توشـبوو بە نەخۆشی گوێزراوە لە لایەن بەشی تەندروسـتی گشـتی تـازە پێکهێنراوەوە ڕێگەیدا بۆ لابردنیان لە دانیشـتوانی گشـتی بۆ نەخۆشـخانەکانی سیل.

بە ئەم شـێوەیە توشـبوون کەم دەکـاتەوە و لە هەمـان ڕێـــگەوە ئاسایشـــگاکان هەمـــان کاریگەریـــان هەبـــوو. کەمکـــردنەوەی مەترســـی بڵاوبـــوونەوەی توشـــبوون زۆر گرنگبـووە لە ڕابـردوو و لە ئێسـتاش بـۆ وەسـتاندنی سـیل. بەڵام ســـەرچاوە پێویســـتەکان بـــۆ ئەو کـــارە تەنهـــا لە ئەو شوێنانەدا بەردەسـت بـوون کە پێوانەی ژیـان بەرزببـووەوە. نەبوونی بـاری باشـتربوونی ژیـان هـاوەڵبوو لەگەڵ نەتـوانین لە کەمکردنەوەی توشبوون بە نەخۆشی گوێزراوەکان.

سـیل بە نەخۆشـی هەژاران مـایەوە. لە نیویـۆرک، دانیشـتوانێکی گەورەی کـۆچبەر لە باڵەخـانەی قەرەبـاڵغ کە هەوا گـۆڕکێ خراپبـوو، نیشـتەجێبوون. ڕێـژەی سـیل لەوێ لەچـاو گەڕەکە باشـەکان زۆر زیـاتربوون. لە سـاڵی ۱۸۹۰، بەشـی ڕۆژئـاوای سـەرووی مانهاتـان ٤٩ حـاڵەتی هەبـوو لە هەر ۱۰۰.۰۰۰ لە مانهاتـانی خـواروو، کە ژمـارەیەکی زۆر کـۆچبەری تێـدا دەژیـا، ڕێـژەکە ۷۷٦ بـوو لە هەر ۱۰۰،۰۰۰ کەس.لە نێـوان دوو جەنـگەکە، مردنـی منـداڵانی ئەفریقـی ئەمریکی لە خوار پێنج ساڵ ۳۷٤٪ ئەوەندە بەرزتربوو لە منـداڵانی سـپی پێسـت. لە نێـوان ئەمـریکیە ئەفریقیەکـان لە شـوێنەکانی وەک بـالتیمۆر، نە توشـبوون کەمبـووەوە و نە پێـوەری ژیـان بەرزبـووەوە وەک ئەوەی کە بـۆ زۆربەی کەرتەکانی دانیشـتوانی سـپی پێسـت هەبوو. لە سـاڵی ۱۹۳۰ لێکـۆڵینەوەیەکی ئامـاریی دەزگـای کاروبـاری هینـدی بـۆی دەرکەوت کە لە باشووری ڕۆژئاوا نزیکەی ۷٥٪ دانیشـتوانی ڕەسەنی ئەمەریکا تووشی سیل بوون.

سـەدا سـەدی هـۆزی ڕەسـەنی پیمـاس لە بیسـت تـاقیکردنەوە ئەرێنـی بـوون. لە ساسـکاچوان ۲۹٪ هەمـوو مردنی هیندیەکان بەهۆی سیلەوە بوون. نەخۆشی سیل هـیچ نیشـانەیەکی کەمبـوونەوەی لە نێـوان دانیشـتوانە پەراوێزخراوەکـان لە ئەمریکـا پـێش دۆزیـنەوەی دژە زینـدەییەکان پیشـانندەدا. بەڵام کاتێـک تـاقیگەی سـلمان واکسـمان لە سـاڵی ۱۹٤٤ دژە زینـدەیی Streptomicine دۆزیەوە و مـژدەی سـەردەمی دژە زینـدەیی هێنـا، وەک ئەوەی کە پەرچـوویەک ڕوویـدابێت: نەخۆشـییەکی زل، بـێ دووژمنێکی شایستە ئێستا بە گون ڕەشەکەی گەیشتووە.

هەر چۆنێـــک بێـــت، لە نێـــو دانیشـــتوانی گشـــتی دەژ زیندەییەکان ئەوانەیان کوشت کە پێشتر خەریکبوو دەمردن. لە کاتێکـــدا کە ســـیل لە دانیشـــتوانی گشـــتی لە جیهـــانی پێشکەوتوو دابەزی، لە شوێنانی تر زیادیکرد. لێکوڵینەوەکان لە زۆر شـوێندا لە نێوان ماوریەکـان لە نیوزیلانـد و هینـدی ئەمریکـی و نەتەوە ڕەسـەنەکان لە ئەمەریکـا و کەنەدا و لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا و ئەفریقای باشوور ڕێژەی نیگەرانکەری زۆر بەرزی سیلیان ئاشکرا کرد. تا جەنگی جیهانی دووەم، بە وتەی بەرپرســـانی تەندروســـتی لە کینیـــا؛ ســـیل بـــووە هۆکاری سەرەکی مردن لە نیشینگەکە. هێنانی ژمارەی ورد گرانبـــوو، بەڵام کـــاری لێکـــۆڵینەوە، بـــایەخێکی زۆر بە کـــــۆکردنەوەی زانیـــــاری تەندروســـــتی و بەڵـــــگە سەرگوزشتەییەکان دا، کە هەموویان ئەوەیان ڕوونکردەوە، ســـیل لە زۆربەی ئاســـیا و ئەفریقـــا و لە نێـــو دانیشـــتوانە ڕەسەنەکانی هەر دوو کیشوەری ئەمریکا لە زیادبووندایە.

بـــۆ مـــاوەیەک، کۆمەڵێـــک لێکـــدانەوەی نەژادی زاڵبـــوون بەسەر مشتومڕەکە لەسـەر ئەوەی بۆچی سیل زیاددەکات. خەڵک لە بەشـە کەمتر گەشەسـەندووەکەی جیهان_ ڕەگەزە ڕەســـەنەکان_ خاکێکی پـــاکیزەبوون بـــۆ ســـیل. ئەوان بە شێوەیەکی بێ هاوتا نەژادیانە مەترسـی توشـبوونیان هەبوو یـــان ئەوان پێشـــتر "ســـیلاوی" نەبـــوون. ئەفریقیـــای ڕەشـــی باشـوور، هینـدیە ئەمریکییەکـان و ئەمـریکییە ئەفریقییەکـان زۆر جـــار ئامـــانجی ئەم شـــێوازە بیرکـــردنەوەیە بـــوون. لە هیندسـتان لێکدانەوە نەژادیەکـان بـازاڕێکی کەمیـان هەبـوو، بەڵام بیرۆکە پەرەسەندووەکان سەبارەت بە شارستانیەت و پێشکەوتن کە هۆکاربن بۆ نەخۆشی بازاڕیان گەرمبوو. لە

ساڵی ١٩٣٣ نوێنەری تەندروستی گشتی بۆمبای بۆچوونی دەربارەی باوەڕییەکی بەربڵاو سەبارەت بە هاوچەرخبوون و بە پیشەسازی بوون و بە شارنشینیبوون لە هیندستان دەربڕی:

(دەوترێت زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا پێشتر بە قۆناغی بڵاوەپەتا تێپەڕبوون. بەڵام ئەوە گرانە کە بە تەواوەتی دیاری بکرێت ئێستا نەخۆشییەکە لە چ قۆناغێکدایە لە هیندستان. هەندێک دەڵێن کە هێشتا نەگەشتۆتە لوتکە، ئەم تێڕوانینەی دەڵێت کە هیندستان هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدایە و ئەو ڕادەی سیلاوی بوونەی دانیشتوانی هیندستان لە نیوەی ڕێگەیە لە نێوان نەتەوە ئەفریقییەکان و نەتەوە ئەوروپییە زۆر پیشەسازی و شارستانیەکان، لەوانەیە ڕاست بێت یان ڕاست نەبێت. بەڵام ڕاستیەکە ئەوەیە کە نەخۆشیەکە بەڵایە).

بیرۆکە ڕەگەزیەکان بەهێزبوون، بەڵام شیانی بەدرۆخستنەوە بوون. لە کۆتایی ساڵانی دەیەی ١٩٣٠، کە زانیاری زیاتر و زیاتر بەردەستبوو، ئەو بیرۆکانە دەستیانکرد بە وردوخاشبوون.

لە تانگانیکا، چارلس ویلکۆکس پسپۆڕی بەریتانی سیل لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی فراوانی تیشکی ئێکس دەستنیشانی کرد کە ئەفریقییە ڕەشەکان لە ڕاستیدا هەموویان بەرهەڵستکاری سیلن بەدرێژای کات؛ برینە چاکبووەکان لێکوڵینەوەکەیان دەسەلماند. (توێژینەوەیەکی هاوشێوە لە نێوان هیندیەکانی ئەمەریکادا هاوکات هەمان شتی پیشاندا.) ویلکۆکس دەیزانی کە دۆزینەوەکەی زیاترە لە "بایەخی تیۆریی".

توێژینەوەکەی ”زەمینەیەک بۆ هیوای ئەوەی چارەسەری پێویست دەشێت کاریگەربێت، هەروەها گۆڕانکاری لە هەلومەرجی ژیان و پەروەردە کە بابەتی هەموو کارێکی تەندروستی گشتیە، دەتوانێت یارمەتی جڵەوکردنی نەخۆشی سیل بدات“ لە ئەنجامی کاری وەک وێڵکۆکس و بەگشتی گۆڕینی بیرۆکەکان دەربارەی نەژاد، لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا زۆربەی کارکەرانی بواری سیل وازیان لە بەستنەوەی نەژادی هێنا. چونکە سیل نەخۆشیەکی هەژاریبوو نەک نەژادی. بەڵام لە کاتێکدا لەوانەیە لێکدانەوە نەژادیەکان بنبڕکرابێتن، بەڵام سیل هەر بنبڕنەکرابوو.

پێش جەنگی جیهانی دووەم بەرەنگاربوونەوە کەم بۆ سیل لە نێو بەشە پەراوێزخراوەکانی جیهان ئەنجامدرابوو. بەڵام دواتر، زۆر بە خێرایی، چەندین پێشکەوتن پێکەوە هاتن بۆ بەرپاکردنی بەرهەمدارترین کات لە جڵەوکردنی سیل کە تا ئێستا جیهان بەخۆوە بینیبووی. پێکهێنانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پاش جەنگ وەک ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) و یونسێف بەشێک بوو لە گورزە تەوژمی پاش جەنگ، تەوژم گەلێک کە لە لایەن هاندەری جۆراوجۆری وەک پێشبڕکێی جەنگی سارد بۆ بردنەوەی لایەنگر، مرۆڤدۆستی، و بەرژەوەندی ئابووری لە هێزی کار و بازاڕی بەکاربەری نوێ بۆ پەرەپێدانی ئەوەی کە پێی دەوترێت جیهانی سێیەم. لەگەڵ دۆزینەوەی ئەم دوایەی دژە بەکتریا کە لە ڕاستیدا چارەسەری سیلی دەکرد و ئەنجامە ئەرێنییەکان لە تاقیکردنەوەی گەورەی هیندی ئەمریکی لە سەر پێکوتەی BCG (bacillus Guérin Calmette) کە ناونراوە بەناوی دوو

زیندەوەرناسی فەرەنسی کە لە ساڵی ١٩٠٨ پەرەیان بە پێکوتەکەدا. کاتەکە بۆ چارەسەرکردنی سیل لە جیهانی تازە پێشکەوتوو هات. لە ساڵی ١٩٥٣، ڕێکخراوی تەندروستی جیهان(WHO)، ئاماژەی بە هەڵمەتی گەورەی پلان بۆ داڕێژاوی پێکوتەی BCG کرد، هەروەها ئامادەبوو بۆ ئەوەی پێی دەوترێت "گەورەترین کردەی جەماوەریی کە جیهان تا ئێستا لە دژی یەک نەخۆشی بەخۆوە بینیویەتی"، تا کۆتایی ساڵانی دەیەی ١٩٥٠ ئەو هەستەی کە تەکنەلۆژیای پزیشکی زیندەیی لە کۆتایدا دەتوانێت کێشەی سیل چارەسەر بکات بەرهەستبوو.

هەروەک لە ساڵی ١٩٥٨ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) وتی: "ئەگەرەکان بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی جڵەوکردنی سیل لەسەر بنەمای ئەو ڕێکارانەی، کە کاتێک جێبەجێبکرێت بۆ بەرنامەی تەندروستی گشتی، کاریگەری و پەسەندکراوی لە لایەن دانیشتوان بسەلمێنێت و گرانی نرخ نەبێتە ڕێگر بۆ بەکارهێنانی لە ئاستی بەرفراوان، ئەمڕۆ، بۆ یەکەم جار لە مێژوو ئەنجامەکان زۆر گەورەن" دوو توخمی سەرەکی لە ئەم بەرنامەیەدا بریتین لە کوتان و بەکارهێنانی دەرمانی دژە سیل.

BCG لە سەرانسەری جیهان ڕێگەی خۆیکردەوە بۆ دە ملیۆن لاشە، هەروەها دژە بەکتریاکان بەڵێنی سەروو ئاساییان پیشاندا. بەڵام ئاڵانگارییەکە زۆر گەورەبوو. هیوا تێکەڵبوو بە نائومێدی لە جیهانی جڵەوکردنی سیل_نائومێدی لە ڕاپۆرتە ناکۆکەکان لەسەر کاریگەری BCG و کێشە جددیەکان بۆ کارکردنی دژە زیندەییەکان لە جیهانی ڕاستەقینە وەک ئەوەی لە تاقیکردنەوەکاندا دەیکرد.

تاقیکردنەوەی BCG و دژە زیندەییەکان بوو بە تەوەری زۆربەی کارەکـــانی ڕێکخـــراوی WHO و یونیســـێف و ئەنجـــومەنی تـــوێژینەوەی پزیشـــکی بەریتانیـــا (MRC)، بەتـایبەتی لە هیندسـتان و کینیـا. کوتـان بەڵێنێکـی گەورەی پیشاندا، چونکە دەبێتە هۆی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ســـیل؛ هەروەهـــا دژە زینـــدەییەکانیش چارەســـەریان پێشکەشکرد. بەڵام کاریگەری BCG بە شێوەیەکی بەرچاو فرەچەشنبوو.

ئەو شـــتەی کە BCG بـۆ چەنـدین دەیە هێشـــتەوە ئەو هیوایەبوو کە کاربکات و ئەو هەستە زۆر بەهێزەی کە هیچ ڕێگرییەکی تر بوونی نەبوو. دژە بەکتریاکان بێ چەنوچوون کاریـــانکرد. بەڵام ئەوان زۆر جـــار لە شـــوێنانێک بەرهەم دەهێنـــران کە نەدەتـــوانرا بە شـــێوەیەکی کـــاریگەر بەڕێـــوە ببـــرێن؛ پێداویســـتیەکان بە خـــاوی دەنێـــردران؛ هەنـــدێک لە تێکەڵەکانی دەرمان گرانبەها، ژەهەراوی یـان قورسـبوون بـۆ پێـــدان. ڕووبەڕووبـــوونەوەی ئەو ئاڵانگاریـــانە، تـــوێژەرانی WHO و MRC پەرەیان بە ڕژێمـی دەرمـانی هەرزانتـردا و ئەوەیان خستەڕوو کە دەرمان لە خۆدان لە ماڵەوە دەکرێت.

بەڵام هەموو ئەو وزە، شارەزایی، و پێشکەوتنانە نـاتوانن بەرەنگـاری ئەو شـتە بـبن کە لە هەنـدێک شـوێندا بە جـددی هەبـووە، لە هەنـدێک کـات کێشـەیەکی نەبەز و دڕبـووە: بە تایبەت بەرهەڵستی بۆ دەرمان.

لە کەمتر لە دەیەیەکدا، کینیا تا ناوەڕاستی ساڵانی دەیەی ١٩٦٠دا لە هەبوونی هیچ دژە زیندەییەک بە هـیچ شـێوەیەک، هەنگـاوی بـۆ ڕووبەڕوبـوونەوەی بڵاوەپەتـایەکی نزیـک جڵەونەکراو لە سیلی بەرهەڵستکار بۆ دەرمان نا.

هەمان شت لە شوێنەکانی تر ڕاستبوو کە دژە زیندەیی هەبوو لە نەبوونی سیستەمی بەڕێوەبردنی کاریگەر. بۆ دەیان ساڵ، WHO و ئەوانی تر کێشەکەیان پشتگوێ خست یان جددیەتیەکەیان بە کەم دەبینی.

هێرشی پاش جەنگی جیهانی یەکەم بۆ سەر سیل چووە پاڵ هەڵمەتی هاوکات بۆ بنبڕکردنی مەلاریا (سەرنەکەوتوو) و ئاوڵە (سەرکەوتوو) وەک چارەسەرێکی تەسکی پزیشکی زیندەیی بۆ جڵەوکردنی نەخۆشی.

بۆ سیل، ئەمە هەرگیز بەس نەبوو. ڕەخنەکانی ئەم ڕێبازە، وەک بزووتنەوەی بەرخۆدانی جەماوەری بەهێز لە دژی هەڵمەتی BCG لە هیندستان لە سالآنی دەیەی ١٩٥٠، زۆر بە دەگمەن بە جددی وەرگیرابوون. لە هیندستان و شوێنەکانی تر، ئەو بیرۆکانەی کە باشترکردنی پێوانەکانی ژیان کلیلی دابەزینی ڕێژەی سیلن هەموویان باشبوون، بەلآم واقعی نەبوون، و زۆرینەیان لە بواری گەشەپێدانی بیری بازرگانیبوون.

ئەوان زۆر زیاتر هاوڕابوون لەگەڵ پسپۆڕی ئەمریکی سیڵ والّش مەکدرمۆت کە مشتومڕی ئەوەی دەکرد "بە هۆی پێشڕەویەکانی پزیشکی زیندەیی، سیل نەخۆشییەکە دەکرێت بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بگۆڕدرێت، بە بێ ئەوەی پێویست بکات چاوەڕێی باشبوونی ژێرخانی کۆمەلآیەتی بکرێت". لە ناوەڕاستی سالآنی دەیەی ١٩٧٠، داهێنان و وزە لە جڵەوکردنی_جیهانی سیل نەما. سیل نەخۆشییەکی فەرامۆشکراوبوو، بەلآم خۆ هەرمابوو. ئەوانەشی کە هێشتا کاریان لەسەر سیل هێشتبووەوە، هەروەها ئەوانەی بەردەوامبوون لە مەترسیی گرتنی،

ڕووبەڕووی گەورەترین بەرەنگاریی بوونەوە: HIV/ئایدز. لەبەرئەوەی HIV سیستەمی بەرگری لاواز دەکات، ئەو هاوڕێیەکی نایاب بوو بۆ سیل. ئەو کەسانە کە HIV ئەرێنین زیاتر لەبەر مەترسی توشبوونن بە نەخۆشی سیل. هەروەها ئایدز زۆر کاریگەرە لە ڕێگەدان بە توشبوونی ناچالاک بۆ بوون بە توشبوونێکی چالاک. لە ساڵی ١٩٨٧ دوو تویژەر نووسیبوویان کە "تێکەڵکردنی هەردوو نەخۆشیەکە دەکرێت هۆکاری هەکاتۆمبێکی ترسناک بێت (قوربانیدان یان کوشتاری چەندین قوربانی) لە ساڵانی هاتنیدا" ئەو کێشەیەی کە لە ساڵی ١٩٩٤دا لەلایەن WHO و یەکێتی نێودەوڵەتی دژ بە سیل و نەخۆشی سییەکان هۆشداریدا، زۆر جددی بوو، کە "بڵاوەپەتای نەخۆشی HIV و سیل ئاڵانگاریەکی بێ هاوشێوەن بۆ تەندروستی."

سەرەڕای زوو ناسینەوەی پەیوەندی نێوان ئەو دوو نەخۆشیە، بەڵام لە ماوەی سێ دەیەی یەکەمی نەخۆشی HIV زۆر کەم ئەنجامدرا بۆ وەستاندنی شەپۆلی ئایدز/سیل. پسپۆڕی بەناوبانگی سیل و HIV ئانتۆنی هاریس لەگەڵ چەند هاوکارێکی لە ساڵی ٢٠١٠ بروسکەیاندا کە وەڵامدانەوە بۆ نەخۆشی سیل/HIV "شەرمن، هێواش، و نائاهەنگبوو. ئەگەر ئەم دۆخە جەنگ بوایە... هەوڵەکانمان لەبەر نابەدڵی و بێکاریگەریان گاڵتەیان پێ دەکرا." وڵاتانی خوارووی بیابانی گەورەی ئەفریقیا لە هەمووان خراپتر لێیاندرا.

تا ڕادەیەکی زۆر لە ئەنجامی هاوەڵە کوشندەکەی، سیل لە ڕێژەی ١٤٦ بۆ هەر ١٠٠،٠٠٠ لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ ٣٤٥ لە هەر ١٠٠،٠٠٠ لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕۆیشت. سیل ئێستا بکوژی

ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەیە کە نەخۆشی ئایدزیان هەیە، کە بۆ دەیان ساڵ تێکەڵەیەک لە هۆکارەکان لە پیلاندابوون بۆ ڕێگەدان بە گەشانەوەی جووت پانەپەتاکە: بێگوێی جیهانی بەرامبەر بە سیل تا کۆتایی ساڵانی دەیەی ۱۹۷۰، دەرکەوتنی نەخۆشییەکی نوێ کە کاردەکات لەگەڵ نەخۆشیەکی کۆن، فەرامۆشکردنی زووی ئایدز لە ئەفریقا و بەردەوامبوونی بزرکاوی و نەبوونی سەرکردایەتی لە چارەسەری ئایدزی جیهانی.

کێشەی سیلی بەرهەڵستکار بۆ چەند دەرمان(MDR) کە هەمیشە گەشەی دەکرد زیادبوو بۆ پانەپەتای HIV/سیل، کە زۆر جار وەک بەڵایەکی نوێ ئاماژەی بۆ دەکرا، لە ڕاستیدا بەردەوامبوونی کێشەکەیە کە یەکەم جار لە شوێنەکانی وەک کینیا لە ساڵانی دەیەی ۱۹۵۰ و ۱۹٦۰ ڕووبەڕووی بوونەوە، بەڵام ئێستا خراپتربووە.

تووشبووانی MDR_سیل بەلایەنی کەم بەرهەڵستی ئایزۆنیازید و ڕیفامپین دەکەن، کە دوو دژە زیندەیی باو و کاریگەرن. بە شێوەیەکی فراوان بەربەرەکانی دەرمان توشبووانی (XDR-TB) سیلی بەرهەڵستکاری فرە دەرمان کە بەرهەڵستکارە بۆ ئیسۆنیازید یان ڕیفامپین و لانی کەم یەکێک لە فلۆریۆکینۆلۆنسەکان و یەکێک لە دەرمانە تەزریقەکان_لە کاتێکدا کە لە ڕوودا نوێیە، بەڵام تەنها ڕووخسارێکی نوێی کێشە کۆنەکەیە. هەردوو سیلی -XDR MDR، و سیلی سادەی بەرهەڵستی دەرمان پێش ئەوانن، ئەنجامێکی هەڵە بەڕێوەبردنی دژەزیندەییەکان لە هەموو ئاستەکان: نەخۆشەکان دەرمانەکانیان وەرناگرن؛ لاوازی

جڵەوکردنــی نەخــوش؛ کورتهێنــانی دەرمــان؛ بەرنــامەی فەرامۆشکراوی پێدانی دەرمان.

ســوربوون، لە هەنــدێک کاتــدا، لە ئەوەی کە ســیلی بەرهەڵستکاری دەرمـان بە سادەیی شتێکی گەورە نییە، و تــازەترین گــۆڕانی بیرکــردنەوە، ئەو تێــڕوانینەی کە چارەســەری MDR_ســیل لە ڕووی نــرخەوە زۆری تێناچێـت. سـیلی بەرەهەڵسـتکاری فـرە دەرمـانیش وەک HIV/TB، فەرامۆشکراوە. ئێستا سیل زیاتر لە هەر کاتێکی تر لە مێژوودا مرۆڤ دەکوژێت.



٧. سیل بە شێوەیەکی یەکسان کاری نەکردە سەر هەموو کەس، لە هەندێک شوێن بەربڵاوتربوو بەراورد بە شوێنەکانی دیکە.

بەشی شەشەم
ئەنفلۆنزا

ئەو ئەنفلـۆنزایەی کە لە دوو شـەپۆل لە سـالّی ١٩١٨ و سـێیەم لە سـالّی ١٩١٩ بە هەمـوو جیهانـدا بڵاوبـووەوە بەدرێژایی مێژوو و لە سەردەمی مەرگی ڕەشەوە خراپترین پانەپەتـابووە، ئەنفلۆنزا پێشـتر بە شـێوەی پانەپەتـا جۆشـی سـەندبوو، بە ئەم دواییـانە، و بە تونـدی، لە سـالّی ١٨٨٩ تـا ١٨٩٢. بەڵام هەرگیـز لە کـاریگەری پەتـاکەی سـەردەمی جەنگـی جیهـانی یەکەم نزیـک نەبـووەتەوە، کە بەلایەنـی کەمەوە پەنجا ملیۆن کەسی کوشت. زۆربەی ئەو مردنـانە لە ماوەی مانگە ترسناکەکانی تشرینی یەکەم و نۆڤەمبەربوو.

ئەگەر ئـاوڕ لە دواوە بـدەین، ڕۆژنـامەی پزیشـکی بەریتانی British Medicah Journal لە مـانگی نیسـانی سـالّی ١٩١٩ نووسـیویەتی کە ئەنفلـۆنزاکەی بۆمبـای "بـووە

هـــۆی وێرانکردنێــک کە تەنهـــا مەرگـــی ڕەش... دەتوانێــت هاوشـــانی بێــت." هێشـــتا نازانرێــت ڤایرۆســـەکە لە کوێـــوە ســـەرچاوەی گرتـــووە. هەر چەنـــدە زۆر جـــار ئاســـیا بـــاس دەکرێت.

لە ئیتالیا دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە بە هیـچ شـێوەیەک ئەمە ئەنفلـۆنزا نیـیە، بەڵکـو شـــەڕی کیمیـــاییە کە لە لایەن ئەڵمانیەکانەوە ئەنجامدەدرێت.

نـامیلکەی پزیشـکێکی ئیتـاڵی لە ناونیشـانەکەیدا پرسـیاری کردبـــوو: "ئایـــا دوایـــین پەتـــا بە جـــددی ســـەرچاوەکەی تاوانکارییە؟

یەکەم بڵاوبـــوونەوەی ناســـراو لە کـــامپی فونســـتۆن لە شـاری کانساسبوو لە ٥ مارسی ١٩١٨، لە ئەوێوە گەشـتیکرد بۆ قەڵاکانی تر و دەزگا سـەربازییەکان. لە مـانگی نیسـاندا لە ڕێـــگەی کەشـــتیەوە بـــۆ فەڕەنســـا گـــوێزرایەوە. پاشـــان بە خێرایی لە ئەوروپا بڵاوبووەوە و گەیشتە باکووری ئەفریقا و هیندستان، لە مانگی یولیۆ بەرەو چین و ئوسـترالیا چـوو. ئەنفلـۆنزا دای لە زۆر پیـاوی کەنارەکـانی فلیپـین کە بـووە هـۆی چـۆڵکردنی شـوێنی بـارکردن و داگـرتن لە کەنـارەکە. پانەپەتـاکە لە مـاوەی چـوار مانگدا گەشـتی کـرد بە هەمـوو جیهاندا.

شـــەپۆلی دووەم، زۆر کوشـــندەتربوو، لە فەڕەنســـا لە مانگی ئـابی سـاڵی ١٩١٨ دەسـتیپێکرد، کە لە هەمـوو جیهانـدا بە خێرایـی دەگـوێزرایەوە لە ڕێـگەی بازرگـانی دەریـایی و گواســـتنەوەی ســـەربازیی، کە لە هەمـــان کاتـــدا لە بۆســـتن؛ برێســـت، فەڕەنســـا؛ فریتـــاون، هەروەهـــا ســـیرالیۆن. هێڵـــی شـــەمەندەفەری تێـــپەڕ بە ســـیبریا ئەنفلـــۆازای هەڵگـــرت بـــۆ

باكووری ئاسیا. سەربازانی هیندی و بەریتانی ئەنفلۆنزایان هێنا بۆ ئێران.

لە ئەوێ لە نێوان ١٠٪ بۆ ٢٥٪ ئەو دانیشتوانەی کوشت کە شەڕ و قاتوقڕی پێشتر وێرانی کردبوو. ئەنفلۆنزا گەیشتە ژاپۆن لەسەر کەشتیەک لە شاری بەندەری سیبری ڤلادیڤۆستۆک، پاشان بڵاوبووەوە بۆ ناوچەکانی داگیرکراوی ژاپۆنی. دوای ئەوەی گەشتە کەناری ڕۆژئاوای ئەفریقا، لە شاری فریتاون کە ڕۆژنامەکان بڵاویانکردەوە لە ئەو وڵاتە "هەموو شت سەروژێرە...خەڵک وەک مشک دەمرن.... مردووەکان ئێستا بە هۆی نەبوونی شوێن لە گۆڕستانەکان لە ناو چاڵەکاندا بەخاکدەسپێردرێن"

پەتاکە ڕێگای خۆی بۆ نێوەوەی وڵاتان کردەوە لە ڕێگەی هێڵی ئاسنینی تازە والاکراو. ئەو بە بێ ئاگاداری هات بۆ گانا. بەرپرسێکی داگیرکار، ئاماژەی بە ئەوە کردبوو کە لە باکوور "شاری لۆرا وەک گوندێکی چۆڵکراو وایە، کەس کەس نابینێت، من گوێم لێیە کە هەندێک لە پیاوانی ئاینی دەپرسن کە ئایا ئەمە کۆتایی جیهانە".

هەر کە گەیشتە کیپتاون، بە خێرایی لە ڕێگای هێڵی شەمەندەفەرەوە بەرەو باکوور ڕێگەی خۆی کردەوە. بڵاوبوونەوەی ئەنفلۆنزا لە باشووری ئەفریقا خێرابوو، چونکە ئەم نەتەوەیە یەکێک لە سەرقاڵترین بەندەری کیشوەرەکەی هەبوو و خاوەنی پێشکەوتووترین تۆڕی گواستنەوەی ناوخۆیی بوو. دواتر دوای ڕووباری کۆنگۆ کەوت بە کەشتی هەڵمی گەڕانەوە بۆ کەناری دەریای ئەتڵەسی.

ئەنفلۆنزا لە ڕێگەی بازرگانی ئۆقیانووسی هیندیەوە هاتە ئەودیوی ئەفریقا، یەکەم جار لە مۆمباسا لە کۆتایی مانگی ئەیلولدا دەرکەوت. لە ماوەی چەند مانگێکدا شەپۆلی دووەم بە نزیکەیی هەموو شوێنێکی نیشتەجێی ئەم هەسارەیەی ڕامالیبوو. شەپۆلی سێهەمی نەرمتر لە زستانی سالّی ۱۹۱۹ گەیشت و لە بەهاردا ڕۆیشت.

هەموو شتێک تەواوبوو.

کاریگەریەکانی لەسەر دانیشتوان هێگجار زۆربوون. نیو ملیار کەس کە سێیەکی دانیشتوانی جیهانن تووشی ئەنفلۆنزابوون.

ڕاپۆرتی ناتەواو و دەستنیشانکردنی نا-ورد وادەکات گەشتن بە ژمارەیەکی وردی مردووان مەحالبێت. لە زۆربەی شوێنەکان کە قورسترین لێدانیان هەبوو، وەک هیند و ولاتانی خوارووی بیابانی گەورەی ئەفریقا، زانیاری دانیشتووانناسی زۆر کەمبوو، و ژمارەی کارمەندانی پزیشکی سنوورداریش بووە هۆی هەلگرتنی چەند تۆمارێکی کەم. چین، کە لەوانەیە پانەپەتاکە کاریگەری وێرانکەری لەسەری هەبووبێت، دەستی نەکرد بە هەلگرتنی تۆمارەکان تا سالانی دەیەی ۱۹۳۰. بە پێی توندی نەخۆشیەکە بێت، بە دلنیاییەوە ژمارەی مردووانی ڕاستەقینە لە ژمارە ئاماژە بۆ کراوەکان گەورەتربوو. ژمارەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بە تێپەڕبوونی سال گۆڕان.

ئێدوین ئۆکس جۆردەن لە لێکۆلینەوەکەی Epidemic Influenza: A Survey، کە لەلایەن کۆمەلەی پزیشکی ئەمریکیەوە لە سالّی ۱۹۲۷ بلاوکراوەتەوە، کۆی گشتی گیانلەدەستدانی جیهانی ئەنفلۆنزای بە ۲۱.٥ ملیۆن کەس

مەزەندە کردووە. ئەمە بۆ دەیان ساڵ بە شێوەی پێوانەیی مایەوە، چونکە ژمارەیەکی کەم لە توێژەران ئارەزووی لێکۆڵینەوەیان لە پانەپەتاکان هەبوو. بەڵام ئێستا مێژوونووسان بە ژمارەکەی ئۆکێس دەڵێن "نزمی گاڵتەجارانە"، چونکە هەر کە مێژوونووسان بایەخێکی زیاتریان بە پانەپەتاکاندا، ئەوان ژمارەکەی ئۆکاسیان بەزرکردەوە، هەندێک جار بە شێوەیەکی بەرچاو، لە کاتێکدا هێشتا کەم لە بارەی شوێنەکانی وەک ڕووسیا و چین زانراوە، تازەترین مەزەندەی جیهانی پەنجا ملیۆنە؛ هەندێک پێیان وایە کە لەوانەیە ئەو ڕێژەیە بە ١٠٠٪ کەمبێت.

هەندێک وڵات، و تەنانەت هەندێک ناوچەی نێو وڵاتەکان زۆر قورستر لە هەندێکی تریان لێیاندرا؛ مردنیش جیاوازبوو لەسەر بنەمای تەمەن و ڕەگەز.

خەڵکی ڕەسەن لە ئوستورالیا، نیوزیلاند، و ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ئەندازەی چوار جار ڕێژەی مردنیان زیاتربوو لە دانیشتوانی دەوروبەریان. لە گوندی دوورە دەستی ڕەسەنی وێلز لە ئەوپەڕی باکووری ئالاسکا، ئەنفلۆنزا پەتای دانیشتوانی پاکیزەبوو: ١٥٧ کەس لە کۆی دانیشتوانەکەی کە تەنها ٣١٠ کەسبوو گیانیان لەدەستدا.

هیندستان، کە نزیکەی هەژدە ملیۆنی تێدا مرد، تا ئەوپەڕ بەرزترین ئاماری مردووانی هەبوو. هەروەک لە شوێنەکانی تر، ژمارەی مردووانی هیندستان بەهۆی ئەنفلۆنزا_بە شێوەیەکی نادیار_لە نێو گەنجە پێگەشتووەکان چڕببووەوە. ئەمە زۆر جیاوازبوو لە پەتای ئەنفلۆنزای پێشوو و بڵاوبوونەوەی ئاسایی ساڵانە کە بەساڵاچووان و گەنجەکان بە شێوەیەکی نایەکسانانە پێی کاریگەردەبوون.

له هیندستان ژنان قورسترین لێدانیان هەبوو، چونکە ئەوان چاودێری نەخۆشەکانیان دەکرد. یەکێک لە ئەنجامەکانی هەردوو مردنی تایبەت بە تەمەن و ڕێژەی زیاتری مردن لە نێوان ژنان دابەزاندنی ڕێژەی لەدایکبوونبوو لە هیندستان_لە ساڵانی دواتردا، بە ئەندازەی دابەزینی ٣٠٪ لە ساڵی ١٩١٩. چونکە ئافرەتان کەمتربوون، گەنجی زۆریش نەمابوو بۆ هاوسەرگیری.

پانەپەتاکە گەشتە هەندێک لە دوورترین کۆمەڵگاکانی جیهان. لە دوورگەکانی دەریای هێمن ئەنفلۆنزا وێرانکەربوو، ڕێژەی مردنیش لە ئەو دوورگانە زیاتربوو لە هەر شوێنێکی تر. هیچ دوورگەیەک نزیکەی کەمتر لە ٥٪ دانیشتوانەکەی لە دەستنەداوە. ساموئای ڕۆژئاوا قورسترین لێدانی هەبوو: ٢٢٪ دانیشتوانی کە نزیکەی ٣٨ هەزار دەبوون لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا مردن. ئەگەر ئەمڕۆ لە ئەمریکا ئەوە ڕوویدات، حەفتا ملیۆن دەمردن. لە کاتێکدا کە بەڕێوەبەرایەتی دەریایی ئەمەریکی توانی ئەنفلۆنزا کەم تا زۆر لە بەشی ئەمریکی ساموئای ئەمریکی دووربخاتەوە، لە ڕێگەی دابڕاندنی توندی سەرنشینانی سەر کەشتییە هاتووەکان و ڕێگریکردن لە لەنگەرگرتنی بەلەمی پۆستە، هەرگیز ئەم جۆرە ڕێوشوێنانە لە ساموئای ڕۆژئاوا تاقینەکرانەوە. لە ئەنجامدا ئەنفلۆنزا گەیشت لە ڕێگەی کەشتی هەڵمی نیوزیلاندی تالۆن.

لە کاتی ڕۆیشتنی کەشتییەکە پسوولەی خاوێنی تەندروستی پێدرا، بەڵام لە هەفتەیەکدا لە نێوان دەرچوونی لە نیوزیلاند و لەنگەرگرتنی لە ساموئای ڕۆژئاوا ئەنفلۆنزا لە نیوزیلاند جددیبوو. هیچ کەس ساموئای ڕۆژئاوا یان

بەنـــدەرەکانی دیـــکەی پەیوەنـــدی ئاگـــادارنەکردبووەوە.
دوورگەکـان دەربـارەی پانەپەتـاکە لە ڕۆژنامەکـانی سـەر کەشتی تالۆنەوە فێربوون، یان لە کاریگەریە وێرانکەرەکانی خـودی ئەنفلـۆنزاکە. هەر چەنـدە سـاموئای ڕۆژئـاوا وەک نیوزیلانـد بەشـێکبوو لە ئیمپراتـۆریەتی بەریتـانی، هەروەهـا نەخۆشـییەکە بە باشـی لە هەمـوو جیهـانی زەریـای هـێمن ناسـراوبوو، بەڵام هـیچ کەس دوورگەکـانی لە سروشـتی نائاسـایی کوشـندەیی بڵاوبـوونەوەی ئەم جـارەی ئەنفلـۆنزا ئاگادارنەکردەوە، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، ئەنفلۆنزا بەسـەر دوورگەکەکاندا زاڵبوو. ٩٠٪ دانیشتوان نەخۆشکەوتن؛ ژیـانی کۆمەڵایەتی، و ئیداری، و ئابووری لە کارکەوت.

تونـدی پانەپەتـاکە لە چـاو شکسـتە ڕەوشـتییەکانی دوورگەنشـینانی زەریـای هێمـنەوە دەبینـرا. نـوێنەرێکی بەریتـانی دەربـارەی دورگەی تۆنگـا نووسـیبووی: "دڵتەزێنتـرین تایبەتمەنـدی ئەو بڵاوبـوونەوەیە، بێبـاکی و کەمتەرخەمی سەرۆکی ڕەسـەنەکان بوو لە هەمبەر ئازار و نـــارەحەتی گەلەکەیان....کاتێـــک کە بارودۆخەکـــان لە خراپترینیـان بـوون. تـاکە هـاوڵاتییەکی تونگـانی دەسـت نەدەکەوت تەنانەت بۆ کاری هەرە پێویست.

ئەم شکسـتە ڕەوشـتیانە دەرئەنجـامی سیاسـیان هەبـوو: "ئەو جـۆرە ڕووداوانە دەبێـتە هـۆی ئەوەی کە تـاک لە خەملاندنی بۆ کەسایەتیەکانی تۆنگان پێداچوونەوە بکات و بێ توانایی لە هەستکردنی قووڵ و گونجاوییان دەربـخەن لە بەرپرسـیاریەتی بـاڵای خۆبەڕێـوەبەری". ڕێـژەی لە ٩٥٪ مـردن کەمینەیەکـی هێشـتەوە کە توانـای پەرچەکـرداری بەهێزیـان هەبێـت. لەگەڵ ئەوەشـدا چـاودێرانی بەریتـانی

گلەییان لە دوورگەنشینان کرد بۆ وەڵامدانەوەی بێسوودیان بۆ پانەپەتاکە لە کاتێکدا بانگەشەیان بۆ هەوڵەکانی خۆیان وەک هەوڵی قارەمانانە دەکرد.

ڕێژەی مردن زۆر ترسناکبوو لە سامۆئای ڕۆژئاوا و زۆر پرسیاری هێشتەوە لە پاشڕەوی خۆی_بەشێوەیەکی سەرەکی، چۆن ئەمە ڕوویدا لە جیهانێک کە بەردەوام_باش لە پێکەوەبەستندابوو، جیهانێک کە هەواڵەکان بە خێرایی دەگوێزرانەوە؟ لە هاوینی ١٩١٩ نووسینگەی داگیرکاری بەریتانی لیژنەی پەتای سامۆئایان پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لەوەی بۆچی ڕێگە بە ئەنفلۆنزا درا بۆ تێپەڕبوونی بۆ سامۆئای ڕۆژئاوا و دوورگەکانی تر، لە کاتێکدا کە بە سەرکەوتوویی لە سامۆئای ئەمریکی دراوسێ دوورخرایەوە.

یەکێک لە پرسیارەکان ئەوە بوو کە "ئایا ناساندن و بڵاوبوونەوەی پەتای ناوبراو بەهۆی هەر کەمتەرخەمی و هەڵەیەک بووە لە لایەن هەر کەسێکەوە کە لە خزمەتی تاجی بەریتانی بێت، جا چ ئەوەی پەیوەندیدارە بە حکومەتی جێبەجێکاری نیوزیلاند یان پەیوەندیدار بە بەڕێوەبەرایەتی دوورگەکانی سامۆئای ڕۆژئاوا".

وەڵامەکە بەڵێ بوو. لیژنەکە دەستنیشانیکرد کە پینەوپەڕۆکردنی کارگێڕی بووەتە هۆی شکست لە گوێزرانەوەی هەر زانیاریەک لە سەر ئەنفلۆنزاکە. لیژنەکە زیاتری دۆزییەوە، کە کارگێڕی بەریتانیا لە سامۆئای ڕۆژئاوا پەتاکەی بە ئەندازەی پێویست بە جددی نەگرتبوو؛ پزیشکەکان وای بۆ چووبوون کە ڕابەریکردنیان بۆ پزیشکی هاوچەرخ دەبێتە هۆی ڕێگریکردن لە خراپترین

کاولکاریەکـــانی نەخۆشـــیەکە. شکســـتی ئاگـــادارکردنەوە سنووردار نەبوو، تەنها بۆ سامۆئای ڕۆژئاوا. فەرمانگەی داگیرکار کەسی ئاگادارنەکردبووەوە؛ داگیرگەکان خۆیان کارێکی باشتریان کرد بە ئەوەی بە دراوسێکانیان بڵێن ئەگەر ئەنفلۆنزایان هەبێت. هێشتا لە باشترین بارودۆخدا بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان هەڕەمەکیبوو.

کاتێک ئەنفلۆنزا بوو بە نەخۆشیەکی ناسراو، هەواڵ دەگەیشتە داگیرگەیەکی دیاریکراو، تەنها کاتێک، بۆ نموونە، سیرالیۆن و گامبیا بڕیاریاندا بە ئاگادارکردنەوەی نایجیریای دراوسێیان یان کەسێک کە لە ڕۆژنامەکاندا لە سەری خوێندبێتەوە، یان لە هەمووی خراپتر کاتێک کە ئەنفلۆنزاکە خۆی دەرکەوتبێت.

وێرانکارییەکانی پانەپەتاکە ڕوونبوو. هۆکاری ئەوەی کە بۆچی لەبەر چاوی خەڵکی ئەو کاتە وانەبووە، لەبەر ئەوەی ئەنفلۆنزا پانەپەتایەکی نوێ نەبوو، هەروەها ڕووداوی ساڵی ١٩١٨ دواین بڵاوبوونەوە نەبوو. پانەپەتاکان لە سەدەی شازدەوە شەقڵێکی ئاسایی مێژووی مرۆڤبوون. هەروەها ئەنفلۆنزا بۆ ماوەیەکی زۆر پێشتر سەردانکەرێکی سالانەبووە. تەنها نەوەیەک پێشتر پانەپەتا هەبووە لە ساڵی ١٨٨٩-١٨٩٠، هەروەها دانەی تر هەبووە لە ساڵانی ١٩٥٧، ١٩٦٨ هەروەها ساڵی ٢٠٠٩. بەڵام پانەپەتای ساڵی ١٩١٨ جیاوازبوو.

ئەنفلۆنزا ڤایرۆسێکە سێ جۆری هەیە، ئەنفلۆنزای A کوشندەترین و بەربڵاوترینە، کە نەخۆشیەکی مرۆئاژەڵییە_لە ئاژەڵەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە، بەڵام تیرەی ڤایرۆسەکەی تا پێش ساڵی ١٩١٨ نەبینراوە و تاکو

ساڵی ٢٠٠٥ دەخایەنێت. تەنها بۆ ناساندنی ڤایرۆسەکە وەک تیرەی H1N1 (کە H بۆ hemagglutinin دەوەستێت، N بۆ neuraminidase؛ هەردووکیان پرۆتینن) کە چەندین تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە.

ئەو ئەنفلۆنزایە بە ڕێژەی بیست جار زیاتر دەیدا لە پێگەشتووە گەنجەکان بەراورد بە پانەپەتای ئەنفلۆنزای پێشوو و بڵاوبوونەوەی پەتا وەرزی ئاسایی، کە بە گشتی کاریگەرییەکی زۆر گەورەتری هەبووە (دەبێت) لەسەر گەنجەکان و پیرەکان. توشبوون زۆربەی کات بە خێرایی بەرەو جۆرێکی کوشندەی نەخۆشیی هەوکردنی سی دەڕۆشت. مردنی زۆر بەرزتربوو لە هەر نەخۆشییەکی ئەنفلۆنزای تر-سیێ شەپۆلی جیا، یەک لە سەر یەک کەڵەکەبوو، هیچ کاتێکی نەهێشتەوە بۆ چاکبوونەوە یان خۆ ئامادەکردن.

بۆچی هەموو ئەمانە هێشتا تا ڕادەیەکی زۆر نادیار ماونەتەوە، زۆر بە تایبەتی توندی نەخۆشییەکە. ئەوەی زانراوە لە نموونەی ئەرشیفی ڤایرۆسەکە_کە لە ساڵی ٢٠٠٥ ڕێگەیدا بە ڕیزکردنی تەواوەتی بۆ هێڵی بەلایەنی کەمەوە ڤایرۆسی پایزی ساڵی ١٩١٨_ئەوە دەرکەوت کە پێشینەی هەر چوار ڕەگەزی مرۆڤ و بەرازی ئەو تیرانەیە کە بە H1N1 و H2N2 ناودەبرێن. بەڵام کاتێک گەیشت لە ساڵی ١٩١٨ نوێ بوو. دەگونجێت لە مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتبێت و دواتر بۆ بەراز پەڕی بێت.

هێشتا، ئەوەندە نەزانراوە کە دڵنیایانە وابڵێین، هەروەها ڕوون نییە کە کە ئایا دوولەت بووە بۆ هەردوو نەوەی مرۆیی و بەراز. لێکچوونی بۆماوەیی لە نێوان ئەنفلۆنزای

مرۆیـــی و بەرازیـــی هـــاوچەرخ و هەروەهـــا پەیوەنـــدی درێژخـــایەنی نێـــوان ئەنفلـــۆنزا لە بەراز و مـــرۆڤ وای لە توێژەرانی ئەنفلۆنزا کرد بۆ ئەوەی ئەو ئەنجامە هەڵهێنجێنن کە بەرازەکان دەکرێت ڕۆڵی نێوەندگیرییان هەبێت لە نێوان ئەنفلـۆنزای بەردەوام سـوڕاوە لە نێـو ئـاژەڵان و پانەپەتـای جاروبـاری مـرۆڤ.ئەم ڤایرۆسـە تـا سـاڵی ١٩٩٧ درێـژەی هەبـوو، لەو سـاڵەدا جۆرێکی تونـدی کوشـندەی ئەنفلـۆنزای باڵنـــدە لە هۆنـــگ کۆنـــگ ناســـراو بە H5N1 دەرکەوت و ڕاســـتەوخۆ پەڕی بـــۆ مـــرۆڤ. بەڵام لە ئەو کـــاتە بەدواوە ئەنفلـــۆنزای H5N1 تەنهـــا لە گـــێڵگەی پەلەوەریەکـــانەوە گواسـتراوەتەوە بۆ مـرۆڤ. گواسـتنەوەی مـرۆڤ بـۆ مـرۆڤ هێشتا بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ڕووینەداوە. ئەوە ڕوونتـر و ڕوونتربـــووە کە گەورەتـــرین کۆگـــای ئەنفلـــۆنزای A لە ڕاسـتیدا باڵنـدەیە، بە تـایبەت باڵنـدەی ئـاوی. بە دیـاریکراوی ئەو دۆزینەوەیەی کە ئەنفلۆنزای باڵندە دەتوانێت ڕاسـتەوخۆ بپەڕێـت بـۆ مـرۆڤ. بیردۆزەکـانی پێشـووی گواسـتنەوەی ئەنفلۆنزای نوێکردەوە و ئەو ڤایرۆسناسانەشی_کە ڕۆژانێک ئەمەیـــــان بە ئەســـــتەم دانابوو_ئاگـــــادارکردەوە لەگەڵ بەرپرسانی تەندروستی گشتی.

هەروەها ئەوە بۆ توانای ئەنفلۆنزا بۆ بازدان لە ئـاژەڵەوە بـــۆ مـــرۆڤ و بە پێچەوانەشـــەوە زیـــادبکە کە بە زۆر و بەخێرایی شێوەی دەگۆڕێت (بۆیە هەموو پایزێک زیاتر یـان کەمتر پێویستیمان بە پێکوتەیەکی ئەنفلۆنزای نـوێ هەیە) لە ڕێـــگەی زنجیـــرە کـــردەیەک کە ناســـراوە بە ڕامـــاڵینی دژەپەیداکەر. هەروەها زنجیرە کردەی دووبارە ڕێکخستنەوە جۆرێکە لە ڕاماڵینی دژەپەیداکەر کە ڕوودەدات کاتێک چەنـد

تیرەیەکی جیاواز لە ڤایرۆسەکە تێکەڵدەبن بۆ بەرهەمهێنانی تیرەیەکی نوێ؛ وا دیارە، ئەمە ئەو شتەیە کە ڕوویداوە لە سالآنی ١٩١٨ و ١٩٥٧ و ١٩٦٨. لە داهاتوودا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەنفلۆنزای H5N1 بە جۆرێک بگۆڕدرێت کە لە نێوان مرۆڤەکاندا گوێزراوەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی پانەپەتایەکی نوێ لە نێو ئەو دانیشتوانانەی کە مەترسی توشبوونیان لەسەرە.

بە هۆی ئەوەی ئەنفلۆنزا شێوە گۆڕە، کۆمەڵێک توێژەری دیاری ئەنفلۆنزا لە ساڵی ٢٠١٠ نووسیویانە: "سەرەڕای بەردەوامبوونی پێشکەوتن لە زۆر بواردا، لەوانە چڕکردنەوەی چاودێریی مرۆیی و ئاژەڵی و پشکنینی مەودا_فراوانی بۆ هێڵی ڤایرۆسی، ئێمە لەوانەیە ئەمڕۆ باشتر نەتوانین پێشبینی و ڕێگری بکەین لە سەرهەڵدانی پانەپەتای ئەنفلۆنزا بەراورد بە ٥ سەدە پێش ئێستا، هەروەک لە دەرکەوتنی تەواو چاوەڕواننەکراوی پانەپەتای ڤایرۆسی H1N1 ساڵی ٢٠٠٩ پیشاندرا"

لە کاتێکدا ئێمە بڕێکی زۆر دەربارەی نەخۆشییەکە دەزانین، زۆر شت هەیە کە هێشتا فێڵمان لێدەکەن، ئەو فێڵبازییە هاوەڵ لەگەڵ توانای ئەنفلۆنزا، بۆ ئێمە سەرنشۆڕکەر دەبێت. پانەپەتای ساڵی ١٩١٨ لە کاتێکدا گەشت کە پزیشکی هاوچەرخ متمانەیەکی نوێی هەبوو بە توانای دۆزینەوەی هۆکاری نەخۆشیەکان و پاشان پێشکەشکردنی چارەسەر. بەڵام پێش پەرەسەندنی پێکوتەکان لە سالآنی دەیەی ١٩٤٠ و ئەولاتر، پزیشکی بە تەواوەتی بێ بەرگریبوون لە دژی ئەنفلۆنزا.

بەڵام زانستی پزیشکی ئەمەی نەدەزانی. سەرەتا لە ساڵانی دەیەی ١٨٩٠ بە هەڵە بیر لە ئەنفلۆنزا دەکرایەوە، کە ئەنفلۆنزا نەخۆشییەکی بەکتریایی بێت_بە ناوی فایفەری چیلکەیی بانگدەکرا دوای دۆزینەوەکەی لە لایەن زانای ئەڵمانی جۆهان فریدریش فایفەر پسپۆڕی نەخۆشیە گوێزراوەکان. لە کاتی پانەپەتا، کۆمەڵەیەک لە پێکوتەکان دەرکەوتن، هەروەها چەندین هەوڵی چارەسەری دیکە. بەڵام هیچیان کاریان نەکرد. باکتریاناسی هیچ سوودێکی نەبوو. هەروەها تا ساڵی ١٩٣٣ کە ڤایرۆسناسی تەواو پێگەشتووبوو، ئەنفلۆنزا وەک ڤایرۆس دەبینرا. لە ماوەی پانەپەتاکان هیچ شتێک نەبوو کە بیوەستێنێت یان چارەسەری بکات. لە داگیرگەکان پزیشکی هاوچەرخ هیچ کاریگەرتر نەبوو لە "پزیشکی ڕەسەنی" زۆر جار ڕەخنە لێگیراو، کە وا بڕیاربوو شوێنی پێ چۆڵبکرێت. بەرپرسانی داگیرکار و پزیشکە ئاوارەکان نیگەرانیان تۆمارکرد لە ناکارابوونی پزیشکی ڕۆژئاوا، کە پەیوەندی خەڵکی ناوچەکەی بە چاککەرەوە فۆلکلۆرییەکان بەهێزکرد. لە بۆمبای ئەمە بووە هۆی نوێکردنەوەی ئارەزوو بۆ پزیشکی ئەیورڤێدی و یونیانی.

لە سیرالیۆن، چارەسەرکردنی پانەپەتاکە لە لایەن دەسەڵاتدارانی داگیراکار وایکرد کە سەروتاری هەواڵنامەی هەفتانەی سیرالیۆن دەستپێبکات بە، "پێویستە پانەپەتاکە...بکرێتە خاڵێکی جیاکەرەوە لە مێژووی وڵاتەکەمان. ئەوە دە جار زیاتر ڕوونترکراوە.... کە خۆشگوزەرانی ئێمە دەکەوێتە سەر، لەسەر پێوە ڕاوەستانمان و ئەنجامدانی کارەکانمان بۆ خۆمان" لە

راستیدا نەبوونی چارەسەرێکی کاریگەر، ڕێگری لە پزیشکەکانی نەگرت لە پێشکەشکردنی ڕیزێکی فراوان لە "چارەسەر".

فەرمانداری ڕەسەن لە بێلینگو، ڕۆدسیای باشوور "ئەنجامی سەرنجڕاکێشی" بەدەستهێنا، لە تێکەڵەی هەویری خەردەل، ڕۆنی گەرچەک، کۆنیاک و ئەوەی کە پێی دەوت "تێکەڵەی هەوکردنی سییەکان." ئەوانی دیکە پاڕافین و شەکریان بەکارهێنا. لە سەرەتادا سەرەڕای متمانە بە ئەم چارەسەرانە، بەڵام بەڕێوەبەرانی داگیرکار و پزیشکەکان، دانیان بە ئەوەدا ناوە کە لە کۆتاییدا ئەفریقییەکان ئەم "چارەسەرانە"یان بینیوە لەسەر شێوەی ڕاستەقینەیان: فیڵبازی.بەشی ڕەسەن نابەدڵانە دانی بە ئەوەدا نا کە ئەو پێشکەوتنەی پزیشکەکان و نۆرینگەکان بەدەستیانهێناوە لە قایلکردنی خەڵک بۆ وازهێنان لە پزیشکی خۆماڵی لەناوچوو هەر کە خەڵک "زۆر لە متمانەیان بۆ کارایی دەرمانی ئەورووپی لە دەستدا." ئەفریقییەکان وەرگرتنی چارەسەری ئەورووپیان دەبەستەوە لەگەڵ مردن و نەخۆشی. لە بەشەکانی ڕۆدێزیای باشوور، ئەفریقیەکان بڵاوبوونەوەکانی نەخۆشی ئەنفلۆنزایان بە نهێنی هێشتەوە، چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو کە تووشبووان بنێردرێنە لازارتۆی ترسناک (نەخۆشخانەی دابڕاندن) یان ناچاربکرێن کە دەرمان وەربگرن کە زۆرێک لە نەخۆشییەکە بە خراپتر دایاندەنا. ئەمە بۆ ئەوە نییە کە بڵێیت وەڵامدانەوەی ئەفریقی کاریگەربوو، یان وازهێنان لە دەرمانی ئەورووپی بۆ ئایۆرڤیدی یارمەتیدا، بەڵکو چارەسەری خۆماڵی هیچی نەکرد. هیچ سیستەمێک کاریگەرنەبوو. کاتێک ئەنفلۆنزا بۆ

یەکەم جار، لە بلۆمفۆنتینی، باشووری ئەفریقا دەرکەوت، کاردانەوە سەرەتاییەکان بریتیبوو لە بێدەنگبوون. شارەکە بە جۆرێک خۆی بە تەندرووست دەزانی کە پەرتووکی ڕێنوێنی ناوچەیی پێی دەوت "ئاسایشگای ئەفریقای باشوور."

شارەکە ئەوەندە دڵنیابوو لە توانای بۆ لادانی تەندروستی خراپ، کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم، لە کاتێکدا ئەنفلۆنزا لە ڕۆژئاوای ئەفریقا خەڵکی دەکوشت، ڕۆژنامە ناوچەیەکان پرسیبوویان کە ئایا دەبێت چەند ترسناکبێت "هاوڕێکەمان ئەنفلۆنزا؛ ئەو نەخۆشیە ئاسایی و باو و خۆماڵیە." ئەوان بە زوویی وەڵامیان دەستکەوت کاتێک تەرمەکان کەڵەکەدەبوون و نەخۆشخانەکان دەستەپاچەبوون. پیرێکی کەنیسەی پرۆتستانتی هۆڵەندی دواتر لە مانگی تشرینی یەکەمدا گوتی: "ئەوە بۆ من وا دیاربوو کە کۆتایی مرۆڤایەتیە." کۆستەکە شارەوانی هاندا بۆ ئەنجامدانی ڕێگری و وەستاندنی چالاکی_سینەماکان و قوتابخانەکان؛ دەرمانسازانی ناوخۆ ناچاربوون کە "تێکەڵەی ئەنفلۆنزا"، بێ بەرامبەر بۆ بەکارهێنانی گشتی دابینبکەن؛ ڕەش پێستەکانی ئەفریقیای باشوور ڕاپێچی سەربازی زۆرەملێ دەکران بۆ هەڵکەندنی گۆڕەکان.

ئینگلستان ئەو وڵاتەبوو کە خاوەنی یەکێک لە بەهێزترین ژێرخانەکانی تەندروستی گشتی بوو، یەکێک لە لاوازترین وەڵامەکانی بڵاوکردەوە. پڕچەک بە باوەڕێکی نوێ لە بیردۆزی میکرۆب، پزیشکەکان باوەڕیان بە ئەوە هەبوو کە دەتوانن چارەسەری نەخۆشیەکە بکەن و ڕەتیان کردەوە کە قایلبن بە ئەوەی کە ئەوان هیچ ڕێکارێکی ڕاست و

دروســـتیان نەبوو.زیـــاتر لە ئەوە، زۆرێـــک لە پســـپۆڕانی پزیشکی پێیان وابوو کە ترس بەرەو پێشچوونی ئەنفلۆنزا دروستدەکات، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خەڵک لە بارەی بڵاوبـــوونەوەی نەخۆشـــیەکە قســـە بکەن.بەرپرســـانی تەندروستی گشتی هانی ئارامییاندا. ئەمە، لەگەڵ متمانەی لە ڕادەبەدەریـان بە پزیشـکی هـاوچەرخ، وای لێیـان کـرد کە تونـــدی پانەپەتـــاکە بە کەم بگـــرن. بڵاوکراوەکـــانی وەک ڕۆژنـامەی پزیشـکی بەریتـانی ئامۆژگاریـان بە بێـدەنگی و دەستەوەستانی کرد:

سەرنووســەرێک نووســی، "کاتێـک بڵاوەپەتـا دروسـت دەبێت، هەمیشە مردن ڕوودەدات. باشە ئەگەر تۆزێک دانایی زیاتر پیشان بدرێت لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە، لە جیاتی کەڵەکەکردنیان تا چەند دەتوانن وەکو هەورێکی ڕەش بۆ تێکدانی نانی بەیانیانمان؟

لە سـەروتاری ڕۆژنـامەی Manchester Guardian ئەم هەســـتەی دووپـــاتکردبووەوە: "تـــۆقین هاوپەیمـــانێکی گەورەی ئەنفلـــۆنزایە، و ئەگەر بـــاری دەروونـــی گشـــتی لە سـەرچاوەی تـرس دووربخـرێتەوە، ئەوا هەنگـاوێکی درێـژ نـراوە بـۆ بەزانـدنی بڵاوەپەتاکە." کـاردانەوەی لە ڕادەبەدەر بەدیکـرا، بە تـایبەتی لە دەمـی شـەڕ. هەر وەک ڕۆژنـامەی Times لە مـانگی کـانوونی یەکەمـدا وتـی: "هەرگیـز لە کـاتی مەرگی ڕەشەوە هیچ پەتایەک بە ئەم شێوەیە تووشـی دنیـا نەبـــووە؛ هەرگیـــز، لەوانەیە، تـــاعوون زیـــاتر ئـــارمگرانە قبوڵکرابێـت." لەســـەر ئامۆژگـاری پزیشـکەکان، ئەنجـومەنی حکومەتی ناوخۆیی لەندەن کەمتر لە ئەو فەرمانەی کرد کە سینەماکان دەبێت باش هەواگۆڕکێ بکرێن. بە هۆی بەهێزی

باوەڕیان بە بیردۆزەی میکرۆب کە توانای ئارآمکردنەوەی خەڵکی هەبوو بۆ بیرکردنەوە لە چارەسەر و ڕێگریەکان کە زۆر نزیکبوو دەرکەوتنیان، سەرچاوەی پێویست ئاڕاستە نەکرا بۆ کەمکردنەوەی هەندێک لە کاریگەریەکانی ئەنفلۆنزاکە. جەنگی جیهانی یەکەم کاریگەری قووڵی لەسەر ورە، لەسەر بەردەستبوونی پزیشکان (زۆر کەس دووربوون)، لەسەر بەردەستبوونی سەرچاوەکان بە گشتی هەبوو. ئەمە سەلماندی کە سەختە بۆ ئەوەی بەریتانیا بجولێنیت بۆ شەڕکردن لەگەڵ دوژمنان لە دەرەوەی وڵات و پانەپەتا لە نێو وڵات. ئارپەر نیوزەوڵم، گەورە بەرپرسی پزیشکی لە ئەنجومەنی حکومەتی ناوخۆ نووسیویەتی:

بارودۆخی نەتەوەیی هەیە کە ئەرکی سەرەکی تێیدا ئەوەیە کە بتوانیت "بمێنیەوە" تەنانەت کاتێک مەترسی لەسەر ژیان و تەندروستی تێوەگلاوە. ئەم ئەرکە ئێستا دەربارەی ئەنفلۆنزا دروستبووە... ئەو پەتایە لە نێو کرێکارانی کەرەستەی جەنگی و کرێکارانی تر دروستبووە کە کارەکانیان گرنگی نەتەوەیی هەیە.... لە هەر یەکێک لە ئەو حاڵەتانەی ئاماژەی بۆ کرا دەکرێت هەندێک لە ژیانەکان بێنە ڕزگارکردن و بڵاوبوونەوە توشبوون کەمبکرێتەوە، و هەندێک لە ئازارەکان دووربخرێنەوە، ئەگەر نەخۆشە ناسراوەکان بتوانرایە لە تەندروستەکان جیابکرێنەوە؛ ئەگەر دوورخستنەوەی نەخۆشە ناسراوەکان و دابینکردنی زۆەملێی بۆشایی بۆ هەر کەس لە کارگە و شوێنی کار و سەربازگە و کەشتی جێبەجێ بکرێت؛ ئەگەر قەرەباڵغی زۆر بە بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ شتێک قەدەغە کرابا. بەڵام تەنها "مانەوە" پێویستە.



٨. لە ترسی ئەنفلۆنزا، سەربازەکان دەمامکیان بەستووە بۆ سەیرکردنی فیلم لە فەرەنسا لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم.

لە ماوەی چەند هەفتەیەکی کەم لە پاییزی ساڵی ١٩١٨ ئەنفلۆنزا ٢٥٠ هەزار کەسی لە ئینگلستان کوشت. پزیشکەکان و ئەوانی تر کە بەهۆی جەنگەوە پەرێشان ببوون پەتاکەیان بە ئەو شێوە جددییە نەگرت وەک ئەوەی کە لەوانەیە هەبوو بێت، بەڵام زۆر کەس گەورەیی ئەو قەیرانەیان ناسیوە. وەک ڕۆژنامەی Times نووسیویەتی: "کارەساتەکە ئەوەندە گەورەبوو و بوونی لە هەموو شوێنێک بە جۆرێکبوو کە مێشکی ئێمە، کە پڕببوو لە ترسناکیەکانی جەنگ، ڕەتیکردەوە کە پەی پێ بەرێت. ئەنفلۆنزا هات و چوو، گەردەلولێک لەسەر زەوییە

سەوزەکانی ژیان، کە بە سەدان هەزار گەنجمان ڕادەماڵێت و نەخۆشی و نادروستیەکی وای لە پاش خۆی بەجێهێشتووە، کە کاریگەریەکانی لە ئەم نەوەیەدا هەژمار ناکرێت.[٦]

لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە سەرەتادا، خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی نامیلکەگەلێکی بڵاوکردەوە، پێشنیاری ئەوەی دەکرد کە بڵاوبوونەوەی ئەنفلۆنزا لە سەرانسەری وڵات لە زۆر شێوە خراپتر نیە لە پەتای ئاسایی ساڵانە. لە بەرامبەر بەرزبوونەوەی حاڵەتەکان، فەرمانداری تەندروستی شاری نیویۆرک بە درێژایی هەفتەی یەکەمی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ بەردەوامبوو بۆ دابەزاندنی جددیێتی نەخۆشیەکە. باوەڕبوون بە ئەوەی کە شارەکە دەتوانێت چارەسەری بکات، ئاگاداری هاوڵاتیانی کرد کە ئارام بمێننەوە، ترس تەنها شتەکان خراپتر دەکات.

لە ئیتاليا دەسەڵاتدارانی مەدەنی کاریگەرترین ڕۆژنامەی ئەو وڵاتەیان ناچارکرد، Corriere della Sera، کە لە کاتی بەرزبوونەوەی ترس و دڵەڕاوکێدا واز لە بڵاوکردنەوەی ئاماری مردووان بهێنن. ئەو وەڵامە ساکارانەی سەرەتا لە زۆر شوێن خۆیان لادایە لاوە بۆ ئەنجامدانی کردارگەلێک کە شارەوانییەکان بە جددیێتی پانەپەتاکەیان دەزانی، بەڵام هێشتا پزیشکی بێ کاریگەری بوو. سەرەڕای شکستەکانی، دڵخوازی بۆ پزیشکی هاوچەرخ بە دەگمەن کەمبووەوە. شۆڕشی تاقیگەیی مژدانەی سەردەمێکی نوێیدا؛ هیچ ڕێگەیەک بۆ گەڕانەوەنەبوو.

لەگەڵ ئەوەشـدا زۆرێـک لە پزیشـکەکان و شـارەزایانی تەندروسـتی گشـتی ئامـادەبوون دان بە سـنووورداربوونی توانایان بنێن.

لە ساڵی ١٩١٩ و بیرهێنانەوەی پانەپەتاکە، میلتون جەی ڕۆزنـاو، بەکتریانـاس لە گۆڤـاری Journal of the American Medical Association نووسـیویەتی "ئەگەر ئێمە هیچ فێربووبێتین، ئەوە ئەوەیە کە تەواو دڵنیانین لەوەی کە ئێمە دەربارەی نەخۆشییەکە چی دەزانین."

ئەم جۆرە دانپێدانانە شـتێکی نائاسـایی نەبوو، لانـی کەم لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و نەبووە هۆی نائومێدی؛ بەڵکو زانـــا پزیشـــکییەکانی بەرەو دەرفەتەکـــان ئاڕاســـتەکرد. کاریگەریەکـانی پانەپەتاکە قورسـە بۆ پێوانەکردن. زۆربەی کـارە مێژووییەکـان سـەرنجیان خسـتووەتە سـەر خـودی پانەپەتاکە، نەک ئەوەی بە دوایدا هات. توێژەرانی پزیشکی و پزیشـکی زینـدەیی، نەک مێژوونووسـان، زیـاتر گرنگیـان بە بـابەتەکە داوە. دەرکەوتنـی H5N1 و ئەنفلـۆنزای بەراز لە سـاڵی ٢٠٠٩_کە بە ئەو جـۆرە نەبـوو کە بە دێـوزمەیەکی جیهانی پێشـبینی دەکرا_برێکی نائاسـایی لە توێژینەوەکـانی وروژانـد بـۆ لێکـۆڵینەوە لە بـنەچە و دەرئەنجامەکـانی پانەپەتـای سـاڵی ١٩١٨. پانەپەتـا بەگشـتی کـاریگەریەکی قووڵی لەسەر ڤایرۆسناسی سـەدەی بیسـت و بیسـت و یەک هەبووە. بەڵام زۆر پرسیاری مێژوویی ماونەتەوە. هەندێک شـــت ڕوون دەردەکەون. بـــۆ نمـــوونە، لە ئەنجـــامی ئەو کارەســـاتەی ناوچەکـــانی زەریـــای هـــێمن، هەروەهـــا داواکارییەکـانی نیوزیلانـد و ئەفریقـای باشـوور بـۆ ئەوەی ئاگاداری لەسەر بڵاوبوونەوەی ئەنفلۆنزا بدرێت. سیسـتمێکی

چـــــاودێری و ڕاپــــۆرتکردنی نەخۆشــــی بە فراوانــــی ئیمپراتـۆریەتی بەریتـانی هـاتە ئاراوە_سیسـتەمەکە تـا دوای جەنگـــی دووەمـــی جیهـــانی بە گیـــانەلایی مـــایەوە، بەلام پانەپەتـاکە ئـارەزووی بـۆ سیسـتەمێکی باشـتری چـاودێری ئەنفلۆنزای نێودەوڵەتی دروستکرد، سیسـتەمێک کە ئێسـتا بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێزترە.

بەلام چی دەربارەی کاریگەریە کەلتووری و ئابووری و سیاســـی و کــۆمەلایەتی و کـــاریگەری لەســـەر ئامـــاری دانیشـتوان؟ لە ئەو شـتە کەمەی کە ئێمە دەیزانین، وا دیـارە پەتاکە لە ئەمریکا کـاریگەری کەمـی هەبووە. پانەپەتـاکە هەر چـــی بووبێـت هەمــووی لە بیرکــراوە. کاریگەرییەکـــانی بە زەحمەت لە یادەوەری یان وێژەدا دەدۆزرێتەوە. جگە لە ئەو چەنـــد پەرتـــووکەی کە بە تەنهـــا بـــۆ ئەو تەرخـــانکرابوو، پانەپەتاکە بە دەگمەن لە هیچ شێوازێکی بەرچاو لە مێژووی ئەو سەردەمەدا دەردەکەوێت. بەلام ئایا دەکرێت هەمان شت لە هیندســـتان ڕاســـتبێت، کە نـــزیکەی بیســـت ملیـــۆن کەس گیانیان لەدەست داوە؟ لەوانەیە، بەلام ئێمە نازانین.

لە زۆربەی شــــوێنەکانی ئەفریقا_ڕۆدێزیـــای باشــــوور، نایجیریا، زائیر و ئەفریقای باشوور، بۆ نمـوونە_زنجیرەیەک لە کەنیسـە بۆ جەژن، یـان پەرستگای ڕۆحـی، دروسـتبوون. کەنیســەکانی ئەلادورا لە نایجیریـا و کەنیسـەی کیمبانگۆسـت لە زائیـر، بـۆ نمـوونە کاتێـک دروسـتبوون کە بە بۆچـوونی ئەوان پێغەمــبەران، لە لایەن خـوداوە ئاراسـتە دەکـرێن، بـۆ ئەوەی خەڵکەکەیـان لە کاولکارییەکـانی نەخۆشـی ئەنفلـۆنزا ڕزگـاربکەن. کڵێسـاکان بـۆ جەژن کە لە ڕۆدیزیـای باشـوور

دەرکەوتـن لە دوای هـاتنی ئەنفلـۆنزاکە زۆر دوای نەمـانی پەتاکە هەر مانەوە.

لە شاری بلۆمفۆنتینی ئەفریقای باشوور، پەتاکە کۆمەڵێک گۆڕانکـاری دەسـتبەجێی لە یاسـاکانی تەندروسـتی گشـتیدا هێنـایە کـایەوە و جـووڵەیەکی دروسـتکرد بەرەو کەمکـردنەوەی هەژاری، کاتێـک شـارەکە ناچـاربوو ڕووبەڕووی ئەو ڕاسـتییە ببێـتەوە کە بەو شـێوەیەی بیـری لێـدەکردەوە نە تەندروسـت و نە بـێ هەژار نیـیە "دانیشتوانەکە...کۆسـتیان کەوت لە ئاشـکرابوونی هەژاران و ئەو شـەرمەزارییەی کە ئەنفلۆنزا دەریخسـت" ئەمە، کارمەنـد و ئەمینداری گەنجینەی شارەکەی ڕاگەیاند.

یەکێـک لەڕۆژنامەکـانی شـارەکە بە نـاوی Friend نووسـیبووی "ئەنجـامە دەسـتبەجێیەکان بـوو بە هانـدانی ویژدانـی گشـتی بە ئاراسـتەی چاکسـازیە کـۆمەڵایەتیە دواخراوەکان. پلانەکان ئێستا لە ژێر چاودێریدان کە دوێنـێ وەک خەونـی پێشـبینیکەرە ناماقوڵەکـان دەبینـران و ئەمـڕۆ وەک پێویسـتییەکی بەپەلە داوا دەکرێـت" چاکسـازییەکان پێشـتر وروژێنرابـوون، بەڵام ئەوە پانەپەتـایەکی پێویسـتبوو بۆ جوڵاندنی شـارەکە بۆ کـردار. وەک سـەرۆکی شـارەوانی بە لیـژنەی پەتـای ئەنفلـۆنزای وت "شـاری بلۆمفـۆنتین زۆر دەمێکە پلان و نیەتێکی لەو جۆرەی هەبووە، بەڵام ئەزمـوون لە بڵاوەپەتـاکە پەلەی لە بـابەتە کـرد و بۆچـوونی گشـتی هانـدا، کە ئێسـتا بـۆ ئەو جـۆرە چاکسـازیانە ئامـادەیە" بـۆ ئێستا، کەسێک تەنها دەتوانێت بپرسێت کە ئایا پەتـاکە بـووە هۆی چاکسازی هاوشێوە لە شوێنەکانی تـر، جـا وازبهێنە لە ئەگەری کاریگەرییەکانی لەسەر لایەنەکانی تری ژیان.

نەخۆشی ئەنفلۆنزای ساڵی ١٩١٨ ڕووداوێکی نوێبوو. بە پێچەوانەی مالاریا و سیل_پەتای هەمیشەیین_ئەنفلۆنزا دێت و دەڕوات. لە ئەم ڕووەوە زیاتر بە ئاوڵە یان تاعوون دەچێت. بێگومان ئەو دوو نەخۆشیە چیتر هەڕەشەیەکی گەورەی جیهانی نین. بەڵام ئەنفلۆنزا هێشتا هەر هەڕەشەیە. کاتێک H5N1 لە ساڵی ١٩٩٧ لە مرۆڤدا دەرکەوت و تیرەی نوێی H1N1 لە ساڵی ٢٠٠٩ ساڵی ١٩١٨ی هێنایە بیری جیهان. بەڵام هێشتا ڕووی نەداوە. ئێمە نازانین کەی ڕوودەدات.

ئێمە وەک ئینگلزەکان واین لە سەدەی حەڤدەدا، ئەوان دەیانزانی کە پەتا لە ئەوێیە، لە کەمیندابوون، ئامادەبوون بۆ هێرشکردنە سەری. ئەوان کەم تا زۆر خۆیان شلکردبوو بۆ گەڕانەوەکەی. ئەوان نەیاندەزانی کەی یان بۆچی دەگەڕێتەوە. ئەوان، بە زۆری، چۆنیەتی هاتنەکەیان دەزانی: بە کەشتی لە دەرەوەی وڵاتەوە. کاتێک زانیان خەریکە دێت، لە هەوڵی خۆپارێزیدا بوون، پاراستنەکەیان تەنها بریتیبوو لە دوورخستنی تاعوون بەهەر شێوەیەک بێت، ئەویش بە وەستاندنی کەشتییەکان، کە تاکە شتبوو دەکرا توانایيەکی هەبێت بۆ لابردنی پەتاکە.

ئێمە ئێستا پێکوتەمان هەیە، سیستەمێکی چاودێری جیهانی بەهێز و لە هەندێک شوێن ژێرخانی تەندروستی گشتی بە باشی بەڕێوەدەبردرێت. لەگەڵ ئەوانەش، ئێمە هێشتا وەک هاوتاکانی سەدەی حەڤدەمان بە نیگەرانییەوە سەیری کەنارەکە دەکەین. سەرەڕای ئەوەش، لە کاتی پەتایەکی کوشندەدا زۆرێک لە هەمان ئەو شتانەی کە نەخۆشی سیل و مالاریای بە زیندوویی و باشی

هێشتەوە_ناوچە هەژارەکانی جیهان_لەگەڵ شتەکانی تردا نەبوونی ژێرخانی تەندروستی گشتی، دەستگەیشتنی نا پێویست بە دەرمانی خۆپاریزی، سیستەمی بەرگری تێکچوو، و بەربڵاوی هاوەڵە نەخۆشیەکان_دڵنیایی ئەوە دەدات هەر وەک چۆن لە ساڵی ١٩١٨، هەر پانەپەتایەکی تری ئەنفلۆنزای داهاتوو کاریگەرییەکی زۆر بەربڵاوی دەبێت.

لە کاتێکدا ئێمە ئێستا بە تەواوی ئاگادارین لە ئاڵانگارییەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەنفلۆنزا، جیاواز لە ساڵی ١٩١٨ زۆربەی ڤایرۆسناسەکان و بەرپرسانی تەندروستی گشتی خاوەنی برێکی ناتەندروستی متمانەنین، بەڵام ئێستا لەوانەیە زۆر قورس بێت بۆ کۆکردنەوەی نیگەرانی، چونکە بۆ زۆرێک، ئەنفلۆنزا بە سادەیی هاومانای هەڵامەتە.

هەردوو ئەنفلۆنزای بەراز لە ساڵی ١٩٧٦ و پانەپەتای H1N1 لە ساڵی ٢٠٠٩ زۆر کەمتربوون لە ئەو ئاستەی کە زۆرێک لە بەرپرسانی تەندروستی گشتی پێشبینیان دەکرد. هەموو ئەم شتانە دەتوانن کۆببنەوە بۆ گەشتن بەو تێڕوانینە کەموکورتەی کە بە گشتی کاتێک ڤایرۆس دێت و نیگەرانی گشتی دروستدەکات، سەبارەت بە ئەگەری ڕوودانی پانەپەتایەکی کوشندە. ئەوە هەڵەیە.

بەشی حەوتەم
ئایدز

گەیشـــتنی نەخۆشـــی ئایـــدز کۆتـــایی ســـەردەمی لەخۆبـــایبوونبوو. هەمـــوو فشـــە فشـــێک ســـەبارەت بە لەنـــاوچوونی نەخۆشـــییە گوێزراوەکـــان لەســـەر دەســـتی پزیشـکی زینـدەیی یـان ئومێدی ژیـان لە جیهـانێکی خـاڵی لە درم دیـــار نەمـــا، ئەمەش بە تـــایبەت کە دەرکەوت ئایـــدز نەخۆشییەکی تازەی گوێزراوەیە و گەشـەدەکات لە جیهانێک کە وا بیردەکـــاتەوە کە لە لێـــواری ڕزگاربوونـــدایە لە ئەو جـۆرە هەڕەشـانە.ئایدز لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەوە لە ناوەڕاسـتی ئەفریقیـادا دەرکەوت، بەڵام لە بەهـاری سـاڵی ١٩٨١ بە شـــێوەی ناســـراوی ئێســـتای دەرکەوت، کاتێـــک پزیشـــکەکان لە لـــۆس ئەنجلـــۆس و شـــاری نیویـــۆرک دەســـتیانکرد بە تێبینـــدانی بەزربـــوونەوەیەکی نـــامۆ لە نەخۆشـــیە دەگمەنەکـــان، وەک هەوکردنـــی ســـیی (pneumocystis carinii) کە تووشـبوونێکی کەڕوویـیە،

ئەو کەسانەی کە بەرگری لەشیان تێکچووە مەترسی توشبوونیان هەیە و هەڵئاوسانی ناوەندە شانەی کاپۆسی (kaposi sarcoma) کە جۆرێکی دەگمەنی شێرپەنجەیە، بە زۆری لە بەتەمەنەکاندا دەدۆزرێتەوە. لە ئەوەش نامۆتر ئەوە بوو کە ئەوانە لە ئەو پیاوە هاوڕەگەزبازانەی کە لە ڕووی سێکسیەوە چالاکن کۆدەبوونەوە. پاشان، لە ماوەی ساڵی داهاتوودا، گرۆکانی دیکە، کە بریتیبوون لە هەڵگرانی نەخۆشی هیمۆفیلیا و بەکارهێنەرانی دەرزی ماددە هۆشبەرەکان، بە هەمان شێوە توشی نەخۆشییەکان بوون.

خەڵکانی هایتی، ئەوانیش وا دەردەکەوت کە تێ کەوتبێتن. دکتۆرێکی بەلجیکی، پیتەر پیۆت، کە بەردەوام ئاگاداربوو بۆ هەواڵەکانی ناوەندەکانی جڵەوکردنی نەخۆشییەکان، هاوشێوەبوونی ناسیەوە لە نێوان ئەو شتانەی کە دەربارەی ئەمریکا دەیخوێندەوە و ئەوەی دەیبینی لە نۆرینگەکەی خۆی لە شاری ئەنتوەرپ، نۆرینگەیەک کە کۆچبەرانی ئەفریقی بەردەوام سەریان لێدەدا. ڕاپۆرتی زیاتر و زیاتر لە ناوچەکانی تری جیهان دەستیانکرد بە دەرکەوتن دەربارەی حاڵەتی ئاشکرانەکراوی ئاوسانی ناوەندە شانەی کاپوسی و پۆلێک لە تێکچوونەکانی تری بەرگری لەش.

چی ئەم دەستە و گرۆیانەی بە یەک بەستەوە؟ بۆچی هەموویان بە بوونیان بە خانەخوێی ئەو نەخۆشییانە دەناڵێنن کە دەگمەنن و بە گشتی دەتوانرێت لە ڕێگەی سیستەمێکی بەرگری تەندروستەوە شەڕیان بکرێت؟ کۆمەڵگەی پزیشکی زیندەیی سەرنجی ڕاکێشرا. لە سەرەتادا و بەداخەوە، ناوەندی جڵەوکردنی نەخۆشییەکان ناوی لێنا

نەخۆشیی نەمانی بەرگری لەشی هاوڕەگەزبازان: لە هاوینی ساڵی ١٩٨٢ ناوی فەرمی و هەمیشەیی خۆی پێ بەخشرا: ئایدز (نەخۆشی نەمانی بەرگری لەشی بەدەستهاتوو). ماوەیەکی زۆر نا، لە ساڵی ١٩٨٣ و ١٩٨٤ بە دوای یەک، پەیمانگای پاستر لە فەرەنسا و پەیمانگای شێرپەنجەی نەتەوەیی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ڤایرۆسەکەیان دیاریکرد. هەر کەس بە شتێکی جیاواز ناوی دەبرد. هەر لایەکیان بە تەنها بانگەشەی شانازی دۆزینەوەی دەکرد. بەڵام هەر زوو کۆمەڵگەی پزیشکی لەسەر ناوێک جێگیربوو: ڤایرۆسی نەمانی بەرگری لەشی مرۆڤ(HIV).

ئایدز ئێستا نزیکەی سی ملیۆن کەسی کوشتووە و نزیکەی ٧٥ ملیۆن کەس لە جیهاندا تووشبووە. ساڵانە دەیان هەزار حاڵەتی نوێ دەردەکەون. هیچ بەشێکی ئاوەدان لە گۆی زەوی نییە نەخۆشی ئایدز نەیگرتبێتەوە. بەڵام کاریگەری یەکسانی لەسەر هەموو شوێنێک نەبووە: زیاتر لە سێیەکی هەموو حاڵەتەکانی توشبوون و مردنەکان لە باشووری ئەفریقیا ڕوویاندابوو. لە هەندێک شوێندا، وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکای لاتین، ژاپۆن و بەشەکانی ئەورووپا، ئایدز بە زۆری کاریگەری لەسەر بەشێکی پەراوێزخراوی کۆمەڵایەتیی دانیشتوان هەبوو؛ لە ساڵی ٢٠٠٤، ئاماری نوڕینگەکانی پێش زایین لە سوازیلاند ڕێژەی ٤٢.٦٪ توشبوونی ئاشکراکرد.

کاتێک کە ڕەچاوی ئایدز دەکرێت هاوشانی ئەو هۆکارانەی دیکە کە بەرپرسن لە نەخۆشییەکانی تر، دۆزینەوەی ڤایرۆسی HIV تەنها دوو ساڵ دوای ئەوەی کە سەرەتا ئایدز کەوتە بەر چاودێری پزیشکی زۆر سەرنج

ڕاکێشــە، هەزارەهــا ســاڵی خایانــد بــۆ ئەوەی تێبگەین کە چ شتێک بووەتە هۆی تاعوون، دەیان ساڵ لە پێشڕەویەکان لە زیندەزانی گەردی و بەرگریناســی و ڤایرۆسناســی بــۆ ئەوە گەواهی دەرن.

دەسنیشــانکردنی خێــرای ڤایرۆســەکە و خەرجکردنــی بێســنووری حکــومەتی فیــدراڵی ئەمریکــا بــۆ تــوێژینەوەی پزیشکی (ویلایەتە یەککگرتووەکان زۆر زیاتر لە هەر وڵاتێکی تر لە توێژینەوەی ئایدز داهاتی خەرجکردووە) بووە هۆی پێشــبینی دەســتبەجێی پێکــوتە و بــۆ مــاوەیەک پاڵپشــتی پزیشکی هــاوچەرخ بــوو لە متمــانەبوون بە توانــاکەی. بەڵام گەشبینیەکە بەردەوام نەبــوو. ناســینەوەی ڤایرۆســەکە بەس نەبــوو. HIV دەرکەوت کە ڤایرۆســێکی ئــاڵۆزی جــۆری ڕیترۆڤایرۆسە لەگەڵ چەندین ناسنامەی جیاواز. لە ڕاستیدا دوو ڤــــــایرۆس هەبــــــوو: HIV-1 و HIV-2، HIV-1 بەربڵاوتربوو. HIV-2 بە شێوەیەکی زۆر سنووردارنوو بۆ ڕۆژئــاوای ئەفریقــا و زۆر خــاوتر دەجوڵا و قورســتربوو بۆ گواســتنەوە. HIV-1 پەرتبــوو بــۆ گرۆکــانی (M، N، O) و پاشان زیاتر بۆ یازدە جۆری دووەمی جیاوازی بۆمــاوەیی گــرۆی A تــا K. گــرۆی M بە شــێوەیەکی ســەرەکی بەرپرســبوو لە پانەپەتــاکە، چــونکە بــووە هــۆی ٩٩٪ حاڵەتەکان. جۆرە دووەمیەکانی A، C، D زۆرینەی زۆری حاڵەتەکانیان پێکدەهێنا، نزیکەی ٨٤٪. جۆری C بەرپرسبوو لە زۆربەی حاڵەتەکــان لە باشووری ئەفریقا و هیندســتان و چین_بە ئەم شێوەیە بۆ زۆرینەی ڕێژەی HIV لە جیهان.

HIV 1 و HIV-2 هەردووکیــان نەخۆشــی مرۆئــاژەڵین (ئەو نەخۆشــیانەی کە لە ئــاژەڵەوە ســەرچاوەیان گرتــووە و

ئێستا مرۆڤ تووش دەکەن) و هەریەک لە جۆرە جیاوازەکانی HIV، کە نموونەی گواستنەوەی جیایە لە مەیمونی شامپانزیەوە (HIV-1) یان مەیمونی مانگابی سۆتی (HIV-2). گەورەترین هەمەجۆری بۆماوەیی HIV لە ناوەڕاستی ئەفریقایە. هەموو گرۆ دووەمییەکانی جۆری M لەوێ دۆزراونەتەوە، هەروەک چەندین شێوەی دووبارە تێکەڵبوو کە لە ڕووکاری بۆماوەیی ڤایرۆسەکە جیاوازن.

ئەم جۆرە هەمەجۆریە بۆماوەییە واتای ئەوەیە کە ئەمە ئەو ناوچەیەیە ئایدز بۆ درێژترین ماوە پەرەی تێداسەندووە، بەو شێوەیە خاڵی بنەچەیە بۆ پانەپەتاکە. ڤایرۆسەکە لە شامپانزیەوە بۆ مرۆڤ تێپەڕبووە، لە کاتێکدا لە دەوروبەری نۆرەی سەدەی بیست، کە زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە خوێنی شامپانزی تووشبوو لە ڕێگەی بڕاوییەک یان برینێکی کراوەوە چووبێتە نێو لەشی ڕاوچییەک. لە نزیکەی ساڵی ١٩٢٠، HIV خۆی گەیاندە ناوچەی دەوروبەری لیۆپۆلدڤیل (لە ساڵی ١٩٦٦ کینشاسا). لەوێشەوە ڕێگای خۆی لە ئەفریقا کردەوە بە درێژایی تۆڕە پێشکەوتووەکانی گواستنەوە. خێراییەکەی گۆڕی سەند لە هەندێک شوێن و کاتی جۆراوجۆر: هەڵمەتە پزیشکیەکانی سەردەمی داگیرکاری دژی نەخۆشی خەوتن، یاو و سیفلیس و زۆر بەکارهێنانی دەرزییەکان، بە ئەم شێوەیە ڕێگەی بە ڤایرۆسەکە داوە بە خێرایی بگوازرێتەوە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک. تێپەڕاندنی HIV بۆ سوزانیەکان بە چارەسەرکردنیان بۆ سیفلیس لە ڕێگەی دەرزی نا پاکژەوە، بە تایبەتی ڕێگەیەکی کاریگەربوو بۆ هێنانی ئایدز بۆ نێو

دانیشتوانی گشتی له سالآنی دەیەی ۱۹۵۰ و ۱۹٦۰دا، کاتێک سوزانی پێویست توشبوو، HIV بلآوبووەوە.

به تـایبەتی لە ژیـنگەی خێـرا گـۆڕاوی لیۆپۆلـدڤیل لە سالآنی دەیەی ۱۹٦۰، کۆچی به کۆمەڵ بۆ شارەکە، بێکاریی زۆر و تەقیـنەوەیەک لە لەشفرۆشـیدا لە ئەویشـەوە HIV بەرەو هایتی بەڕێکەوت کاتێک زۆرێک له هایتییەکان که له لایەن دەزگـا جۆراوجۆرەکـانی نەتەوە یەکگرتووەکـان وەک یونسکۆ دامەزرابوون، کۆچی هاتن و گەڕانەوەیان دەکرد له نێوان هەردوو وڵات، دواتـر بـۆ هەمـوو جیهـان بلآوبـووەوە. جڵەوکردنـی HIV زۆر زەحـمەتە، یەکێـک لە هۆکارەکـانی ئەوەیە، چـونکه ئەو لە تیـرەی لینتـی ڤایرۆسـی جـۆری ڕیترۆڤایرۆسه، به هێواشی پەرەدەسەنێت لە مـاوەی دریـژی هەڵهێنان لە لەشی خـانەخوێیەکه. مـاددەی بۆمـاوەیی هەمـوو زینـدووەکان و زۆربەی ڤایرۆسـەکان، بـریتییه لە DNA، بەلآم HIV ڕێترۆڤیرۆسـە، ئەمەش واته مـاددەی بۆمـاوەیی HIV بـریتییه لە (RNA (ribonucleic acid. کاتێک HIV خانەیەک داگیردەکات، خـۆی دەگۆڕێت بۆ DNA و پاشـان ماددەی بۆماوەیی خۆی لەبەردەگرێتەوە به شـێوەی، RNA له ڕێگەی ئەنزیمێک به نـاوی trancriptase enzyme له کـاتی ئەم ئـالوگۆڕەدا، HIV زۆر، زۆر هەڵە دەکـات له لەبەرگرتنەوەی خۆی، چونکه ڤایرۆسەکه دەگۆڕێت. هاوکات HIV زۆر به خێرایی و زۆر به شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دەگۆڕێت، دروستکردنی پێکوته قورسـه_تا ئێستا سـەلماوە که ئەسـتەمە. HIV له ڕێـگەی شـله توشـبووەکانی لەش ڕێگـای خـۆی بـۆ نێـو لاشـه دروسـتدەکات_خوێن و تۆمـاو کـاریگەرترینن. گواسـتنەوەی سێکسـی دوو ڕەگەزی زۆر

بـــاوتره. لەگەڵ ئەوەشـــدا گواســـتنەوەی دایـــک بـــۆ منـــداڵ، بەکـارهێنەرانی دەرزی ناپاکژی مـاددە هۆشـبەرەکان، کـاری زایندەیی پیاو لەگەڵ پیاو هەموو ئەمانە ڕێگای گواسـتنەوەی گـرنگن، بەڵام هەر کە گەیشـــتە لەش، HIV هێـرش دەکـاتە سەر خانەکانی CD4 سیستەمی بەرگری. ئەوەی بەتـایبەتی گــــرنگە ئەوەیە کە HIV دوو جـــۆری خـــــانەی CD4ی بنەڕەتیین بۆ ڕووبەڕووبوونەوە کە نەخۆشییەکان بە ئامـانج دەگرێـت: خـــانەی یارمەتیـــدەری T کە بەرگـــری ســـەرەکی جەستەن لە دژی تەنە نامۆ و نەخۆشییەکان و خـانە قەبگرە گەورەکـان، کە تەنـی نـامۆ دەگرێـت و ڕێـگە بە سیســـتەمی بەرگری دەدات بـۆ ناسـینەوەی ئەو تەنە هێرشـبەرانە، تەنهـا بە توشـــبوون کـــردەی زەرداوە گـــۆری ڕودەدات، کە ئەو زنجیـــــرە کـــــردەیەیە کە دژەتەنەکـــــانی HIV لە لەشـــــدا گەشــــــەدەکەن و ڤایرۆســــــەکە ئاشــــکرادەبێت. تونـــــدی توشبوونەکە بە بڕی ڤایرۆسەکە لە لەشدا دەپێورێت. کەسـی توشـبوو زۆرتـرین توانـای تووشـکردنی هەیە، بە مـاوەیەکی کەم دوای توشـــبوون.HIV بە چـــوار قۆناغـــدا تێـــدەپەڕێت لەسەر بنەمـای ژمـارەی خانەکانی CD4. ژمـارەی CD4 لە تاکێکی تەندروست زیاترە لە ١٠٠٠ خانە بۆ هەر ملیمەترێکی سـێجای خـوێن. لە قۆنـاغی ١ ژمـارەی خانەکـانی CD4 بە زۆری زیاترە لە ٥٠٠ خانە و کەسـەکە بێ نیشـانەیە. هەر بە گەشـتنی بە قۆنـاغی ٢، CD4 دادەبەزێـت بـۆ نێـوان ٣٥٠ و ٤٩٩ خـانە، و نیشـانەکانی وەک دابەزینـی کێش و توشـبوون بە کەڕوو لەوانەیە دەربکەوێت. لە قۆنـاغی ٣ ژمـارەی CD4 بۆ خوار ٣٥٠ دادەبەزێت. کەسەکە بە توندی بەرگری لەشـی تێکـدەچێت و مەترسـی توشـبوونی دەبێـت بـۆ زۆرێـک لە

نەخۆشــیە هەلپەرســتەکان. ئایــدزی تەواوەتــی، کــاتێکە کە ژمــارەی CD4 لەخــوار ٢٠٠ خــانەوەیە، ئەمەش بــریتییە لە قۆناغی ٤. وەک ڤایرۆسێک، تایبەتمەندی ســەرەکی HIVین، ئــاڵۆزییە سەرســورهێنەرەکەی و توانــا فــێلاویەکەی بــۆ لەکارخســـــتنی سیســـــتەمی بەرگـــــری لەش کە بـــــۆ بەرپەرچدانەوەی نەخشینراوە.ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایدز لەبەرچاو بگرە، بە تایبە لەلایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە جڵەوکردنی نەخۆشییەکە دیاریدەکەن، هەموو ئەمانە بۆ بــارودۆخەکە زیــادبکە. توشــبوون بە HIV هەڵســوکەوتی زایـــــدەیی لەخۆدەگرێـــــت، هەروەهـــــا ڕەگەز، هەژاری و دەستگەیشتن بە دەرمان و هاوکات ویستی سیاسی_یان نەبوونی. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە گەیشتنی HIV/AIDS لە کــاتی خۆشــی گێڕانــی ســەرکەوتنی زانســت بــوو، کاتێــک کۆمەڵگەی پزیشکی زیندەیی بەهێز هەستیان بە ئەوە دەکرد کە چارەسەری پزیشکی زیندەیی باشترینە و لە ئانووسات دایە، هەمیشـــە گـــرژیەک لە نێـــوان لایەنـــی کـــۆمەڵایەتی و پزیشکی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پانەپەتا هەبووە.

بە گشـــــتی، وەڵامـــــدانەوەی پزیشـــــکی کەمتـــــر لە چاوتروکــانێکی خایانــد. بە تەواوی پیشەســازییەکی زانســتی تەواو نــویێ دروســـتکرا. پێشـــکەوتنەکان لە تێگەیشـــتنی نەخۆشـــییەکان خێـــرا و بەردەوامبـــوون. لە ئەنجامـــدا، نەخۆشیەکە لە نەخۆشیەکی بە نزیکەیی هەمیشە کوشندە و دەردێک دەستەوەستان لە بەرامبەر چارەسەرکردنی گۆڕدرا بــۆ نەخۆشــییەکی درێژخــایەنی بەڕێــوەبراو لە کەمتــر لە نەوەیەک. بەڵام پێشـــکەوتنی پزیشـــکیی زینـــدەیی هەمیشـــە هــاودەم نەبــوو لەگەڵ ژیــانی دەرەوەی تــاقیگە. HIV/ ئایــدز

ئێستا دەتوانرێت چارەسەربکرێت، بەڵام دەستگەیشتن بە دەرمان نایەکسانە و توشبوونی نوێش بەردەوام ئەوە نیشان دەدات کە هەوڵی پێش پێگرتن تەنها کەمێک سەرکەوتووبووە. هەر لە سەرەتای پانەپەتاکەوە وەڵامە پزیشکییەکان لەگەڵ چەندان و چەندان ئاڵانگاری بە شەڕهاتن. بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەرەتادا نەخۆشییەکە بە شێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ پیاوانی هاوڕەگەزبازی چالاک لە ڕووی زایندەییەوە و بەکارهێنەرانی دەرزی مادده هۆشبەرەکان پەیوەستبوو، ترس و تۆقین و شەرمەزاری ڕەوشتی کاردانەوەی باوبوون. سیناتۆرە پارێزگارەکانی وەک جێسی هێلمس پیاوانی هاوڕەگەزبازی تاوانبارکرد: "ئایدز تۆڵەی ڕەفتاری گوناهە". بەرنامەی ئاڵوگۆڕی دەرزی، کە سوودێکی تەندروستی گشتی بەرچاوی هەیە، هەمیشە مشتومڕی لەسەر بووە، زۆرێک وا بیریان لێ دەکردەوە، کە هانی بەکارهێنانی دەرمانی نایاسایی دەدات.

زۆرێک لە ئاژانسەکانی حکومەت وەک بەڕێوەبەرایەتی خۆراک و دەرمان وا دەبینران کە خاو و بێ کاریگەرن لە پەسەندکردنی دەرمانی نوێ لە کاتی گونجاودا. لە ئەنجامدا، بزووتنەوەیەکی چالاکانی ئایدز کە نموونەیان بە ACT UP، دەرکەوت بۆ دژایەتیکردنی ڕاڕایی دەزگا حکومییەکان. بەرنامەی سێکسی سەلامەت کەوتە بەر بەرهەڵستی ئەوانەی کە داوێنپاکیان بە باشترین ڕێگا دادەنا بۆ خۆپاراستن لە ئایدز؛ هەروەها بەکارهێنانی کیفکی چووک خاوبوو لە دانانی کاریگەری بۆ ئەو پیاوانەی کە سەردانی خانەکانی لەشفرۆشیان دەکرد، هەندێک پیاو بە سادەیی

ڕەتیان کردەوە کە بە هیچ شێوەیەک بەکاریانبهێنن؛ کاتێک پەتاکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرەو ئاساییبوونەوە دەچوو، بەکارهێنانی کیفکی چووک کەمبووەوە. لە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەڵامدانەوەی نەتەوەیی بۆ پانەپەتاکە ئەوەندە هەمەجۆربوو کە گشتاندن شیاو نییە.

هەندێک وڵات ناچالاکبوون، لە کاتێکدا هەندێکی تر زیاتر ڕێبازێکی چالاکیان گرتەبەر. کوبا گۆشەگیری توندی خستە سەر ئەو کەسانەی کە HIVیان ئەرێنی بوو و پشکنینیان بۆ تەواوی وڵات ڕاسپارد. لە ئەفریقیا ئۆگاندا لە سەرەتاوە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی بڵاوەپەتاکە بووەوە و پێشنیار و بانگەشەی بۆ هەڵمەتێک کرد بە ئامانجی کەمکردنەوەی ژمارەی هاوبەشە سێکسیەکان کە تاکەکانی هەیانبوو. وڵاتانی تر، وەک زیمبابۆی، تەنانەت هەبوونی ئەو نەخۆشیەی لەناو سنوورەکانیدا ڕەتکردەوە.

ئەگەر ڕەچاوی ئەو دۆلارانە بکەین کە خەرجکراوە و ئەو توێژینەوانەی بڵاوکراونەتەوە، ئەو کارانەی دەستپێکراون و ئەو سەرکەوتنانەی کە بە دەستهاتوون، وەڵامدانەوەی پزیشکیی زیندەیی بۆ پانەپەتاکە سەروو ئاسایی بوو. بەڵام وەڵامی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەمتربوو. چەند پزیشکێکی دیار و ناودار لە نووسینێکیاندا لە گۆڤاری The Lancet لە ساڵی ٢٠٠٨ی سالانی سەرەتای پانەپەتاکە بانگەشەی ئەوەیانکرد کە وەڵامدانەوەی جیهانی "دواکەوتووبووە لە زۆر شوێن، زۆر ناتەواو و پارچەکراو و نائاهەنگبوون".یەکێک لە ناوچە هەرە فەرامۆشکراوەکان بە شێوەیەکی بەرچاو ئەفریقیابوو، کە هەر دوو خاڵی بنەچە و ناوەندی پانەپەتاکە بوو. هۆکارەکان هەمەجۆر و ئاڵۆزن و

هەم ڕەسەن و هەم ناوخۆیین. زۆرێک ئایدزیان بە نەخۆشی هاوڕەگەزبازان دادەنا، بەم شێوەیە نەنگیەکی بەرچاوی پێوەلکابوو. بەڵام شاز هەبوو: ئۆگاندا سینیگال بە ئاشکرا ڕووبەڕووی ئایدز بوونەوە، دانیان بە ئەوەدا نا کە ئایدز لە وڵاتەکانیاندا هەیە و کاریان کرد بۆ سنووردارکردنی بڵاوەپەتاکانیان بە نەهێشتنی نەنگی لەسەر نەخۆشییەکە.

لە ئەفریقای باشوور نکۆڵیکردن لە نەخۆشییەکە لە ناوەڕاستی نەوەدەکان گەیشتە لوتکە. کاتێک سەرۆک تابۆ مبێکی و وەزیری تەندروستیی کەوتنە مشتومڕکردن، دوای نکۆڵیکاری ئەمریکی پیتەر دۆسبێرگ، کە دەیوت HIV نەبێتە هۆی ئایدز و بەم شێوەیە دەرکەوتنی دەرمانی کاریگەری تازە دەرکەوتوو بێ سوود دەبێت.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) خاوبوو لە تێبینیکردنی نەخۆشیەکە. چوار ساڵ تێپەڕبوو بەسەر پانەپەتاکە، هافدان مهەلەر بەڕێوەبەری گشتی هێشتا ئایدزی بە پێشینە نەزانیبوو و ئەو ڕایگەیاند، " خۆ ئایدز وەک ئاگری دارستانەکان لە ئەفریقا بڵاونابێتەوە. ئەوە مەلاریا و نەخۆشیەکانی ترە کە ڕۆژانە ملیۆنان منداڵ دەکوژن"، پەتاکە لە ئەفریقا زۆر جیاوازبوو. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و زۆرێک لە ئەوروپا، کە زۆربەی زۆری توێژینەوەکان ئەنجامدەدران، نەخۆشیەکە زۆرترین کاریگەری لەسەر پیاوانی هاوڕەگەزباز و بەکارهێنەرانی دەرزی ماددە هۆشبەرەکان هەبوو. توێژینەوە و سیاسەتی پزیشکی زیندەیی بە زۆری سەرنجی دەخستەسەر تایبەتمەندی نەخۆشیەکە لە ئەو وڵاتانەی کە توێژینەوەکانیان تێیدا بەڕێوەدەچوو. گواستنەوەی دووڕەگەزی سەرەتا

دەگمەنبـــوو، هاوکـــات بە جـــوڵێنەری بڵاوەپەتـــاکە هەژمـــار نەدەکرا. هەندێک لە ویلایەتە یەکگرتووەکان حەسانەوە کە دەرکەوت ئایدز تا ڕادەیەکی زۆر سنووردواربوو بۆ گرۆی 'مەترسی بەرز'؛ شەپۆلی زەبەلاحی ئایدزی دووڕەگەزی کە زۆرێک لێی دەترسان هەرگیز نەهات.

لێکەوتەکانی ئایدز بۆ ئەفریقیا زۆر گەورەبوون. لادانی گواستنەوەی دووڕەگەزی بەوەی کە گرنگ نییە لە ویلایەتە یەکگرتووەکـــان، واتـــا پانەپەتـــای هەڵچـــووی ئایـــدزی دووڕەگەزەی لە ئەفریقیـــــا دەســـــت بە بڵاوبـــــوونەوە دەکـــات_ئەمەش زۆر بە کـــاریگەرانە تۆمـــارکراوە لەلایەن کاری پێشڕەوانەی پرۆژەی SIDA لە کۆنگۆ_لە سەرەتادا پشتگوێ خرا. ئەمەش دووبارە واتای ئەنجامنەدانی پشکنینە بۆ HIV لە ئافرەت. تا ئەو کاتەی کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بەرنامەی تایبەتی خۆی لەسەر ئایدز دەستپێکرد (هەر زوو لە ساڵی ۱۹۸۷ ناوی گۆڕی بۆ بەرنامەی جیهانی ئایدز؛ GPA)، پانەپەتاکە بە بێدەنگی بەڵام کەم تا زور بە ئەوپەڕی توانایەوە بڵاوبووەوە.

کاتێک بەرنامەی جیهانی ئایدز دروستبوو و جۆناپان مـــان (کە پـــرۆژەی SIDA لە کۆنگـــۆ بەڕێـــوەدەبرد و بەردەوامبوو بۆ بوون بە ئەفسانەیەک لە جیهانی ئایدزدا) بەکرێگیربوو بۆ بەڕێوەبردنی، ئایدزی جیهانی سەرنجی بێ وێنەی وەرگرت؛ بەخششەکان بۆ ڕێکخراوی تەندروستی جیهـــانی زۆر بەرز بـــووەوە و بەرنـــامەی جیهـــانی ئایـــدز ســـەرکەوتوبوو لە کـــارکردن لەگەڵ ئۆگانـــدا، تایلەنـــدیش کەمکردنەوەیەکی بەرچاوی لە گواستنەوەی نەخۆشییەکە تۆمـــــاکرد و ســـــەرکەوتووانە ڕووی لە ڕێکخـــــراوە

ناحکومییەکان کرد بۆ داواکردنی یارمەتی. هەروەها GPA ئایدزی کرد بە کێشەیەکی مافی مرۆڤ لە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی نەنگی نەخۆشییەکە و دڵنیابوون لە ئەوەی کە تاکە توشبووەکان تووشی جیاکاری و چەوسانەوە نەبن. بۆ ماوەیەکی کەم، WHO هەوڵیدا بە بەیەکبەستنەوە بیر لە سیل و HIV بکاتەوە و زانیبووی کە HIV کاریگەریەکی بەرچاوی هەیە و دەبێت لەسەر سیل. GPA زۆر یان کەمتر بە خۆبەڕێوەبەری کاری دەکرد_کە تا ڕادەیەک هۆکاری شکستەکەی بووە_گەورەترین و باشترین بەرنامەی کۆمەککراوی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی.

کاتێک مەهلەر و مان لە پاییزی ساڵی ١٩٨٧ لە ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان گفتوگۆیان دەکرد، ئەوە یەکەم جاربوو لە مێژوودا نەخۆشییەک لە بەرنامەی ئەنجومەنەکەدا دەرکەوت. ڕێکخراوی تەندروستی جیهان ڕابەری پێشگرتنی ئایدزبوو لەسەر ئاستی جیهانی. بەڵام کاتی HIV/ ئایدز لە ڕووناکیدا ماوەیەکی کورتبوو. مان لە ساڵی ١٩٩٠ دەستی لە کار کێشایەوە، دوای ئەوەی چەندین جار لەگەڵ بەڕێوبەری گشتی هیرۆشی ناکاجیما پێکدادانیانبوو. GPA تەوژمەکەی لەدەستدا. دوای ماوەیەک کە زۆر نەبوو، ڕێکخراوی تەندروستی جیهان GPA داخست.

لە هەوڵدان بۆ پتەوکردنی چالاکیەکان لە یەک شوێن، کاری ئایدز گواسترایەوە بۆ ئاژانسێکی نوێ UNAIDS. لە ساڵانی گواستنەوەدا لە کۆتایی دەسەڵاتی مان بۆ UNAIDS تا دەگاتە توانای کرداری_هەر چەندە بەراورد

به GPA زۆر له خواربوو_HIV جیهانی و ئایدز بێ ڕابەر و سەرلێشێواو بەجێهێڵدران.

به هەر حـــاڵ زۆر کەس به لایەوه گرنـــگ نەبـــوو، به جۆرێک سەرنجیان خستبووه سەر بڵاوەپەتای ناوخۆیی که هەردوو بـزووتنەوەی چالاکانی ئایدز له ئەمریکا و خـودی حکـومەتی ئەمریکـا به شـێوەیەکی راسـتەوخۆ ئایـدزیان له جیهـانی تـازه پێشـکەوتوودا پشـتگوێ خسـتبوو. هەروەهـا، دڵتەزێنـانه، ئەوانه هەمـان ئەو سـاڵانەبوون که پانەپەتـاکه به شێوەیەکی بەرچاو له ئەفریقا دەستی به زیادبوون کرد. له کاتێکـدا که ئایـدز بـۆ مـاوەیەکی کەم سـەرنجی جیهـانی داگیرکردبـــوو، بەڵام به تـــایبەت له ســـاڵانی ســـەرەتای نەوەدەکـانەوه GPA، سـەرنجەکه لاوازبـوو، هەر چەنـده زۆریـنەی حاڵەتەکـان له جیهـانی تـازه پێشـکەوتوودا بـوون، بەڵام تەنهـا ٦٪ خەرجـی جیهــانی بــۆ پێشــگرتنی HIV وەردەگـرت، له نەوەدەکـانی سـەدەی پێشـوو به هـاوەڵی ئەوپەڕی خەمســاردی و مەبەســتی سیاســی ترســنۆکانه زۆرێک له دەستکەوته بەهادارەکان له دەستچوو.

کاتێـک یۆنایـدس کتێـبەکەی خـۆی، مێـژووی درێـژی وەڵامـدانەوەی جیهـانی بـۆ پانەپەتاکـان بڵاوکـردەوه، هـیچ قسەیەکی نەخواردبووەوه و تێیدا هاتبوو: له ماوەی دەیه و نیوێک دوای دەرکەوتنی یەکەم حاڵەت، "ڕێبەرانـی جیهانی له هەموو بەشەکانی کۆمەڵگه، بێ گوێیەکی توندیان پیشاندابوو له بەرنگاربوونەوه و ئاڵانگاری گەشەسەندووی ئەم پانەپەتـا نوێیه" بەدەر له فەرامۆشکردنی سـاده، یـارمەتییه گشـتیەکان بۆ وڵاتـانی تازه پێشکەوتوو به شێوەیەکی بەرچـاو دابەزی له ساڵانی دەیەی ١٩٨٠ و بۆ ساڵانی دەیەی ١٩٩٠.

ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک ڕێکخراوی تەندروسی جیهانی نارەحەتیان چەشت کاتێک نەتەوە بەخشەرەکانی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ماوەی دەسەلاتی ڕێگان ڕەتیانکردەوە کە ئابونە بدەن (هەر چەندە بۆ ماوەیەک GPA جیاوازبوو، چونکە پاڵپشتیەکی تایبەتی وەردەگرت). سیاسەتی ئابووری لیبڕالی نوێ ولاتانی ناچارکرد بۆ پەسەندکردنی شێوازی ژیانی سک هەڵگوشین بۆ ئەوەی قەرزە گەورەکانی خۆیان بدەنەوە. HIV/ ئایدز دەستیکرد بە دانانی کاریگەریەکی گەورە لەسەر ئابووریەکان هاوکات لەگەڵ کاریگەریەکانی بەرنامەکانی هەمووارکردنی پێکهاتەی دەوڵەتی بانکی نێودەوڵەتی کە بەردەوامبوو لە هەڵلوشینی یەدەگی ئەو ولاتانەی کە لە بنەڕەتدا خۆیان لاواز و زەبوون بوون، لە کاتێک کە ولاتەکان خۆیان لە ئەو پەڕی پێویستیدا بوون پێی، بۆیە کاریگەرییەکان سەرسوڕهێنەربوون.

یەکێک لە ئەنجامەکان، کۆمەککردنی چاودێری تەندروستی بە تەواوەتی کەمبووەوە؛ زۆرێک لە ولاتانی ئەفریقی کرێی بەکارهێنەریان سەپاند لەسەر چارەخوازان، کرێیەک کەم نەخۆش توانیان بیدەن. لە ماوەی ئەم ساڵانەدا، بانکی نێودەوڵەتی گرنگی بەدەستهێنا، لە کاتێکدا کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە دەستیدەدا. دەستپێک لە ساڵی ١٩٨٧، هەمان ساڵ GPA کرایەوە، بانکەکە دەستیکرد بە تەرخانکردنی پارەی زیاتر و زیاتر بۆ بەرنامەکانی تەندروستی لەسەر بنەمای لیبرالی نوێ کە واتای ئەوە بوو، لە نێوان شتەکانی تردا دەستێوەردانی تەندروستی لەسەر بنەمای شیکردنەوەی کاریگەری تێچوون هەڵدەسەنگێندرێت؛

هەروەها واتای ئەوە بوو کە بودجەی تەندروستی گشتی چەندین وڵات بە توندی دادەبەزێت.

لەگەڵ وەرگرتنی دەورێکی گەورەتر و گەورەتر لە لایەن بانکەکەوە لە تەرخانکردنی کۆمەکی بەرنامەکانی تەندروستی، بە شێوەیەکی سروشتی کاریگەری زیاتر و زیاتری لەسەر شێوازی ئەو بەرنامانە پەیداکرد. یەکێک لە کاریگەرە بەهێزەکان بینینی دەستێوەردانەکانی نەخۆشی بوو لە ڕووی کاریگەری تێچووەوە.

ئەم شێوازە نوێیە لە دانانی پێشینە بۆ بەرنامەکان یەکەم جار لە ڕاپۆرتی گەشەپێدانی جیهانی ساڵی ١٩٩٣ بانکی نێودەوڵەتی دەرکەوت: کە وەبەرهێنان لە تەندروستیدا، ئاماژەی بۆ جیهان کرد، بەپێی سەر وتارێکی گۆڤاری The Lancet، کە ئاڵوگۆڕێک ڕوویدا لە "سەرکردایەتی لە تەندروستی نێودەوڵەتی لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیەوە بۆ بانکی نێودەوڵەتی" بانکەکە بەدوای ئەوەدابوو کە دەستنیشانیبکات (و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی شوێنی کەوت) کە چ نەخۆشیەک زۆرترین کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر ئابووری پێوانە دەکرا بە ئەوەی کە پێی دەوترێت DALYs (ساڵەکانی ژیان هەمووارکراو بە پێی کەم ئەندامی) هەروەها ئەو نەخۆشیە دەبێت تا ڕادەیەک هەرزان بێت بۆ چارەسەرکردن. بە هەر پێوەرێک بێت، بەپێی ئەو هەژمارکردنانەی کە لە ئەم جۆرە بابەتانەدا هەیە، چارەسەرکردنی ئایدز هیچ کاریگەر نەبوو لە ڕووی تێچووەوە. هەروەها لەبەر ئەوەی کە چینی تازەی دەرمانی دژە ڤایرۆس گرانبوو، بۆیە لە وڵاتانی کەم داهاتدا لە ڕووی تێچووەوە کاریگەر نەبوو. هەندێک لە هەوڵەکانی

پێشــپێگرتنی HIV، وەک کیفــی چــووک (کۆنــدۆم)، کە لە ڕووی نرخەوە بە کاریگەر دادەنرێت، بەڵام زۆر قورسبوون بۆ جێبەجێکردن.بە ئەم شێوەیە وڵاتانی تازە پێشکەوتوو لە بارودۆخێکدابوون کە سەیر و تەنانەت مایەی گاڵتەجاڕی بــوو: بــاکووری جیهــان وەکــو ئەوەی هەنگــوینی لە دار دۆزیبێتەوە هەر کە هەوڵەکانیان بۆ چاککردنی تەکنەلۆژیا لە ئاسۆدا ڕوون بوو_چارەسەری دژە ڤایرۆسی زۆر چالاک (HAART)، باشووری جیهان لە لایەن باکووری جیهانەوە پێی وترا کە ناتوانێت دەستیبکەوێت؛ چونکە زۆر گرانە. کەمتر لەسەری دەکەوێت لە سەرقاڵبوونی بە کارکردن لەســەر پێشــپێگرتنی HIV. هەمــان ئەو پێداویســتیە ئابووریــانەی کە وای لە ویــلایەتە یەکگرتووەکــان کــرد کە جەخــت بکــاتە ســەر چارەســەری پزیشــکی زینــدەیی بــۆ پشــتگوێ خســتنی دەســتێوەردانە کۆمەڵایەتیەکــان، ئێســتا ڕێگــری دەکــات لە دەســتێوەردانی کــاریگەری پزیشــکی زیندەیی بۆ گەشتن بە ئەوانەی کە زۆر پێویستیدارن.

دەیەی نەوەدەکان دەیەی فەرامۆشکردن و لە دەستدانی هەلەکان بوو. وەڵامی سیاسی جیهانی بۆ ئایدز لە ساڵانی دەیەی ١٩٩٠ ندا بەسبوو. بەڵام هەمــان شــت ناتوانرێت سەبارەت بە پزیشکی زیندەیی بوترێت. لە ساڵی ١٩٩٥ و ١٩٩٦ دوو پۆلی نوێی دەرمانی دژە ڤایرۆس دۆزرانەوە و تاقی کرانەوە و بڵاوکرانەوە: یەکەمیان پۆلی protease inhibitors، یەکەم دەرمــان saquinavir، و پاشــان پــۆلی protease inhibitors، یەکەم دەرمــان nevirapine. لە یــازدەهەمین کۆنفرانســی نێــودەوڵەتی ئایــدز لە ڤــانکۆڤەر تــوێژەران ڕایانگەیانــد، کە کاتێــک دەرمــانی ئەو دوو پــۆلە

جیاوازە بە تێکەڵەیەکی سێ قۆڵی بەکارهێنران، ڤایرۆسەکە دەتوانرێت سەرکوت بکرێت و سیستەمی بەرگری نەخۆشەکە بگەڕێنرێتەوە. ئەو نەخۆشیەی کە جاران وەکو بڕیاری لە سێدارەدان وابوو، چیتر کوشندەنەبوو. یەکێک لە ئەو دەرمانانە، nevirapine، نەک تەنها یارمەتی ئەوانەی دەدا کە نەخۆشی ئایدزیان هەبوو، بەڵکو دەیتوانی ڕێگری لە گواستنەوەی بۆ کۆرپەلە بکات. گواستنەوەی دایک بۆ کۆرپەلە کێشەیەکی ئالانگاربوو، بەڵام پێدانی دەرمانی nevirapine بە دایک کەمێک پێش لە دایکبوون و منداڵەکەش دوای ئەوە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئەم ڕێگایەی گواستنەوە دەبێت.

لە ئەو شوێنانەی کە دەست گەیشتن بە دەرمانەکە گەورەترین ئاسان بووە، ڕێژەی گواستنەوەی دایک بۆ منداڵ بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە. دڵتەزێنانە، nevirapine لە دەرەوەی نۆڕینگەکانی پێش لەدایکبوون لە ئەنتناتاڵی ئەفریقای باشوور هێڵدرایەوە تا ساڵی ٢٠٠٢ کە دادگای دەستووری، دەستێوەردانی کرد بۆ ئەوەی بەردەستیانبکات، ئەمەش بەهۆی باوەڕی تابۆ مبێکی کە HIV نەبووەتە هۆی ئایدز. لەگەڵ هاتنی ئەو دەرمانە نوێیانە دەکرا کە ئایدز ببێتە نەخۆشییەکی درێژخایەنی بەڕێوەبراو، بە ئەم شێوەیە ڕێڕەوی پانەپەناکە دەگۆڕێت. بەڵام ئەو دەرمانانە زۆر گرانبوون_بۆ زۆر کەس بەربەستبوو. ساڵانە ١٠٠٠٠ دۆلار بۆ ١٥٠٠٠ دۆلار تێچوویان بوو و پێویستبوو بە درێژایی ژیان وەربگردرێن. هەروەها دڵنیایی لە بە دەستگەشتنی خێرا زۆر گرنگبوو. لە هەمان کاتدا، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مردن بە هۆی هۆکارەکانی پەیوەندیدار بە ئایدز، لە کۆتاییەکانی ساڵانی دەیەی ١٩٩٠

دەستی بە دابەزین کرد، تەنها لە نێوان ساڵانی ١٩٩٦ و ١٩٩٧، بۆ ٤٦٪ دابەزی. بڵاوەپەتای نێوخۆیی کەمتر بارودۆخی لە ناکاوبوو و پانەپەتای نێودەوڵەتیش بەردەوام لە فەرامۆشکردندابوو. ئەوەشی بۆ زیاد بکە، مشتومڕی هەندێک لە سەرکردایەتی تەندروستی جیهانی کە چارەسەرکردنی ئایدز لە جیهانی تازە پێشکەوتوو نە لە ڕووی نرخەوە کاریگەر دەبێت و نە گونجاوبوو لەبەر نەبوونی ژێرخان.

دوو وتار لە گۆڤاری The Lancet ئەم بانگەشەیەیان کرد. یەکێکیان بانگەشەی ئەوەی کرد کە "زانیاری لەسەر کاریگەری تێچووی پێشپێگرتنی HIV لە وڵاتانی باشووری بیابانی گەورەی ئەفریقا و لەسەر چارەسەری دژە ڤایرۆسی زۆر چالاک ئاماژە بە ئەوە دەکات کە ڕێگریکردن لانی کەم ٢٨ جار لە HAART کاریگەرترە." ئەوی تر وتی: "زۆرترین تێچووی دەستێوەردان بۆ پێشپێگرتنی نەخۆشی ئایدز و چارەسەری نەخۆشی سیل بووە، لە کاتێکدا HAART بۆ کەسانی پێگەشتوو، و چاودێریی نێو ماڵ ڕێکخراو لە لایەن دەزگا تەندروستیەکانەوە، کەمترین کاریگەری هەبووە لە ڕووی تێچووەوە" وا دادەنرا کە چارەسەرکردن و پێشپێگرتن هەردوو سەرەخۆرەی یەکتربن. لە ئەو جیهانەی کە ئایدز زۆرێک ئێشیان تێدادەکرد، وا بیردەکرایەوە کە ئەم جۆرە هەڵبژاردنە زبرانە پێویستبن.

هەروەها سەرۆکی USAID بە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکای ڕاگەیاند، ئەفریقیەکان بە گشتی ناتوانن ئەو جۆرە دەرمانانە وەربگرن، تەنانەت ئەگەر بەردەستیش بن، چونکە لەگەڵ هۆکارەکانی تردا ئەفریقیەکان کاتژمێر لەدەستناکەن و شێوازی کاتەکانیان جیاوازن و بە ئەو

شێوەیە ناتوانن پابەندبن بە خشتەی چارەسەرکردن. بەڵام دواتر ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی ڕوویدا. سەرەتا لە دەوری نۆرەی هەزارەی سێیەم ڕێگایەکی نوێ بۆ بینینی پانەپەتاکە دەرکەوت. تەندروستی جیهانی بووە پێشینە بۆ حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و خێرخوازە گەورەکانی وەک دامەزراوەی بیل و میلیندا گەیتس بۆ نموونە، لە ساڵی ٢٠٠٠ ویلایەتە یەکگرتووەکان پارەی چارەسەری دژە ڤایرۆسی (ART) بۆ زیاتر لە چەند سەد نەخۆشێک لە جیهاندا دابینکرد؛ لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٩ وەزارەتی دەرەوە بانگەشەی ئەوەی کرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکان چارەسەری دژە ڤایرۆسی (ART) دابیندەکات بۆ ٢.٥ ملیۆن کەس. چی ئەم گۆڕانکاریە لە پارەدان و سیاسەتی دەرمان ڕوون دەکاتەوە؟ بۆ زۆربەی ساڵانی دەیەی ١٩٩٠ دەرمانی هێڵی دووەم بۆ سیلی بەرهەڵستکاری دەرمان و چارەسەری دژە ڤایرۆسی (ART) زۆر گران بوون. زۆرێک لە تەندروستی جیهانی ئەمەیان سەیردەکرد وەک تەنها پارە پەیداکردن نەک دامەزراوەی مرۆیی. لە سەرەتای ساڵانی دەیەی ١٩٨٠، ACT UP پێشەنگی چالاکی ئایدز بوو کە سەرنجی خستەسەر دەستگەشتن بە چارەسەر. لە کۆتایی نەوەدەکان نەوەیەکی نوێ لە چالاکوانان لە ئەفریقای باشوور دەرکەوتن و داوای دەستگەشتنیان دەکرد بە دژە ڕیترۆڤایرۆسەکان و وەڵامدانەوەی زنجیرەیەک پرسیاری قورس: واتای چییە کە بڵێین دەرمانەکان زۆر نرخ گرانن؟ کێ بڕیاردەدات؟ کێ نرخەکان دادەنێت؟ بۆ چالاکوانان وەڵامەکە ئەوەبوو کە ئەگەر نرخە بەرزەکان لە لایەن خەڵکەوە دابنرێت، ئەوا دەکرێت ئەوانیش دایبەزێنن و ئەگەر تێچووی دەرمانەکان کەم ببووایە، ئەوا مشتومڕەکان

دەربارەی ئەوەی کە ئەوان لە ڕووی نرخەوە کاریگەرنین ون دەبێت.



٩. لە ماوەی سالانی دەیەی ١٨٨٠ و ١٩٩٠، ACT UP سەرنجی خستەسەر ئەوەی کە زۆرێک وەکو کەمتەرخەمی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ولامدانەوەی ئایدز سەیریاندەکرد.

شتەکان لە زۆر لایەنەوە بڵاوبوونەوە و ڕوویاندا، توێژینەوەکان دەستیانکرد بە دەرکەوتن بۆ بەرەنگاربوونەوەی بانگەشەکانی پابەندنەبوون و ئەو بۆچوونانەی کە پێشگرتن و چارەسەرکردنیان بە سەرەخۆرەی یەکتر دادەنا. دوو لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی سنووورداری HARRT دەرکەوت لە ساڵی ٢٠٠١، یەکێکیان لە هایتی هاتە دەرەوە و ئەوی تریان لە خەیلیتشا، لە دەرەوەی کیپ تاون_کە دەریخست خەڵک لەسەر چارەسەرەکانیان ماونەتەوە. لە لێکۆڵینەوەکەی کیپ تاون زاناکان زیاتر فێربوون: لەگەڵ زیادبوونی بەردەستی

چارەسەر، زیاتر و زیاتر خەڵک بەدوای تاقیکردنەوەیدا دەبن. واتە کاتێک خەڵک بینی کە چارەسەرێکی کاریگەر هەیە، زیاتر و زیاتر بەدوای خزمەتگوزارییەکانی ئایدزدا دەگەڕێن. هەر ئەوەی کە خەڵک زیاتر دۆخی خۆیان دەزانی، و زیاتر دەستیانکرد بە وەرگرتنی چارەسەر، ئەمەش گواستنەوە کەم دەکاتەوە. بە ڕوونی، HAART دەتوانێت کاربکات لە بارودۆخی کەمی سەرچاوە، بەڵام دەرمانەکان هێشتا نرخیان زۆر گرانە. لە هیندستان و بەڕازیل، بەرهەمهێنەرانی دەرمان دەستیانکرد بە بەرهەمهێنانی وەشانێکی هەرزانتر لە دەرمانی دژە ڕیترۆ ڤایرۆسی بازرگانی، بەڵام لە هەموو جیهاندا مافی داهێنان ڕێگربوو لە دروستکردنی دەرمان بە شێوەی بازرگانی، چونکە کۆمپانیاکانی دەرمانسازی لە لایەن ئەمریکا و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانییەوە هاوکاری دەکران. بەڵام ئەوان کاریان بۆ ئەوە کرد کە دەرمانی بازرگانی لە دەستی جیهان بە دووربگرن. لە ساڵی ١٩٩٧ ئەفریقای باشوور هەوڵیدا بە تێپەڕاندنی یاسای دەرمانەکان بەرەنگاری ئەمە بکاتەوە کە تێیدا ڕایگەیاند لە حاڵەتی لە ناکاوی تەندروستی گشتی وەک ئایدز ئەو وڵاتە ڕێگە پێدراوە بۆ هەردوو هاوردەکردن و بەرهەمهێنانی وەشانی بازرگانی دەرمان کە هێشتا تایبەتمەندی داهێنەر تێیدا پارێزراون.

لە بانگەشەی ئەوەی کە یاساکە مافی خاوەندارێتی فکری پێشێل کردووە، لە ساڵی ١٩٩٨ سی و نۆ کۆمپانیای دەرمان لە دادگای ئەفریقای باشوور کاردانەوەیان پیشاندا بە بەرزکردنەوەی داوا لەسەر دەوڵەت. چالاکوانان، بەتایبەتی هەڵمەتی چالاکی چارەسەریی، باس لە ئەوە دەکەن کە

تێچووی دەرمانەکان زۆر دوورن لە ڕێژەی لێکۆڵینەوە و پەرەسەندنەکانیان، هیچ مەڵێ لەسەر بیانووی مرۆیی بۆ بەردەستبوونی چارەسەرەکان.

بەڕێوبەرایەتی کلینتۆن پشتیوانی لە دەرمان دروستکەرەکان کرد، کە تا ئەو ئاستە ڕۆشت کە ئەفریقای باشوور بخاتە نێو "لیستی چاودێریەوە"_پێشەکی سزاکانە_کە ئاماژەی بۆ ئەگەری لابردنی "مافی داهێنەر" لە یاسای دەرمان دەکرد. کاتێک ئەل گۆری جێگری سەرۆک کۆمار بەربژێری خۆی بۆ سەرۆکایەتی ڕاگەیاند، لەناکاو خۆپیشاندەران لە پشتەوە دەرکەوتن بە لافیتەی "چاوچنۆکی گۆری دەمانکوژێت! دەرمانی ئایدز بۆ ئەفریقا!" ناڕەزایەتی لە زۆر شوێنی تر قلیشایەوە. لە ماوەی سێ مانگدا حکومەتی ئەمریکا ڕێڕەوی خۆی پێچەوانە کردەوە: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فشار ناخاتە سەر هیچ وڵاتێک بۆ کڕینی تەنها دەرمانی نیشانکراو، ڕێگە بە هاوردەکردنی دەرمانی بازرگانی دەدات. تا مانگی نیسانی ٢٠٠١ هەر سی و نۆ کۆمپانیاکەی دەرمان داواکانی خۆیان لە دادگا خست. دەرگاکە ئێستا کراوە بوو بۆ دەرمانە بازرگانیە هەرزانەکان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی لە چارەسەردا.

هاوشانی گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرماندا زیادبوونێکی زۆر لە پارەداندا هات و یەکێک لە گەورەترین کۆمەککەرەکان هەروەها یەکێک لە گەورەترین سەرسوڕهێنەرەکان بریتیبوو لە پلانی فریاگوزاری سەرۆک بۆ یارمەتیدانی ئایدز (PEPFAR) کە لە ٢٨ مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣ ڕایگەیاند. لە ماوەی سەرۆکایەتی جۆرج دەبلیو بۆش لە وتاری بەردەم کۆنگریس. بۆش وتی: دەکرێت ڕێگری لە ئایدز بکرێت. دەرمانە دژە ڤایرۆسەکان دەتوانن تەمەنی توشبووان بۆ چەندین ساڵ درێژ

بـــكەنەوە....كەم هەبـــووە لە مێـــژوو هەلێكـــی گەورەی ڕەخساندووە بۆ پێشكەشكردنی ئەو هەموو خزمەتگوزارییە بەو هەمـوو كەسـە....بۆ ڕووبەڕوونەوەی ئەو قەیرانە سـەخت و لەناكـــاوەی دەرەوەی وڵات، ئەمشـــەو پێشـــنیاری پلانـــی فریاكەوتن دەكەم بۆ یارمەتیدانی ئایدز، كاری میهرەبانانەیە كە هەمــوو هەوڵە نێودەوڵەتیەكــانی ئێسـتا بـۆ یارمەتیـدانی خەڵكی ئەفریقا تێدەپەڕێنێت.... داوا لە كۆنگرێس دەكەم كە لە مــاوەی پێـنج سـاڵی داهـاتوودا ١٥ ملیـار دۆلار بـۆ ئەم مەبەسـتە تەرخانبكـات. هەروەهـا لەگەڵ نزیكەیـی ١٠ ملیـار دۆلار لە پـارەی نـوێ، بـۆ گـۆڕینی تەوژم لە دژی ئایـدز لە تووشبووترین نەتەوەكانی ئەفریقا و دەریای كاریبی."

١٠. خۆپیشاندەرانی هەڵمەتی كردەی چارەسەركردن داوای دەستگەشتنی بێ بەرامبەر دەكەن بۆ دەرمانە ژیان_پارێزەكان لە شەقامەكانی شاری دوربان، باشووری ئەفریقا، لە تەموزی ساڵی ٢٠٠٠. ئەم وێنە كاریگەرە وێنەدانەوەی هەستكردنی خەڵكە بۆ نەخۆشییەكە و بێچارەیی قوربانیە "ئەفریقیەكان".

بەرنامەی PEFAAR ئامانجی ئەوە بوو کە بە خێرایی دەستگەیشتن بە چارەسەرەکانی دژە ڕیترۆ ڤایرۆس بەدیبهێنێت، کە وێنای سەرجەم بەشەکان کرا، پاش ئەوەی کارەکە لە ئۆگاندا ئەنجامدرا. لە ناوەڕاستی دەیەی یەکەمی سەدەی نوێدا تێکەڵەیەک لە هۆکارەکان ڕووی دەرماڵە و چارەسەری ئایدزیان گۆڕی: نزمتربوونی نرخی دەرمان، زیادبوونی بەڵگەی کاریگەری چارەسەر لە بارودۆخەکانی کەمی سەرچاوە، چالاکی خەڵکی و سەرچاوە نوێیەکانی پارەدان وەک PEPFAR. هەر چۆنێک بێت، دەستگەیشتن بەدەرمان بە نارێکی مایەوە و توشبوونی نوێ واتای فراوانکردنی بواری دەستگەیشتن دەبێت، ئەگەر بڕیار وایە پانەپەتاکە بوەستێنرێت.

سەرچاوەکانی دەرماڵە ناجێگیربوون. نەنگی و نەبوونی تێگەیشتن هێشتا ڕێگربوو لە پێشکەوتن. تەنانەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکان چالاکوانان و خۆپیشاندەران دەستگەیشتن بە چارەسەری بێ مشتومڕیان بەشێوەیەکی توند ڕاگەیاند. ژن و پیاوی ئەمریکی ئەفریقی لە شوێنەکانی وەک واشنتنی پایەخت ڕێژەی تووشبوونیان زۆر لە ژمارەی دانیشتوانی سپی پێست زیاتربووـ ٧٥٪ حاڵەتی نوێ لە ساڵی ٢٠١٣ لە نێو دانیشتوانی ڕەش بوو؛ بە هەمان شێوە، ٧٥٪ ئەو کەسانەی کە لەگەڵ نەخۆشی ئایدز دەژین ڕەشن. لە ماوەی سەرهەڵدانی نەخۆشی ئایدز لە نێوان بەکارهێنەرانی دەرزی مادده هۆشبەرەکان لە ناوچە لادێییەکانی ئیندیانا لە ساڵی ٢٠١٥، ئەو ڕونبووەوە کە نەنگی هێشتا کێشەیەکی سەرەکی بوو کاتێک هەندێک لە ئالودەبووەکان ڕەتیان کردەوە کە پشکنینیان بۆ بکرێت، چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو وەک

هاوڕەگەزبـاز ئاماژەیـان بـۆ بکرێـت ئەگەر ببینـرێن کە لە نۆڕینگەکانی ناوچەکە دێن و دەچن؛ زۆر کەس نەیاندەزانی چارەسـەر بەردەسـتە، یـان دەربـارەی مەترسـییەکانی دەرەنجامەکـانی هاوبەشـی کردنـی دەرزی مـاددە هۆشبەرەکان.

HIV/ئایدز تەندروسـتی جیهانی بە شـێوەیەکی بنەڕەتـی گـۆڕی: بزووتنەوەیەکـی بنەڕەتیـی و زینـدووی چالاکوانـان تەرەکـین و ئەو ڕێگایانەیـان گـۆڕی کە دەستگەشـتن بە دەرمـان و نـرخەکەی پـێ دیـاری دەکرێـت، هەروەهـا جەختیشیان لەسـەر پەیوەندی نێوان تەندرووسـتی و مـافی مرۆڤ دەکردەوە. هەروەها پانەپەتاکە ئەوەی ڕوونکردەوە کە ئێمە هەرگیـز لە جیهانێکی بێ نەخۆشـیدا ژیان ناکەین. هەروەها بەبیری هێنایەوە کە ئێمە لە جیهانێکی هەلی جیاواز و دەست گەشتنی جیاواز دەژین_ئەو ڕاستییەی کە دەبێت ئەو برە زۆرەی نەخۆشی ئایدز لە جیهانی تازە پێشکەوتوو بەتەواوەتـی ڕوونبکـاتەوە. هەروەک لەگەڵ نەخۆشـییە پەتاییەکانی تر، باری جیهانی نەخۆشـی ئایدز لەسـەر ئەو کەسانەیە کە کەمترین توانایان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەیە.

کۆتایی

ئێمە چی بکەین لەگەڵ ئەم مێژووە؟ ئایا ئەم هەموو ئەزموونەی ڕابردوو، هەموو ئەم مێژووە، ئێستا ئاگادار دەکاتەوە؟ بەڵێ و نەخێر. لە بەهاری ساڵی ٢٠١٥، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و دانینا بە کاردانەوە کەمتەرخەمەکەی بۆ پانەپەتای ئیبۆلا و هەوڵیدا سەرنج بۆ ژمارەیەک لە "وانە فێربووەکان" ڕابکێشێت. ئەوە بەڵگەنامەیەکی سەرسوڕهێنەربوو. سەرسوڕهێنەربوو کە لە ساڵی ٢٠١٥ لە نێو وانەکانی فێربووندا شتی وەک "وانەکانی کۆمەڵگا و کەلتوور" هەبوون. سەیرە کە پێویستی بە ئیبۆلا کرد بۆ پیشاندانی بەهای خەڵکی نێوخۆیی و زانیاریەکانیان. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) "فێربوو دەربارەی گرنگی توانا"_واتە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO)، فێربوو کە جیهان توانای چارەسەری بڵاوەپەتاکانی نییە. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) "ئەوەی بەبیرهێنایەوە کە سیستەمەکانی دانراو لەسەر بنەمای ئابووری یارمەتی ناگەیەنن بە نەخۆشییە پشتگوێخراوەکان."

بۆچی پێویستی بە ئیبۆلا کرد بۆ ئەوەی ئەو ڕاستیە گرنگە دووبارە فێرببێتەوە؟ هەروەها ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی زانی کە دەستکەوتەکان لە شتەکانی وەک جڵەوکردنی مالاریا یان ژنانی ڕزگاربوو لە منداڵبوون دەشێت پێچەوانە ببێتەوە، کاتێک "لەسەر سیستەمێکی تەندرووستی لاواز بنیاتنرابێت" ئایا بە ڕاستی دەکرێت پێش ساڵی ٢٠١٥ ئەم وانەیە فێرنەبووبێت؟

مـن حەزم لە تۆمەتبـارکردنی ڕێکخـراوی تەندروسـتی جیهـانی نیـیە_کە لەم دۆخەدا ئامـانجێکی ئاسـانە_و جێـی ستایشـــە کە ســـەرکردایەتی دان بە هەڵەدا دەنێـت، بەڵام ڕێکخـراوی تەندروسـتی جیهـان بـۆ باشـتر یـان خراپتـر، نوێنەری شێوازێک بۆ بینینی شتەکان لە جیهانی تەندروستی جیهانیـدا، و لێدوانەکەی سـەرکردایەتی لەسـەر وانەکـان کە فێربـوون ڕێـگەم پێـدەدات خاڵێـک ڕوونـبکەمەوە: هەمـوو وانەیەک کە فێربـووی (یـان لە یەک حاڵەتـدا کە دووبـارە فێربووەتەوە) دەکرا لە سەیرکردنێکی ڕابوردوو بچنرێتەوە. ئەم وانـانە تـازەنین، مێـژووی بڵاوەپەتـا و پانەپەتاکـان بـۆ چەنـدین سـەدەیە فێریانـدەکات، ئەوەی کە وا دیـارە هـیچ ئاگـاییەکی مێژوویـان نیـیە نائومێـدکەرە، نەک تەنهـا لەبەر ئەوەی من مێژوونووسم.

ئەوە نائومێـدکەرە، چـونکە هەوڵەکانیـان بەفیـڕۆدان و ناکـاران. هەروەهـا لەخۆبـایی و سـاویلکەن_ئای چەنـد تێکەڵەیەکـی کوشـندەیە. سـاویلکەییە وا بیـربکەینەوە کە بە سـادەیی فێربـوونی وانەکـان داهـاتوو جیـاواز دەکـات و لەخۆباییبوون دەبێت ئەگەر وا دابنێین کە ئەوانەی ڕاشکاون لە وتنـی "هەڵەی مـن بـوو" ئەو ڕۆشـنبیرانەن کە لە کۆتاییـدا هەڵەکانی ڕابردوو دەبینن. پێویستە ڕێکخراوی تەندروسـتی جیهانی و ئەوانی تر پرسیار بکەن: ئایا سـەرچاوەی خـودی ئەو هەڵانە چین؟

ئەوەی کە ئەو هەڵانە بەسـەردا نەهـاتوون و لەخـۆوە نەبـوون، بەڵکو ئەنجامـدراون گـرنگە، بەڵام هۆکـاری ئەوەی کە بـۆچی کـراون لەوانەیە گرنگتربێـت. پانەپەتاکـان تەواو نـابن. هـیچ گومانێـک نـیە کە لە داهـاتوودا پانەپەتـا زۆرتـر

دەبێت. لەوانەیە پانەپەتا لە دوژمنێکی کۆن و ئاشنای وەک ئەنفلۆنزا یان لە سەرچاوەیەکی نوێ دەربکەوێت_لەوانەیە نەخۆشییەکی مرۆئاژەڵی بێت کە ڕێگای خۆی بۆ توشکردنی مرۆڤ خۆشکردبێت. جیهان لە داهاتوودا چۆن ڕووبەڕووی پانەپەتاکـــــان دەبێـــــتەوە؟ ئەگەری ئەوە زۆرە کە ئەو شـێوازانەی لە مێژە دامەزراون دووبـارە سـەرهەڵبدەنەوە. بەڵام چۆن ئاڵانگارییە نوێیەکان، وەک گۆڕانی کەشوهەوای جیهـانی، کـاریگەری دەبێت لەسـەر پانەپەتاکـانی داهـاتوو و توانای وەڵامدانەوەمان بۆیان؟

ئەگەری ئەوەی کە بە گەرمبـوونی کەشـوهەوا، مێشـوولە هەڵگرەکانی نەخۆشی لە شوێنی نوێ نیشتەجێبن. ڤایرۆسی زیکا بە نموونە وەربگرە، کە لە لایەن مێشـوولەی Aedes aegypti هەڵدەگیرێت_بە گشـتی بە مێشـوولەی تـای زەرد ناو دەبردرێت_لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ لە ئەمریکای لاتین و ناوچەکانی دەریای کاریبی تەقییەوە هەر کە پلەی گەرما بەرزتـرین ژمـارە تۆماردەکـات و مێشـوولەی Aedes aegypti نیشینگەی گونجاوی دۆزییەوە. لەوانەیە کە پلەی گەرمـا لە هەر شـوێنێکی تـر بەرزبێـتەوە، بەمەش زیکـا نیشـینگەی زیـاتر لە بـاکوور دەدۆزێـتەوە. بەرزبـوونەوەی پلەی گەرمی ئاو لەوانەیە شوێنی زیاتر بۆ کۆلێرا دابینبکات. هەروەهـا تـوێژینەوەی زیـاتر و زیـاتر پێشـنیاری پەیوەنـدی نێـوان بەرزبـوونەوەی مـاوە مـاوەی پلەکـانی گەرمـا لە ناوەڕاستی ئاسیا و گەیشتنی تـاعوون دەکەن بۆ ئەورووپا لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، ئەوە بۆ خۆمـان باشـترە گرنگی زیاتر بدەین بە نمـوونە مێژووییەکانی دیکەی نێوان گـۆڕانی کەش و هەوا و نەخۆشـی لە داهـاتوودا، ڕێکخـراوە

ناحکومیەکانی وەک پزیشکانی بێ سنوور_ئەو گرۆیەی کە زۆر قارەمانانە و ماندوو نەناسانە وەڵامی ئیبۆلایان دایەوە کاتێک کە جیهان تەنها سەیریدەکرد، ئایا وەک یەکەم لایەنی وەڵامدەرەوە پشتیان پێ دەبەسترێت؟ یاخود ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هەندێک لە پێگە لەدەستچووەکەی خۆی بەدەستدەهێنێتەوە؟

یەک شت ڕوونە: لە بەرامبەر پانەپەتایەکی مەترسیداردا زۆربەی ژێرخانی تەندروستی گشتی جیهانی تازە پێشکەوتوو بە شێوەیەک بارگران دەبێت کە جێگای بەزەیی دەبێت.

یەکێک لە ڕێگا دڵنیاکان بۆ ئاسانکردنی ئەو ئازارانەی کە لە هەر پانەپەتایەکی داهاتوودا تووشی دەبین، وەبەرهێنانە لە دروستکردنی ژێرخانێکی تەندروستی گشتی بەهێز لە هەر شوێنێک کە پێویست بێت. کاریگەری پانەپەتا و بڵاوەپەتا زۆر خراپتر دەبێت لەو شوێنانەی کە کەمترین توانای وەڵامدانەوەیان هەیە. هەر چەندە لەوانەیە ئەمە هەستێکی ئاسایی بێت، بەڵام ئەوە ڕوونە لە 'وانەکان کە فێربوون' لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە کاتی پانەپەتای ئیبۆلا کە هێشتا بە شێوەیەکی ئاسایی لە بیردەچێتەوە.

له ساتەوەختی پانەپەتای ئەنفلۆنزای H1N1 له ساڵی 2009، مشتومڕێک دروستبوو، دەربارەی ئەو پێناسەیەی پانەپەتا کە لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) و ئەوانی دیکەوە بەکاردەهات، لە ئەنجامدا چەند پسپۆڕێکی نەخۆشیە گوێزراوەکان لە پەیمانگای نیشتمانی هەستیاری و نەخۆشییە گوێزراوەکان سەر بە پەیمانگای تەندروستی نیشتمانی(NIH) گەشتن بە چوارچێوەیەکی گشتگیر کە دەیتوانی کاربکات بۆ پێناسەکردنی پانەپەتا کە چییە و چی دەبێت. ئەوەیان خستەڕوو کە پانەپەتا دەبێت ئەم هەشت مەرجەی تێدابێت:

*گرتنەوەی ناوچەیەکی جوگرافی بەرفراوان.

* گواستنەوە و جووڵانی نەخۆشییەکە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە.

*زۆر توشکردن و تەقینەوەی نەخۆشییەکە.

*سنووورداری بەرگری لەشی خەڵکی بۆ نەخۆشییەکە.

*نوێی و تازەیی نەخۆشییەکە.

*فرە توندی نەخۆشییەکە.

*گرتنی نەخۆشییەکە بە هۆی وردە زیندەوەرەوە.

*گرتنی نەخۆشییەکە لە دەوروبەر و کەسانی دیکەوە.

دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان
لەسەر ئەرکی (د. تەها ڕەسووڵ) چاپکراوە

2022